پل

ڕۆمان

عەزیزی مەلای ڕەش

هەولێر ٢٠١١



وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی وچاپ وبڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: پل

نووسینی: عەزیزی مەلا ڕەش

پیتچنین: خەندە فەتاح

نەخشەسازی ناوەڕۆك: سامی عەلی بندینان

چاپ: چاپخانەی ڕۆشنبیری

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٧١٠) ساڵی(٢٠١١)ی پێدراوە

★ مافی چاپکردنی پاێزراوە بۆوەزارەتی رۆشنبیری ولاوان و خاوەنی کتێبەکە

★ ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە

www. Kurdchap. Com

پێشکەشە بە:

- ئەوسەرکردە دەمامکدراوەی ئالآی رزگاری هەر چوارپارچەی کوردستانی بەرزکردووەتەوە.

- د.عەزیزگەردی هانیدام چیرۆك بنووسم.

- شێرزادئیسماعیل، کەنیشتەجێی ولآتی سویدە و رۆمانی ((خاك))ی بەرگی یەکەمی لە سەرئەرکی خۆی بەچاپ گەیاند.

- حاجی مەمۆ.. و ئەمیری حەسەن پووڕو عەبدولڕەزاق وچەند کەسانی دی لەکاتی گرانییەکەدا دەستی بارو بوویان بۆ درێژ کردم.

- ناحەزانم.

- ئەو ڕاپۆرت نووسەی لەسەر..رۆمانی ((گورگ وبزن)) – ((ئێمە هەردەم هەوڵدەدەین منداڵانی کورد بە پرۆگرامی بەعسی عەرەبی پەروەردە بکەین، کەچی عەزیزی مەلای ڕەش بەگورگ وبزن لێمان هەڵدەوەشێنتەوە)). داخی بۆدەخۆم ڕەنج بە خەسار چوو: بەهۆی لەقنارەنەدانی من مەدالیای شەرەفی بەعسیاتی لەشان و شەپیلکی نەدرا.

((پـــیران)) هەرئەوەنـــدەیان دەزانـــی: ((قۆچـــان))ی ڕەشـــی خاکەکـەیان لـە ئەژدادیانـەوە، بـەمیراتی ئامانەتـەوە، بـێ ڕشـتنی ئارەقەی شـەکەتی و کێشمەکێشی بینـەوبگرەی چـاوبەرایی نـەدانی ئەملاوئـەولا، دەسـت بەدەسـت تەسـلیم کـراوەو هاتوونەتـە سـەر ((خـوان)) یەکـی پوخـت و هەمـە تـەرزی حـازری و بـەس: (بیـسمللا) ویـستە. بیریـان لەســەر و بـەری کـەینێ بـووە و مێـژووی بـۆچ سەردەمایەك دەگەڕێتـەوە، نادیـارو خـەونی جڕناوفڕنایـەو هەرچـەند تەقەلا بدرێت ناگاتە ساخەی بەڵگـەداری ئـاو خواردنـەوەی دڵـی دوو دڵان لم ڕووەوە.

ئاوو هەواکەی لەگەڵ هەرچی داری بە بـەرە دەگـونجێن و بەرهـەمی کـشتوکاڵ و .. وڵـسات ئەوەنـدە زۆرە، لەپێویـست بـەدەرە. کـان وکانزای هەمەجۆریش هەرنەییسە.

میوەجـات و سـەروزەواتیش، سـاڵ دوازدەمـانگ کلاشـە دەکـەن. هەرکە لەم ڕووەوە دەگوترێت: ((دوڕگۆکە)) ی پیران دەبڕێتەوە.

غەوارە لەبینینی یەکەم کەڕەت هەر هێندەی لەقەوام دادەبێـت، بـە دەسـت لەسەرسـینگ و چـاومۆلەق ودەم بەشـبوونەوەی حـەیرمان و فیـــت و هـــۆڕەوە: ((ماشـــاللا لـــەجوانی و شـــەنگیت)) ببێـــژێت.

– (هەرئەمەشە، لەڕۆژی خولقانییەوە بووەتە سـەرە خـۆرەو مێملـی خـۆش گـوزەرانی و کامـەڕانی و خـەوی بێبـاکی ژێـر لێفـی ئامـان و

ئـــارامی ئێمـــەی پیرانـــەوە وکونـــدەبۆی ســـەرکەلاوان وقوچـــەکی تەماعکارو چاو تێبڕی ناحەزانی ئەو بەرزێیەکانەوە)).

* * *

- خزمەکان، چاوناسان، دۆستە ئازیزەکان: من لەڕاهی خودا پێتان ڕادەگەیەنم. ئەگەرنا بە ئەندازەی خڕنووکێك سوودی مـنی تێدانییـە: مـــن زۆر لەمێـــژەخوو.. و ڕەوشـــت و هـــەڵس و کـــەوت و کـــردەوە قەڵپەکانی ئەو هێزە چەموشـەو سـەرکردە لەڕەوشـت بـەدەرەکانی بەناوموســولمان لـــە ڕێ و پێکـــەوە دەناســم: بایـــچەندینەو چـــاك شـــارەزایانم: مخەنـــەت و زگڕەشـــی وەك خۆیـــان لـــەدنیادا چـــاوی نەترووکاندووە و ناشتروکێنێت. بێوێـژدان وبـە زەیـی وانـە دەڵێیـت لەدێوان پاشکەوتوونە و نازانن هەستی مرۆڤایەتی ڕووی لەکاملایـە و هیچ کات زگیان بەژن و منداڵ و یەختیاری برسی و بێ بژێوی غەیری خۆیـان ناسـووتێت. بـەواجبی دنیـاو قیامـەتی دەخـەملێنن: پێیـان لەســـەرخاکی هـــەرولاتێك سەنگرایەوە،موســـولمان وگـــاور، دۆســـت ودوژمـــن، بـــێ پـــەردەی حەیاوشـــەرمەوە چاوســـوورانەی تـــەرحی باوەکوشتە دەست بەبن هەرچـی زەخـیرەو قـوتی ڕۆژێیـەدادەهێنن. پارەوخشل وچەکی ژنانیش هەرهیچ.

ئـەوەی (لـەل) ی بەسـەرزاری دابێـت، فەراقیـشی لەبەرنـەبڕن بـە قوربانی دەکەن. مەرامیـشیان خەڵکەکـە لـەپێناو خـۆش گـوزەرانی

خۆیانـــەوە، بـــەقاتی و قـــڕی و برســـێتی ســـەر بێنـــەوە. ئـــەوجا بەزپێـدەگرن و کەلەکـەی – ئۆخـەیان دەکەوتەعـەردی و خۆشـیان موسولمانی تەواو.

((ئۆمەرەکەتـــە)) ماوەیـــەکی زۆر، پـــێش دەرکـــەوتنی پێـــی هێزەکەویـژدان عـەجمانی لێهـەڵگرتبوو.. و ئـارامی لەبـەربڕیبوو.. ومـووی سمێڵـەپان وڕەشـە عەبەنووسـەکەی وەك دڕکـە ژژووگـڤ وەســـتابوو.. و ژانـــی کوشـــندەی لێهـــاتن ئاســـا جوقجوقـــەیی هەڵیدەپەڕادنـــدو نەیهێـــشت دانـــەرۆژێك ئـــارام بگرێـــت. بێبـــاکی سەرخۆشانە، بەزۆرکەسـانی شـارو دێهاتـەکانی دەوروبـەر راگەیانـد: ((واجبێکی دنیـاو قیامەتـە ببمـەدڕکی دورچـاویان و هـەردەم دژیـان بـدوێم و پڵتۆخیـان هەڵڕێـژم و خەڵکەکـەش ئاگاداربکـەم و: ئەوانـە بەهەرپێنج مەزەب موسولمان نین و لە گاوران گاورترن. ئەوجادوارۆژ هەرچـی دەبێـت بابببێـت)). گـوێگران بەچـاوی جنـاوی و بوختانـەوە بۆیـــان دەڕوانـــی و.. وای بـــۆ دەچـــوون: ((بـــەرگی ئیمـــانی بەزندووبوونەوە، لەبەرداکەندراوەو بەنابەدڵیەوە هەست راگربوون و:

- ئەو زەڕە زەڕەی لەچییە.
- نێرەکەری کەڵیاوەیەو بەس گوێی لە زەڕەی خۆیەتی.
- سـەر لێـشێواوە دەنائـەو پیـاو چـاك و خێرەمەنـدەو ئـەو لەوچـە لەوچەیان نەگوتووە !)) دەیزانی چی حەوالّە دەکـەن و بـێ سـەوادی

چاوی زەینیانی شەتەکداوە و بەر پێی بەرژەوەندیی دواڕۆژی خۆیان بەدی ناکەن.

– من بەپێویستی سەرشانی خۆمی دادەنێم: لەهەنووکە زووترنییە، تا کار لەکارنەترازاوە و پێش تایێ بەڕەی بەخۆماندابدەین.

((تۆ، بە ناخێری گیانتەوە بەڕەی بەخۆتدابدەو خەمی ئێمەت نەبێت هۆباب.

- خۆتۆ برای بابمان نیت تا.. ئەوها: لەسەرمان بەشیربیت.

- لەپیاوەتی خۆمانە: ملی تەوازوومان لە ئاستتدا کەچ کردووە وتۆش نابێ ئەوها لەقەپێلکی خۆت دەربچیت!)).

- هەتا پێ و قدوومی ناموبارەکی ئەو دوژمنە بەدخوو .. و دزوتالآنکەرو داگیرکەرانە.....

((ئێمە بەبەرە واژیی ڕاوبۆچوونی جەنابتەوەی حسێب دەکەین)).

ڕانەوەستان تالێدەبێتەوە.

- لەناوچەکەمان دەرنەکەوتووە، هەرچی زەخیرەو دانەوێلەی شك دەبەین لەجێیەکی لاچەپ و نەدیوتەقەت بکەین و پاشەڕۆژ تووشی گرانی وقورتی و برسێتی نەبین.

((تۆخۆت بەسکورتی شکاوت چیدەکەیت، بیکە، بەس ڕازی نابین گێرەشێوێنێکی وەك تۆ نسحەتی ئەمەمانان لەم ڕووە بکات.

- ئاخر تۆسەری سیریت، قونگی پیازیت، چیت تاکو خۆت بکەیتە خەم خۆرمان!.

- ناوەللاّ ڕازی نابین لەدین و ڕەوشت بەدەری ئەو هاڕابەرمان بێت)).

تاکولۆکیان نەبێت ، ئەوانی دی بیلبتوون قەشمەریانە بەپێکەنینەوە بۆیان ڕووانی و :((

- وا دیارە کەرامەتدارو غەیبزانە، یان، نیازێتی خۆی بەو هۆیەوە لەناوماندا بکاتە میرپەنجۆی زەمانە.

بەحەیرمانەوە:

- نازانین ئەو هەموو بۆختان وقسەعەلەق وبەلەقانەلەکێ دێنێت!)).

- ئەوەی لەسەرمن بوو بەڕەوانیم پێڕاگەیاندن: دوارۆژیش، تەنیا خۆتان بەرپرس دەبن.

((ئ..هـ ڕەنگە ئایشەنەڕنەڕی دایکە دێومان بەرەنگاربێت لۆیێ وائەوها .. بەپەرۆشمانەوەیت)).

دەنگیان بەرز نەبوو لێیان حاڵی بێت. بەس حسیا باراش لەچ ئاشێك لێدەکەن و قسەکانی قاویتی بەر ڕەشە بانەو لەملی سوك نەبوو.. و ((

- لەگەڵ قەوم وقیلی دواکەوتووی والە عەڵبەڕبەی تێنەگەن چ دەکرێت. هەرهەندە چشتەکیان چووەمێشك، لە وپەڕی پووچیشدا بێت و دنیاش بێتە ڕجایێ نانێکی سووتاو ناهێنێت. ئەوەش حاڵمانە لۆیێ لەکۆڕی ژیاندا وەك مەڕەکەترە هەر لەدواوەین!)).

- بابەشێخ بەگەورەو عەزەمەتی خۆیەوە: ((ئەمیرەلموئمینین)) ی دەقەبەڵ سەرکردەی هێزەکە کردووە. ئەم لەقەبەش خۆڕا

بەسەرزاری پیاو ماقوولانی زەمانەدا نایێت و هەمووکەسیش لێیناوە شێتەوە.

- دیارە هەر لە ئیجادەوە پیاوێکی نوورانی و دیندارو خواناس بووە ئەگەرنابە و مەزنایەتییەی خۆیەوە، بەونەوعە ناوی نەدەبرد.

((ئیتر نێرەکەری عوزێر پێغەمبەر زەڕی وبڕاوەو گوتنی من هەر قەوچە قەوچە)). لەوەحەپە سابوو : ((شێخ ومشایەخ هەر لەوڵاتی ئێمەدا ئەوئاوەیان بۆڕژاوەو .. وەکیلی خواو پێغەمبەرن ودژی کافرودۆستی ئیماندار. لەوڵاتە کۆنەکەی خۆشیان حەدیان چییەوەك ئێرە پی خوار دادەنێن. بەناڵ کردن ناڵیاندەکەن)).

- ئەوە گوتنی ناوێت و بەخۆمان چەند جارمان لەزاری موبارەکی بیستووە !.

((قسەی ئەویش نەعوزوبیللاحەدیسی قودسییەو .. واجبە پەیڕەوبکرێت)).

- ئەدی چی !.

- ئەوی ئەوفاسقە دەڵێت لەدین وقانوون بەدەرە.

- کورە ماری بێ ئیجازەیە و دژی داب و نەریتی سەردەمە.

- واجبە گوێی لێکەڕ بکرێت.

لەدەروونەوە: ((هەردین نییە کراوەتە فاقی نەگبەتی ئێمەی پیران و ریسمان لێدەکاتەوە خوری. دوا ڕۆژیش دەزاندرێت دەبێت، یان نابێت. ئەوسا پەنجە شکانەوەی نشوستی دادێکمان نادات.

ئـ... هــ بەداخـەوە لەسـەر ئـەوگۆی زەوییەدامیللـەت نەبووەونییـە وەك ئێمـە پـیران، لـەپێناوی خزمـەتی بێگانـەدا بەرژەوەنـدی خـۆی بخاتە ژێر پێوە !)).

– کورەبوختانێکی هەڵبستراوە دەرحەق سوپای موسولمانان.

((لــەکن گــەورەو گــچکەمان، کەبەلاییــدە گــوترا موســولمان دەبڕێتەوە و ئەگەر پرکێشی ناموسیشمان بکەن، نابێ بەهیچ جۆرێك لالووت و لچ خواربین)).

- ئەوەی ئەو بیروبڕوایەی هەبێت فڕئیمانی نییە.

((ئیمـان ئەگـەر بەئـەوەی دەڵێـت: بـڕوات ئـەوا خـۆم ومندالّـەکانم دۆزەخین)).

- فەرمەسۆنێکە بۆخۆی)).

لەدەم وچاوسوور هەڵگەڕنیدادووراو دوور دەزانـدرا، پـێ پەسـتەو لەدەروونــەوە گــەوزان دەدات. دەرخــستنی حەقیقەتەکــەی بــۆ پاشەڕۆژلامەزنتربوو :((

- دڵنیاشم رۆژێك دادێت شادە بە بۆچوونەکەی من دەهێنن)).

گوێی بەتان و تەشەری خەڵکەکە نەداو:

- سەلاو لە عەقڵتان: خاوەن ئەو بیرو باوەڕەتەسکەینە لـۆیێ هـەتا گورگ ورگمان نەدڕێنێت هەست پێناکەین

هەتا لەناخی حاڵی ببن یەکسەر گوتیان:

- ئەو گورگەی دەفەرموویت: پێمان نالّێیت: کێیە ! ؟.

حسیا خۆیان بەئەنقەست لەکێڵی دەدەن و بە تەوسەوەیانەو:

- والەبەرچاوانە حەوجە بەبەڵگە ناکات.

بەبۆچوونی گشتیانەوە:

- درۆیەکی بە کلك و بەگوێیە.

سەیری پێنەدەهات و : ((ملهوڕی وانە لەتەپڵەسەریشیان بدرێت لە کەلی ئەو بیرو باوڕە قۆڕەیان دانابەزن، بگرە بەکوفرێکی گەورەشی دەقەبڵێنن)).

هاندەری تایەن نەیهێشت دەست لەئەژنۆ.. وەرێنێت وحەزی وای دەخواست بۆدوا رۆژ پەردەی ڕاستیەکە هەڵدەاتەوەو مسۆگەریشی بووئاسنی ساردە کوتەو بەردەوام بوونی لە لەوچەلەوچ بەملاوە چیتر یان لە گوێ نازرینگێتەوەو:

- بەڵێ دەزانم من لەئاست جەنابتان درۆزنم.

- ئەوە گوتی ناوێت.

- بەعەمری خۆت ئەولەفزەت لە مرووەوە راست بووە.

دەنگی بەئەنقەست بەرز کردو:

- ئەنگۆدەتانەوێت بەبابەشێخی گۆردەو پێناوی دوژمنی ولاتمان پێم بسەلمێنن.

لایان لەهەموو کوفران بێزەوەرترو بەپڕهەڵماوییەوە:

- تۆی زەندیق ودوژمنی دین و پیرو مشایەخان وای دەحەملێنیت. کەچی ئێمە بەسەروەری دنیاو قیامەتی خۆمانی دەزانین.

چۆن بڕوای بەکەسی خۆی هەبوو ئاواش بڕوای هەبوو: ((تاکو کێرمیزی نەوەو خزم و خۆیشی ئەوسەروەرە مەزنەتان لە ولاتمان نەبڕدرێت ئێمە هەرگیز ئاوقای خێروخۆشی نابین)).

بەخۆی نەوەستا قڕوقەپ بووەستێت و :

- بابەشێخ دەسکەلای ئەوانەو بۆسوودی خۆیان دژی ئێمە بڕەویان لەم وەلاتە پێداوەوئاخو ڕیشیان واتژی جۆکردووە، کوویان نیازبێت هەلێدەدەن. هەر جارێش دەبێ لەئاست بەرژەوەندیان ((میر))بچەقێت.

- ئۆی ... لەوشینە درۆیەی خوایە !.

- درۆش . بەوڕادەیە !.

- نێوان عەردو حەوا لەڕاستی دوورە.

- بەعەمری خۆمان درۆی ئەوهامەکرووفمان نەبیستووە.

- کورە لای درۆزنانیش نەبیستراوە.

مەراقی بوو ڕاستیەکەیان بخاتەبەرچاوو: ((باوەریشناکەن ستی سەنە))

- تاکو ئێمەی خەوالووی کۆڕی ژیان پێ بخافلێین و نەتوانین لەژێر کەمەندی گلاوییەوە فززە بکەین وبەگەورەیی خۆمانی لەقەلەم بدەین وکڕنووش بەری بەرژەوەندیی بین و.. وەك کەری شوان، بە گوێرەی ویستی بمانگێڕێت و خەیالی دیکەمان ((ئێمەش وەك تۆ بنیادەمین و حەقی ژیانمان هەیە !)) بەمێشکدا گوزەرنەکات

((پاشا)) ی پیرانیان دەقەبەڵ کردووە: ((پاشایەکی وا ئەگەر ملی توازووی خزمەتکاری، بەگوڕەوە بۆلار نەکەینەوە، بەکافری موتلەق سەردەنێیینەوە. ژنەکەی و ئەوجاریانەی سواریان دەبێت دایکمانە و دەسنوێژمان لێیان ناشکێت.)) گریانی بەخەشیماتیان دەهات و: ((جێی حەیرمانە: گورگی کەلبە تیژو ... ورگ درِ بکرێتە شوانی پەزو سەلاواتیشی لەسەر بدرێت.

ئ..هــ لەم ولاتەدا هەمووشتێك سەرهەڵدەداتــ تەنیا راستی و سوودی گشتی نامۆنە)).

- وادیارە پاشایەتی ئەوت لەمل گرانە ! ؟.

بەدەغەزەوەیان گوت.

((هەتا عزرائیل چۆك لەسەرسینگم دادەنێت قەت بەدوژمنی میللەتی خۆم نالێم: پاشا)).

بەخۆ لەگێلیداندا بەرپەچی ڕوالەتی داوەو:

– تــەنیا کەســێکی وەك مــن لــە ملــی گــران بێــت یــان نــەبێت چ لەواریقاتەکە ناگۆڕدرێت.

– زۆر .. ڕاستە: کێشکە خۆی هەیە تاکوشۆرباشــی ببێــت و گــوێ لەبۆ چوونە عەلەق وبەلەقەکانت رابگیرێت ! .

– دەنا ئێمە هەردەم بەگەورەوگچکەمانەوە شانازی پێــوە دەکــەین و هەتا لەژیانیشداماوین بەدەست لەسەرسینگی بەنداتییەوە، بەشای خۆمــانی دا دەنــێین و ئەگــەر گوێمــان بگرێــت و بناگوێمــان لەگــەل

دەربێنێت نەك ڕووی ناهەمواری لێوەر ناگێڕین، بگرە لەشەکرمان پێ خۆشتردەبێت.

تەرحی لەبەردەم دانەوەی بوو.

- خواخواشمانە فەرمان و مرازی بەسۆزو شەوقەوە بەجێ بێنین. بەسەرکەوتنی دنیاوقیامەتی دەژمێرین.

دەیزانی بیروباوەڕیان وایە هیچ هێزێك کاریان لێناکات و : ((ئێمەی پیران هەر لە ئیجادەوە: وادرووست بووینە: خەمخۆری بێگانەین و دژی خۆمان دەوەستین. ئەمەش هێمای دواکەوتن و بیرتەسکییە)).

- هەرکەس لەژیاندا بەپرسی ڕاوبۆچوونی خۆیەتی.

- راستە بەڵام ئەمە لە سەری جەنابت زێدەیە.

- بۆجارێکی تر نەکەی ئەو باسەت بەسەرزاردا بێت.

((ئێ.. هە بەڵکی خوا دەکات ساردییەك بپەڕتە دڵیانەوە)).

– من هەر ئەوەندەی دەڵێم: ئەگەر هێندە دڵسۆزی شێخ و پاشایان بن و خێروبەرەکەتیان زۆر لەدواییە، لەوڵاتی خۆیان بڕەویان پێدەدان. نەك هەر تەنیا لەوڵاتی ئێمەدا.

هەتا دوارۆژ قسەی خەڵکە هەژارو دنیا، نەدیتەکەی، بەهەندی هەڵدەگرت و لەم ڕووەوە قەبرغەی نەگرێت و بیخاتنە قەپێلکی تاوانەوە وای بە هەموار دانا بێباکانە دەری ببڕێت. لەگەڵ قیت بوونەودا:

– خۆ.. وەك ئێوە شـێت نەبوومـە دڵـم بـەو دوژمنـە ئـاو بخواتـەوە هەردەم پێی میللەتەکەم بۆ دالگیرکەرو زۆرداران بکێشتەوە ! .

- دیسان دەستی بەدرۆ.. ودەڵەسان کردەوە ! .

بەغەزەبەوەیان دەربڕی.

- زۆر .. ڕاستە دەڵێن: قوونێك فێرە تڕبوو چاك بوونی زەحمەتە ! .

- هەر بزانە لەدنیاردا ڕووی ڕەشبوو.. و لەقیامەتیش هەرهیچ.

- ئەوەگوتنی ناوێت.

هەتاچیتر بەدوا دانەیەت و لەوساتەدا نەبێتە مـشت و مـڕ، ڕکـی زۆر لێدەبووەوە جێی هێشتن.

لەناخی زۆر بەیان سەقادرا: ((کابرایەکی مولحیـد وزەندەیقـەو فـڕی بەسـەر زنـدوو بوونـەو، نـەماوە)). تـەرزی بـەزەیی پێداهاتنـەوە: ((لاحەولەوەلاقوەتە ئیللا بیللا))، سـەری نـاڕەزایی یـان بـاداو دەرکـی هەمبانەی دەروونیان کردەوەو:

- بەو بیرو بۆچوونە کوفرولەدین بەدەرەیە، هەرخۆی زەرەردەکات.

دڵنیاش بوون: ئەمڕۆ وسبەی کاری لێدەکرێت.

- ئەمە.. لۆ ئەومان بوو.. و بەس.

- پەنـد بەوەتـەکانمان وەردەگرێـت، یـان وەرناگرێـت، کـەیفی خۆیەتی.

- بەخۆشـی چ نـەبێت، بـاب و بـاپیرانی، بـەقوربانیان بـین پیـاوی پیرۆزو زەریف بوونەو لۆی دەکەن.

- مسۆگەرەو باس کردنی ناوێت.
- خوایەی لەغەزەبی ئەومورتەددەمان دوورخەیت.
لێکڕا بەدەنگی حێل و پڕ سۆزی ئیمانەوە:
- ئا.. میـ.. ن .
- چی لۆ دەکەن؟.
کەسانی عەقڵ قورەی کۆڕەکەوە، هەتا لەبن زمانیان بگەن گوتیان.
- شێت و هارو گڕووی دەکەن.
- و جاخ کوێری دەکەن.
- سەلبی ئیمانیش لەوێ ڕاوەستێت.
ئەمەیان لانەگبەتێکی دزێوبوو.. و تەماخوازبوون هەتا سەلبی ئیمان نەبن شەوو ڕۆژ، دەستەو نەزەر لەخزمەتی دابن.
ئۆمەرەکەتـــە: ((ئـــ.. هـــ نەتەوەکـــەی خۆیـــان باپیرەگـــەورەیان سەربڕی و بۆ ئیهانەو ڕیسواییش لچیان بەحەیزەران لەیـەك کـردەوە چ شـــێت و هـــارو گـــڕوو نـــەبوون و .. وجاخیـــشیان دەیـــان ســـاڵ بە((ئەمیرەلموئمینین)) حوکمیان گێڕا)).
سەری لەساویلکەیی نەتەوەکـەی سـوڕماو: ((جـەنابی بابـە شـێخی چەمەری هەرلەئیجادەوە بۆداپەلۆسین و سەرکوت کردنەوەی ئێمـەی پیران لە دوڕگۆکە دروست کراوە و ئەگەر بە دڵسۆزی و موشـتاقەوە پێ هەڵنەستێت خۆی بـەتاوانبار لـە قەڵـەم دەدات. چـێڵیش بـەدزی

کەڵ دەخوات، بەئاشکرا دەزێت. وا لەبەرچاوانیشە پێی ئێمەی پیران بۆ هێزی زگرەشان دەکێشتەوە. ئەوجا، بڕواش ناکەین)).

* * *

– سوپای موسولمانان هات.

ئۆمەرەکەتە هەر هێندەی لەقەوام دابوو لە دەروونەوە باگۆی بداتەوەو:

- ((سوپای گاور و بێدینان هات)).
- سوپای غەزاکەر هات.
- ((سوپای بکوژی موسوڵمانان هات)).
- سوپای خاوەن شەهیدی زۆر هات.
- ((سوپای خاوەن تۆپیوی زۆر هات)).
- سوپای دوژمنی گاوران هات.
- ((سوپای دۆستی زۆردارو گاوران هات.))
- سوپای پارێزگاری سەروەت و سامانی موسولمانان هات.
- ((سوپای تالانکەری سەروەت و سامانی موسولمانان هات)).
- سوپای پارێزگاری دورگۆکە هات.
- ((سوپای داگیرکەری دورگۆکە هات).
- سوپای خۆشەویستی ئیمانداران هات.
- ((سوپای مەبغوزی ئیمانداران هات)).
- پێ و قودوومی خێر و بەرەکەتە.

- ((پێ قدوومی شەڕو ئاژاوەو ڕاوە ڕووتە)).

دەنگ و باسی ستایشی هێزەکە بێن نابێن پەرەی دەستاندو ببووە بنێشتە شینکەی سەر زاران.

دەهۆڵ و زوڕناکەش شێخ نەجمەدینی بابەشێخ و ((عەولارە)) ی سەرەك خێڵی ((خڕان)) ، شەوو ڕۆژ ، بەدڵ و داو.. وایان دەکوتا دەتگوت لۆحەفت کوڕان ژن دەگوازنەوە.

عەوامەکەش بەسۆزی ناخی دەروونەوە: ئێ هە بەڵکی بەکڵکی ملاکی بەهەشت ڕابگەن خشیمانە دەیانجووییەوەو:

- باوك و براو پشت و هێزمانە ئەو سوپایە.
- : ((دوژمنیی خوێن ڕێژمانە ئەو سوپایە)).
- کورە ئاوو هەوای نیشتمانمانە.
- ((باوبژی ناوزگمانە)).
- خۆمان هەردەم بەدەست و پێوەندو خوبزەی ئەو هێزە دەزانین.
- ((خۆمان هەردەم بەدوژمنی ڕاستە قینەی ئەو هێزە داگیرکەرە دەزانین)).
- شەوو ڕۆژ لەخزمەتی وەستاوین.
- ((شەوو ڕۆژ لەپێشەوە میزی پێدادەکەین لەپشتەوەش لووشکەی لێدەدەین)).
- هەرفەرمانێکی ببێت بەچاوان جێ بەجێی دەکەین.
- ((هەر فەرمانێکی بێت جڕتی لۆدەکێشین)).

- کورە واجبی سەشانی هەموولایەکمانە ! .

- ((کورە سوخرەی سەرشانی هەموومانە)).

دانیشتووانی دێیەکانی دەوروبەر: ژن و پیاو و منداڵ و پیرلەتاو برسێتی دەسکردی تاڵان و ڕاوەڕووتی سوپاکەوە، یەك لەدوای یەك، سات بەسات مێروولە، دانەوێڵە شك ببەن قەتارەیان زیاتر دەبەستا. کۆمەڵ، کۆمەڵی نەپساوە، بەسەرپڕو پاگەندەی شێخ و عەولارەدا زاڵ بوو.. ولەبەردیدان خۆیان لەچڵکاوی بن کوندەڵان وەرداو بوونە: ((ئەبوو حەشیش)) ی زەمانەو نوتقیان، بەجارێك بەستراو نەیانتوانی چیدی بەشان و باهووی ئاغاکانیان ((سوپاکە سوپای خوایی)) یەو هەڵ بڵێژن وزەیەنی ساویلکان تەفرەبدەن و بەچاوی پانی خەجالەتەوە، لەخەڵکە پڕ زەبراوەکەیان دەڕوانی. ئۆمەرەکەتە هەردەم بە ڕووی خەڵکەکەوە، مەلای دوازدە عیلم پیفۆکەکەی بۆ سپی دەکردنەوەو:

- ئەوانەی چاوەش و زوڕنا گێوی داگیرکەرانن و نازانن ڕووی هەستی نیشتمانی و ناموووس و شەرەف لە کیهان لایە. ئەگەرنا دەبووایە بەدرۆسپی بوونەکەیانەوە چەشنی قەترە ئاو ڕووچوو بوونایە زەوی.

- ژنی بەدوکەوتەسەت کەڕەت پێ بگوترێت ((بەدوکەوتی)) تەقەی سەری دێت.

- پاشەڵی ناموووسیان بەباڕە باڕ تەبەڕا بووە.

- عاجباتی لێرەدایەو بەخۆشیان هەست پێدەکەن ئەوجاکەم وزۆر تەریق نابنەوە.

- هەرچی ئەو دووانەگوتیان ئیفتیرابوو.

- ئاشکاریە وبەڵگەی ناوێت.

- ئێمە لەوەحەیرماینە: ئەوهەموو درۆزلزلانەیان کووپێکەوەناوە ! .

- ئەوانە کرێگرتەنەو درۆیان لۆبەرژەوەندی مێردەکانیان لاسونەتی ژیانەو شانازیشی پێوە دەکەن.

- هەرچەند لم ڕووەوە بڕێسن قەدریان لەبارەگای ئاغاکانیان پتر دەبێت.

- قەت نەمان بیستووە: شێخ درۆزن وئیفتراکەر! .

- راستە لەتوفرێکی وانە درۆ.. وبوختانیان لا وەك چڵکە سەگ حەرامە.

- ئەوەش عاجباتیەکە لە عاجباتیەکانی دنیادا.

((ئەوانە هەر لەئیجادی باپیرەگەوەیانەوە پێیان بەدرۆ..و بوختانان لەسەرخاکی دورگۆکە سەنکرایتەوە.ئێمە مانان لەتوورِ تووڕەبە جۆیی و عولعولاتی خۆمانەوە: تازە بەتازە، بەکاوە خۆ.. واهەستی پێدەکەین)).

وتەی ئۆمەرەکەتەبوو: ((

قوماربکە ، ئارەق بخۆ، نوێژمەکە، رۆژی مەگرە و لەدرۆ..و فیشاڵان پیل پێوە نێ و لە نێربازی و مێبازیدا مەپەنگێوە، هەرچی

دژی دین و ڕەوشتی مرۆڤایەتییە لەژیاندا ئەنجام بدە، بەس بڵێ: لەنەوەی شێخانم، لەبەر دڵی گەورەو گچکەی پیرانەوە منداڵی ساوا ئاسامر وارییەکی بێگەردو پەپوولەیەکی بەهەشتیت و جێنە زەرگەی زیارەتەکەران و ئەوانەی گوتران بۆسونەتیش نایەنە سەرزارارن)).

- گەوەرەکانیان زالم و زۆرداری وەك خۆیان نینە.
- کاری زاڵم و زۆرداریە !.
- منداڵ و توانّیش پێ حسیاون.
- سەت خۆزگە بەسەربازەکان.
- ئەمانە تاك و تەرایان هەستی مرۆڤایەتیان لاچنگ دەکەوێت، ئەوان هەرناو.
- رافزی و پێنج مەزەبی بەدایك و باوکن.
- نازانن مردن و زیندوو بوونەوەو قەبرو قیامەتە چییە. تا تۆزێك بسلەمێنەوە.
- لەناخیاندا ڕوحم بۆ دەرمانیش شك نابردرێت.
- لایان وایە هەرلە خەڵقەتەوە بەنیادەم دروست نەبوونە. ئەگەرنا ئەوەندە دەم گەرم نەدەبوون.
- هەرچی پارەو زێڕو چەکی ژنان و زەخیرەیە رادەپێچن.
- نەڕبە دەغڵەك، نەعانەیەك لەمست خەڵکەکە ناهێلن.

بایانداوە سەر سوپاکە.

*　　*　　*

دوای ئەو ڕۆژە شێخ و عەولاڕە، ڕووی خەجالەتیان تەرزی لەسەر کەر گیران تەواو بزرکاو زمانی سۆری درۆیان بەستراو کەم و زۆر نەیانتوانی چیتر بەباڵای فیشاڵی سوپاکە هەڵ بدەن و بەچاوی مۆنەوە لەخەڵکەکەیان دەنۆڕی، سەرایی هێزەکە ((موراد)) و چەند زابتێك دەرکەوتن. قوونێك فێرە تڕ بوو چاك بوونی زەحمەتە. دەلحاز پەردەی شەرمەزاریان دڕاندو عەبای لێبانلێسیان بەسەرخۆیاندا هەڵکێشاو لەچاڵاوکی گۆردایەتییەوە دەسنوێژیان شوشت، پێش ئەوەی زابتەکان جێی دوبرەی تۆتکە یان گەرم بکەن، بەخۆیان نەوەستان و: شێروشەپارانە، بەپەلە پڕووزەی موشتاقەوە، بەپیریانەوە چوون و بەسەر دانواندنی تەوازووەوە، شێخ لەبەراییدا زاری کردەوەو:

- ئێمە لەباب و باپیرانە وەکۆنە دۆستانین.
- ئەرێ وەللا کۆنە دۆستانین.
- کورە نۆکەرتانین.
- نۆکەرێکی راستەقینەین
- ئەرێ وەللا خزمەتکارتانین.
- چ فەرمان و ئەمرێکتان هەیە بەسەری کۆت و پێخواسیەوە جێ بەجێی دەکەین.
- ئەرێ وەللا بە دڵسۆزییەوە ئەنجامی دەدەین.
- لۆ ڕاست و درۆ دەتوانن بمان جەڕبێنن.

موورادی سەرکردەی گشتی زۆری هەوەست پێهات و لەم تەرحە هەڵوێستەیان ڕازانی چەند موویان بەلەشەوەیەو ڕەنگە بەدیاردی لێکردنیان، بەز پێ بگرن و سەرفرازبن و خزمەتێك پێشکەش بەسوپا هیلاك و شەکەتەکەی بکەن. بۆجەڕباندنیان، بەزەردەخەنەوە:

- پێویستیمان بەئالیکی ولاخانە.

ئەمەش ئەرکی مەیتەرو خزمەتگوزاران بوو. دڵنیا بوو: ((ئەگەر بە دڵسۆزییەوە بەجێی بگەیەنن، بەناموو سیش ناپەنگێنەوە)). بەلەخۆهەڵدانی هەلیکسەی ((حاجی فاتمانە)) و پل گەیاندنە زەوی و قوون قوچکردنەوە ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی و:

- ئێمە هەتا لە ژیانداماوین بەوخواستە پیرۆزەتانەوە گەورە و پایە بەرز دەبین.

هەننۆب بە کڕنووشی پاشەڵ فشییەوە:

- ئێوە ئامیرو سەردار، ئێمەش غولام و نۆکەر و بیست و چوار سەعات لە خزمەت وەستاوین.

- ئەمەش بۆ نەوەی نەوەمان دەبێتە جێگەی فەخروشانازی.

موراد بەخۆ..وکەلەشی زەبەلاح و چوارشانییەوە، بەم جۆرەی دیتن بۆ هێنانە دی بابەتی تایەن و خزمەتی خۆی و ئالیکی ئەسپابە نەوسنەکەی، بەدووری نەدەزانی و بۆڕێزگرتنی ڕوالەتییەوە، بە گەرمییەوە سەری کۆتی بۆ دانواندن.

گوراح خۆشی ڕوویانی پتر داگیر کردو دەمی شادیان بستێك بەش بووەوەو بەدەست خستنە سەر تۆقەڵەی سەریان و خۆی کووڕکردنەوە، پاشەوپاش کشانەوە.

* * *

بەفیتی سەرکردەکانیانەوە: ((لەوچاوەتانەماڵ بێری نەکەن. دەوڵەمەندو هەژار، ماقوولێ و ڕەشۆکی.بەزەییشتان بەعەبدی بێ شەریك دانەیەتەوە. ئەوانە هەر بەڕوالەت بنیادەمن و بەس. هەرچیان لێ بکەن شایەنن و لە ئەوانەش نینە هەست و خوستان لەبەروەبێت)).

بەناو ماڵان وەربوون.

خەڵکەکە پێشتر بەرۆژودانێك، دوای دڵنیا بوونیان لەزاری خەڵکە پەراگەندەکەوەو بۆچوونەکانی ئۆمەرەکەتەش لەکونی کارك راسترن و: ((سوپایەکی دڵڕەش و دزو تاڵانکەرەو بەزەیی لە بەدەندانە ڕوواوەو شێخ و عەولارەش کرێگرتەیانن))، هەرهەندەیان بۆلوا: دەغڵ و زەخیرەکانیان، بەهەلەداوانەوە لە ژێر گوفەك و چاڵ وکۆڵانان، بە((پەکوو پەکوو.. و لەخۆمان مالۆێرانێ، پاشۆل کونێ ڕەنج بەخەساریێ)) بشارنەوە.

ئەوەندەیان شارو دێهات ڕووتاندبووەوە، جاقییەکی شارەزا دەرچووبوون. تەماعیش دین بەرو دژی بەزەیی و مرۆڤایەتییە. شوێنی حەشاردانی دەغڵو زەخیرەکان نوێبوو..و لە دوورەوە دەبیندرا. شیشی باریك و نووك تیژیان بە (بیسمیللا)) تێدەچەقاند. بەدیتنەوەی هەربابەتێك، بەدەنگی بەرزەوە(ئەللاهوئەکبەر)) یان لێدەداو لەمالّەکەش لەبراڕۆ دەدرا. جێنەما دەستی بەسەردانەگرن. بەناو ژووری مالّان کەوتن و کەندوو.. و جەوالّ و خرارو تێڕ وتێڕکەو خورجەو هەمبانەو کە ولّیان دەپشکنی عەشتەبایان نەهێشت تا ئاردی ڕۆژێش.

خەڵکەکە دوای ((ئابوپ)) یان نەماسبەینێ بیکەنە نان زۆربەیان لە براڕۆیانداو دەنگی گریانی ژن و منداڵان لە زۆربەی مالّ وکوو چەو کۆڵانان دەبیسترا.

- ویڕۆ.. لەخۆمان بێکەسێ ڕۆ.
- وەیڕۆ.. لەخۆمان مەزلوومێ ڕۆ.
- وەیڕۆ.. لەخۆمان قەلەندەرێ ڕۆ.
- ویڕۆ.. لەخۆمان چارە ڕەشێ ڕۆ.
- وەیڕۆ.. لەخۆمان بێ تفاقێ ڕۆ.
- وەیڕۆ.. لەخۆمان بێ زادێ ڕۆ.

هۆڕژنی گریانەکە، سات بەسات لەملاولەولاچڕتر دەبوو.

- مردنێکی موحەقەقمان تووشبووە.

- ئەوگوتنی ناوێت.

- بەکاوە خۆ.. و بێزەوەریش.

- خۆزگە هەرمردنەکەبێت و چ نەگبەتی پێش قەرەورنەبێت.

تاك و تەرا حاڵیبوون و:

- زۆر.. راستە: برسێتی ڕێیەکی لەهارییە و لە گینە تاشنگمان لەبەردەبڕێت کاری مەکروف ودڕندایەتیمان زۆر لێڕووبدات.

- ئەوەش بەرهەمی سوپای ئیسلامانە.

- کورە ئیسلامی چی. ئەوەی بەسەرزاریدا گوزەربکات باهەتاسەری خۆی وئەژدادیشی هەڵدەگرێت گووان بخوات.

ئەو سادەستی خۆیان بۆ ئامۆژگارییەکانی ئۆمەرەکەتە دەشکاندەوە.

پاش بارانیش کەپەنك بەکەلك چیدێت.

- ئاخ.. کوو بەگوێی ئەوپیاوە عاقڵ و لێزان و خەمخۆر ودڵسۆزەمان نەکرد!.

- لەباتی ڕێزو حورمەت گرتنی بەبلح و درۆزنماندانابوو.

- ئەمەش هێمای نەزانین و دوورنەبینی و گەلحۆییمان بوو.

- عەنتیکە لەوەدایەی: ئەو بەپەرۆشەوە دەیویست ئێمەنەگەینە ئەوڕۆژە. ئەوجا بەکافرو فەرمە سۆنماندانابوو.. و شێخی چەمەریش وەلی خودا.

((کورە پیاوی ژیرو دووربین بن و بەگوێی برای خۆتان بکەن قازانج دەکەن: پێش هاتنی دوژمن هەرچی دەغڵ و دانەوێڵە شك دەبەن خڕی دووره دەست بشارنەوە ودوارۆژ خۆتان و منداڵتان برسی و سەر گەردان مەکەن)).

زۆر کەڕەتی تر وەبەریاندا کەوتبوو.. و ئەمەشی خستە پاڵ و:

- لەدوا رۆژدا ئەگەر بۆچوونەکەم درۆبوو شەرت بێت هەر زەرەرو زیانێکتان، لە ئەوەی من دەڵێم توشبوو من کاشتان بۆ بژمێرم.

- ((تۆخوا چیتر سەرمان بەقسەی پوچ و لاترقەوچ مەیەشێنە.

- ئاگادارین لەوماوەیە دا هەڵەپاس و زۆر.. وەڕبوویت)).

پێشتر دەرکی کردبوو قسەکانی لەئاستیاندا تڕی ناوڕانکن و لەبۆنی پیس بەملاوە چیدیکەیان لێوەرناگیرێت: ((ئەمەش ئەنجامی تێکۆشان و دەرس دانی بابەشێخە وکاری، لەبیروبۆچونیان: سوپای داگیرکەرو تالانکەری دوڕگۆکە بەسوپای خۆیان بخەملێنن، کردبوو)).

خەڵکەکە باگۆیان بەلای شێخ و عەولارەداوە و زاریان لەجوێن و قسەی ناڕەوا نەپەنگاوەو:

- هەردووکتان بەقوربانی سەعاتێکی ئۆمەرەکەتەبن.

- بەقوربانی قۆندەرەکەی بن.

- هەزار جار.

- یەکـەم رۆژ دژی ئێـوەی خـائین و درۆزن وەسـتا، بـەلاّم ئێمـەی نەفام و کەودەری بەپیلانی ئێوە تەفرەدراین.

- ئەگەر بەگوێی ئەومان بکردبووایە: ئەورۆ لـە سـایەی ئێـوەی خـۆ فرۆش و کرێگرتەی دوژمنان تووشی ئەوکونەرەشەی نەدەبووین.

- ناوەللا نەدەبووین.

- تف.. لەخۆتان و هەلّوێستتان.

- تف.. لەخۆتان و ڕچەلەکتان.

دواجار بەکەف و کولّی غەزەبەوە پشتی تێکردن و.((

ئەوەی لەم ڕووەوەشیاو بوو پێمڕاگەیاندن و.. وێـژدانی خـۆم سـوك کرد. بڕواش ناکەن فلقیڕ)).

– شـنّـخ و عـەولارەو سـوپاکەی دۆسـتیان دوژمـنی ڕەش و ڕووتـی ئەمە مانانی پیرانن.

- دوژمنێکی وا.. تا ئەمڕۆی حازری لەدوڕگۆکەسەری هەلّنەداوە

- کەسیش نازانێت لەسەرچییە.

- بۆنازانـدرێت؟: گەرەکیانـە لەسـەرورگی برسـی و کـۆیلاتی ئێمـە خۆیان هەنگڕێنن و کەسیش نەبێت فیتەی دژیان بۆلّی بدات)).

- ها.. چم گوت! ؟.

ئۆمەرەکەتە دەمی بەڕووی خەلّکەکە وەپچڕی.

- تازە بەتازە شەپ لە بەری ڕاندا چدادێك نادات هۆبابینە.

+ – ئەوخەمەی ئەمڕۆ دەیخۆن دونێ بتان خواربدووایە و بە بوختان و خیانەتی شێخ و عەولارەتان باوەڕ نەکردبووایە.

+ – ئەوەی لەمەوبەر لەئاست ئەو سوپا داگیرکەرە، بەسەرزارماندا هات بڕواتان بکردبووایە، نەك لەپاداشتدا بەرجوێن وتان و تەشەرانم بدەن.

- زۆر.. راستە.

- حەقی خۆشتە هەرچیمان پێ بڵێیت.

* * *

- هەرچی زێڕو خشڵی ئافرەتانە لەگوێ و لووت و پێ و دەست و پەنجان بوو، بەشێوەیەکی قەرەقۆشانە و زیڕە زیڕ دەستاند. کەسیش تاسای نەبوو بڵێت (لەل).

((ئامان)) پێی نابووە((١٦)) شازدە ساڵیەوە و نازی گەرم گوڕی گەنجاتی کەوتبووە کەوڵیەوەو گڵپەگڵپی کوڵمە خرپنەکانی شادیان لە دوورەوە دەپەڕاندەسەر لێوانی نێرەوزان، ((خەزێم)) ێکی بچووکی لە کەپووی دەبینن. کەشخەی کچاتی نەیهێشت بوو گوێرایەڵی نسحەتە باوەکە بێت. لەبەرچاوی خێزانەکەیەوە، پەلاماری دەدەن و لەترسانا، تا دەنگی لەبەردا دەبێت:((وی...ی))و پشتاوپشت تەپەی دێت. گوێیان پێنەدا وپاش دەرهێنانی لووتەوانەکە، بەخۆنەهاتووەوە بەمهانەی گەڕان بۆپارەوخشل دەستیان چەندجار بە سینگ وبەرۆك و دامێنیەوەگێڕا.

ناموس گوترەنییە و هەموکەس بەرگەی ناگرێت و: ((حەسەنە خیل))ی باوکی بەوەچو کاپێڵك ئەستوورو ڕەشتاڵە وچل جۆخینی تەواو کردبوو، بەرچاوی دەلحاز تارهەڵگەڕاو بەئاوزینگانی خۆی دەهاتە بەرێ، نەك بەڕیسواکردنەکە. ترس لەبەدەنی بارگەی تێکنا وبێباکانە وبەکەف و کوڵی غەزەبەوە لینگیان دەداتێ و تا گۆمکە گۆپاڵ دەگرێت لەپشتە سەری ئەوەیان دەدات خەریکی جەستەی کچەکەی بوو..و: ((دەبڕۆبتۆپە گاوری لەگاورباب! ئەوجا هەرچی دەبێت باببێت)).

سەربازێك بەفەرمانی موراد، دوای دڵنیابوونی نەفەرێکیان لە قیس چوو: ((یاللاتۆڵەی لێکەوە)) دایەبەرگوللان.

لەبەرکاریگەری برینەکان هاواری پێنەکراو کەچی تا ماوەیەك پەلەکانی بە ملابەولادا دەهاوێشت و لرخەلرخی لەدوورەوە دەبیستراو خوێنیش لەچەند شوێن فرکەی دەکردو گۆمێلکەی لەسەرزەوی بەستا.

ئامان هەرکەبەخۆهاتەوەو باوکی بەم شێوەیەدیت دووبارە بورایەوە. لەورۆژەوە شێت بوو..و هەرهاواری دەکرد: ((چندرمەی تورك کوشتی، چەندرمەی تورك کوشتی)).

ئۆمەرەکەتە بۆدراوسێیە خۆشەویستەکەی زۆڕە، زۆڕگریاو:((ئەی هاوار لۆ.. برادەرە ئازیزەگیان بەگیانەکەم!)) گریان بەرسینگی لێساندو:

- ئەوەیەکردەوەی عەسکری موسولمانان و خۆشەویستی بابەشێخ و عەولارەی چەلەنگ!.

- گریان هەننۆب هەوگی گرتەوەو:

- ئەوکارە دزێو.. و مەکرووفانە، لەکەیەکی ڕەش و دمۆری تەختی تەوێلی ئەژدادی هەردوو نەفرەت لێکراوانە.

دووچەندرمەلە ((سۆرێ)) ی خێزانی ئۆمەرەکەتە ڕووبوون.

پێشتر بازن و خەزێم و گۆبەرۆك و لاسەرەوخلّخالّ وئەنگوستیلەی چارەکرد بوون. گوارەپێنج گۆیەکەی، لەزەمانی بووکینیەوە لەگوێی

دا بـــوو.. و ســـەری کـــەمێك ئەســـتوورو کـــونی گوێـــشی قیـــچێك وێکهاتبووەوە، چەندی کردی وکۆشابۆی دەرنەهات.

سێیەم جەندرمە خۆی بە وەکیلی پێغەمبـەر دادەنـاو: ((ئەمـە بـۆ ئێمەی سوپای ئیسلام بەکەلك دێت، نەك بۆمـەیموونێکی وەك تـۆ)). هەرکەزانی دەرنایەت تاهێزی لەبەردا بـوو ڕایتەکانـدو هـەردوو لـچکە گوێیـەکانی بـچڕان وپیاوەکـەی: ((ئافـەرت بـەگاز بیقرتێنـە)) دڵـی نەهات، لێیقیژاندو:

- زرووکەت لەبەروەنێت.

دانی بەخۆداگرت و خوێن بەلاملـەکانی وبسکەدرێژو بەگروازەکانیـدا بازرەقەی بەستا.

- ئەو جا هەروەك جاران، لەپیاهەڵدانیاندا دەولاسـکەی بابەشـێخ و عەولارەی خۆفرۆش بکەوە.

بەدەیان کەس خوویان پێوەگرتبوو.

((گـورگی دەشـت وبەنێنـە و چاوسـوورو زگ خـاڵی وتێرنـەخۆر، هەرچیان بەردەست کەوێت لرق دەکەن)).

دەســتیان بــەبن ئــەوەی پێیدەگوترابــژێوی بنیــادەم داهێنــاو عەزرەباتیان لەمااڵن نەهێشت و بەزیرو هـۆڕی ژن و منـداڵان تەقـەی سەریان دەهات. خۆراکێشیان نێوەڕۆ..و ئێواران گۆشت بوو.

– ئۆمەرەکەتە ئەوڕۆ نۆرەی تۆیە سێ کوشتی قەڵەو بێنە.

ڕۆژی دوایـی مـەڕداڕێکی تـر. لەمااڵـە دۆسـتەکانیان دەسـتیان لـە دەرزییەك نەداو لەپاداشتی خزمەتکردنەکەیان ومـورادیش نۆبـات لـە

هەردووماڵ دەعـوەت دەکـراو تابـەتریّکی شـەو لـەژووری ماڵیانـەوە، بەشەوچـەرەی بەسـەر دەربـرد، ((لەقـەب))ی ((قـوتبی مـەدار)) ی دەقەبەڵ شێخ ((نەجمەدین))ی بابەشێخ کردو((کێخوا))ش عەولارە.

ئۆمەرەکەتە بەدەغەزەوە ((پیرۆزە، پـیرۆزە لەقـەبی خیانـەتتان!. ئـ..هـ هەرلەبەر ئەونەعە خزمەتکارییەشدا بوو، لەمەوبـەر ((پاشـا)) یان دەقەبەڵ گۆرگە بۆرەی باوکت کـرا. پـیرۆزە پـیرۆزە دوولەقـەبی خیانەت)).

*　　*　　*

زەفتیەك لەتەنانێکی مزاشی لەدەست منداڵێکی دووسـاڵان ڕاسـاندو لەقلەقانەی ئاواکرد.

کە بەگریان بـەرەوماڵ بـووەوە، ئۆمەرەکەتـە زۆر پـێ تێکـچوو.. و بەرچاوی لەدەهریان غەمراندی و مووی سەری گڤ وەسـتاو بـەخۆی نەوەسـتاو بۆێرانـە، لەتاسـای هـەموویاوێکی سـەردەم دانـەبوو.. وپڕبەدەنگ، بەڕووی موراد دانەڕاندی و :

- سە بە سەیاتی خۆی نان لەدەست منـدالّی ئـەوها.. ڕاناسـتێنێت، تەنیا عەسکری موردخانی موسولمان نەبێت.

لەقاران تەرحی کوندەی دوو بۆنگی کەسکون هەڵگەڕاو دەلحازهانی دەست و پێوەندو خوبزەکانیداو:

- دەی باشی بکوتنەوە.

سێ چواریك بەكیركە فیل و قامچیان، لەسەر پشتی خەجەڕۆیانە، دایان پەلۆسی.

خەڵكەكە هەركەدیتیان وەك تەڕاش كەوت بە((پەككو، پەككو..و حاھ...)) ی پەڕۆشەوە گەمارۆیانداو بەهات و هاواری:

- كورەتۆزێك ویژدانتان هەبێت ویژدان!.
- بڕێك بەزەییتان بەڕدێنە سپیەكەیدا بێتەوە.
- خۆچ دین دوژمن و باوەكوشتەتان نییە.
- چ كوفریشی بەسرەزار دانە هاتووە.
- ئاخر.. لەسەرچی.. ئەوها: بێویژدانانە دارکاری دەكەن!.

لەگەڵ هەڵگرتنی جەستە كوتراوو شوبەستراوەكەی لەسەر دەستانداو: ((

- بەخوابابە زولمێكی گەورەی لێكرا!.
- كاری زولمیە.
- لێدانیش بەم جۆرە!.
- زەندیق و پێنج مەزەبیش ئەوەی ناكات.
- ئەوەش سوخەتی سوپای ئیسلامە ئازیزەكەی شێخ و عەولارەیە.
- زارخۆش)).

هەفتەیەك پتر لەماڵەوە كەوت.

* * *

ئۆمەرەکەتـە و چـەند کەسـی دیکـە دەغلێکـی زۆریـان لەشـونێکی لاچەپ و دووەم دەست و نێو ئاقـار، لـەبن پـووش و پـەڵاش و خـۆڵ شاردبووەوە.

پێـشتر لـەخۆیان گرتبـوو: ((ئەگـەر بەردەسـتی سـوپای دوژمـن نەکەوێت نەزربێت خێرێکی گەورەی پێبکەین)).

قـاتی وقـورتی و نـەبوونی و گرانییـەکی کوشـندەو تۆقێنـەر، دوای فەرهودە، لەڕەوشت بەدەرەکە، لەدوڕگۆکەوە بەرپابوو.

لەسەتانەوەتی دەغڵ و قوتی خەڵکەکە، بەرتاڵان کەوتن و برسـێتی هێرشی بـێ ئامـانی هینـاو زۆربـەی دێهاتـەکان چـۆڵ و دانیـشتووانی بەدەشـت و دەرکـەوتن. تـاك ولـۆك نـەبن، ئـەوانیش لـەژێر سـایەی ئۆمەرەکەتەدا خۆیان بواردبوو: ((

- خـــــۆ: چ زەرەر ناکـــــەین ئەگـــــەر پـــــەیڕەوی بکـــــەین)).

قارەماندی لێکڕا لەم گونـدە بۆئـەوە گونـد تـەرحی دەرۆزەکـەر، بـە دوای نانێك دەگەڕان. تـاك و تـەرا، بـەئاوات گەیـشتن و زۆرینەشـیان لەبرسان شنگیان لەبەربڕاو لەلاڕێ و کەندولەندان، بەلاکەلاك سەریان نایەوە.

ئەو ساڵە قـەل ودااڵش و سیـسارك ئاسمـانی ناوچـەکەیان بـەزەمان گرتبوو.

ئۆمەرەکەتە : ((ئەمەش بەرهەمی سوپای غەزاکـەرو موسـوڵمانانەو بەکەیفی شێخ و عەولارەی نەفرەت لێکراون)).

خەڵکێکی یەکجار زۆر.. ڕوویان لەماڵی ئۆمەرەکەتەو هاوڕێکانی کردو لە هەر ماڵێکدا دووئافرەت، لەسبیانێ زووەوە نانیان هەتا نێوەڕۆ دەکرد. دووانی تر لەپاش نیوڕانێڕا هەتا ئێوارە.

هەرکەس بچوو بووایە، بێ قەیدوشەرت نانێکی بەنسیب دەبوو.

- نانی مەدەنێ جووە.

وەگەڵ خەڵکەبرسییەکە، کەوتبوو. بەفەرزیان دەزانی: ((مادام جووە دەبێ لەهەموشتێکی ژیان بێبەش بێت)).

- ئێمەی پیران بەناوی دینەوە ئاوقای گەڵێك کاری پڵتۆخ و تڕووهات دەبین.

ئۆمەرەکەتە لەناخەوەش: ((شێخی رافزی هەرلەئیجادەوە بۆ دوژمنایەتی خاك و میللەتی پیرانەوە دروست کراوەو ڕێنیشاندەری سوپای داگیرکەران بوو.. و هەردەم لەدوقوونی مورادنەدەبووەوە و ئەسپێکی تایبەتی پێشکەش کردو نۆباتیش، بۆژووری ماڵی خۆیانی بانگ دەکرد. ئەوجا لەباتی شەوو ڕۆژ، پێنج فەرزە تف و نەفرتی بکەین و دەست وشانی کەوشە بەگووەکانی بۆ تەبەڕوك و خوالێخوشبوون ماچ دەکەین. ئەو: ((یەهودی)) یەش لەباب و باپیرانییەوە، لەخێرو شەڕی ژیانداهاوبەشمان بووە، دەیانەوێت لەبەرچاوان بەبرسێتی سەربنێتەوە)).

ئەمەی گوت و ڕووی لە((سەلمان)) ە جووکرد، ڕەنگ سپیپات و باریکەڵەو کەڵەگەتی بێدارو بار، لایان وەستابوو..و:

- لەماڵەوە چەند کەسن؟.

- پێنج.

- هەموو رۆژێ سبیانان زوو پێنج نان و کۆتکە دۆیەك لەسۆری وەرگرە و دانی ئێوارانیش پێنج نان.

لەخۆشیان شتاقەلێوی نەدەگەیشتەوە یەك.

- واپێت دەڵێم: هەریەکەتان، رۆژانە بەدوونان دەژین و نامرن نەکەن لۆئەملاوئەولابرۆن.

- تازەو ڕۆشتن!.

فەهیمی دایکی بارتەقای((۷۰)) حەفتا ساڵی کردبوو. سوور وسپی و درێژوبێ شنگ،تەمەن کووڕی کردبووەوە:

- وەللا ئۆمەرەکەتە،ئەگەر چی موسوڵمانیشە، لەبەرئەو خێرە زۆرەی دەچیتە بەعەشتەوە

*　　*　　*

- بابە شێخ بەخۆت باشتر دەزانیت : ئێمە لە باب و باپیرانەوە مەحسووبی ئێوەینەو لە ئاست بنەماڵەکەتانەوە سەرمان پێوە نەبووەو نیە.

- شێخ بە مامۆستاو ساردکردنەوەی حەملاندو ((وێدەچێت نێچری قەڵەوبن!)).

کێخوا((حەمە)) ی ئاوایی ((س)) چوارشانەو بەخۆ....وەو ڕەنگ زەرد، بە خۆی و خزمەکانیەوە هانایان بۆ هێنا.

((ڕۆژتـه بابەشـێخ!. بـه خۆیـان هاتوونەتـه بەردەسـتت و نەکـەی نەجاتیان بدەیت!)).

لە بریتی دەغڵە زۆرەکەی، بەسەر خەڵکەکەی دەورو بەری، بـەلاش ببەخـشێتەوە و لـەمردنی برسـێتیان رزگـار بکـات، کەچـی مـەرامی پێکانی ئەو ئاوا تەبوو کە چەند ساڵە گینگڵەی پێدەدا.

- کێخوا شتی ئەوهامان قەت لە یاد ناچێت.

لە مێژووی ژیانیدا یەکەم کەڕەت بوو: (برسێتی ڕێیەکی لـە هاریـیـە ئەگینا من و خۆدە خیل کردنیان نەگوتووە!)).

- من و ئەو خزمانە سەری خۆمان بۆلای جەنابت هەڵگرتووە....

- نەیهێشت تـەواوی بکـات، لـە کـەیفان دەمـی بـستێك داپـچراو لـە بریتی ((بخیربێن) و ((لەو نێچیرانەم باشتربۆ هەڵناکەوێت)).

ئەویش لە حەیفان زۆر نەمابوو لە هۆڕژنی گریان بـدات و دیـدەکانی پڕ ئاو.

- لەخوا بەزیاد بێت دەغڵـم زۆر هەیـە و زۆربـەی خـەڵکی ناوچـەکە ڕوویان تێکردووین و دەستمان بەڕووی کەسیشەوە نەناوە.

کۆخا دڵنیابوو نـا ئومێـد ناگەڕێتـەوە و پـشووی هاتـەوە بـەرو: لـە دڵەوەش: تەواو بڕوای نەدەهات.

- یاشێخ ئەو خێرە گەورەیە هەر لە بنەماڵەکەتانەوە دەوەشێتەوە.

- بەلاش خوای مەزن بەو پایەیەی نەگەیاندوونە.

- زۆر.....ڕاستە!. خوا هەتاکێو نەبینێت بەفری ناوێتی.

حسیانیاز یان چییەو:

- کێخوا من تا ئەمڕۆ دەغڵم بە فرۆشتن داوەتە خەڵکەکە.

بۆپاکانەی کەوەک خەڵکە دەوڵەمەندەکانی دەڤەرەکە هەنگاوی لەم ڕووەوە نەناوەو پەروەردەی(بێنە)یە و چاو لە دەستان بووە، نەک بەخشندەو (ها...بگرە)). لە دڵەوە چرپاندی و : (خۆشێت نەبوومە مااڵی خۆم وەبەر....ڕەش و ڕووت و عەلۆ...و جەلۆیان وەربکەم. ئـ ..ھ من لەو ڕۆژە دەگەڕام: ئێوەی کرمانجی هیچ و پووچ هەر ئەوها: نەبووەبن و پێویستیان بەمن ببێت)).

- ئەگەر بەقەرزو پیاوەتیم بەخشیبووایەوە، هەروەک وازەن دەبەم جەنابیشتان بۆی هاتوون، خەڵکەکە لێکرا((هەبووەو نەبووە)) بەسەرمان وەردەبوون و دەنکە دەغڵێکان نەدەهێشتین و ئەوسا دەکەوتینە سەر ساجی عەلییەوە.

هۆپێکی لە خۆی زانی و تا ئەودەمە بەبەرەواژیی خەملاندبوو. ئیتاجی حەرام حەلاڵ دەکات و مرۆڤ لە پیاوەتی دەیەخێت. باوەڕیشی تەواو هات ڕەنج بەخسارەو بێویستی حەزیشیەوە دەچێتە ژێریەوەو:

- قوربان گرفتەکە لێرەدایە: ئێمە عانەیەک چییە شک نابەین.

بەئحمێکی زلەوە، چاوی لە چاویانی بڕی و ماوەیەک داماو: ((یاخوا هەر ئاوا نەبووە دەبوون. کە ئاواتی هەرەگەورەی منە)). بەبزەیەکەوە:

- پارەتان نییە خۆزەویتان هەیە.

- حەپەسان بە سەریاندا زاڵ بوو....و کێخوا پشووی لە تاوان دەلحاز سوار بوو...و:

- زەویی! ؟.

تەرزی لەبەردەمیان بدرێتەوە زاریان بەستڕا و نقەیان کەم و زۆر لەبەر وەنەهات.

تا دڵنیایان بکات و بە خوایشتی خۆیان بۆ خواستەکەی بنووشتێننەوەو:

- دەنا هەرتا ئەمڕۆی حازری هەرچم فرۆشتووە بەزەوی بووە.

بە چاوی بو غزو نامۆیی یەوە بۆی ڕووانی و:((من زۆر لە مێژە بەر گوێم کەوتووە: شێخ لە هیچ تاوانێك ناپەنگێتەوە. ئەگەر بۆشی بگونجێت سەگ بە پێستەوە لرف دەکات، بەڵام باوەڕم نەدەهات)).

زۆری مەراق بوو بیانخاتە ژێر کەمەندەوە. بۆ فریودانیان هەر زوو بەڕووێکی عوبابی دۆستانەوە:

- زەوییەکانتان بە ناودەبنەمووڵکی من، لە ڕاستیدا ئێوەش باش دەزانن منی دەست و پێ سپی بۆم دەعەمەل نایێن و هەر بە خۆتان، وەك ئەمڕۆ سەرافەتیان دەکەن و سالانە، بە پیاوەتی خۆتانەوە مۆلکانەیەکی کەمتاندا، ئەگەر ناهەر لە ئێستاوە گەردەنی باوکیشتان ئازاد بێت.

- یاشێخ پاش مشوارێکی کەمی ڕاوەرگرتن و تەکبیری نیوان خۆمانەوە پیازی سپی کراوت لە مست دەنێین.

((ئەو دونگە تەڕەم لە قیس نەچوو بووایە کۆزوشەش بوو)).

- ئێ...چ عەجەلەتانە ! پشوویەك بدەن و نانێك بخۆن.

- قوربان هێندەمان پێناچێت.

- کۆێخا زەوییەکی زۆرم بە باراشێك کڕیوە، جەنابت ڕێزی تایبەی هەیە ،بابۆ ئێوە بە دوو باراش بێت.

: ((ئـ...ھ ئێوەی کرمانج شایەنی ئەوەندەش نینە، بەلأم نرخی زەوییەو قەیدیناکات)).

((بەڕاستی نرخێکی زۆرەو هەر سەلاواتی جەددتانی گەرەکە !)). بە تەوسەوەی گوت.

- براینە بەڕای من زەوی و ناموووس جیاوازیان نییە و لەیەك قەپێلك دانە. بۆیە من نەمتوانی ڕای خۆم، بەبێ ئێوە لە پێش ئەو گورگە کەلبە تیژە دەربڕم و هەر ((١٠)) دەتان بۆ ئەو بارەی خۆم زەوقم لە سەریەتی ئیجبار بکەم. ئێستا هەریەکەتان بەرپرسی خۆیەتی و پاشە ڕۆژمن تاوانبار مەکەن.

- قسەکەت زۆر لە جێیە و ئێمە هەردەم شانازیت پێوە دەکەین و حەدیشمان نییە هیچ کات تاوانبارت بکەین. بەس.....

لە حەیفان بۆیان تەواو نەکراو لە زگ بوو بکڕووزێنەوە.

کێخوا پێ حسیاوبە ئاخەوە:

- برایان خەفەتانی ناوێت، بەلأیەکی نەگریس و دزێوی دەسکردی سوپای نا ئیسلامییەو، بە زۆرو زەبری چەکەوە تووشمان کراوەو خۆشی و ترشی دەبێ خۆمان بە هەر ڕیگایەك بێت ڕزگار بکەین.

بە ئاخی حەسرەتەوە:

- بەخۆت باشتر دەزانیت زۆربەمان دووڕۆژە زادمان لەماڵدا شك نابردرێت و کەهاتین منداڵەکانمان بەگریانەوە جێ هێشتوون و: ((
- بابە هەتا بۆت دەکرێت زوو بە هانامان وەرەوە و لە برسانمان مەکۆژە)).

لە تاوان قڕوقەپیان، بە دیدەپڕ ئاوەوەکردو پاشدان:

- کافر بە خێرا خۆی ناچێتە دوزەخەوە: دەبێ بەهەر ڕێگایەك بێت لە مردنی موحەقیان قوتاربکەین. بەدوو باراشیش دەگەینە جۆ درووناو و قیڕوسیا لەزەوی.

کێخوا زۆر نەمابوو لە هۆڕ ژنی گریان بدات. لە بەردڵی خزمەکانی بەسەر خۆیدازاڵ بوو..و :((گەورەترین نسکۆیە ئاو قامان کراوەو ناچاریشین، بێ خوایشتی حەزمانەوە بچینە ژێر باریەوە)).

- من ڕام دژی ڕاتان بوو، بەاڵم لە گەاڵ عامێ دەچمە شامێ.

شێخ هەوەستی گەاڵیك پێهات و بۆیەکەمجار لە ژیانیدا ئەملاو ئەولای کرمانجان بە گوڕەوە ماچ بکات و:((دەمیشم گاڵۆ بوو، بەاڵم بابە خولامی زەوییەکانیان بێت)). لە ژێرەوەش سەری شادی گەیشتە کەشکەاڵنی حەواوەو:((هەر لە ئێستاوە تۆ سەرکاری من بەو سەرپەرشتی زەوییەکان بکەو شەرت بێت سااڵنە چیدڵی جەنابت ڕێدەدات من ڕازیمە)).

* * *

له ناخیەوەی چەکەرەی کردبوو:((مادام لـە ئاسـتماندا باگۆدانـەوە کەم و زۆر لە گۆڕێ نییە وا چاکە لە مەودوا دەسـت بـە سـەر زەویـی ئەو کەسانەی برسیش نینە دابگرم)).

بـەواجبی دنیـاو قیامـەتی حـسێب دەکـردو: ((تۆخـوا کرمـانج و زەوییـان گوتـووە !)). لـە حریتەیـەکی وایـدا ئـاو لـە سـۆماکانیدا بازرەقەی بەستاو ((کرمانج خوا هەر بۆئەوی خەلق کردوونە بەرشاپ و شولاق بدرێن و داریان تێ ببڕدرێت و لە ژێر سـوخرەدا بڕزێنـەوە و بەس. شایەنی چیتر نینە)).

ئۆمەرەکەتە ئاوقای((فەقێ تەحسین)) ی پیـاوی بابـە شـێخ بـوو، سـوورو سـپی و تەبـەش پـان و سمێـڵ سـووری زل و ڕیـش هـەردەم تراشاو....و:

- بابە شێخ عەرزی سەلاوی هەیەو دووعای خێری بۆ دەکردن.

پاش زەیندانی بچمیەوەی گوت.

- خوا هەر بۆمان بێلّێت.

- بەنابەدلّیەوەی گوت و :((یاللاخێر: شـێخ و هـەوالّ پرسـینی مـن کوجا مەرحەبا !)).

هەر چەند سەری دەهێناو دەبـرد زەینـی کـۆری بـۆهیچ لایـەك بـڕی نەدەکردو: ((ئیللا بیللا ئەو ماستە مووێکی تێدایە !)).

بەڕوو گەشکەداریـیەوە، دلّنیاش بوو ڕەتناکرێتەوەو:

- مـنی بـۆ زەویـی جـەنابت و خزمـەکان نـاردووەو چ بـە خێـرو سـەدەقەو پیـاوەتی، چ بـە نـرخ ئێمـە ئامـادەین. بەمـەش مـسۆگەر سەرفرازی دنیاو قیامەت دەبن.

((ئـ...ھ نەمگوت! . ئەگەر نا ھەرگیز بێزی نایەت ھەوالی ئەمـەمان بپرسـێت!)). کـە پاشـەڵی تـەمای شـێخی بـۆ ھەڵمالّـدرا: ((مامۆستاکەت لە ئاست ئێمـە سەرچـیغ چـووە. ئێمـە لـەو کرمانجانـە نینـە بـە ھەوەنتـە بیێنـە ڕایـێ. ھـەر کەزەوییـەکانمان لـە دەسـت چووسەر فرازی ئەوسا تەنیا بۆ جەنابی بابە شێخ دەبێت و کـۆیلاتی و ڕوو...ڕەشـی و پەراگەنـدەیی ھـەتا ھـەتایی لـە ھـەوگی ئێمـە ھەڵدەواسرێن، ھۆباب!)).

لە ژێرەوە زۆر بە قاردا چـوو...و...وای بەھـەموواردا ناجـارێ نەیـدر کێنێت.

- ئەوا بابە شێخی خـاوەن تەکیـەو کـۆڕی زیکـرو کەڕامەتـدار داوای عەرزو ناموسمان دەکات! . نازانم ئەنگۆ دەڵێن: چی؟.

دوای کۆبوونەوەیـەکی گـەرم و گـوڕ لـە گـەڵ خـاوەن زەوییـەکانی گوت. بە تەنیا چـی بۆمەیـسەرنەدەبوو...و دەیویـست ڕای ئـەوانیش وەرگرێت.

بیـستبوویان و کەوتنـە نێـوان چـاڵی دوو خۆشەویـستان: (شـێخ و زەوی). نەیاندەزانی خۆیان بـە کـاملادا بگـرن و بـڕ یـاری بۆبـدەن: دەست لە زەوی بەردانیش مردنەو ناچار:

- ئێمە دەڕوانینە زاری جەنابت.

دەیـــانزانی ئـــەو بڕیـــاری ناڕەوانـــادات و هەتالـــەدوبێڵی بێـــت... داناوەڕێتەوە.

کەیفی زۆر پێهات و ئاوی خۆشی زایە دەمی و بەبزەیەکەوە:

- قسەی دڵتانە ! ؟.

بەسەر کەوتنی دەحەملاند گەردڵی لەم ڕووەوە دا کەوێت.

لێکڕا بەیەک دەنگ:

- بەڵێ.

ڕووی بزڕکاوی تـەواو گـەش هەڵگـەڕا، نیـازی غەنیمەکـەی لەسـەر دەستیان نایەتە دی . کە ئاواتی هەرەگەورەی ژیانی بوو...و:

–ئەمنیش دەڵێم چ ئاوەڵکراسی ژنەکانمانی پێـشکەش بکـەین و چ زەوی.

هەرکـە لـە مـەرامی حـاڵیبوون، دەمـی خۆشـیان چەشـنی بێـچووە پەڕەسێلکە، کاتی خۆراك لـە دایکانـەو بابانـە کەیـەوە، وەردەگرێت پێچڕاو مسۆگەریان بوو نایەڵێت: زەوییەکانیان لە قیس بـچێت. هـەر ئەوسات:

- بە جەنابی بابە شێخ ڕاگەیەنە: ئێمە نێچری زۆر سرکین بەهـەموو تاژییەکی خۆشبەزو دەم گەرم ناگیرێین.

هاروهاج بوو...وچاوی لە قاران سور هەڵگەڕاو هەناوی دگـە دگ و ئەسپی غوردی تێرشینکە ئاسابەکەف و کوڵەوە پێکـۆڵی دەکـردو:((چما کرمانج وایان لێهاتووە لە ئاست بابە شـێخی زەمانـە ئـەو گـووە

گەورەیە بخۆن: بە هـەموو تاژییـەك نـاگرێین ! . وادیـارە ئەجـەلیان هاتووە. لۆێی وانانی شوان دەخۆن!)).

ماوەیـەك بەسـەفاومەڕواکردنی نێـو ژووری تەکیـە گەورەکەیـەوە، لێکیدە داوە: ((مەگەر لە نەجیبزادان پـاش نەکـەوتبم دەنـا دەبـێ ئەو دڕکـەیان لـە ژێرپـێ دەربێنم!)). کـەف غـەزەب لالّیـوانی سـپی هەڵگەڕانـدو: ((بەسـینگ تێبڕینـی یەکەیەکـەیان نـەبێت چـارەیان ناکرێت))، بە کلکە ئەنگوچکە درێژەکراسە سپیەکەیەوە سڕی و : ((بەس هەتا هەڵم بۆ هەڵدەکەوێت ئەو جادەزانن بابە شێخ کێیە!)).

ئۆمەرەکەتە تادوا ڕۆژ لە پیلانی شوومی موحەقـەقی لاگربووەسـتن بە ئەوەندەش نەوەستاو:

-کوو هەتا هەنووکە نۆبەتمان، لە ترسی دەزان لە دەغـلاّن دەگـرت، دەبێ لەمەودوا بەحەزەر تریش، نۆبەت لە گیانی خۆمان بگرین.

بەواق و ڕمانەوە:

- گیانی خۆمان لە بەر چی!؟.

- لە ترسی بابە شێخ.

هەنۆب بەسەر سوڕمانەوە:

- ترسی چی...!؟.

دەیزانـی هەنـدەیان لـە باردانیـە، تـا بەهەوەنتـە، بـۆ ڕاسـتی دا بووەڕێنەوەو:

- ترسی کوشتن.

خراتر حەپەسان و ماوەیەك بەچاوی رق و ناڕەزایی یەوە بۆیان ڕووانی و نیو چەوانیان هەر هێندەی دووپەنجان ما وەو نا حەقیش نەبوون و بەمەزەبیان دانەڕێیەك لە ڕاستی دووڕەو:

- هەموو قسەیەکت دەرحەق بابە شێخ بڕوابکەین ئەوەیان هەرناو!.

- ناوەللا ئەوەیان ناو.

- بابە شێخ لە نوتفێکی وایە دەستی نەچووەتە کێشکە کوشتن چ جای بنیادەمی موسولمان.

- بوختانێکەو لەباس نایەت.

لەملی خۆش:

بوو ڕاستیەکەیان بۆ هەڵمالێت: باوەڕ دەکەن، یان ناکەن کەیفی خۆیانە.

- شێخاتی و سەیداتی لە مەمەلەکەتی ئێمە دابۆ ئەوە دروست بوونە، بە هەرشێوەیەك بێت سەیتەرە لەسەر خەڵکەکە وابکەن، گەرکوندانی سواری سەرپشتیان بن هەرگیز نەتوانن لە ئاستیاندا نقەیان لە بەروە بێت.

والاّ بوو: مێشکیان بە هیچ شتێکی رۆشنبیری و نیشتمان پەروەری زاخاو نەبووە: (گەر هەزار جار خیانەتی وەك پێشوو بکەن، کەم و زۆر حەرەجیان لێناگیرێت. پێشتر بەهۆی بیرو باوەڕی دین و کەشف و کەڕامەت و فڕین و قوتب و ئەلیاو سەلبی ئیمانت و ...وجاخ کوێری و دەیان درۆی ئاوا بە کلك و گوێی عەتۆتەداری لە عەقلّ

بەدەر، لە خشتەیان بردبوون و خستبوویانە ژێر ڕکێبی خۆیانەوە... وەک کۆیلەو خزمەتچی لە بن فەرمانیان داریان لە خۆ نەدەداو نانیان لە دەمی برسی خۆیان دەگرتەوەو بەشانازییەوە پێشکەشیان دەکردن. ئەوانە زرووفیان بەسەر چووەو مۆدیلیان تورپدراوە، کەچی ئەمڕۆ گەرەگیانە، بەهۆی دەوڵەمەندییەوە دەست بەسەر زەوی و زاری ولاّت دابگرن و خەڵکەکەش کرێکاری بەنان و زگ بۆیان بەناو بێنن. گریمان کەسێك سەری نەهێنا بەرێ، ڕەنگە شەوێك بە قوربانی گوللەیەکی بکەن)).

ئەمەیان بەمحاڵ دانـاو نێـوان عـەردو ئاسمـان لەڕاسـتیدا دوور. هێندێکیان ملی سەلماندنیان دا نەهێناوەو بەهەڵچوونەوە:

- تۆ هـەر لـە ئیجـا دەوە ئیمانـت زەعیـف بـووەو دژایـەتی شـیخ و مشایەخان دەکەیت.

سەری دەغەزی لە خەشیماتیان باداو:

- بەڵێ من هەتاعزرائیل چۆك لە سەر سـینگم دادەنێـت ئیمـانم لـەو ڕووەوە زەعیفەو شێخان هەرەدەم بە گورگی کەڵبە تیـژی دەشـت و بەنێ دەشوبهێنم.

* * *

خەڵکەکەوایان زانی ئاسمانیان بەسـەرداتەپی و قیامـەت هەسـتاو دەمـی حەپەسـانیان بـەش و چـاو مۆلـەق و زەیـن هـوڕو ماوەیـەك بەباسەکە، بێ مرتەو کەڕو لاڵانە، بە شـلەژانەوە، لەیـەکتر...ڕامـان و

لەشوێن خۆیان (بت) ئاسا، لە تاوان وەستان و خۆیان بەکەودەری لەقەڵەمداو ئەو باوەڕەی بەشێخانیان، لەناخیانەوە چەکەرەی کردبوو..بە هیچ هێزێك شلۆق نەدەبوو...و لە دڵی کەمێکیان تۆڕی کراو پەنجەی پەشیمانیان شکاندەوە و (ئاخ) ی خەفەتیان هەڵکێشاو سەری ڕێزیان بەخوایشتەوە بۆ گەورەیی و ژیری و لێزانی ئۆمەرەکەتەدا نواندو چەند کەسیان بۆتەوازوو خواستنەوە، سەریان بە ماڵدا دەگرت و ملی بچووکیان بۆ لارکردەوەو: (بەکردەوە چەسپاندت ئەتوو سەرکردەی راستەقینەی ئێمەیەت!).

(تا نەماننا لە تەبەق نەمانگوت: ئەللاهو سەدەق).

بەدیدە بڕینەوە دیدەیانەوە:

- هەمووی لە خەم ساردی خۆمانەوە. جەڕەیەکمان لە ڕێی سراوێ لێ شکاو تازە، بە تازە چاك نابێتەوە.

شەوێك لەکانکەی دنیا کش و ماتی و خەوی ئارامیدا و زیندەوەریش لە کوچە و کۆڵانان بەدی نەدەکرا و مەگەر هەستی شنەی (با) و خشەی داران و گزەگزی مێش و مەگەزان چیدیکە نەدەبیسترا، لەناکاو ڕابووە تەقەو گرم و هۆڕ و هات و هاوارێك ئەوسەری دیار نەبێت. زاك و زرووك و گریانی ژن و منداڵ و... وەڕینی سەگ و قۆڕەی چێڵ و حیلەی ئەسپ و زەڕەزەڕی گوێدرێژان، بەتێك قژقژاوییەوە، خامۆشەکەیان پەڕاند و گوێیان کاس و خەوتوان لەبن بەڕە و جاجمان قیت کردەوە و دەنگ و سەدا، لەهەرلاوە تەقییەوە: ((مەلۆك کوژرا)).

نزیکەی سەعاتێك زیاتر بۆ هاورێی دڵسۆزی منداڵیەوە کورکایەوەو: ((داخێکــی کاریگــەرە بەجەرگمــەوەنرا و کــەلێنی پیاوچــاکی و خێرەمەندی کاکە مــەلۆکی خۆشەویست هــەتا هــەتایی پڕنابێتــەوە. مەگەر لەباتی هەرتنۆکە خوێنێکی شێخێك بکوژرێت)).

گریان بەرۆکی گرتەوەو: ((

– تازە ئــەو مەلعوونــە زەربــەی خــۆی لــە ژێربــاری ئــایین و یاســای سەردەم وەشاند و بیری بە ئاستەمیش، بەپیر تۆڵەسەندنەوە ناچێت و لەسەرەوەی قانوون و دەستووری ولأتیشە، تاکو سزا بدرێت)).

ڕووی لەخەڵکەکە کردوو:

– دوای تڕێ خەپشەی بــڕێ. بــەس تــازە دەمــی بــە خــوێن بــووە و باوریابین خراتری بەدوادانەبیەت.

چوار مانگ پاش واریقاتەکە: ((زێڕین)) ی خێزانی کــوڕیکی بــوو.. و لەســەر وەســیەتی ئۆمەرەکەتــە، یــەکجار زۆر کــەیفی پێهــات و نــاوی باوکی لێنرا.

*　　*　　*

ســەلمانە جــوو بــە بیــستنی بــەرپابوونی دەوڵــەتی ســەربەخۆیی ((ئیسرائیل)) لە خەنیان وەختابوو گــز بــدات و بەدەشــت بکــەوێت و عەرەب و عەجەم پێ حسیان.

جوانەگایەکی قەڵەوی کوشتەوە و گۆشتەکەی بەسەر هەژاران دابەش کرد و نزیکەی مانگێك پتر لە دوڕ ژووری ماڵەوە، بەدزی ئیسلامان، لەنیوە شەو بەولاوە، لەگەڵ منداڵەکانی هەتا شل و کوت دەبوون شایی یان دادەبەستاو: ((لەخۆمان خەنی تازەبووینە حکومەت بەبابی عەرەب و ئیسلامان لەناوناچین و ئیهانە ناکرێین)). لەگەڵ هەڵپەرینی سوسکەیی: ((دەگ دەستتان خۆش تۆخمی ئیبراهیم خەلیل و یەعقوب و یەهوزا، لۆ عەرەب و ئیسلامتان دەرخست: ئێمەی عیبرانی هێشتا ماوین و لە ئاست هێرشە بەردەوامە تۆند و.. وەحشیەکانیان هەرگیزاو هەرگیز کۆڵ نادەین!)).

کاتێك حکومەتەکەیان بانگەوازی هەرچی((یەهودی))یە کرد، بە واجبێکی دین و نەتەوەیی داناو: ((وەك تای تەورداس بە خۆم و منداڵ و خزم و کەسەوە لە خزمەتی وەستاوین)). بەمەزەبی نەچوون بە دەنگییەوە: ((کافری دنیاو قیامەتین و لەڕەچەلەکی کەنعانی و یەهودی و عیبری دەشۆردرێین)).

دەلحاز لەگەڵ منداڵ و خزم و کەس و جوولەکەی ناوچەکە، بەو پەڕی حەز و گوڕی ئیمانەوە، وەلاّمی بانگەوازەکەیان داوە. مەگەر ئەوانەی لەبەر زەبر و زەنگی کاربەدەستانی عەرەب و ئیسلامان توانایان نەبووبێت.

سەلمان بەخاوو خێزانەوە، ڕۆژی ڕەوکردنیان، بەو پەڕی خولق خۆشی و سەرفرازییەوە ئاوقای ئۆمەرەکەتە بوو.. و ئەملاو ئەولای بە شەوقەوە ماچ کردو:

– کاتی خۆی جەنابت ئێمەی لە برسێتی سالّی گرانیدا قورتار کرد، هەتا لەژیان ماوم خۆم بە ((بەندە))ی ئێوە دەزانم و دەبێ گەردەنمان ئازاد بکەن.

ئۆمەرەکەتە زۆری خۆشدەویستن و ڕێزی دەگرتن. لە حەیفی دابڕانیان چاوی پڕ ئاو بوو.. و.. وە گەڵیان کەوت، تا بەرێ کەوتن.

* * *

سێ سالّ بەسەر کڕینی زەوی و زاری دێی((س)) تێنەپەڕی بوو، بابە شێخ: ((زەمانێکە حەیاو ناموووس و..وێژدان، بە جارێك هەڵگیراون. کوێخا حەمەی ساختەچی و بێ ئەخلاق و دین، لەجیاتی چاکە و پیاوەتیمان بەرهەمی زەوییەکانم دەدزێت. بەناو هەرئەوەتە شتێکمان بۆ دەنێرێت. ئەویتر، بێ چاو و ڕووانە خڕی زڕفنج دەکات)). بە هەڕەشە و گۆڕەشەوە، دژی بەڵێنەکەی لە ئاوایی وەدەرناو: ((من لەو ڕۆژە دەگەڕێم ئاوا... بە شاپی ڕیسواییتان وەدەرنێم، ئەوجا ئۆخە دەکەم)).

((فەقی تەحسین)) ی خزمەتکاری کردە سەرکار.

کوێخا چی به خۆ شك نەدەهات و پێ قڕس نەبوو: لەناخەوە ((لەو ڕۆژەی زەوییەکەم فرۆشت خۆم بە خەلکی ئاوایی((س)) نازانم. منی دۆڕاو شایەنی دەرکردنم و چاکیش واژی بووەوە ڕچەلەکی هەر لە ئیجادەوە، بە درۆ.. و ساختە و داگیرکەری دوڕگۆکە دامەزراوە. جگە لە زەرەر و زیان بە ئەندازەی پوشکەیەك چاکەی بۆ پیران لێڕەچاو نەکراوە و ناشکرێت. هەتا بە توندی و لێکرایی یەوە لە قەوچەیان نەدرێتەوە و شاپ بەدەر نەکرێن پیرانی باشوور ئۆخەی خۆشی نابینن)).

* * *

- بەخوا بابە شۆڕشێکی مەزنمان بەرپاکرد!.
- کاری مەزنییە.
- لەوەتی دنیا دنیایە شۆڕشی ئەوها.. بە کون فەیەکونێك بەرپا نەبووە!.
- ئەو سێ هێزە ولأتێك داگیربکەن لووتێکیش بە خوێندا نەیەت هەوەنتە نییە.
- هەمووی بۆ پیری بیرتیژ و دانایی مامۆستامان دەگەڕێتەوە.
- ئەوە گوتنی ناوێت.

ڕۆستەم مچوڕکەی شادی لە بنی پێی سەرهەڵداو، بەمێروولەکردن لە تۆقی سەری دەرچوو. بەسەرخۆی نەهێنا. بەس بەلەخۆ هەڵدانی گۆلکانی عجل وئایدنەوە، لەبەردەمی شین بوەوەو: ((لە گینە

بەوئاواتـەی حەیامێکـە بـیر و هۆشـی لێساندومە و هـەردەم گێـرەی ئۆمەرەخێلم پێدەکات))، مگێزەکـە ئیرەقـی پێکـرد و سـەری بـەهیچ کلو بابەتێکە دانەدەهێناوە و ژێر ناوپستێری بە نتلۆنە مارۆنییەکەی دەتگوت نێرکە کاردی لێڕوواوە و سێرەی دیدانی لە دوورەوە بکـێش دەکـرد، ((بـەو رێیـە پێـی بگـەم!)). بـا فـرەی گەشـی بـە سـەریدا زاڵبوو.. و چەند سـانییەك قامیـشە قیتەکـەی هەڵپـشافت و: ((بـۆرە لـەخۆت خـەنی لامولیـە بـۆت بـوو!)). دوای حریتەیـەکی حێلـەوە: ((ئەدی چت دەوێت! بەبابەوەش خەنی دەبیت، یەك کەڕەت ئەو کە حێلە، تاقە فریشتەی ئێلی لۆقنان لچت پێ شـۆر بکـات!)) دووبـارە لەخۆشیان تریقاوە.

- ئا.. ئەوەیە شۆڕشی سپی!.

- ئا.. ئەوەیە شۆڕشی راستەقینە!.

دراوسـێکان سـێ بـەگایی، پـاش کۆبونـەوە و تـەکبیر و مـشور خـواردنێکی درێژخایـەن، شـەوێك بـەترێکی بەسـەر چـوو بـوو..و بەفـەرمانی ڕۆسـتەمەوە، لەخافلەتـەوە هێرشـێکی کـت و پـڕو بەرفراوانیان کـردە سـەر ولاتـی پیرانـەوە. بـێ ئـەوەی پـێ بحسێین سەرتاپای خاکی دوڕگۆکەیان خستە ژێرکەمەندی خۆیانەوە.

پیران پێشتر ئاوی دڵنیایی بـەکۆتکی هەرسـێکیان، بـە موشـتاقەوە دەخواردەوەو بیریـان لـە دنیـا خرابـوون دەکـردەوە، نـەك خیانـەتی دراوسـێکان. بـێ خـەم و بـاك لـەگوێی((گـا))وە، کـە ڕوێـشکانە نوسـتبوون و: ((جیرانـەکان لەبـەر بـەدینی و پیـاو باشـیان هـەموو

شتێکیان به مێشکدا گوزەر بکات داگیرکردنی ولاتمان هەرناو.سەت خۆزگە هەموو نەتەوەیەك دراوسێی وەك ئێمەیان دەبوو!)).

خاکی دوڕگۆکەیان، بە کەیف و خوایشتیانەوە، بەسەرخۆیاندا بەش کرد. تا هەریە لە پارچەکانی، بەشێوەیەکی ئاسایی یەوە ببێتە بەشێکی مڕبەندی ولاتیانەوە و بە هیچ هێزێك قەبوولّی جیابوونەوەی نەکرێت: ((ناوان)) ی دەسکردیان، بە گردو لوتکە و تیرەشان و مله و قۆچەك و غەڕ و دۆلاّن لێرە و لەوێ وا دیارکرد هەست دەکرا((دوڕگۆکە)). هەر لە ئیجادەوە سێ بەشی لەیەك جوایەزە.

پیران: ((کەر لەکوێ کەوتووە و کونده لە کوێ دڕاوە! بە خەیالّیشماندا نەدەهات ئەو جیرانە دلّڕەش و مخەنەتانەنە!.

- ئەگەر بە خەیالّماندا بهات بووایە ئەوهامان بەسەر دەنەهات.

-ئەمەش هێمای خەم ساردی و دوور نەبینی و متمانەکردنە بە غەیری خۆمانەوە.

- تازە لەگەلّ چووان چ ناکرێت)).

- پیرزەندە: ((دوای تڕێ خەپشەی بڕێ. تا سنگیان تێنەبڕین پێنەحسیان لە پشتەوەمان چ باسە!)). ماوەیەکی زۆر لەبەر خۆیەوە کولّی و هەناوی قەپار باریەك و هەژا و: ((گەر لەسەر ئەو بیر و باوەڕە بڕۆین، داگیرکەر خانە زایەو ئێمەش غەوارە و بەتەمانەبین ڕۆژێکی خۆش بە چاو بینین)).

پیران بۆ یەکەم کەڕەت لە ژیانیاندا، لە هەموو ڕوویّکەوە، لە یەکتر دابڕان و خزم و کەس توڕدران و نامۆیی کەلێنی پڕکردەوە.

- : ((ئەوە گەورەترین کارەساتە ختو خۆڕا تووشمان کراوە ! .

- کارەسات ! ؟ قەبرێکی ئامادەکراوی چەند ساڵەیە، بەڵام لە عەقل قورەیی خۆمانەوە، تا تێنەخزاین هەستمان پێنەکرد)).

هەریەك لە پیرانی هەرسێ پارچەوە، دوای داگیرکردنەکە، لەبەر زەبر و زەنگی زۆری هەرسێ داگیرکەر، تاسای نەدەکرد نەك تاوانی دابـاش کردنەکـە، بگـرە زولم و زۆرداری هەرسـێکیان بەسـەر زاردا گوزەر بکات. مەگەر ئەجەلی نەهاتوو بێت، دەنا تاکو رۆژی حـەلا و.. وەلاێی شوون بزر دەکرا.

: ((ئەوەی هەتا ئـەمڕۆ سـەلاواتمان لەسـەر لێـدەدا نـەعوز و بـیللا دەرچوو !)).

- تکایـە، تکایـەکی مرۆیانـە، ڕەچـاوی دراوسـێتی و چاوناسـی لـە ئاست میللەتە دابەشکراو و نەدار و بێ ئەنواکەمان بکەن و بەڕووێکی ئەوینی و.. ویژدانەوە، بۆیان بڕوانن. هـەرنا وەك ئێـوە بنیـادەمین و بەس.

تەنیا مام پیرداودی حەفتا ساڵەو.. ڕۆشـنیری پیرانـی باشـوورەوە، جەرگسۆزی میللەت، لەشروان، باری ترسـی لەناخـەوە سـڕیەوەو بـە تێـڕادیتن وەبـەر گـوێی : ((سـەلال و عـەبار و عیـدان و خەلـەف)) ی خوبزانی ((حەمەد))ی بەو تەرحە هەڵدا.

وەك کوفرێکی گەورە و ملەوەزی، لە یاسا و ڕەوشتی مرۆڤ بەدەری دەرحەقیانی ئەنجامدابێت، هار و هاج بوون و غەزەب بەری چـاویانی

ڕەمرانـدو نـەیان هێـشت چـیتر لـە فـز بگێرێـت و بەکـەف و کـۆڵی هەڵچوونەوە:

- یاللا پێشمان کەوە پیرانی کوڕی پیران.
- بەزری دێو.. و عیفریقان.
- پیرەسەی ئاخر زەمان.
- کوندەبۆی کەلاوان.
- یاخی کێو.. و هەڵـەتان نەکـەی جـارێکی تـر ئـەو گـووە گەورانـە بخۆیت.

لەگەڵ هەردوو کوڕیـەوە، لەبەرچـاوی عـەوامی خەڵکەکـەوە تـەرزی چوارەوا، دایانە بەر سالدرمان. لەو رۆژەوە سڕگوم کـران. پـاش دوو هەفتە ((٦٠)) شەست دیناری : ((باجە مردووانە)) یان لە ((بەگم))ی خێزانی ساندو هەڕەشەشیان کردو:

– نابێـت بـۆ تـۆ پیوەکانتـان، تازییـە دابنـێن و کەسـیش بـۆ سەرەخۆشی دیدەنیتان بکات.

واژی بووە وە یەکیان لە ژیاندا ماوە. لە گەورە و بچووکی پیرانـەوە والأبوو هەر کەسێکیان، بە دەستیانەوە بکوژرێت ((٣٠)) سی دیناری حەقی کفن و دفنیان دەستاند.

*　　*　　*

- بژی پیران.
- بژی دوڕ گۆکە.
- بژی سەربەخۆیی.

- بژی ئازادی.
- بژی مرۆڤایەتی.
- بژی خەبات و تێکۆشان.
- بمرێ دراوسێی دڵڕەش و چاوبرسی.
- بمرێ داگیرکەری ولاتمان.
- بمرێ شەڕپەرستان.
- بمرێ هێزی لۆقنان.

پیرانی بەری باشوور، بە داگیرکردنی ولاتیانەوە عەجمانیان بە جارێك لێهەڵگیراو لە عەرد و بەردی خوا تۆتکەیان نەدەگرت و شێتانە دەیانگوزەراند. لە دوورەوەش هەست پێدەکرا. جۆشەکە بەرەوستی دواخستیانی نەدا و هەرزوو بە گڕو فڕی ئەوینی نیشتیمانییەوە: ((ئەللای ئەرمان لە جێی نەرمان)) سەرایی جەسارەتەکەیانەوە، بە فیت و تاندانی پیرزندەوە تەقاندو: ((کوڕ ئەو کوڕەیە، لە ئاست هێزی داگیرکەران نەزانیت ڕووی ترس لە کاملایە !)). کەچی هەرچەند بیریان کردەوە و لێکیان داوە، لەمەیان زیاتر بۆ نەلوا: ((جارێ بادە و لکێك لە بیرێك هەڵێنجێنین، بۆ هیتر خوا کەریمە)).

شەوێك ((ئازاد))ی خولە و((مەریوان))ی سێودین، بەپەنادزەوە یەکێکیان قوتوی بۆیەی هەڵگرت و ئەویتر فلچە و هەر وشەیەکیان دەنووسی ترسی ئاشکرابوون، کوتە کوتی پتر بە دڵیانەوەی دەخست. تا بۆشیان بگونجابووایە، خۆیان لە ڕووناکی عەنەتریکان

لاگر دەگرت. دیواری دووکان و ساختمانی سەرجادە سەرەکیانی گەڕەکی ((س، ت)) یان بەو دروشمانە نووسی پیرزەندە، لە وەرەقەیەك دیاری کردبوون و : ((بابزانن شێر دەردەچن، یاخۆ ڕێوی)). بە هەڵە داوانی سەلامەتییەوە: ((دوا ڕۆژ هەرچی دەبێت با ببێت)). گەڕانەوە.

پیرزندە ئەملا و ئەولای بە دیدە پڕ فرمێسکی شانازییەوە ماچ کردن و :

- هەتا لاوی دڵسۆز و بە جەرگ و چاو نەترسی وەك ئێوەمان هەبێت پاشە ڕۆژمان هەر سەرکەوتن و مەرام پێکانە)).

قەرە بە قەرەی ئەوان ((دڵشاد)) ی قرەنی و ((لێزان))ی پیدال و ((غەمگین))ی پیرزەندە و ((ئاسۆ))ی سمایل، هۆیان لە گەڕەکی ((م، ڕ، خ، ش)) بێ ئەوەی هەستیان پێ بکرێت داوە.

* * *

عجل هەر کە زانی جم و جۆلیان لە ئارادایە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە گوڕتر دەبێت کێچی کەوتە کەوڵەوە و ڕێوی قانگ دراو چاشمیش و سەر لێشێواو و نەیدەزانی چ ڕێگایەکی دژ بگرێتەبەر. لەمەی زیاتر بە چارە نەدەخەملاند : ((مەگەر بە داخ کردن تەمبێ ببن!)).

حەمەد و هەر چوار هەیتەکانی تێبەردان. چاویان لەسەر هەر کەسێك سەنگرا بووایەوە : ((نیشتەجێ و ڕێبوار، خۆێی و غەوارە))

بێ پرسی: ((تۆ کێیت؟، چ کارەیت؟))، بەس توخمی پیران بووایە، نەخاسمە ئەوانەی شمەکیان ڕەشایی پێوەلکابوو، فیتەر و شاگردانی، بە شولاق و قامچیان، بە پێشەخۆیان دەدا و لە بەندیخانەیان دەپەستا.

عیماد گرتنی غەمگینی بە هەڵزانی و چەشنی هەنار بۆ نەخۆش ببات تەنگەتاو: ((بەڵکی هەنگاوێك لەو حکومەتە پایەبەرزە بچمە پێش)). لەگەڵ خۆ بە ژوورکردندا:

- چۆن دەزانم: خوا حەقە ئاواش دەزانم غەمگینی پیرزەندە لەکەسە سەرەکییەکانە.

وەك کاربەدەستێکی لەخۆی گەورەتر بەژوور بکەوێت چوست لەبەری قیت بووەوە و:

- یاخوا بەخێر بێیت نەوەی ڕابەری دنیاو قیامەتمان!.

بە ماچ کردنی ئەملاو ئەولای بەسۆزی پێشوازییەوەی گوت. یەکسەر لەدڵی حەمەد سەقادراو:

- بڵێ: یاخییەکی گەورەیە؟.

- مانگ چواردەیە و پێویست بە پەنجە ناکات.

نەبادا سەر دانەنوێنێت و ئیعتیراف نەکات بڕیاریدا بە خۆی تەحقیقی لەگەڵ بکات.

پاش ئەوەی ساردییەکی پێشکەش کردو:

- یاشێخ خزمەتی بنەماڵەکەتان هەتا دنیا دنیایە لە یاد ناچێت. نەخەسەلە گۆڕینی نفووستان لە نەتەوەی پیرانەوە بۆ نەتەوی لۆقنان جێگەی شانازییە.

* * *

- ناوت چییە؟.
- غەمگین.
- باوك و باپیرت؟.
- پیرزندە ئۆمەرەکەتە.
- تەمەنت؟.
- ((٢٣)) بیست و سێ ساڵ.
- کارت؟.
- فیتەر.

لە سەر و قاقۆلی ڕا وا حسیا چی مرازە، بێ سێ و دوو لە دەستی دەنێت و :

- کوڕە جوان پێمان نالێیت لەگەڵ کێ ئەو قسە قۆڕانەتان لە دیوار نووسیوە؟.

: ((کووی زانیوە خوایە!)) ڕەنگی لە ترسانا زەرد هەڵگەڕا و دڵیشی ڕنگەڕنگ، مسۆگەری بوو: ((دوا هەناسەی ژیانی دەبێت دان پێدانانی)). گیانیش لە بەرایی هەموو شتێکەو: ((موستەحیلە ئەگەر

نینۆکەکانیشم بە گاز دەربهێنێت)) وەک لەو هەوارانە بەدەربێت، بە دڵە مەلەرزەوە:

- گەورەم نووسینی چی! ؟.

- خۆت خەشیم مەکە ڕۆڵە ئێمە لەوسەری دەگەڕێیینەوە.

وای لێفامرا بە خۆی بینیویە و ترس پتر هووروژمی بۆ هێنا و لە نێوان بەرداشی مان و نەماندا قەلاقوچکەی ترسی دەخواردەوە و بە تەتەڵەی لێوانەوە، هەر ئەوەتە دەمی پچڕا: ((بێگومان بەچاو دیویە)) و:

- مامۆستا مادام بەچاوی خۆت دیوە دان پێدانانی منی لۆچییە.

بۆی ڕوون بووەوە پلەی زانیاری نزمە و :

- من نالێم دیومە، بەڵام نەوەی بازان جێی متمانەنە و درۆ.. و بۆختانیان نەگوتووە.

باوەڕی تەواو هات سەروچاوەی خەباتیان، بێ ئەوەی پێ بحسێین لێلە. تا ئەو ساتە نێوان ئاسمان و ڕێسمانی بە دوور دەزانی و هەڵوێستی باوکی لە مێشکی زرینگاوە و زۆر جار وەبەر گوێی هەڵدابوو: ((ڕۆڵە ئەوانە سەرەتانی میللەتن. هەتا ڕیشە بکێش نەکرێن خێر و خۆشی و سەرفرازی ئاوقای پیران نابن)). باوەری پێنەبوو.. و بەمحاڵی دەزانی و: ((چما عیماد جاسوسیشمان لێدەکات! ؟)). محاڵەکەی دەلحاز لە دڵ سڕاوە و نەترەی بە جارێك دابەزی و باکی مردن لە ناخییەوەی گینگڵەی پێدەدا و لەمێشکی سەقامگیر بوو: ((ئەو ڕۆژەی پێ بچم ئەوڕۆیە!)). کوتەکوتی دڵی

هەڵوەستەی پێکرد و: ((ڕەنجی هـەوڵ و قوربـانی و قـوڕ بەسـەری و مـاڵوێرانی و دەربـە دەریـی سـاڵەهای سـاڵمان بـۆش دەرچـوو.. و دەستمان لە قونگی جەواڵی ئومێد بەربوو.. و تاکو ئەو نەوعە گورگە کەلبە تیژانە، لە ژێر جوبە و مێزەری کەسـک و ڕدێنـی پـان و کـەزی درێژ ئیمام و پێشرەومان بن ئێمەی پیران قەت ئاکام ناپێکێن)).

خۆ بواردنەکەی شوبهەی خستە سەرو:

- هـا.. بۆ بێدەنگ بوویت؟.

بەتان دانە بەرخۆیەوە ئەمەی بەحاڵەحاڵ بۆ گوترا:

- گەورەم مادام ئەو جۆرە بڕوایەت بە شێخ عیماد هەیە پرسی منی لۆچییە.

بە زانینی ناوی عیماد لە دڵی چەکەرەی کرد، دەسـتی تێدایـە و بـۆ دوا ڕۆژیـش نابێـت چـیتر دەرەوە ببینێـت. دان پێدانانیـشی بـە سەرکەوتنی خۆی دەزانی.

- ئاخر وامان لە مل خۆشە لە زاری خۆتەوە بەر گوێمان بکەوێت.

خۆشەویستی گیان هەننۆب وڕەی بەرزکردەوە و:

- لەوەی بیستت پترم لانییە.

- کـورە لـۆ خـوات پێـدەلێم: سـەرمان مەیەشـێنە و زەرەر لـەخۆت مەدە.

بە جاوە جاو و هەڵبەز و دابەزی دڵیەوە، پاش حاڵیبوونی و:

- زەرەر بکەم و نەکەم کە چم لانەبێت.

- دیارە مەرامەت وایە: بە کوتک ئیعترافت پێ بکەین.

ترسی مردن نوقتی گیراند و لەشی سەرتاپا، وەك سواری جەنجەڕی هوردەکوت بووبێت هەژا و تەقەتەقی وێککەوتنی ئەژنۆکانی پێوەی دیاربوو.. و: ((خوا هاوار و خوا تۆبە!)) و بەحاڵەحاڵ:

- بەندێکی بەر دەستتانم.

بە ڕوویکی مچومۆڕەوە:

- دیارە نسحەت کراویت، گوتنت لەگەڵ بەلاشە.

تاسای لە فزگەڕانی نەما و سەری بەخۆدا شۆڕکردەوە.

لەگەڵ قیت بوونەوەی هەڵچوونەوە:

- بابزانین لەو نەوعە پیاوەیت بتوانیت ڕاستی نەدرکێنیت.

: ((خلاس کۆتایی ژیانمە! ئێننا لیللا وە ئێننا ئیلەیهی راجیعون)).

پلی گەیاندە جەرەسەکەی بەردەمی.

دگە دگی دڵی دەستی لێساند و هەر ئەوەتە توانی لە دڵەوە: ((تەڕ تووشی کونەڕەشەی خۆم هاتوومە خودایە!. قورتاربوونم زۆر زەحمەتە!)).

عەنتیکەی بە بۆچوونەکەی خۆی هات و: ((ئـ..ه رزگار بوون؟ موستەحیلە، ئەسپێ بکەوتە بەردەستی کۆرە. نەخەسە لە نەوەی بابەشێخ زمانی لێدابم))! جەستەی باریك و ڕەقەڵە و دەندەرۆشکەکەی و بەرگە گرتن: ((ئەی هاوار لەخۆم مالّوێرانێ!)) فرمێسکی بێ ئومێدی لە دیدەکانیەوە شۆرابەی بەستا.

لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا((خەلەف)) پێی تووندبە زەویداکوتا و بە سەلاوی عەسکەرییەوە:

- فەرموو قوربان.

- بە ڕوویێکی تفتەوە:

- ئەو پاڵەوانەم بۆ ببە ژووری ڕەقەم ((١)) یەك و هەتا من دێم ئامادەی بکە. تا بزانین چتۆ قارەمانە.

بەجارێك داتڵەکا و بەر چاوی غەمراو زەینی تەواو لە دنیادا نەما و وێنەی ((عزرائیل)) لە پێشی جمجما و زۆر نەمابوو دڵی ببوریێتەوە.

لەگەڵ شەتەکدانی سۆماکانی هۆشی کەمێك گەڕاوە.

توند قۆڵی گرت و قیتی کردەوە و بێ مرتە بکێشی کرد. ئەگەر قۆڵی لەلایەن خەلەفەوە نەگیرابووایە توانای هەنگاونانی نەدەبوو. هۆشی تەواو گەڕاوە دۆخی جاران و هەستی کرد وا بە قادرمان دەچێتە خوارەوە. بڕوای هات: ئەو قەسابخانەیە سالّەهای سالّە پیرانی لێ دەهەنجنێت. هەر هەندەی لە قەوام دابوو: ((خوایە تۆبە لە هەموو ئەو گوناهانەی لە ژیانمدا کردووومن!)) . چیتری بۆ نەهات.

ژوورەکە بۆن خوێن و گرمخای لێدەهات. لەتاو دەردی خۆی هەستی پێنەدەکرد.

- یاللا بەرەللا خۆت ڕووت کەوە. تەنیا دەرپێ کوتە نەبێت.

لە لاوازیان دەندەکانی یەکە یەکە دەژمێردران. لە شروی گیانی عەشتەبای بە خەیاڵدا نەدەهات.

- پێلاوەکانیشت.

لموزی پۆستاڵە قوڕسەکانی لەسەر پشتەپێیەکانی دانا و لەگەڵ قایم داگرتنیدا پاڵێکی حێلی بە سینگییەوەناو پشتاوپشت ڕنگەی سەری لە عەردە بە چەمەنتۆ دارژاوەکەوە هات. لە حەیفی مردن هەستی بە ژان نەکرد.

کندرێك لە قەفیزێکی گڕگڕەداری ناوەڕاستی ساپیتەی ژوورەکەوەبوو، بە سەرێك هەردوو لاقی بەستا و سەرەکەی تربەهۆی چەرخێکەوە راکێشا. تاکو جەستەی مەترێك لە زەوی بەرز بووەوە، سەری کندڕەکەی لە فەلاقەیەکی گڕگڕەداری تایبەت لە دیواری ژوورەکەوە بووخست.

مشەمشی هەناسە و جیڕەی قۆندەرەکانی تێکەڵ بووبوون وە ژوور کەوت.

- ها.. دیارە زەوقت وا لە سەرە بەم جۆرە بتتۆپێنین.

تاسای وەلأم دانەوەی لەبەردا نەمابوو.. و لەمردن بەملاوە چیدی لە مێشکدا گوزەری نەدەکرد.

کێبلێکی شلك و ناوپڕتێلی باریك، ئەستووری بە ئەندازەی پەنجە ئەسپێ کوژە، بۆنی بەزەیی مرۆڤایەتی لێنەدەهات. لە کەر بدرابووایە فەراقی حنتەی لەبەر دەبڕی، بە دوو قەدی کێت دێشێت شەلم کوێرم ناپارێزم. دەست وپێ و سەر و پشت وسینگ و تەرۆك و

لووت. لەگەڵ وەشاندنی کێبلێك، دووان جوێن و قسەیەکی دزێوی حەواڵە دەکرد و:

- دەی ئیعتیراف بکە کەری لە کەرێ.

شوێن کێبلەکان دەلحاز شووی بەستاو شین و مۆر هەڵگەڕا و خوێنی تێزا.

لەگەڵ یەکەم کێبل ئێشەکەی زۆر بە حوجەت.. و میزی بە خۆدا کرد و تا دەنگی لەبەر دابوو: ((ئەیبابە ڕۆ..ئەیهاوار.. هەیشە..ش لەخۆم مالۆێرانێ! کورە لەراهی خودا لۆ.. وام لێدەکەن و ..)).

لە هەوەڵەوە جەرگ و هەناوی لەگەڵ دەهەژاو زۆڕە زۆڕ دەگریا.

گریانیکی وا بە کولّ لە دەرەوە دەبیسترا. زۆری نەبرد، بە دەنی بەهۆی بەردەوامی لێدانەکە دەقی پێوە گرت و .. وەك سڕ بووبێت ژانی هەوەڵی نەما و لەجیاتی گریان و هاوار، بە لێو کرۆشتن: ((ئ..ئ..ئ..ئ..))ی لێوە دەهات و لە ناخەوەش: ((کارەساتی گەورە ئەو ژان و ئازارە نییە. ئ..ئ..ئ..ئ..))

- دەیزاربکەوە لە عیفریتان پاشکەوتە.

((نەخێر ئەوانە پێیان ناگوترێت کارەساتی گەورە. کەتاهۆشم لە بەدەن ماوە هەستی پێدەکەم ئ..ئ..ئ..ئ..)).

- دەی لۆ ئیعتراف ناکەیت ناکەس بەچە.

: ((ئ..ئ..ئ..ئ..کارەستای گەورە ئەوەیە لەسەر ئەو چەرمەسەرانێ و عەجە مەرگیەدا سەری بەزیو..و ڕیسواییم لۆ خواستی ئەو گورگانە دابنوێنم. ئ..ئ..ئ..ئ..)).

- دەویت باب پێتدەلێم زار هەڵینە. دەنا سەگ تۆپت دەکەم.
: ((ئـ..ئـ..ئـ..ئـ.. بەڵێ کارەسات ڕووخانە، نەترە بەردانە))
- دەی لۆ نقەت لەبەرەوە نایەت بەرازی دەم بەستراو!.
: ((ئـــ..ئـــ..ئـــ.. هاوڕێکـانم بـە کوشـت بـدەم و باوکیـشم، ئـ..ئـ..ئـ..ئـ.. هەتا لەژیاندا ماوە ڕیسوا بکەم)).
لەسەر جەستەشی هەر شلپ و هۆڕ بوو.
- دەی پیرانی کوڕی پیران وەلأممان بدەوە!.
: ((ئـ..ئـ..ئـ..ئـ.. ئەوەیە کارەساتی گەورە!)).
- دەی زار هەڵینە خەسیس، جەبان.
: ((ئـ..ئـ..ئـ..ئـ.. گیانیشـ....)) پێی تەواو نەکرا.
- کورە ئەوە کەڕیت، کەریت لۆخۆت بە کوشت دەدەیت.
نیو سەعات پتر، بێ بێندان بەردەوام بوو..و تا باسکی شـل و کـوت نەبوو.. وازی نەهێنا. خوێن لە دەم و کەپوو.. و گوێیەکانی فیچقەی کرد. چوار پێنجێکیش دوای هەناسە بڕان.

* * *

((ڕێبین))ی خولە، دوازدە سـاڵە و شـاگردی غـەمگین بـە ئەنقەسـت تاکو بترسێت و بـێ سـزادان، چـی لایـە، یـان بـە چـاو دیویـە بۆیـان هەڵڕیژێت، تەنیا لە ژوورێکی ئازاردانیان بەند کرد.
تـرس کـەمێك هێرشـی بـۆ هێنـاو بـە هەنـدی هەڵنـەگرت. هەرکـە ((فەلاقە))ی جەزرەبە و ئەشکەنجەدان و ((پـەت))ی قنـارەی بـەدی

کردن له ترسانا جەستەی سەرتاپا لەرزی و ئەژنۆکانی شل بوون و سەیتەرەی لەسەر لاقەکانی نەما و قوونـاوقوون تەپـەی هـات و تـا هێزی لەبەر دابوو: ((وە یـرۆ .. بابـە رۆ..وەیـرۆ.. دایـەرۆ..))گریـان بەرۆکی بەرنەدا و هەر جارێش سەیری دیمەنە ترسناکەکانی دەکرد و پێشتر بەر گوێی کەوتبوون: ((تۆقینەر و قەسابخانەی پیرانن))، پـتر داتلەکا و داهێزرا و گریانی بە حوجەت و گوڕتر دەبوو: ((وەیرۆ.. لـە خۆم بێکەسێ رۆ.. وەیرۆ.. لەخۆم مـاڵوێرانی رۆ..)) چـوار سـەعاتی لە مردووخانەکەیدا پتر نەخایەند و زێلکی، پـێش ئـەوەی تفێکـی لـێ بکەن دەڕژێت.

- بژی خوێنی شەهیدانمان.
- بژی خەبات و تێکۆشانمان.
- بژی یەکێتی ڕیزەکانمان.
- بمرێ هێزی ستەم و زۆرداری.
- بتۆپێ دراوسێی بی ئەمەك و.. وەفا.
- بمری قەساب و بکوژی پیران.
- بۆ دەرەوە داگیرکەران بۆ دەرەوە.

- ئـەنگۆ جـیران نینـە و گۆڕیللانـە. ئەهریمـەنن، ئـەژدیهای حـەفت سـەرن و هەرچـەند لێتـان لاگـر بووەسـتین، لـە خـوا و ڕاسـتی و مرۆڤایەتی نزیك دەبینەوە.

ئەو ڕۆژەی تەرمەکانیان دراوە پێران بە بتووونی: گەورە و بچووك ڕژانە سەر شەقامەکانی شار و دەنگی هوتاف و قار و غەزەبیان لە هەرلاوە دەبیسترا.

ڕۆستەم زۆری لە دڵ گران بوو.. و بە هەڵچوونەوە:

- چەند جارم پێگوتیت: خۆت لە ئەشکەنجە و ئازاردانا دوور گرە ! .

- ئاخر ئەوها.. نەبێت داناکەسێن.

بە ڕوویکی تفتەوە:

- دوا جارت پێڕا دەگەینم: ئەگەر لەمەودوا چیدی لەم ڕووەوە، لە گوێ و حەمدی من دەربچیت ناچار دەبم پەیوەندیم ببڕم.

بە مردنی خۆی دەهاتە بەرێ، نەك بە ئەمەی گوتی. لە ئاستیدا بووە مووی نێوماستی مەییو. لە ناخەوەش بڕیاریدا ((دەبێ لەمە و دوا بە دزی ڕۆستەم خائینان بتۆپێنم و هەتا هەستیش پێ نەکات تەرمە تۆپیوەکانیان نادەمەوە)).

* * *

حەمەد بەخۆ.. و خوبزەکانییەوە، ناوە ناوە، لە نێو شاردا دەسووڕانەوە و بەهانەیەك بدۆزنەوە. بیست و چوار سەعات سەریان بۆ دەخوراو : ((ئامۆزا نەکەیت بە زەییت بە هیچ تەرزێك دەرحەق ئەو جڕ و جامشت و یاخی و بێ ئەسل وفەسلانەی پێران ببزوێت.

هەر یەکێکیان لە ئاستتاندا پێی بە ئاستەم خوار دا بنێت دەلحاز خاکی لەتورەگە بکە)).

سمایل بە ڕێڕەوی وەبەر چاوی حەمەد.. داڕابری و یەکسەر پێی گۆت:

- هێ...ی سەی لەبابێ سە: بۆ وا بە چاوی غەزەبەوە سەیرمان دەکەیت؟.

چی بەخۆ شک نەدەهات و حسیا هەنجەت نانە جۆیە و بە دڵە مەلەرزەوە، دەشیزانی فسە گورگێگ ناهێنێت و: ((تازەوەبەر فاقی مەهانەی کەوتم و خوا هاوار و خوا تۆبە !)).

- قوربان جەنابت بە سەهوو چووە.

کەفی هەڵچوونی لەدەم دەرپەڕی و چاوی جناوی هەڵخست و بە دەنگی بەرزەوە:

- ناکەس بەچەی پیران بە درۆزنیشم دەردەهێنێت ! .

مسۆگەری بوو: ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵەکەیە و: ((خوایە تووشم بە تووشی چ بەڵایەك بووە !)) و:

- بە حەقی خودا بە خراپ سەیرم نەکردووویت.

- بەس بووەڕە پەروەردەی هەردوو کێوان.

: ((بەڵێ ناگەهان ئەوەیە. بەس کوشتن نەبێت مەمنوونم)).

لەبەر چاوی عەشاماتی خەڵکەوە، هەتا هـەنگڵی ئێـشا بـە قامـچیان دایان پـەلۆسی و ئەوجا هەر یەکەیان ((تف))یێکی زارجوانـەی لـە دوڕ چاوی کرد.

خەڵکەکە پـێ تاسان و خێـرا بـە چواردەسـتەی پەرۆشـەوە هـەڵیان گرت و:

- زولمیش بەو ڕادەیە !.

ڕوو بەرەو حەواوەی بێدەسەلاتییەوە:

- خوایە هەڵی نەگرێت.

- ئا..میـ..ن.

- ئەوەش سوخەتی داگیرکەرانە !.

- کوفر دەوام دەکات، بەڵآن زۆڵم نا.

- بەڵێ ڕۆژێك هەر دادێت بەر شاپی ڕیسوایی بدرێن.

نزیکەی((١٠)) دە ڕۆژ لەسەر جێ کەوت.

: ((لەو چاوەتە: دەبێ لە نێو خزم و کەس و عەشیرەت و چاوناسی لۆقنانەوە سەربەرزم بکەیت و تووشی قسە و قسەلۆکانم نەکەیت.

بەماچ کردنی ئەملاو ئەولاو دەست لە پشتدانیدا گوتی.

- :خوا یار بێت بە هیچ جۆری درێغی نەکەم)).

عجـل داخـداری ئـەوەبوو: ((تـەنیا لەبـەری باشـوورەوە هەسـت بـە پەنجـە هەڵـشەقاندنی دژایـەتی دەکرێـت)). بـە تەوسـەوە: ((ئـەوەشمان لـە بەختانـە !)). بـۆ پەرچـدانەوەی حەمـەدی ئـامۆزای

لەدوڕگۆکەدا، بە نوێنەری خۆی تەرخان کرد. ڕەشی قولەیی و تۆزێك کورتە خنە و لچ ئەستور و ددان گڕ و شاش و چەوێل و قێڕاوی. لە ئاست پیرانەوە جلەوی سەربەستی ئەنجامدانی: ((هەرچی نیازە)) لە مست نرا بوو.

* * *

- بە حوکمی دادپەروەری ئێوەی لۆقنانی سەرکردەی دنیا و قیامەتی ئێمە ڕازی نینە.
- قسەی ناشرین و تڕووهاتی واش سەگ پێ بڕشێتەوە.
- هێزی لوقنان داگیرکەرە.
- زۆردار و مەلعونە.
- دزی سەروەت و سامانی دوڕگۆکەیە.
- پێویستە بە هەموو هێز و توانامانەوە موحارەبەی بکەین.
- هەر پیرانێك بەو پەڕی توانایەوە پێ هەڵنەستێت لە ئێمە نییە و بیژییە.
- ئەوە گوتنی ناوێت.

لێزان و ئازاد و دڵشاد و ئاسۆ.. و مەریوان و چەند لاوی تر بە فیتی ((عیماد))ی شێخ نووڕەدین: ((

- ئەوانە شەو و ڕۆژ لە جم و جۆڵی کۆشانی دژی ئێوەی سەرکردە و وەلی نیعمەتماندانە)) هەر ئەو ڕۆژە، بە فەرمانی حەمەدەوە گیران.

پـێش لێکۆلینـەوە و شـیکوت کردنیـان، بـە قـسەی ڕۆسـتەم، بـە کەفالەتی پارەیـەکی زۆر و بـەڵێن و ئیمزاوەرگـرتن: ((هـەتا لەژیانـدا ماوین جـارێکی تـر نامـاقوڵی ئاوامـان بەسـەر زاردا نایـەت)) بـەرەللا کران.

: ((پێویستە ئێمە هەردەم ملکەچ و پابەندی دینی ئیسلامی پـیرۆز بین و بـە موویـك لاگـری نەوەسـتین. کـە دەفـەرموویت: ((لـە کـۆڕی ژیانـدا دەبـێ هـەردەم بـە گـوێرەی فـەرمانی خـوا و پێغەمبـەر و ئولولئەمر بڕۆین)).

*　　*　　*

- ئـازیزان ئـەو ڕێگایـەی ئێمـە تـازە یەکـەم هـەنگاومان لێـی سەنگرایتەوە ڕێگایەکی یەکجار دژوار و هەڵەت و لێـژ و پڕدڕکـەزی و توترکـە و مـل لێنـانی لـە تاسـای هـەموو کەسـی جەسـوور دا نییـە، دەبێـت بـە هـەموو تواناتانـەوە دڵـسۆزی ئـەو ئەرکـەبن پێتـان دەسپێردرێت. نابێت بۆ سونەتیش لێی دڕدۆنگ و خافـڵ بـن و گـوێ هەرگیز بە هیچ تەنگ و چەلەمە و قورتی و دڵە مەلەرزەوە نەدەن.

حەمـەد: ((بـە موویـك لـە گـوێ و فـەرمانی عجلـی ئـامۆزا و ئاغـام دەرناچم وەك ئایەت و حەدیس جێ بەجێ کردنی بە فەرز دادەنێم)).

کۆبونەوەیەکی گەرم لەگەڵ سەلال و عەبار و عیدان و خەلـەف کـرد و لە بەراییدا زاری کردەوە.

به گوراح خۆشییەوە دەمی وەلأمیان هەلێنا و:

- ئێمە بەلێنماندواوە: ئەو سەرەی هێناومانە هەرگیز نایگڕێنینەوە و بستێك لاگری فەرمانت ناوەستین.

لەفزی عەباری باریکەلە و لۆق درێژ بوو. عیدانی کەلەگەت و تێکسمڕا و چاو خێل بە سینگ هەلکێشانەوە نۆرەی وەرگرت و:

- بەس ئەوەی جەنابت دەفەرموویت خەرجیەکی زۆری گەرەکە.

سەلالی جوامێر و تێکچەقی کەیفی هات و بووە پاڵپشتی و:

- ئەوە گوتنی ناوێت.

- خەمی خەرجیتان بە هیچ نەوعێك نەبێت.

حەمەد گوتی.

هەر چوار مڕوودەی گیرفان لە دوڕگۆکەی نیشتەجێ کردبوون. چاوی خەنیان گەش هەلگەڕا و بەدیقەتەوە زەینیان دایە.

- بە ویست و ماشای خۆتانەوە، هەتا زۆر چاك دەهەنگڕین بەسەرتاندا دەبارێت.

دەمیان لە خۆشیاندا پچڕا.

حەمەد لە ڕێ و پێکەوەی دەناسین: ((بەخشەی دۆلار گەر عارەبی سواری سەر ملیان ببم دار هەرگیز لەخۆیان نادەن. بە مەرجێك گەرمایی یان نەگاتێ، دەنا لەحوشتر خراتر دەڕەوەنەوە)).

- ئێمەش لەمەولا خوا یاربێت، بە هەموو توانامانەوە قسوور ناکەین، بەس...

سەلال زاری داخست و خەلەف بەشداری کرد.

- گوتم: پشتی دڵنیاییتان بێ خەم و دڵە راوکێوە بکەنەوە.

لە بن زمانی حاڵیبوو.. و لێنەگەڕا تەواو بدەرێنێت ئەمەی گوت.

- ئێمەش زیاترمان ناوێت.

- ساڵ دوازدە مانگ، بەهەردوو پیلان خەرج بکەن و ((گامێش)) ئاسا هەردەم مشەتان بێت ئەوجا ناگاتە سەتایەکی بەرهەم و واریداتی چەند ڕۆژێکی ئەو خاکەی وا لەژێر دەستماندایە.

*　　*　　*

- لەسەر گشت لایەکمانەوە پێویستە لە ئاست داگیر کردنی دوڕگۆکەوە هەموو شتێك بخەینە بن کەوشەوە و غەللەمان کەم و زۆر لە مەعبێندا نەمێنێت.

ڕۆستەمی دەست پێشخەر، لە کۆبووبوونەیەکی سێ قۆڵی تایبەت بۆ سەرکوت کردنەوەی پیراندا خۆی وەك دەم ڕاستی ئایدن و عجل دانێت بەرۆکی قسانی گرت.

ئەوانیش لە سەرینی داگیرکردنی دوڕگۆکەدا، بە ڕابەری خۆیاندەزانی و ملی ڕەزامەندیان، بە موشتاقەوە بۆ دانواند.

- دووەم: ڕاستە ئێمە بە زەبری کوتەك دەتوانین جم و جۆلیان زۆر لاواز و بێ هێز بکەین، بەڵام بە بۆچوونی من ئەگەر بێتو بە ئاستەم سەر هەڵبدات، لە قارو غەزەب خواردنیان لێمان ئەوەندە بە توانا و

گۆڕ دەبن بە گیانی خۆیان بەرپەرچمان دەدەنەوە و ئەوکات خوا هاوار و خوا تۆبە.....

بە چاوی حەپەسانەوە زەینیان دا زاری.

– ئەوسا لە گینە جلەویان، بەیەکچاری لە دەستمان بپچڕێت و ڕیسی چەند ساڵەمان لێ بکەنەوە خوری.

دەیزانی دژی مەیلیانە، بەرژەند..وایدەخواست ڕاستییەکەیان بۆ هەڵڕێژێت.

- هەرچەند لە چنگمان جەوروستەم بچێژن سوود بە هەوڵ و خەباتیان دەگەیەنێت بۆی هەیە لە ژێرەوە، بە دروشمی گیان لە بەرایی هەموو شتێکە و تەکان بدەنە بەر خۆیان و ڕۆژێك دابهێنن بە پلوکە بەردی جۆش و ڕیسوایی یەوە دورگۆکە بەدەرمان بکەن.

بۆچوونەکەیان بە حەزنە بوو..و بە ساردی و ڕقەوە سێرەیان لە زاری گرت و پێشتر لە دەروونەوە باوەڕیان لە گشت ڕووێکەوە پێ هەبوو..و لەناخەوە شلۆقا و بە چاوی تژی غەزەبەوە سەیریان کرد و سەریان بە بادانی ناڕەزاییەوە، بۆ نەهێنانە بەرێ و ئایدن لە سەراییدا، بە کەف و کوڵی هەڵچوونەوە:

- ئەوەی جەنابت دەفەرموویت ئەو دونگەتەڕەی سوك و سانا کەوتووە تەبەردەممان خنوخۆڕان تەسلیمیان بکەینەوە.

- دیارە وایە دەنا قەت ئەو بیرە قۆڕەت بە سەرزار دانەدەهات.

دڵنیا بوو گوریسی بیریان لەم بارەیەوە درێژ نییە و:

- ئێوه به باشی له زارم بگەن ئەوجا قەبزی خۆتان دەربێن.

به هەڵچوونەوەی گوت.

- من ئەو هات و هاوارەم بۆ ئەوەیە: دونگەکە تا حەیامێکی زۆر، بێ دڵە مەلەرزەوە خۆمان پێ قەڵەو بکەین و غەنیمەکەشمان بێ شنگ و پرزە بڕاوی وا هەرگیز دەستەلاتی پەنجە هەڵشەقاندنی دژمان بە هیچ شێوەیەك نەبێت.

بیریان لە ئاستیدا سەرچیغ چووبوو.. و ڕووی ئومێدیان دەلحاز گەش بووە وە و متمانەیان گەڕاوە دۆخی جاران و ئەملا و ئەولایان، چەشنی برایەکی زێدە ئازیزیان، چەند سالێ و حەیام بزر بووبێت بە شەوقەوەیان ماچ کرد و:

- هەر تۆ برا گەورەی ڕێی هات و نەهاتی ئێمەیت!.

لە دەروونەوە منگاندی: ((تا بەس دەستم بگاتە((زەینەنخان)) بیست و چوار سەعات بۆ هێنانەدیی نیازەکەتان لەسەر ئاو و ئاگرم)).

- پێویستە گەورە و بچووکیان بەشتێکی لابەلای وایان خەریك بکەین دانە ڕێیەك لە هەستی نیشتیمانیان دوورخاتەوە و بە خەونی شەوانیش بیری لێنەکەنەوە.

ئایدن مردەی ئەو ڕۆژە بوو..و بە مەراقەوە:

- ئەو شتە لابەلایەی دەفەرموویت لەئارادایە!؟.

- لەم بارەیەوە خەمتان نەبێت.

بەبزەیەکەوەی گوت.

بە جوتەسەری تەوازوویان لەبەر قۆندەرەکانی گەیاندنی زەوی و پاشەڵ لە حەوا و بیریشیان هەرگیز بۆ نەدەچوو لە پەنا خزمەتەکەیەوە مەرامی لێدانی دەستە گوڵی تایبەتی خۆیەتی. : ((ئەمەم بۆمەیسەر ببوایە کۆز و شەش بوو!)).

- ئەگەر وا بێت ئێمە دبێ هەتا لەژیاندانان دوو لەت بکەین وەك کۆیلە و گزیر لە خزمەتتا بووەستین و پێلاوەکانت لەسەر تەپلە سەرمان دانییێت نەلێین لۆ..؟.

: ((گزیری و کۆیلاتی ئێوە بە کەلکی چیم دێن: گەڵ و گوانم بیست و چوار سەعات ئارامم لێ ببڕێت!)).

- من زۆر لەمێژە شارەزای بنەچەی پیرانم: نێر و مێیان چەندی بیری لێدەکەیتەوە، لە ئاست کوتەکی ستەم و زۆرداری کەللە ڕەق و ملهوڕن و بەهیچ کلوجێکەوە نایەنە بەرێ. کەچی لە ئاست ئەوانەی دەلێم ناوکیان هەردەم کەوتووە و دۆخینیشیان شلە و لە پێشەوە میزیان پێدا بکەین و لە پاشەوەش لووشکەیان لێ بدەین خۆیان کەم و زۆر لە گووڕە نابەن.

عجل زوو هاتە گۆ..و:

– کۆرە چت دەوێت؟: دوو چاوی ساخ.

– مقۆمقۆ ناهەموارەکەیان تەنیا لەو دەڤەرەیە کە لە ژێر دەستی عجل دایە. ئەوەی منیش دەیلێم، دەبێ لە هەمان دەڤەر بێت.

لووتی شانازی به فیزێکەوە بەرەو حەوا هەڵبڕی و بەتەمابوو بڵێت: ((کەواتە شایەنی زەینەب خانم)) و گێڕایەوە و:

– گریمان ئەگەر هاتو جم و جۆڵیان برەوی لەملا و لەولای ساند و ئێمەش نەمانتوانی باگۆی بدینەوە.....

ئەمەیان بە خەیاڵیشدا گوزەری نەکردبوو..و دەشیان زانی لەم ڕوانگەوە زۆر هەستیار و مەعلانە و گوێیان سرکتر بۆ رایەڵ کرد.

- ئەوسا لەسەر هەرسێ لامان پێویستە هەردەم لەگەڵ جلە و لە مستەکانیاندا بە سەویەت و ڕوو خۆشییەوە بجوولێینەوە و.. وەك برایەکی خۆمانیان حسێب بکەین و نابێ دڵیان کەم و زۆر لە ئاستماندا گەرد بگرێت و بێن نابێنیش جۆیان بە جۆرێکی وایان وەبەر بکەین پاشە ڕۆژ حەددیان نەبێت ئەگەر نائیشیان بکەین فزیان لەبەر وەبێت.

هەردووکیان لە دڵیان چەسپیبوو لە بەرێوەبردنی ولاتدا گاڕانییە و بە حەیرمانەوە:

- چما ئەو گەجەر و گوجەرانە سەرکردەشیان هەیە ! ؟.

- ((تڕحێو..بەخەیاڵ پلاوی دەخەملێنن !)).

- نەخێر هەتا ئەمرۆی حازری سەرکردەیان نەبووە، بەڵاّن وا خەریکن و..وێشدەچێت: ((پیرۆت و باپیر)) هەڵ بژێرن. ئەوەی منیش دەڵێم لە ئاست ئەو دووانە: توخمی شێخ و سەرەك عەشیرەتی دۆستمانن شتێکی ئاسایی یە.

ئایدن بە بیستنی گەلێك کەیفدار بوو، بـەلاّم بـاوەڕی نـەدەهات ئـەو بەردە گەرمەی ڕۆستەم درکاندی پێ بکەوێت. هەر زوو:

– پێم نالّێیت تۆ چوونی دەزانیت! ؟.

بە فیزێکەوە:

- من وەك ئێوە خەوالّووی ژێربەڕان نیمە هۆ بابینە.

ئایدن لـە خـەنیان نیوچـەوانی بلـەز و شـەوقەوە، لەبەرکەوشـەکانی گەیاندە زەوی و پاشەڵ لە حەواوە و:

- ئەگەر ئەوەی دەفەرموویت وابێت بۆ ئێمە سەربەسەرە و هەتا لـە دنیاشدا هەناسە بدەین سەرمان بە تەوازووەوە بۆت دادەنوێنێن.

بە ئەنقەست زەردەیەکی هێنایە ڕووی و:

مـن لـە راسـت جـەنابتان هـیچ شـتێکم هەڵنەبەسـتاوە و هـەڵیش نابەستم.

دووبارە بە کڕنووشی شانازییەوە:

- ئەوانەی دەفەرموویت، لـە بـاپیرە گەورەیانـەوە مینـەکی خۆمـان بوونە و لە دەستمان دێت هەردەم عارەبی سواری سەر ملیان ببین و زەختەشیان تێوەژێنین چرچەیان بە هیچ کلوجێکەوە لەبەر وەنێت.

بە بزەیەکی دەهایانەوە:

- پارە و ڕاسپاردەکەی منیش خۆڕا نەبووە.

* * *

پیرانی بەری باشوور، بەرژەوەند و باری شپرزەیی و ڕەزالەتی ژێر چەپۆکیانەوە وایان خواست بە مشوور خواردن و ڕەزامەندی گشتیانەوە دەیان کەڕەت هانا بۆ سەرکردەی هەرسێ لایان، لەکاتی کۆبوونەوەیاندا بەرن و دەخیل و ئامانیان بن و ناورانەوەش لە پاڵ.

جوامێر و ڕیش چەرمووان گوتیان:

- ئێـ..هـ بەلکی ڕۆژێك دادێت بێنەوە سەر خۆیان و باڵیان لە ئاسماندا قوڵ بکەن و بە چاوی بنیادەمانەوە بۆمان بڕوانن و نانمان چیتر لێنەکەنە قوزەلقورت.

پیرزەندە بە پێچەوانەوە:

- دونگی تەڕ، بێ ترس بکەوتە بەردەمی ڕێوییەکی بەسالاچووی برسی و دەست بەردانیان نەگوتووە. مەگەر.....

لە بریتی سەلاو..وەرگرتنەوە و بەخێرهاتنی میوانێتی هەر سکتر و عوودەیان لێدەکرا.

- کورە پیاوی باش و بە سەویەت بن. ئێمە لە زەمانی باب و باپیرانەوە دراوسێ و چاوناستانین و بەسە تۆزێك ویژدانتان ببزوێت و بەرۆکمان بەردەن و چیتر درندانە، مەمان چەوسێنەنەوە و خاکمان پێشێل مەکەن و بەروبومی ولاتمان بەس بدزن.

پشیلۆکەی بەرتەوژمی ((هوڕە))بوو..بە پێکەنینی گاڵتە جاڕییەوە، عجل لە بەراییدا:

- سەیرە شوانەوێڵەی چیاو چۆلان لۆچی هاتوونە !.

ئایدن:

- به هەموو عەقڵتانەوە، گەرەگتانە خۆتان بهێننە ڕیزی ئێمەوە!.
لە حریتەیانداوە.
ڕۆستەم:
- بڕۆن بابم بڕۆن. بە کیهان ڕێدا هاتوونە هەر ئەو ڕێیەش بگرنەوە.
- پیشەی ئێوەی پەروەردەی هەردو کێوان کەڕ لەبەر کردن و فیت و هۆڕی دووزەلە و بلوێر وشمشاڵە و بەس.
- بڕۆن: هەتا زووە، لەبەر چاومان وەڵ بن و تا ماویشن جارێکی دی نەکەن ئەو ڕێیەی غەڵەت بکەن.
- بۆخۆتان هەر سیر بخۆن و زوڕنا لێدەن.
- ئاخر پێمان ناڵێن: ئێوە چین تاکو ئێمە بە هەندتان هەڵگرین.
هەر جارێ بە دڵساردی و نائومێدییەوە ساڵدانە، ساڵدانە لە تەشکی خۆیان دەدا.

* * *

چەند ساڵ بوو دوڕگۆکە داگیر کرابوو. پیران هەست و خوستیان دەرحەق داگیرکەرانەوە، لە هەموو ڕووێکەوە یەکجار کزبوو. تا لەبەری باشوورەوەش. ئەمەش ئاکامی پیلانی داڕێژراوی ڕۆستەم بوو.
عجلی دۆست و هاوپەیمانی هاندابوو، دەست و پەیوەندەنزەکانی لەگەڵ پیرانی بن دەستیانەوە، نەخەسەلە دوای هەست کردن بە

بزووتنەوەیان زۆر بە ویژدان و مرۆیانە دەجوولانەوە و نەیاندەهێشت دڵی منداڵێك گەرد بگرێت.

پیران زۆربەیان بە نیازباشیان دەقەبلاندو: ((هەزار گوناح و تۆبەیەك)).

کە مێکیشیان: ((ماری سڕە)). تەنیا پیرزەندە لە شروی خۆشباوەڕی وساویلکەیی نەتەوەکەی نانی ڕەحەتی نەدەچووە سەر زار و ئۆقرەی لە عەرد و بەردی خوا نەدەگرت و: ((کوفرێکی گەورەیە بە پێکەنین و گوراح خۆشی داگیر کەران بڕوا بکەین. ئ..ه ئەگەر درۆناکەن با ولاتمان بەجێ بێڵن)). لاشی مسۆگەر بوو: ((ڕەنگ نییە بە لۆقنان بڵێێت: ((مەرحەبا)). هەندەك دەخوا و هەندە دەبا و هەندێکیش دەخاتە بن عەبا)). هانی جوامێر و زەیندارە باوەڕپێکراوەکانی دا: ((نابێ گوێ هەرگیز بە پیلانی داڕێژراوی دوژمنان بدەین و هەر لە فزێکیان، بۆ بەرژەوەندی ئێمە بەسەرزاردا بێت سوڕ بزانن درۆیە)).

شەو و ڕۆژ دەست بەرداری نسحەتکردنی خەڵکەکە نەدەبوو.. و مێشکانی بەم تەرزە زاخاودابوو:

- دوژمن خەسڵەتێتی هەرچەند جێی خۆی لەسەر خاکمان بچەسپێنێت هەڵقەڵانی هەوڵ و خەباتی ئێمەی زیاتر گەرەکە. بۆیە تا زووە و خوێنمان گەرمە و شنگ و خولقمان کز نەبوونە پێویستە

به هیچ جۆرێك بڕوا به قسەی خۆش و پڕوپاگەندەیان نەکەین و بە زووترین کات قاویان بدەین.

پیرزندە گەنم ڕەنگ و تەبەش پان و کەپوو بەرانی و کەمێك میسری گۆشت و بالأمام ناوەندی و خوێن سوك، لە دڵی میللەتەکەی سەقادا بوو: ((هیچ شتێك بەر وەستی داگیرکەران نایەت تەنیا مست لە دڕێشە دەگەڕێتەوە نەبێت)) بۆ هاندانیان :((گوزەرانیش بەم جۆرە سەرشۆڕی و ژێر چەپۆکیی دڵە مەلەرزەوە، بە هەموو کەسێك تەحەمول ناکرێت)).

* * *

: ((تا ئاو لە دوبێڵمان بێت چنگی هەول و کۆشانمان قژ دەکەینەوە و چیتر حیزی و سەرشۆڕی قەبوولّ ناکەین و چاو لە ئاست دزینی بەرهەمی ولأتمان کوێر ناکەین و لە ئەنجامیشدا هەرچی دەبێت با ببێت)).

دانیشتوانی دوڕگۆکەی بەری باشوورەوە، دوای حەیامێکی زۆر بۆیان کەوتە سەر پشت: ((ئەگەر هەر ئەوها.. بێدەنگ بین دوژمن بە هۆی دۆستەکانیەوە دەتوانێت سەیتەرەی سیاسی و عەسکەری تەواو لەسەر ولأتمان بکات. قوتاربوونمان ئەوسا دژوارتر دەبێت)).

لە تەمەنی هەژدە سالّ و بە سەرەوە، نێر و مێ، بە دروشمی: ((یا تێدەچین، یان دەردەچین)). بە کۆشان و تاندانی سەرکردایەتی

پیرزەندە و ڕیش سپیانی دنیادیتە و مەعلانی ڕۆژی تەنگانە داکۆکردنەوە و بینەو بگرەو مشوور خواردنێکی ڕۆژ و شەوی: ((چ بکەین و چۆن هێرش بکەین و کەینێ و لە کوێوە دەست پێ بکەین!)) بڕیاری لێکڕایی یان دەرچوو: ((بە هیچ شێوەیەك سەری قوربانیمان نەهێننە دواوە: لەیەك وەختدا، لە ئاست هێزی هەرسێ غەنیمەکانەوە پێی بەرگری بچەقێنن، یاخۆ تەنیا لە ئاست لۆقنانەوە)).

هەر ئەو ساتیش جلەوی سەرکردایەتیان، بەڕای ورد و درشتیانەوە، پیرزندە بترازێت نایە مست ((پیرۆت و باپیر)) ەوە، لە ئەو یاندابوونە دووبڕ و چەند هەول و تەقەلایاندا ڕایان وێکنەهاتەوە.

پیرزندە عاجباتی دەهات: ((پیرۆت و باپیر پێش هەڵبژاردنیان، بە چەند ڕۆژێك، پارەیەکی یەکجار زۆریان بەسەر هەژار و بێوەژن و منداڵی بێباوك دابەش کرد. هەموو لایەکمان شارەزاینە و چاکیان دەناسین: گووکوڵینەوەی وەك خۆیان نییە و ڕکیان لە ددان دەبێتەوە نانی پێدەخورێت و دینارێکیان، تا ئەمرۆ نەداوەتە باوکی خۆیان)). ماوەیەك سەری حەیرمانی بادا و زەینی بۆ هیچ شتێك نەدەچوو: ((ئیللا، بیللا ئەو ماستە مووێکی تێدایە! پاشەڕۆژیش هەر دەرکەوێت: نەوەی شێخ و سەرەك خێڵان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەموو شتێکیان لەدەست دێت)).

گەنجە تونـدڕەوەکان هـەر دەیـان کوشـت و نەیاندەشـاردەوەو: ((تۆخـوا مـردن مردنـە لیـنگ وەشـاندنمان لەچـی؟ خـوا، یـان بـە ئێمـەدەدات و پـشتی سـانەوەمان، بـێ خـەم و دڵـە ڕاوکێـوە، بـۆ هەتاهەتایێ دەکەینەوە، یان ئەوان. ئەوکات ئێمە سەری یەکجاریمان لەو ژیانـە پـڕ مەینـەتی و عەجەمەرگییـەی ئـەمڕۆ تێیداینـە و سـەگ پێـڕازی نییـە دەنیێنـەوە)). ئاواتـەخواز بـوون، بەیەکـەوە، بەگـژ گشتیاندا بچن، کەچی دەمڕاست و خـەمخۆر و قـاڵبووانی نێـو دنیـای نەگبەت و ئاژاوان سەریان نەهێنابەرێ و:

- بەو تەرزەی دەفەرموون هەرگیز دەرەقـەتیان نـایێین و بێگومـان خەسـارەت و قوربانییـەکی یـەکجار زۆریـش، بـێ ئـەنجام دەدەیـن. لەلایـەکی دیکـەوە خزمـەکانمان ئـەمڕۆ لـە هەردووبـەردا، لـە ئاسـت هەسـتی نەتەوایەتیـدا فکرییـەن بێهێـزن و تـەواو پێنەگەیـشتوونە و ئامادەنین هەتاکو لێکڕا بە دەنگمانەوە بێن و دڵسۆزی مان و نەمانی خۆیان دەربڕن)).

تـەکبیری دووەم:ـ ((بـا لەهەوەلـەوە تـەنیا بـەرەنگاری هێـزی لۆقنانەوە بـین و.. ولاتمـان لێیـان پـاك بکەینـەوە، ئـەوانی دی دوای رزگاربوونمان سەربەخۆ چاویان دەکرێتەوە و بـێ هانـدان و یارمـەتی ئەمەمانان، چـاولێکەرانە، تـەکان لـەخۆیان دەدەن و پێویـستیان لـە قاودانی داگیرکەران بە ئێمە نامینێت)).

هێندێك لە زگ بوو پێی دژایەتی دابگرن و:

- ئیش قەت بە نیوەچڵی سەرناگرێت.

- ئەوەنکوولی لێناکرێت، بەڵام ئێمە بە تەنیا لە بەری ڕۆژهەڵات و باکوورەوە، بەبێ دەسکێشی و پێشڕەوی خزمەکانمان ئەو توانایەمان نییە دەرەقەتی هەرسێ لایان بێین.

- بەس هەتا نۆرەی دووەکەی تریش دادێت لەسەر پیرانی هەردوو بەرفەرزە دوژمنەکانیان، تاکو بەپیر لۆقنانەوە نەچن بخافلێنن و مەدەلایی یان لەبەر بکەن و خۆیان وا خەشیم هەڵ بێخن عەبدی بێ شەرێك پێنەحسێیت.

: ((ئێوە هەر لە ئەژدادتانەوە پیاوی بەسەویەت و دۆستی ڕاستەقینە و چارەی ئێمەتان هەردەم ویستووەو قەت وەك ئەو مارە بێ ئیجازە و لە ڕەوشت بە دەری مرۆڤایەتیدانینە و نابن و گۆشتیشمان بخۆن هێسکمان ناشکێنن)).

لێزان و دڵشاد و ئازاد و ئاسۆ ڕاسپاردەکەیان لەهەردوو دیو بەجێ گەیاند.

* * *

هەرکە ئایدن لە سەرکردایەتی پیرۆت و باپیر دڵنیا بوو لە خۆشیان شتاق لینگی عەردی نەدەگرت و لای وابوو تاپۆی ڕەشی ((لایین))ی خاکی دوڕگۆکەی لە دوڕ باخەڵ نراو سەری خۆشی و شادی گەیشتە کەشکەلانی ئاسمانەوە و سێ شەو و ڕۆژ دەگ شایی و دەهۆڵ و زورنای گێڕا و خۆشی سەرچۆپی گر و جاشکانی هەڵدەپەڕی و بە پاشیان زرچەی لە سمتەکانیەوە دەهێنا و هەیدۆ هەیدۆی سەعاتە

ڕێیەك دەڕۆیشت. دابەش کردنی شیرناتیش هەرنەییسە و: ((بەبابەوە خەنی بووم و لەمەودوا هەرچیم نیاز بێت، بەهۆی ئەوانەوە دێتە دوڕ باخەڵم)) بەخۆی نەوەستا و دیدەنی ڕۆستەمی کرد و بە سۆزەوە داوەراوە ماچ کردنی پێیەکانی.

بە لووت بەرزییەوە:

- حەق وایە لەمەوپاش دغدغەتان لە ئاست قسە و بیر و بۆچوونی من نەمێنێت.

هەردوو ناولەپی خستە بان تۆقەڵەی سەریەوە و:

- لەمەوپاش سەرم لە هەموو ڕووێکەوە لەجێی پێلاوەکانت دادەنێم.

لە دەروونەوەش: ((مەگەر عەرزی خۆمت پێشکەش بکەم. ئەگەرنا ئەو چاکەیەت قەت پڕناکەمەوە!)) ماوەیەك سەری خەفەتانی بادا و دڵنیا بوو داوای ناموووسی لێناکات و: ((لە بەختانمە:- گوڵبۆ - لەچاو زەینەبخان دەڵێی دەعەجانە، ناحەقیش نییە، پلاۆ برنج و ساوارن، ئەو قاحپەیە ئەوەندە جوانە تا برای خۆشی حەزی لێدەکات. ڕەنگە لەبەر چاوی بەڵەکی بێزی هەرگیز نەیەت تەماشاشی بکات!)). ئاخێکی درێژ لەبن سگیەوە هەڵکێشا و: ((خۆزگە وەك ئەو کەحێل دەبوو! مسۆگەر ئەو هاڕەتی نەدەکردەوە و: ((سوپاس جارێ ڕاوەستە کاتی ئەویش دادێت،

بەخۆم پێتدەلێم)) ئ..هـ ئەو سادەبووە پاڵپشتێکی راستەقینە و پشتی خۆم لەئاست پیران وەك عجل بۆ هەتا هەتایێ دەکردەوە)).

ڕۆستەم پێش دەراندنی لە هەڵس و کەوتیڕا حسیا بوو، چی مرازە و: ((ئ..هـ بۆ زەینەبخان ئاگرم تێبەربووبوو)). گەڵ و گوان هەڵپشاوتن هەڵوەستەی پێکرد و: ((هەرپەنچەیەکی خێزانەکەی خۆشم بەستی ئەوەکەی جەنابت نادەم، بۆیە هەتا زەینەب و مەریەم لەگۆڕی بن بێزم هەرگیز نایەت حەشەفەی خۆمی لێ پیس بکەم)).

* * *

- جێی پێکەنین و سەیرمانی ئاخری زەمانە و لەوەتی خۆمان دەناسین ئەوە یەك ببینین: ((پیرانی دواکەوتە و شوانەوێڵەی هەردووکێوان دەست هەڵێنن و دروشمی قۆڕ و ناهەموار بێباکانە، بە نوێژی نیوەڕۆ دژی ئێمەی و جا خزادە بەرز بکەنەوە)).

کۆبوونەوەیەکی درێژخایەن و ڕا و پرس و تەکبیرکردنی سێقۆڵی، بە فیتی عجلەوە بەرپابوو. باریك و درێژ و ڕەشتاڵە و کۆسە و تەنیا سەرچەناگە و ناوەڕاستی شەویلاکەکانی نزیکەی چوارپەنجە مووی سخ و درێژ و قەترانی تێیهەڵکرد.

- دەست هەڵێنان و دروشمی چی!؟.

هەردووکیان بێ ئاگا لە مام شەهابی دنیای واریقاتەکەوە، بە واق و ڕمانەوە زاریان پچڕی و هەستیان بە قولاخیەوە بۆ ڕاگرت.

- لەبێ خەبەران کەشکەك سەلاوات ! .

لای وابوو ئەوان لەو سەری دەگەڕێنەوە و لەهەر مەنجەڵێکی دەنگ و باسدا کەوگیرن.

- ئەوا چوار ڕۆژی ڕەبەقە لە نێوان ئێمە و ئەواندا گوللە بارانە و کێشکە ناتوانێت سەر لە کونەوە دەربهێنێت.

عاجباتیانە چاویان لە چاوی بڕی.

- ئەو جاشك و کۆلکانە، بە ئاشکرا و بێ پەردەی خەجالەتەوە دەلێن: ((

- ئێمەش وەك ئێوە مرۆڤین و مافی ژیانی سەربەستیمان هەیە و:

- بژی پیران، بمرێ دوژمنانی

- بژی ئازادی و سەربەخۆیی و بمرێ دوژمنانی.

- بژی یەکێتی و تەبایی، بمرێ ناحەزانی)).

بەشتێکی خەیاڵی و دوور لە ڕاستیان حەملاند و قەشمەریانە، هەتا لەسەر گازەرەی پشت کەوتن تریقانەوە. نەخاسمە ئایدن. کورتە لەو مووو ڕەش و چاو زەق و ڕەشتاڵە، ئەوەندەی ڕك لێدەبوونەوە گریمان پیرانێك بچێتە نێو هەناوییەوە خۆی لە حەیفان،بێ سێ و دوو داوێتە دوڕ گڕی ئاگرەوە. هیچ کاتێکیش بە مێشی حسێب نەدەکردن. گاڵتەی پێهات و بە خۆی نەوەستا و تا ناوپستێری پانتاڵۆنە فاسوونە شینە خەتخەتەکەی تەڕ نەکرد بەرینەدا.

- پیران و دەسوەکەری و دڕووشم بەرز کردنەوە ! .

لە هۆڕژنی پێکەنینیانداوە.

زانی سەرچیغ چوونە و لە دنیای بیرکردنەوەدا لە ئاست پیران عەقڵ لە کۆشینە. بەچاوی دەغەزەوە سەرنجی بچمیانیدا و بۆ بەرگری کردن لە سومعەی خۆیەوە و چیتر گاڵتەیان بە قسەکانی نەییّت و:

- منیش هەتا بە چاوی خۆم نەدیت وەك هەنووکەی جەنابتان لە ژێر پێخەفی بێ ئاگایی و قەپۆزبەرزییەوە نووستبووم و بە محاڵم خەملاندبوو.. و ئامۆژگارییەکانی باب و باپیرانی خۆم، لەم ڕووەوە، بۆ سونەتیش لە یاد نەمابوون: ((ئەوانە لەسەرەوە ئەللا ئەللایانە و لەبنەوەش نەعوزوبیللایانە. بە دیمەن مێش لە دەمی خۆیان ناکەنەوە،کەچی لەراست داگیرکردنی خاکیان دڕندەیەکی بێ هاوتانەو نازانن ڕووی ترس و کۆڵنەدان لە کاملایە)).

: ((ئێمەش هەردەم ئێوە بە براگەورە و ڕابەری خۆمان لەقەڵەم دەدەین.

- ڕێز و حورمەتی تایبەتیتان لەسەرچاوی ورد و درشتمانە.

- ئێمە هەرگیز لە بن باری چاکە و پیاوەتی ئێوەی سەروەرمان دەرناچین.

- دەتوانین سەت سالّ لەگەڵ ئێوەی مرۆڤەروەر بگوزەرێنین، نەك سەت سەعات لەگەڵ لۆقنانی ناحەز و زۆرداڕەوە)).

دەلحاز سەنگرانەوە و کزە وەک ئاو بکرێتە نێو ڕۆنی قرچاوەوە، لە دەروونیانەوە هەستاو باب و باپیرانی ئەمانیش بە هەمان جامی ئامۆژگارییەوە ئاویان نۆش دەکرد. فامران، نەخەسەلە زارخۆش و کوسکێشی گەوەرە و بچووکی پیرانی بن دەستیانەوە لەم ڕۆژانەی دواییدا بە پێچەوانەی داب و نەریتی پێشانیان لە ئاستیاندا: ((ئۆێنێکی زۆر گەورەیان لە ژێرسەردایە. ئەگەرنا پیران و ئەو هەڵوێستەیان دەرحەق ئێمەی ناحەزیان نەگوتووە !)).

بەچاوی ئەبلەق و دەم بەشی سەیرمان و گڤی مووی سمێڵیان، بێ نقە هەستیان بۆ شل کرد.

- لەوەتی شەڕە و دروشمەکانیان هەڵدەشەقێنن کێرمیزی ئێمەمانان تاسا ناکات وەک جاران بێباک و منەتانە، بە کەیف و ماشای خۆیەوە لەو کووچە و کۆڵانانەی لە بن دەستماندانە بسووڕێتەوە، ئەدی چی؟. وێڕانی ئەوەش کاروباری ڕۆژانەیان وەک حکومەت بەڕێکی بەرێوەی دەبەن.

- پشیلە لە مالێ نەبێت مشکان تلی لیلییە.

- بزن ئەجەلی بێت نانی شوان دەخوات.

- دێمەکە ئاوێکی شەوییوو، بە تەپلە سەریانداکراو..وای بۆچوون: ((ڕەنگە بنۆرەشی بەدوا دابێت ئەگەر پشت گوێی بخەین و خەمێکی گەورەی بۆ نەخۆین)). لە ڕواڵەتیشدا بۆ بەرزکردنەوەی نەترەی عجلیان بوو. هەستیان کرد گرژی ئاوقای ڕوخساری بووە و:

((لەڕاستیدا ئێمە هیچ ڕۆژێك وجودمان نەزانیون و هەرسکترمان لێکردوون و..وا ختوخۆڕاش خاکیانمان داگیر کردووە، هەتا لە قار و دەغەز خواردنیان لێمان بە جۆرێکی وا هاتوونەتە مەیدانی جەنگی بوێرانەوە، بە بابەلبابمانەوەش نا سەنگرێنەوە)).

- پیران خۆیان هەیە هەتا دەستەلاتی شەڕ و شۆڕیان ببێت! ؟.

هەننۆب بۆ غیرەت وە بەرنانییەوە بوو.

ئایدن لە دیمەندا خۆی وا دەرخست بڕوای وەك پێشوو، لەناخەوە بە دەسوەکەریەکەوە نییە، کەچی دغدغەی لەم ڕووەوە، بە قسەکانی عجل پەڕییە نێو سکۆلەکانی دڵیەوە و لە تاوان چاوی چووە پشتە سەری و بە دەهرییەوەی گوت.

ڕۆستەم ڕەنگ سپی و ڕدێن ماش و برنج و هەردەم قەڵەم کراووتەبەش پان و هێمن. لە دووڕەوە وای لێدە فامرا: نووری لێدەباڕێت بیروبۆچوونی خۆی دەرحەق پیرانی باشوورەوە دەلحاز فت کرد و باوەڕی تەواو هات هەرکە گەنجانی پیرانی ڕۆژهەلاتی دەدیتن وەك گزیری ئەلقەلەگوێ، بەمل کەچی مەراقەوە خۆیان ڕەپێش دەکەن و: ((ئێمە هەردەم وەك تای تەورداس لە خزمەت هەر فەرمانێکتان هەیە وەستاوین.

- ئێوە ئامیر ئێمەش سەرباز.

- ئێوە ئاغا ئێمە گەدا.

- ئێوە شێخ و ئێمە مورید)). بە هەڵچوونەوە نۆبەت بڕی کرد و:

- بەڵێ خۆیان هەیە و زیاتریش!.

پاش دیقەتدانی قاقۆڵەشانەکراو و جەلی لێدراوەکەی و:

- با دان بە ڕاستیەکەدا بنێن!.

دەرخستنی راستیەکەی لاشیاو تربوو لە قەبزی ئەو و:

- ئەوانیش وەك ئێمە بنیادەمن و هەرکە گوتراش بنیادەم دەبڕێتەوە. نەخاسمە داگیرکردنی خاك و قەلۆش کردنی سەروەت و سامانیان و گیانیشیان بیست و چوار سەعات تەنگاو بکرێت هەموو شتێکیان لە دەست دێت و ڕاستیشە: بۆق پێتوە بدات نەوعی مار نییە.

: ((هەرهەندە لێمان بەخۆ بکەون، لە هەرسێ پارچەی دوڕگۆکەدا دەمانکەنە چاشکە قورەی کلك تەنەگەداری ئاخری زەمان!)).

هەرکە ڕۆستەمیش چووە پاڵ بۆچوونەکە، بە ملی داهات لەکەلی سەرکێشە ڕواڵەتییەکەیەوە دابەزێت و لە دەروونەوەش بڕوای هاتبوو..و:

- کەواتە هیزە بەقوربان هەتا دونگەکەمان، بەهۆی ترس شکان و چاو کراوەیی و چەشتنی تامی خۆشی و لەزەتی ژیانی سەربەخۆیی یان، ئەوسا لەسەر ڕکابەریەکانەوە ڕشتر دەبن و پێی جەسارەتی بەرەنگاریان توندتر دادەگرن، لە قیس نەچووە، با لە هەرسێ لاوە لێیان بەخۆکەوین و وایان بە پەند ببەین هەناسەی نێرەوزی دەست هەلێنانیان ببڕین.

دوو بەشیش لەم دوایی یەدا ترسی ڕاپەڕینی پیرانی ژێر دەستییەوە تۆقاندبووی، ئەگەرنا هەندە بە خەمی ئەوانەوە نەبوو: ((لە من نادرێت لە برام دەدرێت لەمن وایە جەوالّی کایێ دەدرێت)) دروشمی بوو.

- ئەو بابەی دەفەرموویت ئەمڕۆ مردو سۆتە و مەحوکردنی نەتەوەیەکیش لەسەر گۆی زەوی خەیالّ پلاّوە.

عجل ناڕەزایی خۆی وا دەربڕی.

بۆ ڕشت کردنیان لە ڕاکەی خۆی دانەبەزی و:

- بەهێزی هەرسێ لامان لەناودەچن و زیاتریش.

دەیزانی بە گوێرەی ویستی دلّی خۆی لێدەخورێت، لاشی هەموار نەبوو لەم ڕوانگەیەوە بکەوێتە مشت و مڕی بێ ئاکامەوە بە هێدیەوە:

- ئەو تەرزەکارە تەکبیر و مشوور خواردنی کەسانی کارزان و بیرتیژانی گەرەکە، نەك هەڵچوونی زاری.

باوەڕی لە هەموو بواریکەوە بە ڕۆستەم هەبوو، بەفەرزی دانا بۆی بچەمێتەوە و هەستی بۆ ڕاگرێت.

- ئەگەر ئێمە لە هەرسێ لاوە، بە هەموو هێز و توانامانەوە هێرشیان بۆ بەرین، باشیش دەزانین گیان شیرین و ئازیزە ئەوسا ناچار دەبن، لە پەلە قاژەی هەولە ڕووحدا جلەوی بەرگریی مان و نەمانی خۆیان بە هیچ جۆرێك نەگرنەوە.

ئایدن بۆچوونەکەی خۆی بەلاوە لەبارتربوو..و بـە پێویستی زانـی و:

- ئەوان با هەر ئەوە نەوعە بەرگرییەش بکەن خوا یـار بێـت بـە دوو سێ ڕۆژان تۆیان دەبڕینەوە.

زەردەخەنەیـەکی تـەڵخ ڕووی داگـرت و: ((دەڵێـت لـە ئـاوەدانی پەروەردە نەبووە ! . ئاخر تۆ بڕانەوەی میللـەتێکی گـەورە و گـران و خاوەن خاك و وڵآت هەوەنتەیە گەلخۆ !)).

- دڵنیابـە و بیکـە گـوارەی گوێـت: لەمـەودوا پێـچەوانەی پێـشتر ئەوەندە بە شـەوق و گـوڕەوە مەیـدان دەخـوازن و بۆکوشـتنی هـەر یەکەیان دەبێ دوو سێیەکی خۆمـان لەسـەر دابنـێین، ئەمـەش قـەت پێیناگوترێت سەرکەوتن.

بە ملی داهات سەری سەلماندنی بۆ لارکاتەوە.

- وایدابنێ ئێمە پـەرێز پاگژ بچینە دوێ و هەتا زەندەقیان بڕژێـت و چـاوی ورەیـان بـشکێت و سـاممان بەسـەر سـامیان بکـەوێت و کـەڕەتێکی دی نامـاقوولّی ئاوایـان لێڕوونەداتـەوە هەریـەکێکیان کەوتەبەر دەستمان، تاوانبار و بێتاوان گۆشاو گۆشی سـەری بـبڕین، مـسۆگەر ئـەو سـا خۆشەویـستی گیـان تـانی غیرەتـی دەسـت هەڵێنانیان پتردەدات و لێکڕا، لـە پـەنا و پەسـارگە و چـیا و زورگ و هەڵەت و بەندەن و دۆڵ و کونە فـیراران، ئێمـە هێشتا پـەییمان، بـە زۆربەیان نەبردووە، لێمـان بـەو پـەڕی سـۆزی تۆڵـەوە وەك مێروولـە

دەردەبن و لەتەختی تەوێلیشیان بدرێت ناسلەمێنەوە و ئەوکات بێگومان دەبنە چقلی دوڕ چاومان و هەتا بەیەکجاری قاومان نەدەن بە ئاستەمیش لە ئاست هێز و توانامانەوە ناچەمێنەوە. حەیا چوونی بە زینەکەمان و نەفرەتی بنیادەمی سەر گۆی زەویش سەربار.

- بۆچوونەکەت زۆر.. راستەو ئەوهات و هاوارەی منیش هەر بۆ ئەوەیە نەگاتە ئەو ڕۆژە.

عجل زەربەیانی دیبوو، بەخوا یشتی حەزیەوەی هاتە ڕاێی.

- سندان لەو سەرکەوتنەش بدات، بەورێیەی جەنابت پێشنیاری کرد.

هەردووکیان لە ئەنجامدا بۆ پیلانەکەی ڕۆستەم، کە دەیانزانی لەبەر بیر تیژی ڕێی بە کونەمار دەبات، بەشەوقەوە بۆی داهاتنەوەو لیکاوی خۆشی بە لیوانیاندا ڕێچکەی بەستا. تایبەت ئایدن لە مێشکی تەواو زاخاودرا، لە کەیفان دووبارە نیوچەوانی بە تەوا زووەوە لەبەر کەوشەکانی گەیاندە زەوی و پاشەڵ لە حەواوەو تادەنگی لەبەردابوو:

– هەر بژی ڕۆستەمی دانا و زانای هاوچەرخمان!. هەتا خاوەنی مامۆستایەکی بەهرەداری بێ هاوتای وەك جەنابت بین گشت هەوڵ و مەرامی ناحەزمان بە سانایی لە گۆڕ دەنێین.

: ((ئەو هەول و تەقەلایەم بۆ چاوی ئێوە نییە خەشیمینە، کەحێلی ماکەرتان هار و هاجی کردوومە!)) دیسان ناوپستێری بەرز بووەوە. لە شەرمی ڕووان، بە ناوی سەرپێشاو چووە دەرەوە و

عەتۆتەکەی خستە بەر پـزی دەرپـێ قوتـەوە و: ((بەوحاڵـە نـەبێت دانا سەکنییێت)).

هەڵوێستی خـۆی بـۆ یەکـەمجار بۆیـانی شـی کـردەوە و ئەمەشـی هەڵڕشت و:

– لەڕاسـتیدا ئێمـە هەرسـێ لامـان، بـێ پـەردەی ئـەملاو ئـەولای کۆسکێشییەوە بۆ گۆڵمە خوێنێکی یەکدی بە حەوا هەڵدەچـین و بـە خۆش گوزەرانی یەکترەوە چـاومان دەچـێتە پـشتە سـەرمانەوە. لـە ئیجـادەوە، بەرامبـەر یەکـدی هـەر ئـەوها بووینـەو بـە تـەماش نـین تۆزقاڵێك چێتر ببین. نـاوەڵا. کەچـی بـە هەنـدێ باشـەو سـەرکەوتوو شـین دەرحـەق سـەرکوت کردنـەوەی پیرانـەوە، وەك بـرای دایـك و باوکییەوە، شەیتانی کۆریش دەسـەڵاتی نییـە مووێکمـان بـە نێواندا بچووێنێت.

* * *

بۆیان واژی بووەوە: یـەکێك چـییە لـە هێـزی تونـدو تیـژو شـەڕاوی لۆقنانـەوە حـەددی نییـە وەك پێـشان بـە فیتـەی لافـەوە، لەسـەر جادەی ((ئەڕبێلا)) دا پیاسە بکـات. هـەتا هەنووکـە بیریـان هـەرگیز بۆی نەدەچوو. بەدەسوەکەریەکانەوە ڕشـبینیان پـەڕی و کەیفـداری وا لە ڕوخساریانەوە بەدی دەکراو سـات بەسـات، لەسـەری مەیدانـدا ڕشتر دەبوون. ئەسـپی غـوردی خواسـتیان هـەردەم قۆشمـەی بـوو.

نەخاسمە کەبەچاو دەیاندیت: ((دوژمنەکانی بەری باکوورو خۆرهەڵاتەوەش، نەبادا ڕۆژی ئەوانیش دابێت، لە هەڵپە هەڵپی گۆڕینیان سڕبوونە)).

هەندێکیان سەرەدەرەیان لێدەرنەدەکردو: ((کەڕەوارین و چی لێ تێناگەین)).

هێندێکیش: ((کوتەك دەزانێت قۆناغ لە کوێیەو کافر بەخێرا خۆی ناچێتە دۆزەخەوە)). بەمە پتر بافرەی شادی و سەرفرازیان ئاوقا دەبوو. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەشیر تر دەبوون.

پیرزەندە نەبێت. ڕوو گرژو مچومۆڕێکی وا دەتگوت خوێی لێبارکراوەو نێوچەوانی هەرهێندەی دووپەنجانی لێمابووەوە: ((ئەو هەموو ڕەنجانەی دەدرێت، جێگەی پووشکەیەك ناگرێت و سوودی ((مرتە)) یەکی نابێت و بگرە مالّوێرانی و قوڕ بەسەری لەدوایە. پاشە ڕۆژیش دەردەکەوێت)). بە ڕەوای نەدەزانی جلەوی شۆڕش بکەوتە دەست ئەوانەی تایەنەوەو: ((تا بەتەمای دەست و ڕمی کوڕە شێخ و سەرەك هۆزان بین، نەخەسە لە توفری قوتبی مەدارو کێخواوە دەبێ هەردەم فاتیحەمان بۆ لێ بدرێت.)).

کاتێك خەڵکەکە بەبتوونی دەنگیان دانێ زمانی بەستراو نقەی لەبەروە نەهات و لە ناخەوە پرتاندی و: ((هەرچی لەگەڵ کەسانی بێسەوادو دوا کەوتە بگوترێت هەڵزەگۆیی یە. دەنا ئەوانە گەورەو گچکەیانەوە پیاوی سەرکردایەتی میللەت نەبوونەو ناشبن. ئـ..ھ لە

بایەلبابیانــەوە بەرژەونــدی تایبــەتی خۆیــان هــەردەم لەســەرایی بەرژەوندی پیران و خاکی دوڕگۆکە دەگرن)).

بــەخۆ بــواردن و متبــوونی زگــڕەش و زارلووســانەوە، لــەم ڕووەوە خراتربوو: ((نەتەوەیــەکی زۆر مــەردو ئــازاو چــاو نــەترسمان هەیــە و گــوێی ((گــا)) بگرێــت، بنــا گــوێی لەگــەڵ دەردەهێنێــت، کەچــی بەداخــەوە چــەندی بڵێیــت ســاویلکەو خۆشــباوەڕەو بــە دوو قــسان هەڵدەچێت و دەلحــاز بــەدوای قەنقەلاشــکان دەکــەوێت و بــە دووانــی دیکە دادەمرکێتەوە. نەگبەتی گەورەو دەروازەی نسکۆیان لێرەدایە: هەتا دوژمن تەواو ڕیسی لێنەکاتەوە خوری پێناحسێیت. ئــەوکاتیش جگێکی پوزە ناهێنێت. بەمەزەندەی مــن پــارە بەخــشینی پــیرۆت و باپیرو خۆبواردنی دووانەکەی دی و نەچوون بەهانای عجلی دۆســت و هاوپەیمانیانــەوە پیلانێکــی یــەکجار گــەورەو دزێــو لەگۆڕێیــەو بــەڵام چییەو لەم دەم و دەستە نازاندرێت)).

*　　*　　*

– دەبێ سەرکەوین! ؟.

لەسەرەتای شەڕەکەدا پیران زۆربەیان گەش بین نەبوون و لە نێوان چاڵان و ماڵانی ســەرکەوتن و نەکەوتنــدا دەخولانــەوەو لــە عــەردی و بەردی خوا تۆتکەیان نەدەگرت و دنیایان هەر هەنگی بێژینگێك لێمــا بووەوە. بە بۆچوونی هێندێکیان:

– زۆر زەحمەتە!.

– لەبەرچی..!؟.

– چەکیان زۆرو کاریگەرترە.

داری دەستیان شکاو:

– ئەدی ئەو شەڕەمان لۆ دامەزراند!؟.

– لەپیر زەندە بپرسە.

پیرزەندە چاو ئێشانە، لەنێو جەنگاوەرەکاندا دەگەڕاو گاڕی، بەوپەڕی شەوق و سۆزەوەی دەدان و:

– داگیرکەران هەرچەند بەهێزبن، لەبەر ئەوە لەسەر خاکی خۆیان نینە بڕوا بکەن بە فووێك بەحەوا دادەچن.

((تڕحێو.. جوانی بۆ چوویت!. ئەدی بۆ ناچیت فوێکیان لێ بکەیت و لە کۆڵمان کەیتەوە. هۆباب!)).

بە ئەوەندەش نەوەستاو تا نەترەی جەنگاوەرەکان بەرزبێتەوە، لە هەڵس وکەوتیانڕا دیاربوو لەسەری بە خولق نینەو:

– داگیرکەران ئەگەر لەشەڕدا تەنیا یەکجار ببەزن، یەکجار بۆ هەتا هەتایێ سەرکەوتن وەدەست ناهێننەوە!.

((ئاخر ئەو یەکجارەش بەهێزی ئێمە نابەزن. پسپۆرو ڕابەری ئاخری زەمان)).

* * *

لەگەرمەی شەڕەکەدا خەلیفە ((بەدرەدین))ڕۆژنەبوو بەخۆی و چەند دەڕوێش و تەپل و دەفەو حایی و حۆیەوە، لەنێو شەقامە سەرەکیەکانی شاردا نەسووڕێنەوە.

منداڵێکی ((١١)) یازدە ساڵە پشتی بەپشتی دێوانە عەلییەوە دوورابوو. زەرگێکی باریك و درێژ لە تەرۆکی ڕاستەی پێشەوەی منداڵەکە درابوو.. و لەژێرەوش تەرۆکی پشتی دێوانەی سمیبوو. چوار پەنجە بەرەو خوار تەڕادی دێوانەی، لە پێشەوە، بۆ پشتەوەی کون کردبوو.. و لە تەڕادی پێشەوەی منداڵەکە هاتبووە دەرەوە. وەك تەقەڵێکی شاشی درووما‌ن وابوو. لایەکەی تریش زەرگێکی دی. وێڕای ئەوەش منداڵەکە زەرگێکی، لە گوپی ڕاستەی خۆیدابوو.. و لەچەپەی دەرچووبوو. کوسکە کوسك دەیڕوانی و قاچەکانیشی بەسەر پاشەڵی دێوانە، تەکەتەکیان بوو.

ئەمیش وەك نەبای دیبێت و نە باران قەرە بەقەرەی هاوڕێکانی بەسەر بادانی زیکرەوە هەنگاوی دەنا.

خەڵکەکەی ئەمبەرو ئەوبەری شەقامی سیروان و کۆتری ئاشتی و باتەو تا گەیشتە پێش پارێزگا، گەورەو گچکە، نێرو مێ لێکڕا، بە دیمەنەکە وڕووژان و چاشمیش و چاو لە مۆلەقی عاجباتیانەوە، تەرحی مەڕ لە کەلداندا شریتە یان بەدوایانا بەستاو هەرکەسەو لە ڕاستە خۆیەوە، بەیەکدادانی ناو لەپی سەیرمانەوە دایە بەر نەزیرۆکان و:

– ماشاللا لەو موعجیزە گەورەیەی خوایە!.

– کاری گەورەی یە.

– بەڵێ وا لەبەر چاوانە.

– بە تووڵی عەمرمان ئەوە یەك لە ژیاندا ببینین.

– ئەوەش بۆ پایە بەرزی و هیممەتی پیرو مشایەخان، بەقوربانیان بین دەگەڕێتەوە.

– ئەوە گوتنی ناوێت.

– نازانین: ئەو منداڵە کوو نایێشێت!؟.

– لە ژان گەڕێ کوو تەڕادی ئەملاو ئەولای ناپچڕێت!.

– خۆ.. ڕاست دەکەیت!.

پیرزەندە بەسەر بادانی غەزەبەوە: ((ئێمە بۆیە مالّمان کاول بووە: ئەو بەکرێگیراوانە بوونەتە رابەری دنیاو قیامەتمان!. ئاواتیانە لەهەرچی بۆنی خۆشەویستی گەل و نیشتمانی لێوە بێت بشۆردرێینەوەو دنیاش بۆ داگیرکەری دوڕگۆکە ببێتە شامی شەریف)).

* * *

دەسوەکەرییەکە درێژەی خایاندو ڕۆژ بەڕۆژ گەرم تردەبوو.. و خوێنی گەشی دەیان کەس لەهەردوولا ڕژا.

پیران بەگوڕو شەوقەوە چۆکی بەرگریان شەتەکدابوو..و زۆربەی خاکیان کەوتبووەوە بەردەست و بۆ یەکەمجار، پاش داگیرکردنی ولاّتیان تامی خۆشی و ئازادی بچێژن و لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەیان حکومەتێکی تەواو..و ئاویان بەکونی عجلەوە کردبوو.

ترسی تـورِدانی لـه سـکوڵەکانی دڵیـەوە چـەکەرەی دابـوو..و نـاوکی نەترەی کەتانـدبوو..و دەسـت و قـەدەمی شـکاو پـەردەی ئـابڕووی، خۆشـی و ترشـی وەلانـاو هانـای بـە پـەلـە پـڕووزەوە بـۆ ڕۆسـتەمی هاوپەیمانی و تەکبیرکەری بردو: ((ئەگەر ئەو چارەم بکـات دەنـا بـە پێنج و دوو ڕۆژی دیکەوە قاو دراوم)).

((هەردەمایەکی لە ئاسـت پـیران پـەلت بەسـتراو هیـچت بـۆ نـەکرا، خەبەری کاکی خۆت بدە)).

پیرزەنـدە: ئەوانـە لـە ڕوالّەتـدا مـرۆڤن. لەڕاسـتیدا دڕندەیـەکی بۆگەخۆری بێ حەیاو هەڵوێستن، هەرهەندە لەبەر دەمیـان بدرێتـەوە دێڵەبە با ئاسا خۆیان لەبەر دەیان گوڵ دەکەن. ئەگەر بۆشیان، بەم تەرزە نەچووە سەر، بێ شەرمانە، بەژنەکانیانەوە دێنە بەرێ)).

– دەخیـــل و ئامـــان، دەســـتم دامـــێن هـــەتا زووەو دوڕگۆکـــە بەدەرنـــەکراوین چـــارەیەکمان بکـــە. ئەگـــەرنا تـــەنگیان بـــەخۆم و هێزەکەمیان هەڵچنیوەو ئەوپـەڕی دە، پـازدە ڕۆژی دیکـە دەتـوانین خۆمان لەبەر حەملەیان ڕاگرین.

لەبریتی لام و جیم هەتا لەسـەر تیلەقـەی پـشت کـەوت لـە کـەیفان تریقاوە. نەخەسە لەکە دیقەتیدا ڕۆخسارە پەڕیوەکەیەوە: ((من لـەو ساتە دەگەڕام ژن کـەحێل تـۆ ئیـشت بـەمن کـەوێت! . ئـــ..ھ ئـەوڕۆ یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی منە قوربان)).

عەنتیکەی پێهات و گوتی:

– دەڵێیت: پیم بڕوا ناکەیت! ؟.

بەهێدی و پێکەنینێکی نزمەوە، لە ناخـەوەش، بەداواکـە مـچورکەی شادی لە نێو دەمارەکانی لەشی فڕکە فڕکیان پێکەوت و هینەکەشی خۆی دەلحاز لە غەرێفێ دەرهێناو:

– مەترسە.

– ئەمن دەڵێم نێرەو ئەو دەڵێ بیدۆشە!.

– ((گەلحۆ تاکو خاوەنی زەینەبخان بیت گورگیش ناوێرێت تخوونی ئاقارت بکەوێت)) و:

– دەڵێم دلّ لە دلّ مـەدە. مـادام جلـەودارەکانیان نـەوەی قوتـب و کێخوانە، لە باب و باپیرانیانەوە خوبزەو لێبانلێسی خۆمانن و زۆر لە مێژە بەفیت و یارمەتی ئێمەوە بۆ ئەو جۆرە کارانـە، لـە دوڕگۆکـەی باشوورەوە درووست کراون.

– با لەڕاستیدا ((حەدیدی)) یش بن ئەمڕۆ.. وا لە ئاست ئەمـەمانان هەمزاغانە.

حسیا هەترەشی چـووەو لـە ژێـرەوە ڕووخـاوە، کـە بەسـەرکەوتنی خـۆی دەقەبڵانـد، بـۆ ئـەوەی بێتـەوە سـەرە خـۆی، زەینیـشی لـە هەڵبەزو دابەزی نێوگەڵانی بوو، بەڕووێکی گەش و عوبابەوە:

– پێتدەڵێم:– پشتی دڵنیاییت تەواو بکەوەو دڵەڕاوکێی ترست، لـە سایەی ئەوانەوە، بە خەیاڵیشتدا گوزەر نەکات. بناغەی هەوڵەکانیان پتەو نیەو لەسەر گوفەکەو هەتا سەر دەرنابات.

((وەللا لۆمن وایدەر بردووە لە باس نایەت)).

پێشتر هەڵوێستی پیرۆت و باپیری بۆ کردبووە پیفۆکی سپییکراوو:((ئەوانە ئەڵقە لە گوێی من و ئایدنن و بێڕاو تەکبیری ئێمەوە هەرگیز ناتوانن هەنگاوێك باوێن)).

((ئـ..هـ وادیارە شەڕەکەشیان بەفیتی تۆیە جەناب!)).

– بەخۆیان دەزانن بایچەندینەو گریمان، بە ئاستەم پێدرێژی لە حەدی خۆیان زێتر بکەن بە پفێکی ئێمەوە بەحەوا هەڵدەچن.

((ڕاستە لە ئاست ئێوەدا وانە، کەچی لە ئاست ئێمەدا نێرەکەری باشتە پەینە)).

((مسۆگەرە بەو ئەڕکەلێی بە مرازی دڵە بێقرارەکەم دەگەم!. ئەوە ببووایە، بەبابەوە خەنی دەبووم!)) زەینی بەلای کوڵە وەیبابەکەیەوە هۆیداوەو دەم لە دەم جمانی بەگوڕتر دەبوو. بۆ ئاوێزانی تەماکەیەوە ما بەڕوویدا هەڵێنێت:

– باشە لە پاداشتی بەزاندنیان چیم بۆ دەکەیت؟.

باوەڕی هەرگیز نەدەهات و بە محاڵی دەپێوا، بۆ ئەوەی پاوانە بژۆێندارەکەی دوڕگۆکەی لە قیس نەچێت و زوو بێتەوە دەستی، بێ پەردەی شەرم و حەیاوە، نێوان عەردو حەواشی بەدوور دەزانی و:

– گەر مەرامەکەمت راستەڕێ کرد، مەرجە داوای ناموسیشم بکەیت نالێم:– نا.

بۆ رەشکێکی لەچاو برینە چاوی زەینەبەوە، بەدیاریـیـەوە کردبـوو، بـۆ ئـەوەی دوڕگۆکـەی لەدەسـت نـەڕوات، بـێ پـەردەی ئـابڕووەوە ڕاست و ڕاست بەڕووی هەڵدا.

هەرکە ئەمەی لێ بەرگوێ کەوت ((کورەخـۆ.. وا لەزگـە خەونەکـەم بێتەدی!. ئەدی چیت دەوێـت؟!)). لـە خۆشـیان زۆر نـەمابوو قیـت بێتەوەو بەجۆنیانی لەخۆهەڵدان و پڕبە گەروو هاوار بکـات و: ((بـژی زەینەبخان)). مێخزنجیرەکەی بەس کوتانی دەویست. بـۆ متمانـەی دڵی:

– پشتی خۆم بکەمەوە؟.

بە دوو دڵیەوەی گوت. لەبەر چاوی دەستی بە ئەنقەست خستە بان سومبە چەقیوەکەی و بە دیقەت لە دیدەکانی ڕووانی.

لەجیاتی شلەژان و چاوی پانی بەخۆدا شۆڕکاتەوە، یەکسەر گوتی:

– بەو نەوعە نەبێت چاکەت پڕناکەمەوە.

لەناخی سەقادرا بەس بە ئاواتەکەی بگاتـەوە بـە ناموووسـیش دێتـە بەرێ.

((ئەگەر ئەوەم بەڕاستی بۆ ئەنجام بدەیت، نەك جارێك دەجاریـشت دەقەبەڵ دەکەم)).

خۆشی ئاوقـابوونی ئاواتـە دێرینەکـەی سـەیتەرە لەسـەر هەسـت و هۆشـی کـردو دەمـی کـەیفی بـستێك داپـچڕاو قامیـشەکەی دەلحـاز عەجمانی لێهەڵگیراو:((ڕۆژتـە سەرسـۆر.. ڕۆژتـە. ناحەقیـشت نـاگرم

وەك ماری گەرما دیتە سانییەك نەسرەوییێت)). لێوانی خـەنی بـەهیچ کلو بابەتێکەوە نەدەگەیشتەوەیەك. بە ڕووێکی بافرەدارەوە.

– مـادام وایـە هـەر هەنووکـە، کەسـنەزان هـەڕووە خزمـەت شـێخ نوورەدین و مەلا تاهیرەوە.

تا ئەوساتەش بیری لە سەفاو مەڕوای نێـوان: ((وایـەو– وانییـە)) دا دەخولاێیەوەو ناچار:

– ئەوانی دووعا گۆچییان لەدەست دێت ؟.

بۆی دەرکەوت، لەم ڕوانگەوە ئاو لـەکۆڵی بـێ ئاگـایی دەخواتـەوەو بە هێمنییەوە:

– تۆ بچۆ خزمەتیان و سەلاوی منیان پێڕاگەیەنەو بڵـێ:– ڕۆسـتەم دەڵێت:– ئەمڕۆ.. ڕۆژی هیممەت و بەرەکەتی جەنابتانەوە)) و چیتر مەڵێ و بگەڕێوە.

بـاوەڕی تـەواو نـەدەهات و زۆری بـەدوور دەزانـی و: ((دەبـێ ئـەم پیـاوە درۆم لەگـەڵ بکـات؟)). بەسـەیرمانەوەی گـوت. پاشـدان: ((چەندجار بەڵێنی پێـدام: هـەر گـیرو گرفتێکـت، لەلایـەن پیرانـەوە هاتـە پـێش مـن وەك تـای تـەورداس ئامـادەم)). کـەمێك بـەدامانی بەرەخۆیەوە هەڵوەستەی کردو: ((مەگـەر.....)) دڵـی بەمـە قیـچێك مێخۆشبوو.. و: ((ئاگاشم لێیە لەمێژە دڵی چوویتێ. بۆیـە بڕواناکـەم بـەدرۆی بێـت)). بەمـە بـۆرە ئومێـدێك پەڕییـە، پەڕەکـەی دڵـی بـۆ یەکلابوونەوەی دغدغەی دڵی و:

– ئەوا گوتمان شێخ لەڕچەلەکی شێخ نەجمەدینی قوتبی مەداری نۆکەری ئێوەو زگڕەشانە، ئەدی مەلا تاهیری بووژانەوە؟.

بەشێوەیەکی ئاسایی یەوە :

– وا دیارە لەبن کەندووان نووستیت؟.

((گەلحۆ حەیاتی خۆشم لەسەر دانا بێت، لەبەر خاتری چاو جوانێ بۆتی جێ بەجێ دەکەم)).

– لەمەبەستت ناگەم.

– مەلاش لەوەچەی عەولارەی کۆنە گزیری هەردوولامانە.

دەیزانی پێی بڕواناکات و: ((دەلێی لە درۆزنان پەروەردە بووە. خۆت چیدیکە خەشیم مەکە: بەخوێن ڕشتنیش بێت بۆ نیازەکەی خۆم ئەو ئاواتەتبەجێ دەهێنم)).

تا غەللەکەی بڕەوتەوەو دلێشی زاخاو بدرێت:

– با ئەوەشت بۆ شی بکەمەوە: ((هەر شێخ و مەلایەکی ناوداری ئەمڕۆ، یان لە مەودوا، لە دوڕگۆکە سەرهەڵ بدەن دەبێ هاوساری هەڵس وکەوتیان لە مست ئێمە بێت، ئەگەرنا حەوانەوەیان لە دوڕگۆکە زەحمەت دەبێت.

((ئاین کراوەتە فاقی نەگبەتی سەرەکی پیران. ئەگەرنا ولاتمان نەدەبووە مۆلگەی ئەو تەرحە شێخ و مەلایانە!)). پیر زەندە بەدەیان جار وەبەر گوێیانی هەڵدابوو.

دوو دلێیەکەی گەڕاوە دۆخی پێشوو.. و سەری ناڕەزایی و باوەڕنەکردنی لێهەڵتەکاندو لە ناخەوەش: ((ئاخر.. ئەو کارەساتەو..

وڕووژانه، بەهێزە کوو بە ڕاسپاردەی زارەکی سەرنخوون دەبن؟. موستەحیلەو مندالّیش بڕوا ناکات)).

بۆ ئەوەی غەننەی دلّە ڕاوکێیەکەی لەدەروونەوەی بزڕێت، بەدەست لە پشتداندا:

– هیچ خەم مەخۆ: هەتا لەژیاندا ماوم: ((زەینەبخانیش چاوی زندوو بێت)) تۆ لەهیچ ڕووێکەوە، دەرحەق پیران نسکۆ ناهێنیت گەر مەرجەکەت بەجێ بێنیت.

گڕەکە هەراسانی لێهەڵگرتبوو. بۆ پەردە پۆشی بەرزایی ناو پستێرەکەی هەردوو ڕانی وێك هێنانەوە.

بەچاوی بەرەو ژێرییەوە هەرئەوەتە تێگەیشت و:

– وابزانە دوای تەواوبوونی کارەکە لە باخەڵتدایە.

دووبارەڵی حەزی لێڕسکاو: ((کورەخۆ.. مسۆگەربوو!. دەگ بەقوربانی زارت بم!)). زۆر نەمابوو مەیموونانە لە پێشی هەڵپەڕێت. زەردە خەندەیەکی کامەرانی زایە لێوەکانی و بەو پەڕی خوڵق خۆشییەوە:

– تۆش لەسەر کەڵەکەکانت، بێ خەم پاڵدەوەو شێخ و مەلا بۆ ئەوەی گوتمان زۆر لە من کاریگەرترن.

دووبارە، لەناخەوە: ((موستەحیلە!. بەڵان، ئەمڕۆ.. وسبەی قوونی ڕەش و سپی دەردەکەوێت!)).

* * *

دەنگ و باسێکی گەرم و گوڕ لە دوڕگۆکەی بەری باشوورەوە بڵاوبووەوەو بووە بنێشتە شینکەی سەرزاران:((پیرۆت و باپیری چەمەری پاش خەبات و تێکۆشانی چەند ساڵەو کوشتارێکی یەکجار زۆرو رزگارکردنی زۆربەی خاکی داگیرکراویانەوە، بێ ئەوەی گەرمایی یەکی ئەوتۆ بگاتە پاشەڵیانەوە، تەنیا بەڕاسپاردەی زاری خاوەن ئاخوڕەکانیانەوە، بەخۆیان و نۆکەرە چەکدارەکانیانەوە، بەکون فەیەکونێك یەکجارەکی تێڕیتن و شاپێکی تەڕو تازەی حاجی فاتمانەیان، لە گەڵ و نیشتمان و هەستی نەتەوایەتی، لەپێناوی سەر سەلامەتییەوە هەڵداو بەخۆشیان کۆسە بەبا ئاسا، بەنێو جەرگەی وڵاتی زارلووس و زگڕەشانەوە، بە زەریبەی قوون قوچکردنەوە، سەری شووڕەیی یان، یاغر یاغر بۆ هاندەران هەڵگرت.

خەڵکەکە پێ شڵەژان و سەرخۆش و خەوو خۆراك، بە جارێك دابەزین و پەردەی ڕەشی تازییەداری بەسەر گشتیان هەڵدراو دەست و قەدەمی غیرەتیان شل و توانای بەرگریان لەبەر بڕاو بێ خوایشتی حەزیانەوە دەستی بێدەسەڵاتیان بەخۆدا شۆڕکردەوەو ئاخ و داخی کەسەریان هەڵکێشاو چاوی غیرەتی مرۆیاتیان، لە ئاست هێزی داگیرکەرانەوە حیزانەدا نواندو چەند تف و نەفرەت، لەهەرلاوە، بەحەوای سەرکردە بەزیوەکان هەڵدراو:

– تف.. لەخۆتان و سەرکردایەتیتان.

– نەفرەت لەخۆتان و تێکۆشانتان.

– تف له توخم و ڕچەڵەکتانەوە.

– نەفرەت.. لەوکەسانەش هاوشانتانن.

– تف لەو کەسانەی مەیلی ئێوەیان هەیە.

– نەفرەت.. لەوکەسانەش ئێوەیان بە ڕابەر داناوە.

– تف لەو کەسانەش ئومێدیان بە ئێوە هەیە.

– قسەو بۆچوونەکانی پیرزەندە، یەکەیەکەیان ڕاست دەرچوون و: ((هەتا بەتەمای دەست و بازووی نەوەی شێخی جاسوس و سەرەك ئێلی بەکرێگیراوبین پاشەڕۆژمان هەر بەزین و تێڕیتنە!)).

هێزی لۆقنان، بە ئاشبەتاڵە، بێ تۆزەکەوە، گوڕو زەوقی داگیرکردنی دوڕگۆکەیان هاتەوە بەرو دەڕۆژی پتر نەخایاند، بێ سەرئێشە سەیتەرەیان تەواو لەسەر ئەو شوێنانەی لەدەستیان ڕاستاندرابوو کردەوەو کون بە کون بەدوای چەك و تەقەمەنی چەکدارە بەراویتەکان دەگەڕان و هەزارانیان دەسگیربوو.

عجل لای وابوو تازە چاوی لە دنیای ڕوون و ئومێدا تروکاندووەو لە خۆشیان بیست و چوار سەعات سێ جڕتیانە، لەخۆی هەڵدەداو مچوڕکەی شادی لەبنی پێی پەیدابوو، بەمێروولەکردن، لە تۆقی سەریەوە دەرچوو.. و لە تەمەنی ژیانیەوە ئاوا کەیفدار نەبووە: ((قەت نەمدەزانی و بیرم هەرگیز بۆی نەدەچوو: ئەو بەردە گەرمەم ئاوا.. زوو پێ بکەوێت!)).

هەر ئەو ڕۆژە، بێ خۆگنخاندن، بەکۆلێکی گەورەی چەك و فیشەك و پارەی زۆرەوە سەردانی ڕۆستەمی کردو یەکسەر داوەراوە ماچ کردنی پێلاوەکانی.

– ئەستەغفیروللا. ئەمە بۆ یەکێکی وەك جەنابت نەهاتووەو منیش لەوجۆرە کەسا نیمە قەبوولّەی بکەم هۆباب.

بەدەست خسنە سەر تۆقەلّە سەریەوەو.....

نەیهێشت زار لەیەك کاتەوەو چاووڕوو قایمانە بەڕووی هەلّداو:

– من مەرجەکەم.....

لەمەرامی حالّی بوو.. و هەرزوو، بێ پەردە خەجالّەتەوە، ئەبوو حەشیشانە پلی تەوازووی گەیاندە عەردی و پاشەلّ لە حەواوەو:

– قوربان بە خوایشتی هەردوولامان ئامادەیە.

هەرکە دلّی لەم ڕوانگەوە کەوتە عەردی شادی سەرتاپای لەشی داگرت و زۆر نەمابوو لەکەیفان نێرەکەرانە بزەڕێت و بلّوولّەکەی دەلحاز لە کیفك دەرهات و بەدەست خستنە سەری: ((کەری لە کەرێ تۆزێك داکەسێ و زۆرت نەماوە. ئەوەی بۆ تۆ هەلّکەوتووە، بۆ کەس هەلّنەکەوتووەو: ڕەنجی دەیان سالّی پیرۆت و باپیرم بەقووربان کردوویت. ئەدی چیت دەوێت!)).

هەرکە، قەبرغەی ئۆخەی گەیشتە عەردی، بەبسکەی سمێلّەوە بۆ بابەتەکەی تایەن وەچەرخاوەو:

– هـەروەك پێـشتر پێمڕاگەیانـدوویت: ئێمـە لـە هـەموو ڕووێکـەوە براینەو بڕاوە.

بەتەوازووەوە:

– گەورەم ئەو گۆتنی ناوێت.

– بـەس بـەگوێی بـرای خـۆت بکـە: لـە ئاسـت ئەوانـەی شـەڕکەرو هاندەر بوونە، بەسەبرو سەویەت بجوولێوەو کەم و زۆر.. ڕوویان لـێ گرژ هەڵمەیەخە.

هەردوو دەستی خستنە سەر دیدەکانی و بە خۆ کووڕ کردنەوە:

– هەتا قسەی جەنابت دەشکێت ملی شەیتان بشکێت.

بەدەست هاوێشتنە سـەر گـەڵ و گوانـە چـەقیوەکەی و دیقەتـدانی سـەرو سـەکوتییەوەو: ((چـیتر خـۆت مەگنخێنـە ئـالیکی دەوێـت، ئالیك)).

عجـل حـسیاو چـاوی پـانی بـەخۆدا شـۆڕکردەوە. پێـشتر لەگـەڵ خێزانەکەی، بەهێنانەدیی مەرجەکە ڕێککەوتبوو.

ڕۆستەم جوانی و کەحێلی ئافرەتەکە وای سەرخۆش کردبوو قـراری لێهـەڵگیرابوو.. و شـەوو ڕۆژ لـە خەیاڵیـدا نـەدەبڕاو زۆر شـەوانیش دەهاتە خەونی و هەرکە بەرامبەریشی دەبوو، بەڕووی خەنیەوە چـاو بڕکێی لەگەڵ دەکرد. ئەگەر بەمزووانە، لێی بە مراز نـەگات لـە گینـە دواڕۆژ شتێکی بەسەر بێت و لە هەڵس و کەوتی لەمەو دوای دەلوانـە گوزەربکات. ناحەقیش نەبوو فرشتەیەکی خوایی بوو. سـوورو سـپی

هەنارەیی و چاوڕەشی تۆخی سەرنج کێشن. لووت شووشەیی و لێو تەنک و ددان مرواری سپی و سمت خڕو توندو تۆڵ. بەڵەك گۆشتن و بێ مـوو. گـەردەن کێلـی و بـرۆ کـەوانی و بـرژانگ درێـژ، تـا دەسـت هەڵێنیت باڵا بـەرزو خـوێن لـەڕا بـەدەر شـیرین. لـەتاوان کەوتـە نێـو دەریاچـەی ئەشـق و مـشوور خـواردنی بیـست و چـوار سـەعات، بەردەوامی ئاوقابوونی. زەینی پەڵی بەدەیان لاوەی هاوێشت. تا بـەم لایەنە سەرنگرایەوە. لەدڵیشی ڕوون بـەم ڕێگایـە بـە مـەرام دەگـات. بۆیە بەرپابوونی جم و جـۆڵی پـیرۆت و بـاپیری بەکـەیفی بـوو..و لـە خۆشیان خەوی شەوان لە سۆماکانی هەڕمابوو.. و بەرەبەرەی بەیان هیلاکی دەی بۆرژاندو: ((حەیاتەکـەم شـەرت بێـت رەنجـی پـیرۆت و باپیرت بۆ بکەمە سـوورانە!)). لەخۆشـیان سـەیتەرەی لەسـەرخۆی نەماو لەکاتی پێکەنینە نەپساوەکەیدا کوندەمیزێکی بەخۆ داکرد.

هەرکە بەرەو ژووان هەنگاوینا، لەتاو خروشتی گۆلکانە هەڵدەپـەڕی و: ((بە بابەوە خەنی بووم، بە بابەوە خەنی بووم!)). هەر هێنـدەی پێگـوترا: ((زەینـەبخان!)) و ئـیتر هەرزەکارانـە ئـاوێزانی بـوو. ئەوەندەی مەراق لێـداگرتبوو، پـاش کۆشـێك منـداڵ لای وابـوو تـازە یەکەم کەڕەتە لە ژیانیدا ئاوقای ئافرەتان دەبێت.

پێشتر بەچاو هەڵتەکاندنی هەرزەکارانە ئاماژەی بۆ کردبوو. ئەویش لـچی لێخـوار کردبـووەوەو لەوسـاکەوە بـەڕووێکی عەبووسـەوە بـۆی دەڕوانی و هەگبەی قاری پێهەڵـدەگرت: ((سـوێند بەهەرچـی پـیرۆزە

دەخۆم یەکەم جار، ئەگەر بۆم لوا، بەڕووتیش نەبێت لەگەڵت جوت نەبم!)).

وای کرد زەینەب پانتلۆنەکەی بۆ داکەنێت و ئەویش ئاوەڵکراس. لەگەڵ دیدەسەنگرانەوە لەسەریدا: ((وەی بابیلۆکی....)) بەحێلکەیەکی حێل و ناو لەپ بەیەکداداندا: ((کوو.... کردووەو دەڵێی بەری ....)) و بەلینگ ((.....))دا ((ڕاوەستا.....)). پشوو سواری نوتقی بڕی و ئەویش خراتر. لەگەڵ قیت بوونەوەدا: ((کوو.....))، لەگەڵ ((.....)).

بەزەردەخەنەیەکی تەڵخەوە: ((یەك.... بەس.....)).

هەر.. ڕۆژێکیش زەوقی هەستابووایە لێینەدەپەنگاوە.

زەینەب پێشتر مەیلی لەسەربوو، کەچی پاش لەتام دەرچوونییەوە وەبەر گوێی پیاوەکەی هەڵداو:

– فێرکەران فێرمەکە، فێریان دەکەیت لەبیریان مەکە. ئـ..هـ لەپێناوی دزینی سەروەت و سامانی پیرانی دراوسێی بێدەسەڵاتەوە ناموسی خۆشت زڕاند هۆباب.

دوای قڕس بوونی پیاوەکەی و ئەمەی: ((ئەرێ بەس نەبێت!))، لێ بەر گوێ کەوت و گوتی.

* * *

((ئەمەش ئـەنجامی هـەموو خـەبات و جـم و جۆلییەکـە، جلـەوداری لەناخی میللەتەوە هەڵنەقوڵابێت. ئـ..ه، هەزار جـارم گوتـووە: هـەتا ئێمە بەتەمای دەست و بازووی بەچـکە شـێخ و سـەرەك هـۆزان بـین حاڵمان لە ئەمڕۆ چەلەنگ تر نابێت)).

پیرزەندە بەکارەساتەکە گەلێك شپرزاو تێکچوو.. و هەفتەیەك زیاتر لەهیچ جێیەك نەدەقرقراو لەبان سـەر دەسـووڕاو زۆڕە زۆڕ دەگریـاو: ((وەیڕۆ.. لەخۆمان بـێ پـشتێ ڕۆ.. وەیـڕۆ لـەخۆمان بـێ جلـەوداری ڕۆ..!)).

قـــسەی لەگـــەڵ بکرابووایـــە توانـــای وەڵام دانـــەوەی نـــەبوو. لەدەروونەوەش بەهەڵچوونەوە: ((چەند سالێ و حەیام کوشتن و بڕین و دەربەدەری و قوڕبەسەری و ماڵوێرانی، تابە هـەزار نـاڵی عەلیـەوە توانیمان بەشێکی زۆری نیشتمانە داگیرکراوەمـان، لـەژێر چـەپۆکیان قوتار بکەین. ئەوجا لەسایەی توخمە شێخ و سەرەك ئێلانەوە، ختو خۆڕا گەڕاینـەوە سـەر حـولم سـێی جـاران و دەسـتمان لەهەمبانـەی ئاوات بەربوو.. و ئاوێ بێنەو دەستمان بشۆ!)).

ماوەیـەکی زۆر کورکایـەوەو چـاوەکانی لەبـەر فرمێـسکی زۆرەوە ســـوور هەڵگـــەڕان و: ((بـــەزم لێرەدایـــە: ئێمـــەی ڕەش و ڕووت و چەوساوە سالێ دوازدە مانگ لەژێر پۆسـتاڵی کوشـندەی داگیرکـەران زیڕەمان دەگەیشتە کەشکەلانی ئاسمانەوە، کەچی جەنابی پـیرۆت و باپیری سەرکردە هیچ کات نێوانیـان لەگـەڵ هەرسـێکیان بـە مووێـك

تێکنەداوە)). نووزانەوە دەستی لێساندەوەو: ((لەبەرچاوانیش بوو هەرکە، بەس بەفەرمانی زاریيەوە تۆزێک گەرماییان گەیشتێ داگیرکەرانی ڕۆژهەڵات و باکوورەوە، باڵی بەزەیی و دۆستانەیان بەحەزو ئەوینیانەوە بۆ قوولڵ کردن و بێ پەردەی خەجاڵەتەوە خۆیان لە میللەتە بێ خاوەن و نەدارەکەیان هاوێردو.. وەک نە بایان دیبێت و نە باران، بەپل گەیاندنە زەوییەوە، بەراویتانە تێیان قوچاند)). قارو خەفەت سکوتی پێکردو: ((ئەوەندەشیان پارەو سەروەت و سامانی نیشتمانی و خەڵکەکەیان دزیوە، هەتا نەوەی نەوەشیان، بە هەر چوار پەلیان خەرجی بکەن لەبن نایەن.ئا.. ئەوانە سەرکردەی ڕزگارکەری پیرانن!)).

گریان هێشتا بەرۆکی بەرنەدابوو.. و ژانەسەریشی چووە پاڵ و بەهەردوو دەست سەری خۆی گرت و: ((یاخوا بەخێر بێیت سوورە گوڵی باخان: هەرتۆمان مابوو!)). بەبیرکردنەوە لەبەر خۆیەوە ڕاماو: ((چ من ناکوژێت دەنگی هاوارەکەم لێ جوودا نەدەبووەوەو لەگوێیان نەدەزرینگاوە. تا بەچاو دیتمان وا ڕەنجی خەباتی ساڵەهای ساڵمان بووە گنجی دامێنی سەرکردە بەزیوەکان)). سڕیلەی زۆر ناچاری کرد کەمێک بووەستێت و بەدەستە سڕ بیسڕتەوەو: ((ئەوجا کوو دەزانم: خوا حەقە، ئاواش دەزانم ڕۆژێک هەردادێت: جم و جۆڵی ئێمەی کۆیلەو ژێر چەپۆکی ستەمی داگیرکەرەوە دووبارە، سەر هەڵبداتەوە، بۆ ئەوەی لەبن چنگی بێ

ئامانیانەوە دەرباز نەبین و جلەوی ئێمەیان لەمست نەترازێت، بە فیتی حەرامزادەیی هەرسێ لاوە، هەردووکیان دێڵە حیتانە، بۆ ئاشبەئاڵێکی تر، لە هەندەرانەوە، بە خاوەی پلی ڕیسوایی یەوە سااڵدانە، سااڵدانە، دەگێڕنەوە. ئەمەش بۆ ئەوان شۆڕش و سەرکەوتنە)).

ماوەیەکی زۆرسەری خەفەتانی لەقاندو: ((بەزمی گەورەتر: هەتا پیرۆت و باپیر لەژیاندا بمینێن گوللەی داگیرکەران جەستەیان ناسمێت)). بەم وتەیەی خۆی لەسەر ئەو دڵتەنگییەوەی زەردەیەکی هاتێ: ((تۆخوا لەدنیادا کەس بووە گوللە بە دەڵینگ هەڵماڵدراوی ژێرە خۆیەوە بنێت!)).

*　　*　　*

شەتاوێکی گەورەو تیژو بەخوڕ لەبەرزایی ئاوڕێژی نێوان دوو تیرەشانی دوڕگۆکەی بەری باشووردەوە هەڵدەقوڵێت و بەرزی فوارەی لەهێندەوەرزاندا خۆی لەقەرەی((٣)) مەتر دەدات. هاژە هاژی لەدوورەوە دەبیسترێت. چۆڕی شیر سپی و سازگار. لەوەرزی گەرمادا ئەوەندە ساردە بەچەند خولەیەك شفتی شەق دەکات.

خەڵك کۆمەڵ کۆمەڵی نەپساوە، بۆ گەشت و سەیرانەوە هەتا خۆر لەکەل کەوتندا لەدەوروبەریدا دەگوزەڕێنن و لەکژی ساردیشدا هەڵمەدوکەی گەرمی دەبێتە غەمری نێوان خۆی سۆمای بینەرانەوە.

ملەکان ((ڕم)) ئاسا بەبڵندی ((١٠٠)) سەت مەترەوە لەچەقی پێدە شتێکی پان و تەقرانێکی لووس و توخی و ناوەڕاستی خاکی دوڕگۆکە چەقیون.

ئاوەکە دووبەشی، پاش دەیان مەتر بڕ دەبێت و بڕێکی بەلای خۆرهەڵاتەوە هەڵدەڕێژتە ڕووبارێك سووری ڕەنگی خاکەکەی بەسەردا سەپابوو.

بڕی دووەم، بەلای باکوورەوە، لەڕووباری خاك بۆردەکاتەوە. بەشەکەی دی ئاوێزانی ڕووباری زەوی ڕەش دەبێت.

لەنکاری ئەوئاوەی هەڵدەڕێژتە زێی ڕەشەوە شۆڕە ((بی)) یەك ڕووابوو. ئەستوورایی قەدی نزیکەی ئامێزێك پترو چوار مەتریش بڵند. لقەکانی وەك قژە ئافرەت لەهەرلاوە گەیشتبوونە زەوی و فززەیان لەتیشکی خۆر بڕیبوو. چەند لقێکی بەلای کوێستانەوە لە شێوەی دەرگا قوت کرابوون. ژێرەوەی هۆدەیەکی بەرفرەوان. جێگەی دانیشتنی ((٢٥)) بیست و پێنج کەس. جۆگەیەکی ئامێزاو لادرابووە ژێری و سارداوێکیش لەبنە بانەوە فێنك و بۆن و بەرامەی خۆشی وا ((١٠)) دە هەنگاو دوور بەرکەپووان دەکەوت. هەر زینەت بوو ڕۆژ تا ئێوارە لەبنی سەرخەوی لێ بشکێنێت.

هەر میوانێکی مەزن و ئازیزیان، لەوەرزی گەرمادا بهات بووایە، تا شەکەتی ڕێگای لەجەستەوە دەردەچوو پشوویان پێ لەبن تووەکە دەدا.

*　　*　　*

– بژی سەرکردە تێکۆشەرەکانمان.
– بژی سەرکردە کۆلّنەدەرەکانمان.
– بژی ڕابەرەکانمان.
– بژی خەبات و تێکۆشانتان.
– ئێمە تاکو جلەوداری لێزان و چاونەترسی وەك ئێوەمان هەبێت باکمان هەرگیز بەهێزی دوژمنانەوە نابێت.
– بۆ پێشەوە پێشمان کەون سەرکردە ئازیزەکان.
– ئێمەی پیران تا دوا تنۆکی خوێنمان لە پشتتانین.
خەڵکەکە بەبتوونی مێرووستان ئاسا، بەوپەڕی کەیف و زەوق و چەپڵەو هوتافەوە، بەپیر سەرکردەکانەوە چووون و ئاماژەیان، بە شادی و خولق خۆشییەوە بۆ ژێر تووەکە کرد.
((مسۆگەرە بۆ تێڕیتنێکی تریان گێڕاونەتەوە)). لەفزی پیرزەندە بوو.
چەند کەسانێك لەمیوان و دەمڕاست و جوامێرەکان، لەسەر کورسیان ڕوونیشتن، چەندیش بە قەرەپەستانێ و شان بەشان بە پاوە، ئەوانی تر خڕ لەدەرەوە.
میوانەکان لە هەوەلەوە، لەبەر قەرەبالّغی کەس بە کەس نەبوو.. و چاك و چۆنی و دەم و ڕوو.. ڕاموسانی ڕێزگرتن و ((یاخوا بەخێر بێنەوە)) ی گەرم و گوڕی خانە خوێیەکانەوە، نەدەپڕژانە سەر.. ڕووانینی دانیشتووان و ناسینی تاکە، کەسییەوە.

له ((دلارۆ)) وه بترازێت، به فیتی پیرزەندەوه: ((ئێـ.. ھ بـا بـزانین ھەڵوێست و ھەستی مرۆڤایەتیان دوای تێتەقاندنـە شـوومەکەیانەوە، بەپێزتر بووە، یان بەرەواژی، خانە خوێیەکان متەقیان لەخۆ بڕی.

ئەمیش نـاوە، نـاوە، بـەڕووێکی بـافرەدارەوە، لەگـەڵ زار پـچڕان و ڕووانینی بۆ ھەر یەکەیانـەوە، بـە ئەنقەسـت لینـگ لەسـەر لینگـەوە ئەستووڕایی ڕانـە تـوورت و سـپی و گۆشـتنە سـەرنج کێـشی حـەزی نێرەو زان، لەژێر تلیشی ((تەنوورە)) ڕەشە تـۆخ و کـورت و تەسـکە دوو فلیقانەکەیەوە ھەتا بنەبانێی نیشان دەدان.

((ئاخر کەسانێك، لەڕەگەزی سەرەك خێل و شێخان بن و لەمەیدانی دوژمنی داگیرکەرو خوێن مژانەوە، لەترسـی قـوونی خۆیـان ببـەزن و ئاشبەتاڵی یەکجارەکی لەخۆشەویستی گەل و خاکیان، بـەکون فەیـە کونێك بکەن و بەخەیاڵیش نەتوانن بۆنی ھـەوای ئاسمـانی نیـشتمانە داگیرکراوەکـــەیان ھەڵمژنـــەوەو بـــەخۆیان و خـــاوو خێـــزان و خوبزەکانیانەوە، لەباڕو مەلھەی شارە قەوغەکانی جیھاندا، بەخۆشی و کامـەرانی ڕابـبـوێرن و میللەتیـشیان لـەبن پۆسـتاڵی خوێنمژانـەوە بـــچەوسێنەوەو زیڕەیـــان بگاتـــە ئـــەوجی حـــەواوە، چ ئومێـــدێکیان لێڕەچاو دەکرێت و تەمای چیان پێ بمینێت. ئەوانـە دوژمنێکـی، بـە بـاڕە بـاڕن و لـەژێر عـەبای نیـشتیمان پەروەریـدا خۆیـان مـەلاس داوە!)).

پیرزەنـدە ھاتنـەوەی ئـەوانی ھـەرگیز لـەمل خۆشـنەبوو.. و کۆنـە غـەرەزی پێـشووشی لێیـان بـەبنی داوەو ھـــەردەم بەدەھرییـــەوە دەیگـوت: ((مـادام ئـەو نەوعـە تێکۆشـــەرە بـــەزیوەبوون و ئـاوی یـەکجاریتان لـەژێر مەنجـەڵی خـەباتی چـەند سـاڵەتان وەردا، لـۆ

لەهەوەلەوە دەستتان دەوەشاند. دروشمی حیزی و سەلامەتیتان بەرز بکردبووایە، سەت قات لەشەڕ باشتربوو. ئەوسا هەرنا میللەتە خێر لەخۆنەدیوەکەمان قاریان ئەوها لێنەدەخوراو نەدەکەوتنە بەر کەلبەی تیژو بێ ئامانی گورگە دەم بەخوێنەکانی لۆقنانەوە)). کەچی نەیدەویست بەر پەچی حەزو ڕای گشتی نەتەوەکەی بداتەوەو بکەوتە مشت و مڕی بێ ئاکامەوەو:

((ئەوانە قەت سەرکردەی میللەتیان پێناگوترێت: لە ڕاکردنی بەزینی مەیدانی داگیرکەران و چەورەبوونەوەی سەرجۆخینی حازری ((نێری)) ی بەرایی نەتەوەی خۆیان بن. کەچی بۆ ئەوانی سەر شۆڕی جەنگی کەڕامەتەوە، مۆدیلێکی نوێیەو شانازیشی پێوە دەکەن و هەردەم دەڵێن: ((سوار تا نەگلێت، نابێتە سوار)). بەڵێ تاکو چەندجار بە پاشەڵ قوچ کردنەوە، پلی گۆردایەتی، بۆ داگیرکەران، نەگەییننە زەوی بەخۆیان نالێن: سەرکردەی ڕاستەقینە)).

لەکاتی گفتو گۆدا مگێزی سەرنجی وا توریندانە هەڵخستبوو، بەهێمایەکی کەمیش دەفامرا کامیان، لەدانیشتووانی ژێر تووەکە زەینیان تەواو لەسەرو بنی قسانە. گشتیانی لا ئاسایی بوو. تەنیا سەرکردەکان نەبن: ((ئـ..ھ وادیارە لەهەندەرانەوە شەهادەی دکتۆرایان لەحەز حەزۆکێی ئافرەتان هێناوەتەوە بۆیە وا لەنێو ئەو عەشاماتە پێشواز یکەرەوە هەست بە حەیاو ئابڕوو چوون ناکەن!)).

* * *

هەرکە پێی و قدوومیان، بەڕووێکی ناگزوورو بێحدووری وا سەگ کلکی لێیان بدابووایە، دەکەوتن، نایە سەر خاکی باب و باپیرانیانەوە. پێشوازییەکی گەرم و گوڕی وا کران مێژووی ئاوەدان کردنەوەی دوڕگۆکە، بەخۆیەوە نەبینیبوو. گەورەو گچکە، ژن و پیاو بەوپەڕی زەوقی شانازییەوە، بەپیریانەوە چوون.

پیرۆت و دەست و پێوەندەکانی، لەبەری باکوورەوە، پێشوازی کران و باپیریش، لەبەری ڕۆژهەڵاتەوە. هەرکەل و پەلێکیان، لەسەر شانی یەکێك دەدیترا. دوو سێ سەعات، بەبۆنەوەی حەوجەبوونەوەیان، لەبەر دەرگای تووەکەوە، دەنگی دەهۆل و زورناو هەیدۆ.. هەیدۆی سۆزی شاییکەران و شاباش شاباشی چاوەشان دەگەیشتە ئەوجی ئاسمانەوەو هەستانی لەدووڕەوە دەڕووژاند. دەلحاز بێ سێ و دووی پێگووتن: ((کلیل)) ی کاروباری حوکمڕانی و وڵاتیان دیسان بەسۆزەوە، لەمست نانەوە.

پیرزەندە زۆر نەمابوو، لەحەیفان بتەقێت و : ((بەداخەوە هەول و ڕەنجی قوڕ بەسەری و مااڵوێرانی و دەربەدەریی ساڵەهای ساڵمان، لەسایەی بەچکە شێخ و سەرەك عەشیرەتانەوە، مسۆگەر، بە دەهۆڵ و دڕانێکی دیکەوە کۆتایی دێت)).

– لەسەراییدا، بەناوی خۆم و پیرانەوە، بەخێر هاتنەوەی جەنابی سەرکردە تێکۆشەرو کۆڵنەدەرەکانمان دەکەین و سوپاسی، بێ پایانمان، بۆ ئەو هەوڵ و خەباتە، بەردەوامییەتانەوە، هەتا هەتایێ

لەیاد ناکرێت. سوڕپیش دەزانین ژیانی پەناو پەسارگەو کێوو هەڵەت و غەوارەییتان گشت لەپێناو ئەو ئازادی و سەربەخۆیی و گوزەران خۆشەی ئەمڕۆ لە ئارادانە بووە. بۆیە ئێمە لە پاداشتا هەتا چاومان زندوو بێت سەرمان بە تەوازووەوە، لەجێ پێی پیرۆزەکانتانەو هەر فەرمان و مەرامێکتان بەخەیاڵدا دێت ئێمەی خزم و کەستان، بەدەست لەسەر سینگ و سەری کۆتی شانازییەوە جێ بەجێی دەکەین.

بەم پیاهەڵدانە ((با)) ی غروورییی نەدیتکانەیان کەوتە کەوڵەوەو پەردە پۆشی بەراویتە شوومەکەیان و خۆیان زۆر لەکەڕەتی پێشوو لەئاست میللەتەکەیاندا مەزنتر هاتە بەرچاوو لەهەموو دەراوێك ئاو نەخۆنەوە.

دوای پشووی حەسانەوەیان، بەچاوی کڕیارییەوە سەرنجیاندایەو لەجوانی و شۆخی و ناسکی و شلکییەوە حەپەسان و لەدڵەوە فیتەی سەرسوڕمانیان بۆ ڕاهێشت. لەتاو ئەسپا بەکانیانەوە دەلحاز ئۆقرەیان هەڵگیراو ئاگایان لەمام شەهابی عەشاماتی پێشوازیەکەرەکان بڕاو ئاوی سوق بوونەوەیان زایە دەمیانەوەو دەستە سڕ بەر پەچ بوو، دەنا لیکاوی لالغاوانیان بازرەقەی دەبەستا. بەتەنیا کەڕەتێك دیتن پسپۆر ئاسازانیان چەند مووی بەلەشییەوەیەو هەریەکەیان بەدەست خستنە سەر بارستایی ناو پستێرەکەیەوەو لەبەر خۆیەوە سوێندێکی مزری پێداداو:

((بەشەڕەف ئەوندە سالّەی لە هاندەران گەڕاوم و.. ولّاتانم دیوەو دەست لەملانی چەندین ئافرەتی شۆخ و شەنگ و دەلینگ هەلّمالّدراوان بوومە فریشتەی ئاوا خوێن شیرین و ناسکم، مەگەر بەدەگمەن، نەکەوتووەتە بەرچاو!)).

ناحەقیش نەبوون: ماخۆ مردە لەجوانی و قۆزیدا، بێ هاوتابوو. تا برای خۆشی عەشقی دەبوو.. و هەلّبەزو دابەزی لەدوورەوە بە عەتۆتەی گۆلّان دەکرد. دیدەشینی کۆتری و کولّمە گۆپن و پەنجە گۆشتن و سورو سپیی ڕەونەقداری بە ڕووان دەتریسکایەوە. گەردەن کێلی و ڕوونی وا گەر مێوژی ڕەش بخوات، لێوەی دیار دەبێت. زار ئەوەندە گچکە پارو بچووك نەبێت پێوەی ناچێت. لێو تەنك و قەیتانی و ددان و وردو ڕێك، خوێن ئەوندە شیرین قەستت دەکرد بیکەیتە بابۆلەیەك و قوتی بدەیت، یان بیست و چوار سەعات ئاوێزانی بیت. هەرکە لە جوانیدا دەگوترا: ((دلارۆی پیران دەبڕێتەوە)) و سەلاواتی دەستەو نەزەری گەرەکە. نەخەسەلە مێشی پێ هەلّنەگەڕابێت و بۆنی بەر لووتی نێرەوزان نەکەوتووبێت. دووبەشیش ئەمە هارو هاجی کردبوون و ئۆقرەی لێبڕیبوون. ئاواتە خوازی حەشەفەکەیان بوو یەکسەر بنێرنە خوازبێنی. کەچی نەنك و شوورەیی باری کۆمەلّایەتیی ناوچەکە پشتی حەزیانی شکاندبوو.. و لە قەوچەی گڕەکەیانی داوەو بەسەریشاندا زالّبوو.. و چەند ڕۆژێکی کەم، خۆشی و ترشی دانیان، بێخوایشتی ویستیانەوە، بەخۆ داگرت

و هەر.. ڕۆژێکیان پێ ساڵێك بوو. زۆر شەوانیش ئامێزیان لەسەرین وەردەهێناو هەتا بەتریکی شەویان، بە ((ئۆخەی دلارۆخان)) بەسەر دەبرد.

* * *

بەتاندانی پیرزەندەو جوامێرانی دنیا دیتەو کۆلاوی نێو نەگبەت و کارەساتی ڕۆژگارەوە، لەڕۆژی ئاشبەتاڵە بەدیۆمەکەوە دواتریش کەوتنە دنیای تەکبیرو مشوور خواردنی زۆرەوەو بەبڕیاری گشتیانەوە هەرکەسەو لە نێو شارو کەرخی مالێ و گەڕەکی خۆی و دەورو بەریەوە چەکێکی زۆریان بەهیممەت و بە قیمەت لەدەیان بەزێوەکان، لە مگێزیشیان خۆشبوو، پێش ئەوەی هێزی لۆقنان شوێنە ئازادکراوەکان داگیربکەنەوە گڵدانەوەو کەسنەزان حەشاریاندا. شەوی ئەو ڕۆژەی هێزی لۆقنان دەستیان بەسەر چەکەکاندا گرت، بەمەزەبیان، چەکی بەرگری دەگمەنیشیان نەهێشت. تاکو دوای توانانەوەی هێزی پیرۆت و باپیرەوە، وانەخەملێنن: ((پیران تازە دەستە پاچە بوونەو شنگی بەرگریان بڕاوەو: گەر بەراو پشت سواری سەرملیان ببین توانای فززە لەبەروە هاتنیان نەماوە))، دەیان لاوی بەجەرگیان: ((ئاسۆ.. و لێزان و دڵشادو سروودو مەریوان و ئازاد)) و چەندی تر چەکدار کردن و لەسێ چوار لاوە، جەسوورانە، بەسەر گەورەترین مۆلگەی

داگیرکەرانیانـــداو بەپەلـــە پـــرووزەی هەڵەداوانـــەوە گەڕانـــەوەو چەکەکانیان، هەرێ وابوو تەسلیم جلەو لەمستەکان کردنەوە)).

((ئەم زەربەکت و پڕو ناگەهانە چ بوو خوایە!. هـەرناومی بـەجارێك هەڵتەکاند!. دیـارە ئـاگری بـن کاییّنـەو هێـزی بـەرگریان بەپاشـەڵی تـەڕی پـیرۆت و بـاپیرەوە نـەلکابوو!. بـۆ تـۆ پانـدینان حنگێکـی گەورەتریان پێویستە)).

ڕۆستەم و ئایـدن نـاوە نـاوە بـەناوی پتـەوکردنی پەیوەنـدی نێـوان خۆیـان و پـیران بـەری باشـوورەوە، دوا بـەدوای هێرشـەکەوە گەنجـەکانیان داوەت دەکـردن و پـاش دوو سـێ ڕۆژ سـەفاو مـەڕوای رابـواردن و بـەزم و ڕەزمـەوە بـەڕێزو حورمـەتێکی زۆرەوە، وارە وارەیان دەناردنەوە.

پیرزەندە بانگۆڵەی کەوتە لەشەوەو سەری خەفـەتانی لـە نـەزانینی لاوەکـانی بـاداو: ((کـوفرێکی گەورەیـە: متمانـە بـە داگیرکـەری نیشتمانمان بکرێت)). لە هەناوەوە دگە دگی دەغەزی بـوو.. و پتـت لـێ بدابووایـە، لـە قـاران دەتـەقێ و: ((بابـە هـەر تۆزێـك بـیر لـەوە بکەنـەوە: ئەگـەر نیازیـان پـاك بێـت، داوای پـل گەیاندنـە عـەردی ئێمەیان لە چییە، یان با ئەو خزمەتەی دەقەبەڵ گـەنجی پیرانـی بـن دەستی خۆیان بکەن)). دەسەڵاتی بـەر پەچـی جـۆش و خـرۆش و.. وڕوژانی، بـەگوڕی عـەوامی خەڵکەکـەی: تـەرحی ڕەوکردنـی پـەز بـۆ سەر خوێڕچك، نەبوو. تایبەت لاوەکان.

*　　*　　*

دەنگ و باسی موفاوەزاتی نێوان پیران و لۆقنانەوە، لەسەرتاسەری دوڕگۆکە بڵاو بووەوە.

هێزی لۆقنان هەر ئەو ڕۆژە مۆڵگەکانی نێو خاکی دوڕگۆکەیان چۆڵ کردن و کشانەوەو لە لێواری ئەمبەری زێی ڕەشەوە ئۆردوگایان دامەزراندو دەستیان لە کاروباری وڵات کێشاوە.

پیران لێکڕا دڵنیابوون موفاوەزاتەکە ڕەوایەو جێی خۆشی لە نێو دڵان کردەوە.

پرزەندە حایج بوو.. و.. وەك باڕکەی، بۆ یەکەم جار بێ هێلکە بکات، لەعەردو بەردی خوا سوکناتی نەبوو. پیران لەکەیفان شتاقە لێوی خەنیان نەدەگەیشتەوە یەك و نێرو مێیان، بە لەخۆهەڵدانی جۆنیانی ڕژانە دەرەوەو هەتا گەروویان لەبار دابوو دەیان نەڕاندو:

– بەهۆی زەبری کوتەکی خەبات و کۆشینی زۆرو بەردەوامیمان، توانیمان سەر بەو دوژمنە چەتوون و بێ مەزەبە، بۆ موفاوەزات دابنوێنین.

– بڕی کوتکی کاریگەر.

– بڕی زەبری کوتەکی پیران.

– بڕی جەنگاوەرە کۆڵنەدەرەکانمان.

– بڕی سەرکردە خۆشەویستەکانمان.

– بڕی دەست و بازووی بەهێزیانەوە.

– بڕی شەڕو پێکدادان.

– بژی یەکێتی و تەبایی.

– کافر بەخێرا خۆی ناچێتە دۆزەخەوە.

– ئەوە گۆتنی ناوێت.

پیرزەندە گریانی بەو سەردولکانە، نەدەهات و لەدڵی سەقادرا: ((ئەو ماستە موویکی تێدایە!. سەرکردەکان هەرکە گەڕانەوە، بێ ئەوەی پلیان بخەنە سەر پەلە پیتکەی چەکەوە عجل موفاوەزاتی لەگەڵ کردن. ئەمە قەت نەبووەو نابێت)). ماوەیەك بەسەر هێنان و بردنی بیرکردنەوە لەم ڕووەوە: ((پیلانێکی یەکجار گەورەیەو دانە ڕێیەك لە موفاوەزات دووڕە!)).

– چی.. موفاوەزات!؟.

پاش زارداخستنی بۆ قڕس کردنیان، تا هێزی لەبەردابوو حریتاندی و دووبارە:

ئەوانیش بەسەیرمانەوە بۆ زاریان ڕووانی.

– موفاوەزات!؟. عاجباتییە!.

زیاتر حەیرمان و تاکو بزانن چ شەکر دەشکێنێت تورێندانە هەست ڕاگر.

هەتا لەسەر هەڵدانی موفاوەزاتە بن بۆشەکەیان، بەمەزەبی حاڵی بکات و:

– لەوەتی خوا ئەو دنیا پان و بەرینەی بنیات ناوە، هەروا بووەو هەرواش دەبێت: ئەگەر مەعبێنی دووکەس، یان دوو بنەماڵە، یاخۆ

دوو دەوڵەت لەسەر بابەتێکی هاوبەش تێک بچێت، بەرژەوەندی هەردووڵا وا دەخوازێت موفاوەزاتی لەسەر دابەش کردنی بەیەکسانی بکەن، یان لایەنێك، تەنازول بۆ لایەنەکەی دی دەکات، و.. واریقاتەکە ئەوسا دەکەوتە کۆندڕێ نەمانەوە.

– دوژمنانی ئێمە لەسەرچی موفاوەزاتمان لەکەڵ دەکەن. چمان لەبێندا هاوبەشە، هەتا چەشنی پێشوو داربڕێك بەنێواندا بهێندرێت.

وەڵامی نەدراوەو:

– خۆ ئێمەی پیران بە خەیاڵیشماندا نەهاتووەو ناشهێت داوای شتێك لە لۆقنان بکەین، یاخۆ.. خوانە خواستە چاوی ئێرەییمان وەك ئەوان بڕببێتە خاك و بەروبوومیانەوە، یان شتێکمان لێیان زەوت کردبێت و تاکو داواکەمان بەرامبەر بێت.ئ..ه ئەوان مگێزیان هەردەم دڕندانە، لەداگیرکردنی نیشتمان و قڕکردنی ئێمە خۆش کردووە. ئەمەش موفاوەزاتی بەهیچ تەرزێك پێویست نییە. ناوەللا ئەگەر ئەوان نیازیان پاك بێت، نەك هیچمان لەبێن نامێنێت، بگرە ئێمەی پیران گەورەو بچووکمان مەمنوونیان دەبین و خۆشمان هەتا دنیا دنیایە بەبرا گچکەیان لەقەڵەم دەدەین.

متیەکی کەمی بەسڕینەوەی کەفن ئەملاو ئەولای زاریەوە، بەهۆی قایم قسەکردندا سەری هەڵدابوو..، ئەوقابوو..و:

– وێڕای ئەوەی گوتمان پیرۆت و باپیر، بە پشتیوانی چ هێزێکەوە سەریان بە دوژمن داهێناوە، تاکو ملکەچی موفاوەزات بێن. حاڵی

حـازریش ئارەقـەی شـەکەتی گەڕانـەوەیان بەتەوێڵیانـەوە، وشـك نەبووەتەوە.

لەحـەیفان زۆر نـەمابوو دڵـی بتـەقێت: ((کەواتـە ئـەوە پیلانێکـی داڕێژراوی نێوان پـیرۆت و بـاپیرو داگیرکەرانـەو چـۆنەو کـەینێ سـەر هەڵدەدات نازانم)).

خەڵکەکە سەری سەلماندنیان بۆ نەهێنانە بەرێ و بـەر پەچـیان بـە موشتاقەوە داوە:

– لۆخۆت تا شل و کوت دەبیت هەر بڕێسەو هەر ئەوهاش قەوچـان لێدە. وا لەبەر چاومانە هێزەکەیان بیـست و چـوار سـەعات زیڕەمـان بەدەستیانەوە دەهات وا بەبێ شەڕو کوشـتن و بـڕین، بـە خوایـشتی خۆیانـەوە مولگـەکانی نـاو شـاریان چـۆل کـردووەو کـشاینەوە سـەر سنوورو لەهەر لاوە هاوار دەکەن و:

– تازە ئەو ڕۆژە، ڕۆیشت ئێمەی دراوسێ جـارێکی تـر چـاو ببڕینـە خاکتانەوە.

– ئەدی ئێمەی پیران چمان دەوێت!.

– وەللا هیچ.

* * *

- کورە پیاوی چاك و تۆزێك دووربین بن و بەوردی بیربکەنەوە: ئەوانە تازە فێرە گەشت و گوزارو نانە خوساوەی هەندەران و پەڕینی بەلاش بوونە و زۆر زەحمەتە مل بۆ خزمەتی گەل و نیشتماندا بنوێنن. وێڕای ئەوەش لە گەورەو گچکەمانەوە ئاشکرایە هەرکەسێك لە ئێمەی پیران، لەیەکێك لە ڕووبارەکان بپەڕتەوە، یاخۆ گەڕاوە، بۆ ئەوەی کەسایەتی و عیززەتی نەفس و هەستی نیشتمانی و ئەوینی میللەتی لە دڵ بسڕێنەوە، دەبێ لە ئاست هەرسێکیان پلی گۆردایەتی بگەیەنتە زەوی. دوژمن بۆ ئێمەی بەشەرەف ڕێزلێنان دەژمێرێت، کەچی لەڕاستیدا ڕیسواکردنێکی، بەباڕە باڕە. لەبەر چاویشمان بوو پیرۆت و باپیری چەمەری چەند کەڕەت لەهەرسێ ولاتەوە ئاوێزانی ئەو دیاردە، دزێوە بوونە. کەواتە هەردووکیان: ((نۆکەراتیان))، بە خوایشتی حەزیانەوە، لەهەرسێ داگیرکەرانەوە دەقەبەڵ کراوەو شەقڵی خۆفرۆشیان، بەتەختی تەوێڵیانەوە لکاوەو هەتا هەناسەیان لەبەروە بێت، وەك داغمە دەمینێت. کەسێکیش لەپێناو تەنیا بەرژەوەندی خۆیەوە نەك بەرژەوندی گەل و خاکەکەی خوبزاتی ئاوا قەبوول بکات و کەڕامەتی بخاتە ژێر کەوشەوە پێم نالێن چی بۆ غەیری خۆی لێڕەچاو دەکرێت. بەبۆچوونی من لە زەرەرو زیان بەملاوە سوودی مرتەیەکیان لێوەرناگیرێت. من مردوو ئێوەش زندوو بەچاوی خۆتان دەیبینن)).

* * *

باپیر بەخۆت لەمن باشتر دەزانیت چوار پێنج ساڵ لەتۆ بەتەمەنترم و زۆر جاریش، بەزاری خۆت منت بەبرا گەورەی خۆت داناوە.

لای شتێکی سەیربوو لەم کاتەدا ئەم هەڵوێستە نەرمە دەنوێنێت.

– ئەوە نکوولّی لێناکرێت و لێشی پەشیمان نیمە.

بەدوو دڵیەوە بۆی ڕووانی و:

– کاکی بـرا لەمـەودوا مـن لـە هـەموو شـتێك بـەبرا گـچکەی خـۆت حسێب بکە.

دووبارە عەنتیکەی پێهاتەوە: ((تـا ئـەمڕۆ شـانازیی پێـوە دەکـردو خۆی پێ هەڵدەکێشاو لەهەر شتێك بۆنی سـوودی لـێ بهـات بووایـە: ((غێر من برا گەورەمە!، ئێستاش وا لێی پەشـیمانە!)). مـسۆگەری بوو ئۆینێکی لەژێر سـەری ئـەو تەنازولـەی دایـە: ((ئەگـەرنا حوشـتر بگرە خەت، پیشەم نەبووە قەت. هیچ بڕوام نایێت)).

مەراق دایگرت و توریندیانە گوێی بۆ هەڵ بخات.

– تەنیا لەیەك شت نەبێت.

یەکسەر لەبن زمانی حاڵیبوو: ((نەمگوت: تەنازولەکەی بە خوایـشت و پیاوەتی نییەو نیازێتی کێڵێکی گەورەی پێ بێخێت!)). تەرزی لـە قەوچەدانەوەی خواستەکەیەوە:

– منیش لەهەموو شـتێکدا، دان پێـدا دەنـێم، کـەتۆ بـرا گـەورەمیت. بـاوەڕی نـەدەهات و.. وای بۆچـوو لەمەبەسـتەکەی حـاڵی نـەبووبێت. هەرچۆنێك بوو.. ویستی لەناخەوە، بەکەیفسازییەوە سوپاسـی بکـات،

کەچـی نـۆرەی نـەدا شاگەشـکەیی یەکـەی ڕووی سـوور هەڵگەڕانـد بوو..ومشەمشی خۆشی لەدوورەوە دەبیسترا، دەربببڕێت و:

– تەنیا لە ئەوەی جەنابت دەڵێیت نەبێت.

چاوی حەیرمانی ئەبلەق وەستاو دەمێك، بەدڵە کوتەوە بـۆی ڕووانـی و تەواو دڵنیا نەبوو خواستەکەی پێکا بێت، کەچـی خورپـەی تـرس لـە ژێرەوە بەرەنگاری بوو.. و بۆ یەکلابوونەوە:

– زەحمەت نەبێت پێم ناڵێیت من چیم گەرەکە.

– برا حەوجە بە بەڵگە ناکات.

دوای پێکـەنینێکی نزمـەوە لـە دڵـەوە دایـە بـەرێ: ((مـن لەوسـەری دەگەڕێمەوە هۆباب!)) و:

– ئـ..ھ لەداخوازی دلارۆ بەملاوە چیدیکە لە گۆڕێ هەیە؟.

عەجایبی بە زانینەکەی هات و لەگەڵ شین و مۆر هەڵگەڕانداو:

– حەکوو.. دڕاییت پێکەوێت: کووت زانی!.

((پێی عەنتیکەیە زانیومە!))، بەتەوسـەوەی پرتانـدو: ((لەوماوەیـەدا لەجیاتی ناوی خـواو پێغەمبـەرو گـەل و نیـشتمان و خـەبات و شـۆڕش تەنیا هەرناوی دلارۆ.. و جوانی و خوازبێنی متووی زارمانن و چـیترمان بۆ دەرمانیش کاوێژ نەکردووەتەوە!)).

بە ئەندەش نەوەسـتاو: ((ئەوەنـدەمان بێتـام، چەشـنی حیکایـەتی مێشێی جوویتەوە، تا کارە پلتۆخ و بێ ئابڕووەکـەی بـن تووەکـەش لەسەر زمانی خەڵکەکە بەبنی داوەتەوەو ئەگـەر ڕێـزو خۆشەویـستی تایـەن لـە مەیـدان نەبووایـە: ((پـیرۆت و بـاپیری حـالۆری نـاو....

دەبووە بنێشتە شینکەی سەر زاری گەورەو بچووکی پیرانەوە)).
تەپس کردنی لەبەر ئەوی نەبوو، بگرە پاشەڵی خۆشی دەگرتەوە.
– ئەوەی دەڵێیت نیعمەتێکە ببێتە نسیبی هەرکەسێك، بەبابەوە خەنی دەبێت.
بەزەردەخەنەوە لە ڕوخساری کەمێك ڕووانی، شڵەژانی پێوە دیاربوو.. و:
– منیش وەك جەنابت نەفسم و ناتوانم دەست لەو فریشتەیەی وا لۆمان هەڵکەوتووە بەربدەم. هەتا لەدوبێڵێشم بێت بەهەموو توانایەکی سەری و ماڵیەوە تەقەڵای بۆ دەدەم.
زۆری لێپەست بوو.. و کەچی هێشتا جێی قوونی سوکناتی گەرم نەبوو بوو.. و دەترسا ئەو جلەوەی لەلایەن گەورەو گچکەی پیرانەوەی لەچنگ نرابوو بپچڕێت و ئەوسا کەس گوو بە کڵاوی ناپیوێت. لێیبووە خیزێك و قووتی داوەو: ((ئێ.. ئێ.. با لۆت بمینێت هەتا خۆمان لەسەنگەران قایم دەکەین!)).
ئەویش مسۆگەری بوو: لەیەك تۆندکردنیان لەو ساتە ناسکەدا خراپ بەسەریاندا دەشکێتەوە. ئەگەرنا لەشتی ئاوا لەباوکی خۆی قەبوولّ ناکات. بەهێمنی و بزەی لێوانەوە:
– کاکی برا کووە هەردووکمان پێکەوە بچینە داخوازی؟.
بەگاڵتەی خەملاندو لەدەغەزان ڕاچوو.. و بەکەف و کولّەوە:
– ئەوجا هەر ئەو قەباحەتە مابوو بیکەین و ببینە پەندو سۆدرەی سەرزاران!.

کەوشەکانی هەردووکیان سواری یەکتر بووبوون و پێی حەپەسان و ئەویان بە مەیلی نەبوو.. و لەدەروونەوە: ((خۆ لەسەیرکردنە بێتامەکەی بن تووەکە قەبیحتر نییە هۆباب!)) و:

– کاکە من مەرامم: ((هەردووکمان بەیەکەوە بچین و دڵی بەکیهانماندا، ئەویتر با لەتەشکی خۆی بدات)). ئەوسا ئاژاوەکەشمان بن بڕ دەبێت.

خۆی لەباپیر سوورو سپی و ئاکار..ڕێکتر، مسۆگەری بوو دلارۆ ئەو یەختیار دەکات، دەلحاز فس بووەو لەناخەوەش سەلماندی و:

– بۆچوونەکەتم عەقڵ دەگرێت.

ئەویش لەبەر تەمەن بچووکتری دڵنیابوو لەپێشترەو بەدەست لەمل وەراندنی یەکترەوە، ناکۆکییەکەیان بەبادا.

* * *

– جەنابیشت سبەی نا دووسبەی دەعوەتی ئێمەیت.

بە دەعوەت و دەعوەتکاری دەیان ویست مەسلەتییەکە لە دڵان سەقا بدرێت.

پیرۆت و باپیر.. ڕۆژی دوای ڕێککەوتنەکە، لەلایەن عجلەوە پێشوازییەکی گەرم و گوڕ کران. کەچی پل گەیاندنە زەویش سەرباقی و دەستووری پەیڕەو کراوو دژی شووڕەیی بیسمیل کرابوو. بەخولق خۆشیەوە:

– سەرچاو.

لەگەڵ چریاندنە بن گوێی یەکترەوە:((

– ئەوا چمان لە مەعبێندا نەماو، ماوەیەکیشە خراپەیان بە ئەندازەی لەپکەیەك لێڕوونەداوە، ئەدی ئەو پل گەیاندنە عەردییە لەچی!.

– خۆ.. راست دەکەیت!.

– ئیهانەیەکی بەباڕە باڕە.

– گوتنی ناوێت.

پیرۆت:

– ئێمە ئەمڕۆ لە ئاستیاندا وەکی کەری دۆلاّبین: بڕۆ.. ویاللا، یاللا بادەوە ئەوجاش.....

لە دەهرییان پێی تەواونەکراو ناچار بۆ هێورکردنەوەی باپیر، زۆر پێ قرس بووبوو.. و:

– مادام پێکهاتنەکە لەبەرژەوندی من و تۆدایە پێویست ناکات بە چشتی لابەلای ئەوها.. خۆمان گورگە هەلّبێخین. ڕۆژێك هەردادێت بەسەر ئەو گرفتەشدا زالّ بین و دوڕگۆکە بۆ هەردوولامان ببێتە مۆلگەی یەکجارەکیمان)).

– بەس براینە هەتاکو ناکۆکی و عەداوەتی نێوان هەموو لایەکمانەوە بەیەکجاری هەلّ بگیرێن لەسەر جەنابتان وەك نوێژ پێویستە لەبریتی ڕێککەوتن، لەگەلّ زارلووس و زگڕەشانەوە بانگی ڕۆستەم و ئایدنیش بکەن.

– ئێمە لەو ڕۆژە دەگەڕێین و.. وەك تای تەورداس ئامادەین.

زۆریان کەیف هات و بەخۆش گوراحیەوە سەری ڕەزامەندیان بۆ دانواندو گوتیان.

* * *

پیرۆت بۆ چەسپاندنی شوێن پێی خۆی و هەڵنەقاندنی بەهێزی میللەتەوە، لەدوارۆژدا، چەند نۆرینگێکی مکوومی بۆ چەکدارانی لەسەر تۆقەڵەی ((کەپك)) دامەزراند. باپیریش چاولێکەرانە لەسەر لوتکەی ((کلاو)) دا.

هەتا پێنج شەش هەفتە دنیای دورگۆکە کش و مات و شامی شەریفانە، مەڕو گورگ ئاویان بەیەکەوە دەخواردەوەو گوزەران بەشادی و سەرفرازییەوە بەسەردەچوو.. ودەست بەرەو حەواوە: ((خوایە هەر لەو قایدەی ڕاگرەو لێمان تێکنەدەیت)).

خەڵکەکە لێکڕا لەمێشکیان زاخاو درابوو: ((سەرکردەکان هەر بۆ ئەو ئاشتی و خۆشەویستییە خولقاون)).

پیزەندە نەبێت دڵی هەرگیز ئاوی بە ((جام)) ی ئەوان نەدەخواردەوەو هەردەم لە سەفاو مەڕوای غەننەی باوەڕکردن و نەکردندابوو: ((ئەو ئاشتییەی ئەمڕۆ لەئارادایە، بەدەست و قامی خۆیان وەبەرهەم نەهێناوەو بەرژەوەندیان وا دەخوازێت سەری بۆ دانەنوێنن و ناشەهێلن پیران خێرو خۆشی لێ ببینن. ئەوەش سوخەتی شێخ و سەرەك خێلانە دەرحەق کرمانجان)).

لەدووەمین مانگی پاش چەورەبوونەوەیاندا، بەر گوێی کەوت وەك ئینزار ((من منم و تۆفت)) ی پیرۆت میر پەنجویانە، بۆ چاوشکاندن لەپاشەڕۆژدا، دوور لەبۆرە بەهانەیەکیش چەند گوللەیەکی بووکانە،

به ئاسمانی ناوچەی غەنیمەکەیەوە هاوێشتووەو دەلحازیش وەڵامی درابووەوەو چەندجاریش دووپات: ((نەمگوت: ئەوانە لەو موحەمەدانە نینە، سەلاواتیان لێ بدرێت. ئـ..ھ توخمە شێخ و هاوپەیمانەکەی و سوود بە میللەت گەیاندن؟. خۆشی خۆشیمان بوو: ((سە)) ی ڕشمان لەکۆڵ بووەوە، کەچی، بەداخەوە سەی سپی جێگەی گرتەوە. ئەو لەدوورەوە ڕەش دەچووەوەو بە قەدەر توانا خۆمان لێ بەحەزەر دەگرت. کەچی ئەمەیان تا گڵامان نەکات هەست پێناکەین. بەزم لێرەدایە: جم و جۆڵی بەر پەچدانەوەشمان دەخرێتە چاڵی یاخی و خیانەتەوە)).

دڵنیابوو زەینی لەئاست سەرکردەکان سەرچیخ نەچووە: ((لەکاتی شەڕو شۆڕدا گوو بەکڵاویان زێتر دەپێورێت و پاروویان، پتر زرچەی دێت و خۆشیان لەبن کەڕکی گۆزدایەتی هەرسێ دوژمنانەوە، بەگوتنی ((یالێلی)) و داوەرانەوەی عەردی سەر سەلامەتییەوە دەردەچن و قەت بەخەیاڵیشیاندا نایەت: گوللەی داگیرکەران بیانسمێت. هەتا لەتواناشیاندا بێت نایێلن ((بن ترنە)) ی بەرژەوەندیان لە مولگای دورگۆکەدا بپچڕێت و خۆشی و ئاشتی لەسایەیاندا سەربگرێت)).

یادی بەرەو دواوە پەلی هاوێشت و: بەئاشکرا پێم گوتن: پیرۆت و باپیر لە بەزری شێخ و سەرەك عەشیرەتانن، بەرژەوندی خۆیان قەت بە بەرژەوندی کەس، بگرە گەل و نیشتمان نەداوەو ناشدەن. هەر

کاتێکیش جلەوی سەرکردایەتیان بکەوتە دەست هەموو هەوڵ و شەکەتیان تەنیا پاراستنی بەرژەوندو گەورەیی خۆیانەو بەس. نایانەوێت کەس لەخۆیان مەزن و پایە بەرزتر سەرهەڵبدات. هەردەمایەك بحسێین هەڵ بۆ ئەمە لەبارو گونجاوەو نەتەوەکەیان هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت و ئەوسا ڕەنگە کەسانی وا هەڵکەون لەخۆیان سەت قات چاپووك و کارزان و دڵسۆزتر لەگشت ڕووێکەوە، دەلحاز بەر پەچی بەشەڕو شۆڕو ئاژاوەو دووبەرەکی نانەوە دەدەنەوە. نەشەعیر مالّی وان، نەبەعیر مالّی وان و.. وادەکەن تەنیا کەسی خۆیان پەنجەیان بەخوێن دانەیەت و بەس. ئەوانەی لەپێناوی مەرامیان تێدەچن و بەگونی بارگینیان)).

بەئاخ و هەڵکێشانی غەزەبەوە بەردەوام بووەوە: ((دەبێ یەکێك بکرێتە جلەودار لەجەرگەی چینە چەوساوەکە هەڵقوڵابێت و بە مەرجێك تفەڕکی زادی نەوەی شێخ و سەرەك هۆزانی نەکردبێت و قوونی ڕیسواییشی، لەئاست داگیرکەران قوچ نەکردبێتەوە. ئەمەیان بێگومان بەرژەوندی تایبەتی خۆی پێچەوانەی ئەوانەی ئەمڕۆ، بەخوایشتەوە دەکاتە قوربانی بەرژەوندی گشتیەوە. ئەمەش شەقڵی سەرکردایەتی ڕاستەقینەیە. لەدواڕۆژیشدا قسەکانم هەڵدەگرنەوە)).

لەم ساتەدا بەرگوێی کەوت! لەسەر چوونە داخوازی دلارۆوە دەمیان تێکناوە، تا لەسەر پشت کەوت تریقاوەو لەژێرەوەش منگاندی و: ((ئەمن نەبم کەس ئەو شێرو شەپارانە ناناسێت چ داوێن

تـەڕو خۆپەرستێکن. تـەنیا کەسـی خۆیـان و بـەڕك و دامرکانـەوەی حەزی نێوگەڵانیان نیازەو میللـەتیان لا ئاژەڵـەو بـۆ خزمـەتی ئـەوان خولقاون، بەڵام با هاتنەوەکەیان کەون ببێت و ئەوسا قوونی ڕەش و سپییان تەبەڕا دەبێت و مرۆڤی شـەقاوو دووزەینـیش پێدەحسێیت: بەدکارو مزیڕی وەك خۆیان نینە.

*　　*　　*

– دۆستە ئازیزەکان، دراوسێ خۆشەویستەکان: سوپاس بـۆ خـوای مـەزن تـازە لاپـەڕەی ڕق و غـەرەزو دوژمنایـەتی گـشت لایـەکمان بەیەکجاری وەرگەڕاو شاللا کـەڕەتێکی تـر نایبینـنـەوەو لاپەڕەیـەکی نـــوێی دراوســـێتی و چاوناســـی و ئـــەوینی وەك ئـــەمڕۆ شـــوێنی پڕدەکاتەوە.

بۆیان بە ((ئامین..)) هۆداوە.

ڕیش سپی و جوامێران ئامادەی خوانەکـەبوون و ڕۆسـتەم لەپێـشدا زاری گەڕاند.

زێـدە لەهـەمووان پیرزەنـدە بـاوەڕی هـەرگیز پێنـەبوو.. و((ئەگـەر هێنـدە پیـاو باشـیت و درۆ ناکـەیت سـەربەخۆیی بـدە پیرانـی ژێـر چەپۆکی خۆتەوە هۆباب، یا دەستی بەزەییت بەسەریاندا بهێنە، یان هـەرنا ئێـوەش کەهاتنـە نـاو خاکمانـەوە، وەك ئێمـە پـل بگەیەننـە عەردی، یاخۆ چـیتر داوا لەئێمـە، مەکـەن، ئەوسـا بێگومـان دەبینـە

دراوسێی ڕاستەقینە. ئەگەرنا مشك و پشیلەومەڕ و گورگ و برایەتیان نەگوتووە)).

((گەورەو بچووکی پیران بەدەست لەسەر سینگی تەوازووی پێشوازییەوە گەمارۆیانداو هەرشەکرێکی شکاندبووایە، لە حەواوەیان دەقۆستەوە))

– بەڵان ئەگەر لەملتان گران نەبێت ئێمە داوایەکی بچووکمان هەیە.

خورپەیەك پەڕییە، پەڕەکەی دڵی پیرزەندەوەو: ((یاللا خێرا!)).

ئەوانی دی تێکڕا وەك موژدەیەکی خۆشی بەدەمیەوە بێت، نۆکەر ئاسا:

– فەرموو: ئێمە بەهەموو توانای سەرو ماڵمانەوە لەخزمەت وەستاوین.

هاتنە پێشیان بەم تەرزە شادی دایگرت، کەچی خۆی وا نیشاندا ئاسایی یەو:

– ئێوەی پیران هەتا ئەمڕۆی حازری، لەبەر عەداوەت و شەڕ پێفرۆشتنی ئەمەمانانی ساڵەهای ساڵە ڕۆژێکی خۆشی و هێمنیتان نەدیوە.....

پیرزەندە سەیری پێهات و لەناخەوە پرتاندی: ((قەت ئەوە ئەنگۆی دەم بەخۆین نینە: پاش چەندین سالێ تاوانی کوشتن و بڕین و تاڵان و دزینی سەروەت و سامانی ولّات ئەمڕۆ سووك و سانا دان بە

خراپەی خۆتانەوە بنێن. موستەحیلە: حەق دەستێندرێت، قەت نادرێت، ئ..ھ داخوا چ گوڵەزێکتان لەبن سەردایە!)).

– تاکو تۆڵە بکرێتەوەو دڵتەنگیتان لەم ڕووەوە، بەبا بدرێت و پێویستە لە حوکمڕانی لەمەو دواتاندا دروشمی یەکسانی و دادپەروەری و سەربەستی و دیموکراتییەکی ڕاستەقینە بەرزبکەنەوە.....

پیرزەندە جارلەجار سەرسامتر دەبوو: ((باشە ئەنگۆ چیشتان لەسەر حوکمڕانی ئێمەیە!؟. ئەگەر لەبنەوە گۆنگرەیەکتان نەبێت)).

– نەخەسەلە.. لەئاست ڕابواردن و گوزەرانی لاوەکانتاندا وەک ئەمەمانان بەریان بەرەللابکەن. چیدەکەن و چۆن دەگوزەرێنن و کۆچ بۆ هەندەران دەکەن، کەئەمڕۆ باوە، ناکەن.. بابەکەیفی حەزو خواستیان بێت و نابێت بەهیچ شێوەیەک، بەری بیرو بۆچون و هەڵوێستیان بگرن و بەر پەچیان بدەنەوە. بەمەی گوتم: گیروگرفت و تەگەرە کەم و زۆر بەری ملتان لەکۆڕی ژیاندا ناگرێت.

گریانی بۆ ساویلکەیی و دوورنەبینی میللەتەکەی دەهات و پێکەنینیش بەقسەکانی: ((منداڵیش دەزانێت ئامۆژگارییەکانت پلانێکەو لەزیان بەملاوە چیدیکەی لەباردانییەو هەموو کەسیش پێناخافلێت. هەتا ئاواتە سەرەکییەکەت: کۆیلاتی ئێمەمانانە بێتەدی و بەس. ئەنگۆ کیانی سەربەخۆیی خۆتان هەیەو ئەگەر پیاوەکانتان لێکڕا ڕەوبکەن ئافرەتەکانتان دەتوانن کاروباری وڵات

بەڕێوەبـەرن، بـەڵان ئێمـەی پیرانـی چـارە، ڕەش و بـەدیۆم، نـەك هەرکیانمان نییە، بگرە بیست و چـوار سـەعات بەرخـە کۆرپەیـەکی پەل بەستراوی بەر کەکبەتیژی ئێوەی درندەین و تاکو نـەخوراوین و پێستەمان نەچـووە تـە دەباغخانـە.، پێویـستیمان زۆر بەدەسـت و بازووی بەوەجی لاوەکانمان هەیە)).

حـسیا نێوانیـان، لـەم سـاتەدا، کـەتازە بـۆ یەکـەم جـار، بـەناو پێکهـاتبوون و خەڵکەکـە بەسـەرکەوتنێکی مـەزنیان دەژمـارد تێکدەچوو، لەوباوەڕەشدا بوو لەبەر زەین نەکراوەیی یان هیچ کـەس چلمی لەم ڕووەوە پێ ناسڕێت، ئەگەر زێدە لەهەموان ئـەو بەتـەنیا دژی زیـت ببێتـەوە: ((نەخاسمـە پـیرۆت و بـاپیر ئـەمرۆ.. پاروویـان وازرچەی دێت و خواخوایانە هـەر لەوقایـدەی بووەسـتێت و گـەردێك بەری ملیان نـەگرێت)). لەگینـە خەلـەفاوی دەقەبـەڵ بکـەن. کەوتـە نێوان دووڕیانی دوودڵیەوە. کەچی هەستی نیشتمانی تانیـدا دەسـت لەئەژنۆیان وەرنەهێنێت، بەئاخێکی درێژەوە: ((دەمزانی ئۆینێکیـان لـەبن سـەردایە، لـۆیێ وا ملیـان بەوپـەڕی شـەوق و تـەوازووەوە بـۆ گەنجە تازە پێگەیشتووەکان کەچ کردووەو زیافـەت و زیافـەتکاریش لەوێ ڕاوەستێت. هەتا لەخشتەیان بـەرن و لەهەرچـی بـۆنی ئـەوینی نیشتمانی لێوەبێت ڕووتیان بکەنەوەو عـەزرەباتیان لـەدڵ نـەهێڵن و سووك و سانا هەڵەتەی نێو دەریای رابواردن و پـەڕینی هەنـدەرانیان بکـەن و لەغەریباتیـدا، بـەئاوارەیی سـەربنێنەوە. دنیـاش بـۆ

سەرزلەکان دەبێتە((بێریات)) و کەسی دەسوەکەریش، لەئاستیاندا کەم دەبێت و ئەوجا بەکەیف و ماشای حەزیان لەسەر ورگمان، بەهەردوو لەپان دەلەوەڕێن. بەداخەوە پیلانەکەشیان وابەسانایی و بێ مل گەرم بوون سەری گرت)).

لەگێژەنی ئەم واریقاتەدا گینگلّەی دەخواردەوەو کەچی، کەدەیدیت لاوەکان لەخۆشیان سەریان گەیشتووەتە ئەوجی حەواوە، بەدەنگی پڕسۆزە وەیان دەچریکاندو:

– بژی مام ڕۆستەمی زاناودانا.

– بژی مامۆستای بیرتیژو چاوکراوە.

– بژی مام ڕۆستەمی مرۆڤ پەروەر.

– بژی مامۆستای بلیمەت و بەهرەداری کۆڕی ژیانی هاوچەرخ.

زیاتر قەبزو هەراسان بوو: ((گەورەترین نەگبەتە: پڕبەدڵی بڕواو موشتاقەوە سەلاوات لەسەر ئەو دوژمنە حاقیدو چەموشانە لێ بدەین، کەوا دەیان ساڵە ختوخۆڕا دەمانڕەتێننەوەو جگە لەکوشتن و تاڵان و زەرەرو زیان، بەقەدەر مشکێك چاکەیان نەبووەو ناشبێت. ئا.. ئەوەیە خوا کەغەزەبی لە مێروولە بگرێت باڵی بۆ دروست دەکات)).

نەخاسمە ((بەنگین)) ی کۆڕی، بەمەراق و هەشتاویەوە، هەر ئەوەتە لێوەکانی لەخۆشیان دەگەیشتنەوە یەك و لەبەردەمی زیت بووەوە:

– بابە ئەمنیش بەتەمامە بڕۆم.

لای شتێکی سەیرنەبوو: بەئەندازەی زلەپۆشکەیەك گیروگرفت و ناگزوری لەژیاندا نەهاتووەوتە پێش. دڵنیاش بوو گەنجێکی پیران نەماوە دڵی بەپیلانی دوژمنان و پیرۆت و باپیرو جەندرمەکانیان بۆ ڕەوکردن هەڵنەقەندرابێت.

* * *

((سمە چلێس)) ی زەفتیەی پیرۆت، بەدارو بارو کەڵەگەت و دەم و چاو خوریکاوی و کونەلووتی دەتگوت هێلانە ((قولتەیەو)) بیست و چوار سەعات جیقی دەرداوەو ((دڵەقوربان)) ی نۆکەری باپیر هاندەربوون.

هەردووکیان موچەی تایبەتیان، لەلایەن ئاغاکانیانەوە بۆ برابووەوەو شەوو ڕۆژ لەخۆیاندا نەدەبڕاندن. هەردەم ساپساپانێیان بەپارە دەکرد: ئەولاوانەوەی باوەڕیان بۆ ڕەوکردن سست بوو.. و دڵیان هەڵنەقەندرابوو.. و ((هەندەران بەهەشتێکی سەر زەمینەو هەرچی دڵت مەرامی بێت و چاو حەزی لێدەکات، بێ ئارەق ڕشتن دەست دەکەوێت و دەتوانیت لەسەر شەقام و گۆڕەپانە گشتیەکاندا کام ئافرەتی شۆخ و شەنگ و دڵگیرە، بە کلکی گۆپاڵ هەڵبژێریت و ئەویش بە خوایشتی خۆیەوە دێتە ژێرباری بەزم و سەفاتەوە)).

بەڵگەش لەدڵان زیت ببووەوە: ((ئەگەرنا منداڵەکانی پیرۆت و باپیر، کە ئەمڕۆ حاکمی وڵاتن و هەرشتێکیان مراز بێت بۆیان مەیسەر دەبێت و لە هیچ بواریکی ژیاندا، پەکیان ناکەوێت، بەسۆزی هەڵەداوانەودەگەڕانەوە)).

گەنجەکان دڵیان بەمەش بیراز نەبووایە، دڵە قوربان، کەتەو تێکچەقی و چوار شانەو گەنم ڕەنگ ڕووی دەمی تێدەکردن و:

– قوربان: بۆدرۆ.. و ڕاستی فەرموون هەرلەزێی سۆرو بۆر بپەڕنەوە ئەوسا دڵنیا دەبن و هەزارو یەك ڕەحمەتم لۆ دەنێرن.

هەرکە پێیان لەسەر خاکی ئەوبەر.. ڕووبارەکان دەسەنگرایەوە، بەبەرەواژیی داب و نەریتیان پێشوازییەکی گەرمی وا دەکران لە باس نایەت و مێشکیانیش زۆر چاك زاخاودەدا:((

– ئێمە جاقی و جەڕباوی هەندەرانین، کەسێك بچێتە نێو بەهەشتی خواو هاتنە دەرەوەی مەگەر کوو دەنا هەرگیز بەخەیاڵدا گوزەر ناکات)). ئەزیەتکێشان تەنیا پل داهێنانەوەیەو بەس. ئەمەش بەهۆی زۆر دووپات بوونەوە، دەقی ئاسایی، بەخۆوە گرتبوو..و لەشوورەیی ڕواڵەتیا شووراوەوە. پڕوپاگندەی پیرۆت و باپیریش کاریگەر بوو: ((ئەگەر پلیش بگەیێنە عەردی بەسوودی خاك و میللەتەکەمان دەشکێتەوە. ئەمەش واجبێکی ویژدان و نەتەوایەتییە)). نەخاسمە تەوازوو خواستنەوەی زگرەش و زار لووسانەوە، دوابەدوای ئەنجامدانی: ((ئێوە دەبێ، لەبارەی پلەوە کەوالامان بووەتە دەستووری پەیڕەوکراوی وڵاتەکەمان، لێمان ببوورن. ئەگەرنا بڕوا بفەرموون لەدڵمان زۆر گرانە)).

سمەچلێس لەکاتی بەڕێ کردنیاندا، خەمی هەرەگەورەی ورگە برسیەکەی خۆی بوو..و:

– بـەلّام ئەگـەر بەخێرچـوون و هاتنـەوەو قسەکانیـشم ڕاسـت دەرچوون ، دەبێ زیافەتێکی زۆرچەوری برای خۆتان بکەن.

– قوربـان بڕوابکـەن وا دەشـچن و بەچـاوی خۆتـان بەهەشـتەکەی دەبیـنن هـەر ئافرەتێـك عـەقڵی بتـان گرێـت، بـێ پـەردەی شـەرم و ئەدەبەوە، بە باڕە باڕ بۆتان دەلەوچێت. ئـەدی ئێـوە تامـەزرۆ چـتان دەوێت.

هەرکـە چـاوەڕوانییەکەی سمـە کۆتـایی نـەدەهات لەشـروان پێـچی دەخواردەوەو:

((خەمی ئەوە من دەکوژێت دەعوەتەکانم بەنسیب نابن)).

هەردووکیان بەنان و پارەی پیرۆت و باپیرەوە پەروەردەکرابوون و بۆ سونەتیش نەیاندەتوانی لەگوێ و حەمدیان دەربچن. جگە لەهەوڵ و تەقـەڵا نەپـساوەکانیان زۆریـان مـەڕاق بـوو.. نیـازی ئاغاکانیـان، بـە زووترین کات بەدی بهێنن.

پیرزەنـــدە گـــەلێکیان لێـــداخرابوو بـــوو..و لـــە بێدەســـەڵاتییەوە هەرئەوەندەی لەبار دابوو، لەبەرخۆیەوە بپرتێنێت و بەس: ((تڕحێـو.. بەچەلاوبێت قوربـان و چلێـسی کرێگرتـەو پاشـەڵ قوچـکەرەوە ڕابـەرو پێشەنگی دواڕۆژمان بن حاڵمان عیدەلعید– دەبێت!)).

جا ڕووی لەبەنگین کردو:

– ڕۆڵە تەمەنت گەیشتووەتە ((١٨)) هەژدەسـاڵ و چـاکەو خراپـەی خۆت لەمن باشتر دەزانیت و پێویستیت لەم ڕووەوە، بەئامۆژگاری مـن

نەماوە، بەڵان هێشتا لەهەڵس و کەوتی ژیاندا تەواو مەعلان و چازان نەبووید و چاوێشت زەریف نەکرایتەوە، تا بەهەموو شتێك بحسێیت.

بۆ ئەوەی لەژێر زمانی بگات بەسرکییەوە گوێی بۆ ڕاهێشت.

– من نالێم: بڕۆ..، یان مەڕۆ. ئەوە خۆت لێی سەر پشك و بەرپرسیت و بەویستی دڵی خۆت بکە. بەس من یەك دوو قسەم لایە پێم خۆشە هەتا لێدەبمەوە هەستی بۆ ڕاگریت و بشزانە چدەڵێم.

هەرکە دیتی سەری ڕەزامەندی، بەڕووخۆشی و تەوازووەوە بۆ لارکردووەتەوە زۆر کەیفداربوو..و:

– ڕۆڵە پێویست بەگوتن ناکات: دوژمنانی هەرسێ ئالمانەوە چاویان هەردەم، بەخۆشی و کامەڕانی ئێمە مانان هەڵنایەت و سا دوازدە مانگ لەپیلان گێڕیدانە، نیشتیمانە ئازیزەکەمان، بۆ هەتا هەتایی لەژێر دەستیانەوە بێت و بەروبوومەکەی بدزن و خۆیان پێ قەڵەوبکەن و ئێمەش خزمەتکارێکی ئەلقە لەگوێی فەرمانیانەوە بین و لەپێ هەڵدانی مەزنایەتی و پیاوچاکیانەوە بترازێت، نەزانین ڕووی مرۆڤایەتی و هەستی نیشتیمانی و چەشەی ژیانی سەربەخۆیی و حەسانەوە لەکاملایە.

– بابە ئەوەی دەفەرموویت لەکونی کارك ڕاستترە.

هەوەستی پێهات و:

– ڕۆڵە ئەوەی لەمەولاش بەسەر زارم دادێت، بەڵگەی ناوێت.

لەمندالێیەوە متمانەی پێهەبوو، کەچی لەئەمەیان بەرەواژی و:

– ئـــەوەی دەڵێێـــت تـــەنیا لـــەزەمانی ئێـــوەی نەخوێنـــدەوارو دواکـــەوتوو..و بێدســـەڵاتەوە بـــوو. لـــەزەمانی ئێمـــەی ڕۆشـــنبیرو چاوکراوەو جەسووردا دوژمنان ناچاربوون، بەحەزەوە مل هەتا دنیـا دنیایە، بەمەسلەتی بـۆ ئـەو مافـەمان، کـە ئـەمڕۆ لەبرەودایـە کـە چ بکەن.

دڵی بەرەوەستی نەدا لەگەڵی پێدابچێت و قسەی بـەفیڕۆ بـچووێنێت. لەناخەوە:

((تڕحێو.. تەڕ لێیحاڵی بوویت!)). جا تێهەڵکردەوە:

– لەوەتی دەستی بەرگریمان لەئاست عجلەوە ڕاست کردووەتـەوە، وا لەبەر چاوانە دوژمنانی دیکە جەورو ستەم و هەڕەشەیان زۆر کـەم بووەو هەموو کەس هەست پـێ دەکـات. کەچـی مـن وا بـۆی دەچـم لەبنەوە خەریکی پیلانێکی زۆر گەورەو نەگریس بن.

بەهیچی شك نەدەهات و بەبیرو بۆچوونی خـۆی و گـەورەو گـچکەی پیرانەوەش پێکهاتنێکی تەواوەو هیچ لەگۆڕێ نـەماوە بـاس بکرێـت. غەللـــەی باوەڕنـــەکردنی یەکـــەمجار لەژیانیـــدا، لەئاســـت دووانـــی باوکییەوە لەناخەوەی سەرهەڵداو:

– بۆم دەرناخەیت!؟.

– بەفیتی هەموولایەوە، هەتا.....

لەبەر دڵی ئەو گێڕایەوە، بڵێت:((پیرۆت و باپیر)) یش کەلە چاوی خۆی خۆشتر دەویستن: ((سەیرە پاشەڵ فشکەرەوەو بەزیوی مەیدانی جەنگی شەرەفی بەرگری وڵاتی پێ سەرکردەیە!)).

– گەرەکیانە: هەرچی لاوی پیرانە خڕیان بەرەو هەندەرانیان هەڵفریوێنن.

غەللەکەی ڕێگەی ڕاستی گرتە بەرو: ((ئەوە قەت بابم نییە: زاری لەڕاستی لابدات!)). ئەمە هانیدا هەرزوو باگۆی بداتەوە:

– ئەوجا ئەمڕۆ لە ئەوەی جەنابت دەڵێت، بامەڕامیش پێکانی پیلان بێت باشتر هەیە!.

ویستی بڵێت: ((تۆ لەگوێی گاو کۆنە هەوارانی چۆڵ و هۆڵ نووستیت!)).

کەچی شەرم بەرپەچی داوەو بەئەوەندەی گوتی بڕییەوە.

یەکسەر لێوی خۆی گەست و بۆی بوو بەپیفۆکی سپیکراو کەتا ئەو ساتە لێی دوو دڵ بوو: ((دیارە مێشکی وا زاخاو نەدراوە هەتا وەك پێشان قسەو نسحەتم وەرگرێت. ئا.. ئەوەیە: خێرو بەرەکەتی هاتنەوەی جلەو لەمستە کرنووش بەرەکان!)). پێی سەرسام نەبوو. تاکو سەرنجی بکێش بکات، بەدوای کڵاوی بابردەکەوتووە، هەتا هێزی لەبەردابوو لەقاقایداو:

– ئەوەیان باشترە کەبێت، دەبێ خراترەکەیان کووبێت خوایە!.

بەنگین پێشتر لێی ڕوون بوو: بیرو بۆچوونی ڕیش چەرموو.. و جوامێرەکان، لەگەڵ بیرو بۆچوونی گەنجەکاندا، هەر وەك دەراندی ئاسمان و ڕێسمانن. تەنیا باوکی نەبێت. ئەویشی وا لەبەرچاو کەوت.

نەیدەویست چیتر لەگەڵی پێدا بچێت و خاپەرۆکان بەباکاتەوە. کەچی ئێ..ھ بەڵکی لەکون کردنی چیای قەرەچوغ سەرکەوێت و باوەڕی پێ بهێنێت و:

– سەرکردەکانمان، کە ئێمە ئەمڕۆ.. وا لەبن فەرمانیاندا دەگوزەڕێنین و بەپەرستن دەیان پەرستین هەندەرانیان گەلێك لا ڕەواترە بۆیە وا بەهۆی سمەو دڵەوە هانی ڕەوکردنمان دەدەن و زۆریشیان ڕا لەسەرە. ئەگەرنا منداڵەکانی خۆیان دەهێنانەوە.

ئەمە چزەیەکی سۆداری لەسکۆڵەی چەپی دڵیەوەی هەستاندو.. ویستی بەتوندی لەقەوچەی بۆچوونەکەی بەم تەرزە بداتەوە:((

– ئاخر.. ئەوانە دایکی دنیایان گاوە !. لەوەتی بەناخێری گیانیان حەوجەبوونەتەوە هەستی نیشتیمانیان لەدڵ و دەروونی زۆربەی پیرانەوە سڕیوەتەوە.ئ..ھ ئەگەر سەرکردەی ڕاستەقینە بوونایەو سۆزی گەل و نیشتیمانیان لەهەموو شتێك لا پیرۆزتر بووایە هەر ئەوساتە پێیان نایەوە سەرخاکی دوڕگۆکەوە ڕەگیان وەك جاران، بەخۆشەویستی گۆڕین لەجەرگەی نیشتیمان و دڵی میللەتدا دەکوتاو هەزارو یەك تف و نەفرەتیان لەهەندەران دەکردو بەسۆزی ئەوینیەوە، بەرپەچی ڕەوی لاوەکانیان دەداوە. ئەوکات دەستی ئەشەدوبیلای مەزناتیان، لەبان سینگی تەوازووەوە بۆدادەندرا.

کەچـی بەداخـەوە گـەرمی بـەڕك و دامرکانـەوەی خروشـتی گـەل و گوانیان لاسەت قات لەهەست و ئەوینی تایەنـەوە گـرنگترە. ئەمـەش گەورەترین نسکۆیەو مالّی ئێمەی کاول کردووەو نایەلّێت بە ئامانجی دوا ڕۆژ بگەین)).

بـۆ ئـەوەی دڕدۆنگـی لـەنێوانیان سـەر هەلّنـەدات، لەمـەی زیـاتر نەدرکاند، کەلای گەورەو گچکەی پیرانەوە ئاشکرابوو:

– ڕۆلّە دوژمنانی ئێمە کێنە؟.

بەبێ خولّقیەوە هەر ئەوەتە لێی حالّیبوو:

– کاربەدەستانی هەرسێ نەتەوەی دەوروبەرمانن.

– بـەبیرت دێـت ئـەو دوژمنانـە لـە کـەینێوە ختـو خـۆڕا غـەدرمان لێدەکەن.

– نەخێر.

– ئەدی چ کەڕەت لە دایك و باوك و خزم و دۆست و ئەملاو ئـەولات بـەرگوێ کـەوتووە: یـەك لـەو دوژمنانـە. بەچـاکەیەکی زۆر گـچکەش خەلّکی دورگۆکەیان قەردار کردبێت.

– نەخێر.

پشوویّکی سەرفرازیانەی هەلّکێشاو خـۆی بەسـەرکەوتوو خەملانـدو بەدیقەتدانی بچمییەوە:

– ئەوجا من ئەلێرەدا ڕادەوەستم و ئەوهات و هاوارەشم، بـۆ ئـەوە نییە پێم بڕوا بکەیت، یاخۆت پێت بلّێم: برۆ..، یان مەڕۆ.

* * *

– کاکە تۆ چاو لە ئێمە مەکە.

لەگەڵ قوتدانی پاروویێکی زل و:

– نا..نا: ئەمن تاتێر نەخۆم دەست ناکێشمەوە.

– چاك دەکەیت.

دڵە قوربان زوو دەستی کێشاوە. پیرزەندە تێری خواردبوو.. و ڕەچاوکردنی سمە، بە ڕەوای نەزانی چاو لەوبکات. پاش تۆزێك ملومۆکردن: ((لەگەڵ ئەو چلێسە زۆر خۆرە دەرنابەم)).

دوای ماوەیەك، بە پەنجە لێستنەوەو مرچە لێوەهێنانی و:

– بەزیاد بێت.

– کورە دەست هەڵمەگرەو هەموو ڕۆژ گورگ ئەوها.. بەسەر سەدەی ((مەحموود باین)) دانایەت.

بەزەردەخەنەوە:

– کاکە.. ئەگەر ((کا)) ش هیخۆم نەبێت، خۆ کادین هیخۆمە.

لەڕوو گەشییەوە ڕادەزاندرا، کەسوخەتی بوو چاك هەنکڕاوە.

قڵپێکی گەورەی دەڕپەڕاندو:

– بەخوا بابە، بەلەززەت بوو!.

بەبزەیەکی کەمۆیانەوە:

عافییەتت بێت.

بەدڵە ڕاوکێوە:

– قوربان بەڕاستی تۆ ئێمەت، زۆر قەردارکردووە!.

سمە هۆیداوەو:

– لۆ دووکەسان بەرخێکت کردووەتە ((بەربەسێڵێ)) و بەبرای خۆم بڵێم: ماستاوو بیبسی و مسکی و تورشی و سازو سەلاتەو تووڕو پیازو کەرەوزو نازانم.....

نەیهێشت تەواوی بکات:

– هەرچی لۆنگۆی بکەم خەسارنییە.

لەناخەوەش: ((کەر بەجۆ نەبێت ناگیرێت)).

پێشتر بە دەعوەت کردن و پارە، باشی لچ کردبوون. ئەگەر باری گوێزیشیان لێ بنێت خڕەیان هەرگیز لێوە نایەت. هەریەکەو.. وەرەقەیەکی لەمست نان.

بەچاوی زەق و مۆلەقی خۆشییەوە سەریان بۆ دانواندو:

– زۆر سوپاس. زۆر مەمنوون.

عاجباتیانە:

– قوربان: ئەو هەموو یارمەتییەمان دەدەیت ئەوجا هەتا ئەمڕۆ چ کارێکت بە ئێمە نەسپاردووە!.

– زۆرمان لەمل خۆشەو پێ گەورە دەبین ئیشێکت بەئێمە ببێت.

((واتە ئەوسا تۆڵە، بەتۆڵە قازانجی زۆرە!)).

لەبن زمانیان حاڵیبوو..و:((گەلحۆینە غەرەز لەچوونە قەڵات دۆڵمە خواردنە!)).

بەدیـدە برینـی دیدەیانـەوە: ((ناحـەقتان نـاگرم: ئـەو داوایـەم لێدەکەن. ئەنگۆ هەر لەئیجادەوە گزیری دەربـارانن و فرچـکتان بـەو تەرزە کارە گرتووەو خۆتان پێدەژیێنن)). بێ منەتانە:

– هیچ ئیشم پێتان نییەو تەنیا خۆشەویستی و ڕێزگرتنە.

– قوربان خوا هەرلۆمەت بێلیت.

چلێس بیرتیـژو مـەفتووق تـرو دەیزانـی ئـەو ڕووخانـەی خۆڕانییـە. ئەگەرنا پێشتر وادەبوو.

– هەربۆ سونەت تاکو دلّمان پێداکەوێت. ئەگەر بەکردەوەش نەبێت هەر پێ سەرفراز دەبین.

بەمەشادی پەڕییە دلّـی و بـۆی واژی بـووەوە خزمەتەکـەی مـەرامی پێکـاوەو: ((منـیش لەوسـاتە دەگـەڕێم، بـەخۆتان ئـاوا داوام لـێ بکەن)). بەبزەیەکەوە بۆیـانی ڕوانـی و: ((دەرفـەتی هـاتووەو چـیتر خۆت مەگنخێنە!)) و منەت ئاسا:

– مادام ئەوندەتان لەمل خۆشە یەك دوو پرسیارم هەیە.

بەڕوویێکی گەش و عوبابەوە دەستیان خستە بان تەپلە سەرو بەخۆ کورکردنەوە:

– هەرتۆ..و پرسیار!.

سمە لەناخەوە: ((نەمگوت: ڕاوی ڕێوی بۆ کەولّەکەیەتی!)).

– بەمـەرجێك کـەس لـەزارتان نـەزانێت. ئەگـەرنا نێوانمـان هـەتا هەتایی تێکدەچێت.

بۆئەوەی ئالیکەکەیان لەبڕان بێت و:

– بەڵێن بێت خواستت بەجێ بێنین.

– قوربان ئەگەر لەقسەی جەنابت دەربچین مانای وایە ئێمە بەد نمەکین.

لەدڵی سەقادرا بۆ بەرژەوندی گیرفانیان ڕاستگۆیانە دێنە بەرێ و: ((ڕۆژتە لەقیسە خۆتی مەدە)) و بەم تەرزە هاتە دوان و:

– ئەنگۆ زوو، زوو دەچنە ئەوبەر زێیەکانەوە؟.

– قوربان بەدەست خۆمان نییەو جانتا هەڵگری پیرۆت وباپیرین و ئەوانیش مانگێك نەچن، دووەم هەردەچن.

بەشێوەیەکی ئاسایی، بێ ئەوەی هەست بەکەیف خۆشییەکەی بکەن و:

– پرسیاری یەکەم:– لەهەموومان ئاشکرایە: ڕۆستەم و ئایدن دوژمنی هەرە گەورەی ئێمەی پیرانن، چۆن، لەبەرچی.. ناوە، ناوە دەعوەتی گەنجەکانمان دەکەن؟.

دژی هەڵوێستی ئاغاکانیشیان بوو، ئاخوڕە چەورەکەی پیرزەندە دایهێنابوونەوەو:

– قوربان هەتا فێرە پەڕینی بەلاشیان بکەن.

پیرزەندە پێشتر بۆرە شکێکی کردبوو..و تەواو بڕوای نەدەهات. بەمە دڵی ئاوی خواردەوەو: ((دوژمن بۆ ئەوەی بەسەرماندا زاڵ بن بە ناموووسیش ناپەنگێنەوە)).

– هەتا دوا ڕۆژ لەتاو گەڵ و گوانیان پاش فێربوونیان نەتوانن ژیان لەدوڕگۆکە بەسەربەرن و سەری خۆیان، بەزووترین کات بۆ هەندەران هەڵگرن.

دڵی لەم ڕووەوە کەوتە عەردی و زانی ڕەنج بەخەسار نییەو ئەوەی لەدوای ئاودااڵە ئەوەیەو بۆ زاخاوی دڵی و زانینی چۆنیەتی واریقاتەکە خەشیمانەو .. وەك لەو دەراوانە، نەبێت و:

– پەڕینی چی..!؟.

– قوربان: شەو هەریەکەیان لەژوورێکی تەنیایی و باشترین ئوتێل و گشت پێویستیەکی ژیانی ڕۆژانەی تێدا دەنوێنن و ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ و منداڵکاری، بەناوی خزمەتەوە، تابەیانی دەقەبەڵ دەکەن.

لایان سەیربوو کەتا ئەمڕۆ نەیزانیوە. بافرەی پێکانی مراز ڕووخساری سوور هەڵگەڕاندو بۆ زیاتر.. ڕوون کردنەوە:

– ئەنگۆ بەچاو دیوتانە؟.

– نەخێر.

– ئەدی کوو دەزانن؟.

– قوربان خۆ ئێمە خزمەتی داری پەڵك ناکەین.

بڕی بە ئەوندەش نەشکاو تا سمە بەگۆڕیی وەرکردو:

– ئەوەی ئێمە دەزانین خڕی لەدەوی پیرۆت و باپیرمان بیستووە. باوەڕی لەناخەوە هات، ئاواتی هەوڵەکەی بێ زیادو کەم دێتە دەستی و: ((لەمەت باشتر بۆ هەڵناکەوێت پیرزەندە!)).

– قوربان سمه ڕاست دەڵێت: هەندە وەختـان لـەو بەرزێیەکانـەوە، بێ پەردە، چیان لابێت لەپێشمان خڕی هەڵدەڕژێن.

– لەبەر ئـەوە بڕوایـان زۆر بەدڵسۆزی و سـڕ قـاییمی ئێمـە هەیـەو چـەند سـاڵە لایـانین هیـچیان لـەم قـسانەی بـۆ ئێمـە یـان دەورکردبووەوە. لەملاو لەولایان بـەر گـوێ نەکەوتووەتـەوە، کـەم و زۆر تەقیەمان لێناکەن.

بەچاوی پانەوە:

– قوربان کەچی دەستمان لەڕاست جەنابت شکاوە.

کەیفی پێهـات و بەسـەر خۆشـی نـەهێناو: ((لەبـەر خـاتری موچـەو خواردنەکەیە، نەك لەبەر خاتری چاوی بەڵەکی من)). بەبزەیەکەوە:

– ئـەدی هەرکـە پـیرۆت و بـاپیر دەچـنە نـاو دوژمنانـەوە چـۆن پێشوازی دەکرێن؟.

ئەمەی زۆر بەگرینگ دادەنا.

– یەکجار زۆر.. ڕێزیان دەگرن.

((لەلێبانلێسی و پلداری کێوە؟)).

– قوربان هەرجارێش گەلێکیان ئامۆژگاری دەکەن.

ئەمەی لە حەواوە قۆستەوەو..ویستی بڵێت: ((ئامۆژگـاری چـی؟))، سمە دەسپێشخەری کردو:

: ((ئەگەر دەتانـەوێت: ئـەنگۆ هـەر لەسـەرکردایەتی بمینێنـەوەو هیچ کەس تاسە نەکات بڵێت: بارتان خوارە، چەندی بۆتـان دەلوێـت

خۆتـان، بەهـەر رێگایـەك بێـت زوو بـەپارەو مـاڵ و سـەروەت پـێ بگەیەنن)).

((منیش بۆ ئەم تەرزە بابەتە لەسەر ئاوو ئاگرم)).

((نیازی هـەردووکیان لەژیانـدا دەوڵەمەنـدی بـوو. بەشـەوق و گـوێ قوڵاخی و سەردانواندنەوە، زەینیان دابووە دەم و زاریانەوە.

– قەت مەشهێلن میللەت هەبووەبن.

بەسەیرمانەوە:

– لەبەرچی..!؟.

– ئەگـەر خەڵکەکـە برسـیبوون و ئـەنگۆش هـەبووە هـەردەم پێویستیان پێتـان دەبێت و ناچـار سـەری بەنـدێتیان، بەخوایـشتی خۆیانەوە بۆتان دادەنوێنن و ئەوسا کوندانیش سواری سەرملیان بن چرچـەیان لەبـەر وەنایـەت. ئەگـەر نـا هەرچـەند خزمـەتیان بکـەن وجوودتان بەپوشکەیەك نازانن)).

پیرزەندە بیری هیچ کـات بـۆ ئەمـەیان نەدەچـوو.. و لەناخەوەشـی بیراز بوو..و: ((ئەوە لۆیێ بیست و چوار سـەعات وەك سـەگی هـاری پێ سـووتاو.. بـۆ وەدەسـت هێنـانی دۆلارێـك، نـەگوێیان لەعـەیب و شووەیی یەو نەبەزەییشیان بەنەتەوە برسییەکەی خۆیاندا دێتەوە، تەقەلایانـە. ئـەم دەرسەشـیان جـۆرە خیانەتێکـەو لەداگیرکـەرانیان وەرگرتووە!)).

دڵـــی بەمانـــەی بـــەرگوێ کـــەوتن داکـــەوت و زەردەخەنەیـــەکی سەرکەوتووانە دایگرت و: ((بەڵام هێشتا زۆر ماوە)).

– دوا پرسیار.

وای بەڕەوا خەملاند: یەکەمجارەو لەتامی دەرنەبات و بەئەوەندە بووەستێت و قارەمەندی بۆ زیافەتێکی تری دوابخات و: ((مادام سەرەپەتەکەیم پێکردنەوە، لەمەو دوا دەتوانین بەسانایی خوێیان لێبار بکەین و نەقیزەشیان تێوەژێنین)). تا بۆی والاّ بێتەوە لای ئاغاکانیان چ حسێبێکیان بۆ دەکرێت و:

– لەگەڵ سەنگرانەوەیاندا، لەسەر خاکی زگڕەش و زارلووسانەوە چ هەڵوێستێك لەئاست کاربەدەستان دەنوێنن؟.

بەپێکەنینێکی وا ئەوی حەپەساندو زەینی توریندیانە رابگرێت.

– قوربان لەبریتی سەلاو چاك وچۆنییەوە پل گەیاندنە عەردی و قوون قوچکردنەوەیە.

سمە زیاتری لەحریتەداو ئاو لەکونەکەپوویدا ڕێچکەی بەستاو ئەویش سەرسام تر.

– پیرۆت و باپیر هەرجارێ بەرامبەر بەئێمە خۆیان بەپلەکە قرس و ڕووگرژ دەنوێنن، کەچی ئەمن و دڵە هەرکە دەگەینە بەپرسان یەك پل دەگەیننە عەردی ئەوان دوو.

باوەڕی تەواوهات: ((لەئاست دوژمنان کەری بەقاڵن و چۆنیان بووێت دەیانگێڕن. پەستییەکەشیان وادیارە هەر رووالەتییە، ئەگەرنا هەتا ئەمرۆی حازری تەنیا پلێك بووەو بەس)).

* * *

پێش ئەوەی ڕوونیشێت و پشوویك بدات هەزار زلیكە، لەهەر لاوە گەمارۆیانداو شوێن نەما: ((دەست و شان و شمەكەكان)) ی تاكو كەوشەكانیشی تەڕاتی لێوانی پێوە نەلكێت.

جوامێرێكی كەتەو چوار شانەو سوورو سپی و تەبەش پان و تەنكە ڕدێنێكی، بە ئەندازەی دوو پەنجە قەڵەم كراو هێشتبووەوە. لەخولق خۆشی و ڕەنگ گەشییەوە وا هەست دەكرا، بە درێژایی تەمەنییەوە بەرەنگاری گیرو گرفتی ژیان نەبووە. مەندیلە خەزنە سپی و ڕیشدارو عەبا مەرەزی ڕەش و لێواری شەپیلكەكانی بەسیمی زەرد نەخشێندراوو كەواو سەلتەی فاسوونی قاوەیی و پشتێنە سەوزو ئەستوورەكەی سام و هەیبەتێكی وایان پێ بەخشیبوو، شەیتان شەرمی لێ دەكرد.

ڕۆژێك تازە خۆرو بان كەوتبوو..و دەنگی تەپل و دەفەو حای و حویی دەرووێشان دەگەیشتە كەشكەلانی حەواوەو دانە ڕێیەك دوور دەبیسترا.

پیران هەركە بیستیان: پێ و قدوومی پیرۆزی حەزرەتی پیری كێوانی نەوەی((قوتبی مەدار))ە، بەبتوونی: ژن و پیاو بەخرۆشی هەلەداوانەوە، بەپیریانەوە چوون و خواستی حەزی هەربابابوو لەبەراییدا ئاوقای بەرەكەتەكەی ببێت.

چوا دەف و سێ تەپڵی گچکەی خڕو یەك لەسەر دەستی ڕادەگرت و یەکێکیش بەدوو پەلەدار دەیکوتا. چوارەم گەورەو لەسەر زەوی دادەندرا. چەند زەرگ و شیرو ڕفاعی.

مافوورو بالیفێك بۆ شێخ لەسێبەری مزگەوتی گەڕەك راخراو خەلیفە ((بەدرەدین)) زیکرەکەی، بەئەلقەیەکی تەندووریی دابەستاو لەهەوڵەوە، بەشێوەیەکی ساردو نزمێکی گران و درێژکردنەوە: ((حەی ..ئەللاھ..، یا ئەللاھ))، هەرکە تۆزێك گەرم بوو: ((حەی.. حەی ئەللاھ..)) بڕێك سووکتر. پاشدان زۆر سووك: ((ئەللاھ.. ئەللاھ ..)) و بەگوێرەی دەنگی تەپڵ و دەفەکانیش دەروێشەکان سەروملیان بەملاو بەولادا بادەدا. پرچیان درێژو کەزیدار.

هێندێکیان لەگەڵ دابەستنی کۆڕی زیکرەکە، کەزییەکانیان کردەوەو هێندێکیش، بەنەکراوەیی. لەکاتی سەربادانداا هەڵبەزو دابەزیان بوو.

شێخ چوار چمکی دانیشت و ئەملای پیرۆت و ئەولای باپیرو پشتی بەسەرینەکەی پاڵ دیواری مزگەوت داو تەسبێحە نەرجیلە سەت و یەك قل وردەکەی بەدەستەوەو لەگەڵ ئاواکردنی هەر دەنگێك دەمی دەجولاندو سەری دەلەراندەوە.

کۆڕی زیکرەکە گەرم بوو.. و گوڕی ساند. کەسانی ڕیزی ئەلقەکە جۆنیانی لەخۆیان هەڵدەدا. تەنیا خەلیفە دەم بە زیکرەوە،

بـەدەوری ئەلقەکـەوە سـوڕی دەخـواردو نـاو بـەناویش، بەدەسـت لەپشت دانی یەکەیەکەیان بەدەنگی حێلەوە:

– دائیم. دائیم.

دێوانە عـەلی چـوار شـانەو کوتـە خنـەو تەمـەن ((٥٠)) پـەنجا سـاڵ نەبێت، بەگورگە لۆقەو حـایی و حـویی یـەوەو: ((هیمـداد.. هیمـداد. هیمـداد.. هیمـداد پـیری کێـوان هیمـداد. هیمـداد.. هیمـداد نـەوەی قوتبی مەدار هیمداد. هیمداد.. هیمداد شێخی شێخان، پـیری پـیران، نەوەی بابە شـێخ هیمـداد)). لەبـەر جـۆش و خرۆشـەکەیەوە ڕەنگـە سپییەکەی سووراتی تێخزاو کەف لالغاوەکـانی سـپی هەڵگەڕاندبوو. هەرکـە دەگەیشتە کـەرخی شـێخ سـەرو هـەردوو دەسـتی بـۆ زەوی دادەنواند.

لەلایەکی دیکەوە، لەچەند شوێندا شیرو زەرگ بەکاردەهاتن.

چەندلاو .. و مێـرد منـداڵ زەرگیـان لـەملای گـوپی خۆیانـداو لـەولا دەرچوو.. و جابەزەرگـەوە، لەناوەڕاسـتی زیکرەکـەدا سـێ جڕتیانـە هەڵدەپەڕین.

ِدێوانەی گۆرین ناوە، نـاوە سـەرەدارێکی پـەڕۆ تێئـاڵاوی بـە نـەفت دەکـردو ئـاگری تێبـەردەداو مـاوەی سـانییەك لـەنێو دەمـی خـۆی رادەگرت.

هەرکەسێك، پیرو گەنج، ژن و پیاوو منداڵ، کەدەستی لەنێو دەستی دەنا ماچی بکات، شێخ بێ سێ و دوو لێکردن وەبەرگوێی هەڵدەداو:((

– ئەوا تۆم کردە تۆبەکاری پیری کێوان))، یاخۆ: ((ئەوا تۆم خستە ژێر کەمەندی قوتبی مەدارەوە)).

خەڵکەکە زۆربەیان لەشەرمی ڕووان، بەملی دادەهات بلێت:

– ئەوا قەبوولمان کرد.

پێنج و دوو ڕۆژی نەخایاند، خەڵکەکە لەسەر حسێبی خۆیان تەکییەکی گەورەو نایابیان بۆ بنیاتنا.

هەموو شەوی هەینی و سێشەموان، لەدوای نوێژی خەوتنان زیکر دادەبەستراو خەڵکێکی زۆر گەمارۆیان دەدا.

* ١ *

١– ئەمانە گشت واریقاتی ناوچەکەن و بەچاوی خۆم دەیان کەڕەتم دیون. هۆی سەرەکی دواکەوتنی کوردستان و بە ئاوات نەگەیشتنی کوردانن. مەڵبەندیان لەباشووری کوردستانە. کە جم و جۆڵی کوردایەتی تێدا لەبرەودایە.

ئەوەندە شێخی تەریقەت لەم دەڤەرە هەنە ئەوەندە شێخە لەناو عەرەب و بەشەکانی دیکەی کوردستان نینە.

هەمووشـیان مووچـەی تایبـەتیان لەسـاڵی((١٩٧٧)) ی سـەدەی ڕابردوودا، لەحکومەتی ((بەعس)) بۆ بڕابووەوە. تا مووچەی یەکیان خۆی لە قەدەی یەك ملیۆن دۆلار دەدات.

بۆ دەرخستنی حەقیقەتەکەیان، ئەوا سێیەم جارە لەڕۆمانەکانماندا باسیان دەکەم.

((ع – م – رەش))

* * *

بارگەو بنکەی خۆی لەنێوشار خست و لەسەر دەرگای نووسی:

((بارەگای بووژانەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام)).

پێنج و دوو ڕۆژی نەبرد کەوتـە جـم و جـۆڵی بـەگوڕەوەو شـەوو ڕۆژ بێداکەسـان و چاوئێـشانە هـەول و تەقـەلای بـرەودان و پێشخـستنی ڕێبازەکەی بوو.

پیاوێکی کەلەش حۆلـەو ڕەنـگ سـپیپات و ڕووپـان و ڕیـش ڕەشـی قەترانی و چوار پەنجـەی هێـشتبووەوەو داو داوی سـپی لێـی ببـووە نەخش. کەواو سەلتەیەکی داشداشـی دامـەیی، هـەردەم ئوتـووکراوو عەبایەکی مەرەزی سووری کراوە لەسـەر شـان و مەنـدیلێکی چـوڕی شیرسـپی و ڕیـشدار. لەڕۆییـنـدا فـاك و فیکـی لـووت بـەرزی پێـوە دیاربوو.

– موسولمانان، ئاودالّانی ڕێبازی پیرۆزی خواو پێغەمبەری ئاخری زەمان: ((د.خ)) ئێمە هەرگیز نابێت وەك هێندە کەسان، بەناوی خزمەتی گەل و نیشتمانەوە، لەسەر ورگی برسیی میللەتە بێ ئەنواکەمان، بلەوەڕێین و خۆمان لەگشت شتێکی پەیوەست بێت بەخزمەت گێل بکەین، تەنیا ورگ و گیرفانی خۆمان نەبێت.

هەفتەی بەلای کەمیەوە کۆبوونەوەیەکی گەرم و گوڕی لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوەکەی دەکرد و بەبابەت و پەیڕەوی ئایینەوە خەریك دەکردن.

پارەیەکی یەکجار زۆری بەسەر منداڵی بێباوك و بێوەژن و هەژاران پەخش کرد.

بەکون فەیە کونێك، لەنێو دڵی خەڵکە ڕەش و ڕووت و برسییەکەوە ناودەنگی پیاو باشی و خێرخوازی دەنگی داوەو هەرکە دەگوترا: ((مەلا تاهیری بووژانەوە)) دەبڕاوە.

– ڕێبازی ئێمە ڕێبازی خواو پێغەمبەرە ((د.خ)) و نێوان ئاسمان و ڕێسمان لەئەوانە دوورین و بەپێچەوانەوە، دەبێ ئێمەی ئایین پەروەر هەردەم بیرو جەستەمان شەکەت و هیلاك و بەماڵ و سەروەتیش زیان بەخش. هەرچەندیش خۆمان ئەزیەت بدەین قازانج دەکەین و دوا ڕۆژیش لێی پەشیمان نابینەوە. ئا.. ئەمەیە پەیڕەوو پرۆگرامی ئێمەی پەروەردەی ئایینی پیرۆزی خوای مەزن.

ئەمەش لەڕۆژی قیامەتدا بەهەوەنتە ناڕوات و پاداشتێکی گەلێك زۆریش وەردەگرین، کە لەهەموو شتێك بەنرختر.

*　　*　　*

پیرزندەش یەکێك بوو.. و لەهەوەلەوە، وارە وارە خۆی خزاندە ناو عەشاماتە تێك قژقژاوەکەوە.

– ئەرێ ئەوە چییە؟.

– ئەمنیش وەك تۆ.

لەولا ترەوە خولە بە ئاوڕدانەوە بۆیان و:

– ئافرەتێکیان کوشت.

((لەم شوێنە نزیك دەرگای پارێزگاو بەڕێوەبەری ئاسایش و پڕ چەکدارو پۆلیس کەس تاسا ناکات!)). بەسەر سامییەوە:

– کێ کوشتی!؟.

– غێر کەس و کاری خۆی.

– لەسەرچی..؟.

– ئەوڕۆ هەر لەسەر ناموس نییە ئافرەت دەکوژرێت.

– من گوێم لەزرووکەی بوو، کەچی تەقەی لەگەڵ دانەبوو.

– دیارە بەخەنجەر بووە.

لەسەر شەقامی ئاست پەیکەری: ((گیوی موکریانی)) خەڵکێکی زۆر، ژن و پیاوو منداڵ لەم بەرو لەوبەری جادەکە، وەك پۆلە چۆلەکەیەك مار ببینن ئاوا بەسەریەکدا قژقژابوون. رێگەی ئامەشۆی تورمێلان گیرابوو.. و ((دیدەدید)) لەچەندلاوە سەرنج کێشی خەڵکە بێکارەکەی بەرو بازاڕو هەربابابوو تەنگە تاو خۆی تێدەکوتا.

مەراق پیرزەندی داگرت و بڕیاریدا لەبن و بۆتکەوەی بکۆڵتەوە. شاڵاوی گەرمی و گرمخاو بۆن ئارەقەی خەڵکەکە بەرچاوانی غەمراندو پشووی سوار. گوێی پێنەداو تەکان لەدوای تەکانی لەخۆدەدا. هێشتا نەگەیشتبووە ناوەڕاستە چڕەکەوە، ئارەقەی ڕەش و شین لەهەرلاوەی جەستەیدا زرچەی بەستاو هەناسە بڕکێش هەرنەییسە. نەخەسە لەکەرخی پشتێن و ژێر هەنگڵەکانی. وێستی پشتاو پشت وەچەرخێتەوەو خۆی دەرباز بکات. تا ئەوساتە ڕۆیین لەدەسەڵاتی خۆیدا نەمابوو. پێیەکانی نۆبات لە زەوی، بێ خوایشتی بەرز دەبوونەوە. ئەوسا پەشیمانی دایگرت و دادی نەداو: ((تۆخوا من و ئەو خنگە ملانێیەیان گوتووە!)). خواخوای بوو بەرنەبێتەوە. دەنا تا ڕۆژی قاڵو بەڵێی قیت نەدەبووەوە.

مەوداکە زۆر نەمابوو.. و پۆلیسیش بۆ ڕێدانی سەیاران خەڵکەکەیان دڕدەداو تونداییەتی قەڕە پەستانەکە شل بووەوەو پشووی هاتەوە بەر. زۆر نەمابوو بگاتە دیوارەکەو: ((دوو ئافرەتی گەنج یەکیان لەتەمەنی حەڤدە، هەژدە ساڵیدا گریان و نزگرە پرزەی بڕیبوو.. و لاو قۆڵێکی بە ئەندازەی قولانجێك، وەك بە ئاگر سووتابێت، لەتەقەڵۆ هاتبووەدەر)).

– ئەوە چییە؟.

– تیزابی پێداکراوە.

– تیزاب!؟.

بەڵێ.

– کێ پێیداکردووە ! ؟.

– ئیسلامیەکان.

– دەتناسین؟.

– نەخێر، بەڵان لەدەڵینگ هەڵکراوەکان بوو.

لەنێو بازاڕو جادەو شوێنە گشتیەکاندا جیاوازیان لەگەڵ خەڵکە ئاسایی یەکە هەبوو. دەڵینگیان وەك دەلینگی ((حاجی حوسێن)) یان بوو.

پیرزەندە لەقاران پشووی زیاتر سواربوو.. و بەرچاوی دەلحاز تار هەڵگەڕاو دنیای بەجارێك لێوێکهاتەوەو ڕووی لە خوولە کردو:

– شێخ و مەلاو ئیسلامیەکان، باسی هەموو شتێك دەکەن و لە دەستیشیان بێت کاری سەر سووڕێنەری وا ئەنجام دەدەن بەبیری هیچ کەس دانەیەت. تەنیا خۆیان لەقەرەی هەندەشتان نادەن و بە خەیاڵیش بیری لێناکەنەوە:

– یەك: خۆفیداکردن لەپێناوی گشتیدا.

– دوو: ڕزگارکردنی خاکی دوڕگۆکە لەژێر چەپۆکی داگیرکەرانەوە.

– سێ: پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ.

– چوار: شاپ بەدەری پیرۆت و باپیری چەمەری و خوبزەو لێبانلێسە زۆڵەکانیانەوە.

* * *

– ئـازیزان، دانیـشتوانی دوڕگۆکـەی بـەڕێز: لەگـشت لایەکمانـەوە والاّیە. جگە لە ئەوەی هەر چوار دەورەمان ئەژدیهایەو بیست و چوار سەعات دەمیان داپچڕیوە لڕفمان بکـەن ئـەوجا لـەناوەوەش لەسـەر لێواری هەلّدێرێکی کاکی بەکاکی وا داینـە گریمـان پاڵمـان بەئاسـتەم پێوە بندرێت تا تەپلّی قیامەت قیت نابینەوە.

بیرتیـــژو زەینـــداران یەکـــسەر لـــەبن زاری گەیـــشتن. ئـــەوانی دی پێچەوانەوە تورییندیانە هەست راگربوون.

– وێـڕای ئـەوەش جلـەودارەکان دەسـکردی دوژمنـانن و هـەردەم بـەفیت و ویـستی ئەوانـەوە دەجولّێنـەوەو بـەموویك لـە خواسـتیانا لانەداوەو لاشنادەن.....

دەیزانی دلّـی هـەموویان بەگفتـەکانی داناسـەکنێت، بەپێویـستێکی نیشتمانی دانابوو..و بەهەندی هەلّنەگرێت و:

– ئەوجا دوژمنان بە ئەوەندەش ناوەستن و هەرکاتێك هەست بکەن جم و جوّلی خـەباتی رزگاریمـان لەئارادایـە، تەقـەلا دەدەن و وازیـش ناهێنن هەتا تەواو لەگشت ڕووێکـەوە سـاردببینەوەو شـنگ و هێـزی بەرەنگاربوومان بنبڕ ببێت، یاخۆ تەواو سست بەتەوژمی ئایین دامان دەپەلّوسن.

زۆربـــەیان بەمەراقـــەوە زەینیـــان دابـــووە زاری. تـــاك و لۆکیـــان، لەدەروونـەوە دغدغـەی بـەرەواژیان، بەقـسەکانی جوقـەی دەکـردو

دانیان، بێ متەق و لاکەوە، هەتا زەریف لەبنج و بنەوانی دەگەن بەخۆ داگرت.

– ئەوکەسانەی جگە لەسەرکردەکان، بەجێ بەجێ کردنی حەزی داگیرکەرانەوە هەڵدەستن دووکەسی خۆیین. داریش تاکرمی لەخۆ نەبێت قەت ناڕزێت. یەك لەیەك تووش و دژوارترەو تەگەرەی هەرە گەورەی ئێمەی پیرانن و بەپارەی ئەوانەوە دروستکراون و بەهەوڵ و خەباتی زۆرەوە ڕەگیان لەناخی دڵ و دەروون و بیرو باوەڕی خەڵکە دوور نەبین و بێ سەوادو ساویلکەکە.. وا داکوتاوە بەکۆشین و هەوڵی فرە زۆرترو بەردەوامی نەبێت، بەر پەچیان نادرێتەوە. هەتا ئەوانیش لەدوڕگۆکە نانی زندووان بخۆن ئێمەی چەوساوەو ژێر چەپۆك نە بەروەستی دوژمنان دێین و نە دەشتوانین شاپی ڕیسوایی لەجلەودارە زۆڵەکانمان هەڵدەین.

کەمێکیان گومانیان بە وەسفەکەوە، لەبۆچوونی بەرایی خۆیاندا کەوتە دڵەوەو ئەوانی دیکەی کۆڕە گەرم و گوڕی ڕدێن سپی و جوامێرانی دڵسۆزو خەمخۆرانی دوڕگۆکە بۆ دڵنیابوون بەواق و ڕمانەوە:

– کێن.. ئەوانەی دەڵێیت!؟.

بەدەنگی بەرزو قارەوە:

– لەبێ خەبەران کەشکەك سەلاوات.

پیـــدال و ســـێودین نـــووزەی شـــکێك لەناخیانـــەوە غەزەرەیـــداو باوەڕشـیان هـەرگیز نـەدەهات: پیرزەنـدە ئـەو بۆچـوونەی لەدڵـدا ڕووابێت.

– ئێنا وەللا نازانین.

– کەسانێك خەفیـەو پێنـاوی دوژمـن و داگیرکـەرانی ولاتـی خۆیـان نەناسن پێم نالێن لەژیاندا بۆچی خولقاون!.

پـێش ئـەوەی مـاوەی درکانـدنی وشـەی تـر بـدات، وەك تانـەو تەشەرەدان لەمەزنەکانیانەوەو خۆشیان چیدی خەشـیم هەڵنەیـەخن گوتی:

– بادڵتان چاك ئاو بخواتەوە: لە ڕچەڵەکی سەرکردەکانمانن.

حـسیان مـەرامی شـێخ ((نـورەدین)) ی شـێخ نەجمـەدینی قـوتبی مەدارو مەلا تاهیری بووژانەوەیە.

قەبرغەی چەند کەسانی گرت. لەپێش هەمووان پیدال و سێودین.

ئـەویان تـا ئەوسـاتە ئانیـشکی خـستبووە سـەر بـالیف و چوسـت هەستاوە سەر چۆکان و بە غەزەبەوە:

– پیرزەندە ئـەو حەیامـەی دەتبیـنین پێـت لەبـەڕەی خـۆت زیـاتر ڕادەکێشیت!.

سێودین بەسەلەراندنەوە لایەنگیری خۆی دەربڕی.

– لـەملم زۆر خۆشـدەبێت بـڕوا بـەو کـۆڕە بێنیـت، هـەتا منـیش لەمەودوا پەند بەبۆچوونەکەت وەرگرم.

تۆزێك هەڵچوونەكەی فس بووەوەو باری دانیشتنەكەی تێك نەداو:

– ئێمەی پیران ئەمڕۆ هـەر ئـەودوو پیـاوە زەریـف و ماقوڵانـە شـك دەبەین لەهەموو ڕووێكەوە شانازییان پێوە دەكەین و خۆمان پێیـان هەڵكێشین.

سێودین لەناخەوە بووە لایەنگیری و:

– ئەوە گوتنی ناوێت.

– یەكیان بەهۆی تەكییەوە، جگە لە مەسلەتی نێـوان موسـولمانان ڕۆژانە بەدەیان كەسی برسی و هەژار، سێ ژەمـەنان دەدات و زیكـرو تەهلیلەو نوێـژی بەجەماعـەت و خواپەرسـتی و شـێت و هـار لـەماڵی چاك دەبنەوە.

پیرزەندە سەیری بەبیرو باوەڕەكەیـەوە هـات و.. وای بەشـیاو دانـا هەتا لێدەبێتەوە گوێی بۆ هەڵ بخات.

– دووەمیـان هـەتا ئـەمڕۆی حـازری هیدایـەتی سـەتان كەسـی بەفێركردن و ئەزبەری قورئانی پیرۆزداوە.

سێودین لێیوەرگرتەوەو:

– بێوەژن و منداڵی بێباوك نەماون یارمەتیان نەدات ئەدی چی؟.

باگۆی بەكاوەخۆ دانەوەو:

– گـوێم بـۆ ڕادەدێـرن تـا دوو سـێ بەڵگـەم لـەم بارەیـەوە لایـە بیاندەرێنم؟.

هەڵچوونەكەیان تۆزێكی تر دامركاوەو بەمل داهاتندا:

– فەرموو.

هەوەل وەهل ڕووی گفتی، بەدڕدۆنگیەوە لەپیدال کردو:

– هەموو کەس پاکانا بۆ ئەوانە بکات جەنابت هەرناو.

چی بەخۆی شك نەدەهات و زەینیشی بۆ هیچ نەدەچوو..و.

– لۆ.. لەبەرچی! ؟.

– ئ..ھ وادیارە خوێنی مەلۆکی باپیرت لەبیرچووەتەوە ؟.

ئەمە دۆلکە بوو زاوێك بوو..وبەتۆقی سەری داکراو لەحەیفان پشتاو پشت وەرگەڕاو ئەگەر دیواری لێ نزیك نەبووایە پشتە سەری ڕنگەی لێوەدەهات. تاسای زار گەڕانی کەم و زۆر لەبەر وەنەما.

نەیویست لێی بگرتەوەو:

– چەند جارم لە ئۆمەرەکەتەی بابم بیستووە: ((زێڕینی داپیرەت بووکی سالّی بووە، لەڕکابەری بابە شێخ لەسەر باوکی تاقانەت دانیشتووەو هەتا بابم مابوو خەرجی دەکێشا. پاشدان بەبێوەژن کۆشی و کارەکەری مالّان پێیگەیاندووە. کەچی بابە شێخی کەڕامەتدار، بە ئەوەندەش نەوەستاو دەستی بەسەر زەوییە کەشتانی داگرت و ئێستا وا نەوەکانی دەیخۆن.

دار قەڵەشت، بەرد قەڵەشت پیدال مرتەی لەبەروە نەهات.

بەسینگ هەڵکێشانی شانازییەوە ڕووی بۆ سێودین وەچەرخاندو:

– سەت حەیف و مخابن بەرگری لە نەوەی مەیتەران دەکەین. کە بۆبەرژەوندی خۆیان ئەوندەیان خزمەتی سوپای دوژمن کرد تا

لەکاتی فەرهوودە شوومەکەشدا بوو بوو نەخۆشەویسترین کەسیان لەدوڕگۆکەداو زاریان بۆ سونەتیش نەپچڕا قسەیەکی خێر بۆ میللەتە هەژارو برسییەکەیان بکەن. هەرنا وابکەن دراوسێکانی مالێ بەمالآنیان تالآن نەکەن، یاخۆ بەکارەساتی حەسەنە خێلی باپیرت و ئامانە شێتی کیژی خۆیان کەمێك لە کووڕە ببەن. وێڕای ئەوانەش پاش گۆڕ بەگۆڕ چوونیان، لەکاتێکدا لاشەی هەزاران کەسی پیران لەئاقارو کەندو جۆماندا خوانی درێندەو دالاشان بوون، ئەوانیش بەناخێری گیانیانەوە دەستەو دووعا:

– یاخوا لەژیاندا نەزانن گیرو گرفت و نسکۆ چییە.

– خوا لەدنیاو قیامەتدا چەپارەتان بدات.

– خوا دەست بەعەمرتانەوە بگرێت.

– کوو دەزانین ئاسمان لەسەرەوەمانەو حەوجە بە ئەنگوست ناکات ئەوهاش دەزانین هەتا سەرۆکتان ((ئەمیرەلموئمنین)) بێت هەر سەرکەوتوو دەبن.

– ئەوە گومانی تێدا نییە.

سێودین بۆی نەچووە ڕاێی و:

– ئەوا گوتمان باب و باپیرانیان وا بوونە، نەوەکانیان کەوا لەبەر چاوانن، لەخێرو چاکە بترازێت، بەقەدەر کوونی دەرزی خراپەیان لێ نەبیندراوەو ناشبیندرێت.

سەری لەنەزانین و زەین و کۆرییەوەی سوڕماو:

– ((سەت خۆزگە بەکفن دن)). ماوەی زارهەڵێنانی نەداو:

– ئەو قسەیەت ئەگەر لەکن کەسانی زاناو نیشتمان پەروەرانی پیران بکەیت بەکەمزانی و کەودەریت لەقەڵەم دەدەن، یان بەکرێگیراو.

بەسەیرمانەوە:

– لەبەرچی..!؟.

– ئەوانەی گوتم: چۆن خۆیان دەناسن ئەوهاش ئەوان دەناسن: دوژمنی هەرەگەورەی خاك و ڕەگەزی پیرانن.

بەدامان سەری بێنێك بەخۆدا شۆڕکردەوەو بیری بۆ هیچ لایەك بڕی نەدەکردو بۆ یەکلابوونەوە:

– بۆم دەرناخەیت؟.

زەردەخەنەیەکی تەڵخ لەنەزانینەوەی ئاوقای ڕووی بوو:

– لەوەتی ئێمەی پیران بیرو هۆشمان هاتووەوتە بەرو: ((داگیرکەر گەورەترین خوێن مژی پیرانەو.. واجبی سەرشانی هەموو لایەکمانە، وردو درشتیان بەزووترین کات قاوبدەین))، ئەوانەی دەفەرموویت هەردووکیان شەوو ڕۆژ.. وەك چاوئێشە، بەناوی دینەوە هەول و تەقەلای دڵسۆزانە دەدەن لەو هەڵوێستە مەزنەمان ساردبکەنەوەو بۆ بەرژەوندی داگیرکەرانی ولاتمان لەخشتەمان بەرن.

بیری بەهۆی جم و جۆڵی هەردوولا کەمێك بۆی چوو..و هەتا تەواو لەبن زاری بگات دانی بەخۆدا گرت.

– شـێخی گـۆڕین هەفتـە نییـە خەلیفـە بـەدرەدین و چـەند.. دەرویـشان، بـەحای و حـۆی.. زیکـرەوە، لەسـەر شـەقامی سەرەکیەکانی شاردا نەگیرێت. ئەمەش مندالێ و عەقلێ قوندەو شـاش و فیـشیش دەزانـن: تـاکو ئێمـەی پیرانـی ژێرچـەپۆکی سـتەم و زۆرداریـیەوە، بیرو هەستمان بەلای ئەواندا خەریك بێت، نـەك، بـەلای تـاوانی لۆقنانـەوە. وێـڕای ئـەوەش جـەنابی شـێخ لەلایـەن عجلـەوە مانگانە یەك ملیۆن دۆلاری بۆ بڕاوەتەوە.

بەواق و ڕمانەوە:

– یەك ملیۆن دۆلار!.

لەگەڵ شەپدانا لەبەری ڕانییەوەی گوت.

– ئەوەیان عەقلێ هەرگیز بڕ ناکات.

بەڕووانینی مچومۆڕەوە:

– ئێمـەی پـیران بۆیـە هـەردەم میـزە حوشـتر ئاسـا بـەرەو دواوە، دەکشێینەوە هەر کارەساتێکمان بەدەست دوژمنانـەوە بەسـەر بێت وەك کاك پیدال هەر زوو لەبیری دەکەین.

پیدال پاش ئەوەی بڕوای تەواو بەقسەکانی هـات، بووەلایـەنگیری و:

– ڕاست دەفەرموویت.

– هەر پیلانێکی دژمان لەلایەن داگیرکەرانـەوە ئـەنجام بـدرێت وەك جەنابت بڕوا ناکەین.

– ئاخر ملیۆنێك دۆلار لەپێناوی چی..!؟.

بەتەوسەوە:

– لەپێناوی چی..!؟.

سەری ناڕەزایی لێباداو:

– خەفیاتی بەهەموو دەست و پێوەندو مەحسووبانییەوە، لەهەر چوار چێوەی دوڕگۆکەی بۆ دەکات هۆباب.

وتەکەی لەبەر خۆیەوەی هەلگێڕو.. وەرگێڕ کردو..و:

– بڕوام نایەت!.

– لەبەرچی..!؟.

– شێخێك سالّ دوازدە مانگ مەگەر کوو لەتەکییە دانەبڕێت پێم نالّێیت: جاسووسی کوو پێدەکرێت!؟.

لەدڵەوە بەباوەڕ نەکردنەکەی تۆزێك پەستبو..و:

– بەسە چیتر خۆت خەشیم و نەدیتکانە هەلّمەیەخە: ئەو نەوعە خەفیاتیەی ئەو دەیکات زۆر کەسی عولعولی وەك جەنابت، لەگەلّ ڕێزم بۆت هەرگیز پێناحسیێت.

پیدال بۆ وێکەوتن سێرەی بەمەراقەوە لەگفتی گرت.

بۆ ئەوەی قسەکانی سەرکەون و باوەڕیان پێ بهێنێت ماوەی نەدا چیدی دەم لەڕووەوە بکاتەوەو:

– خۆ بەچاوی خۆت دیوە: عجل هات وچۆی تەکییەی دەکرد.

– نەك کەڕەتێك بەدەیان.

– هـــەرجارێ لەبەرچـــاوی خەڵکەکـــەوە چـــۆکی لـــەپێش شـــێخ دەگەیاندە عەردی و بەسـەردانواندنی تـەوازووەوە، دادەوەراوە مـاچ کردنی دەستی.

– ئەمەش دەیان کەس دیویانە.

بزەیەکی کامەرانی دایگرت، لەزگە پێی بسەلمێنێت.

– بەمە دوو مەرام دەپێکرا.

یەکـەم: فریـودانی ئێمـەی پـیران و: ((مـادام ئـەو سـەرکردە زەبـر بەدەست و زۆرداره بەم چەشنە ملکەچـی بێـت، دیـارە شـێخ شـتێك هەیەو پیران ئێوە خۆ لەعجل بەدەسەڵات و زەریف تر نینـە، نەکـەن زۆرو کەم لەبن فەرمان و.. ویستی حەزی دەربچن)).

دووەم:– هەرچـی زانیـاری و خـەبات و تێکۆشـان و. جـم و جـۆڵی پیرانە دژی لۆقنان لەمست دەنا.

سێودین ویستی زار هەڵبڕێت کەلێنی نەداو:

– ئەوجا بۆ ئەوەی پەردەپۆش ببێت و کەس پێ نەحسێیت دەست و پێوەنـدو دەرویـشەکانی، لـەناو خۆیانـەوە: ((عجـل زۆر لەمێـژە، لەباب و باپیرانەوە موریدو تۆبەکاری حەزرەتی شێخە)).

سێودین:

– ئەمەشمان زۆرجار بەرگوێ کەوتووە.

بەمـە پیـچێك سـاردبووەوەو لەناخـەوە بۆڕاکـەی داهاتـەوەو.. وای لەمل خۆش بوو پتر گوێی بۆ ڕایەڵێت.

پیـدالیش حـسیا قـسەکانی لـەکونی کـارك ڕاسـتترن، بەشـەوقەوە هەست ڕاگربوو.

پیرزەندە دوای سەرکەوتنی ئـاواتی هـەرە گـەورەی بـوو بـەڕووێکی گەشەوە زاری بەملایەدا هۆی داوەو:

– مەلاتاهیری بووژانەوەش زۆر لەشێخ گلاوترە. ئەمیان تا ڕادەیەك ناحـەقی نییـەو ڕچـەلەکی هـەر لـەئیجادەوە لەدوڕگۆکـە، بـۆ لەخـشتەبردنی نەتـەوەی پـیران، لـەپێناوی بەرژەوەنـدی نەتـەوە کۆنەکەی خۆی دروست کراوە، کەچی مەلای چەمەری نیازێتی داب و نـەریت و..و جـوودی نەتەکـەی خـۆی لـەنێو نەتـەوەی لۆقنـان بتوێتەوە.

بۆ ئەوەی حەقیقەتەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە بێنی نەداو:

– بۆ سەقادانی دڵی هێنـدێکی بـیر تەسـك و لاسـارتان لـەم ڕووەوە دەمەوێت شتێکی کەمتان دەرحـەقی بخەمـە ڕوو. پـاش پێـنج و دوو ڕۆژی دیکـە بـەکردەوەکانی راسـت و درۆی قـسەکانی مناتـان تـەواو بۆ.. والاّ دەبێتەوەو پێویست ناکات زێتر چیرەی بدەمێ.

بەمە سەرنجیانی سرکتر بکێش بوو.

– هەتا ئێمەی پیران، بێ هەست و خوست بووین عجلیش لەوپـەڕی بەهێزیدا بوو، مەلای تایەن لەخوتبەی جومعاندا دووعـای سـەرکەوتن و پایە بەرزی بەسۆزەوەی بۆ دەکردو:

– خوایە ئەو سەرکردە قارەمان و جەرگ سۆزەمان بۆ بپارێزە.

دوای گوێ قیت کردنەوەمان حسیا مەلایەتی کەسی خۆی متمانەی لەئاست پیران کزبووەو دەوری پێشووی نەماوەو پشتی تێکردو بۆ ئاوێزانی تەمایەکەی رێکخراوێکی پێك وەناوە.

هەرکە بیرو بۆچوونەکانی لەدڵی دوودڵان چەسپی بەواق وڕمانەوە:

– ئەرێ پیرزەندە تۆ ئەو هەموو زانیاریانە لەکێندەر دەهێنیت!.

کەیفی پێهات و لەجیاتی وەڵام بەزەردەخەنەیەکی شانازییەوە بۆی ڕووانی.

پیدالیش پێشتر بۆرەشکێکی کردبوو..و تا ئەوساتە لێی دڵنیا نەبوو..و ڕووی بافراری لەسێودین کردو گوتی:

– ئەدی خۆ بەلاش دوو((دابەستی)) ی مل ئەستووری رانەگرتووە.

پیرزەندە لەقاقایداو سێودین حسیا: دنیا چ باسە.

لەمێشکی گەورەو. بچووکی پیرانەوە بیرازکرابوو: پیرزەندە بۆیە سالێ دوازدە مانگ لە دەوروبەری سمە چڵێس و دڵە قوربانی خۆفرۆش جڕت و فڕتێتی.

* * *

– تۆ ناوت چییە؟.

– سەعد.

بەڕوویکی گەش و بزەی سمێڵەوە:

– لەناوە پیرۆزەکانی عەشەرەی موبەشەرەیە.

مەلا مەروان لەبەر چست و چالاکی و کار.. ڕێکییەوە ڕێکخراوی ((پ.ق)) ی خێرخوازی پێ سپێردرابوو. باڵەخانەیەکی گەورەی بەچەند وەرەقە بۆ گیرابوو. قورئانی پیرۆزی ئەزبەری خەڵك دەکرد. بارەگاکەی هەردەم مۆنجەی لەکوڕی فەراقەو هەاش و مێر منداڵەوە دەهات و بەشەوقەوە گاڕیانی دەداو:

– ئەدی تۆ..؟.

– عوسمان.

بەبزەیەکەوە.

– ناوێکی زۆر پیرۆزەو سێیەم خەلیفەی پێغەمبەر ((د.خ)) بووە.

– کورە جوان تۆ..؟.

– ئاسۆ.

نێوچەوانی وا گرژ هەڵگەڕا هەر هێندەی دوو پەنجانی لێماوەو ئایینەکەی هانیداو: ((تف.. لەخۆت و لەگەڵ ناوت!)) و بێ سێو دوو:

– واجبێکی شەرعیە دەبێ تۆ ناوەکەت بگۆڕیت.

ئاسۆی مێر منداڵ بەشڵەژانەوە:

– لۆ.. لەبەرچی؟!.

تاکو دڵی لێ سارد بکات و بۆ نیازەکەی داوەرێتەوە:

– ناوێکی قۆڕو دژی دینی ئیسلامی پیرۆزە.

ئاسۆی چاو نەکراوەی هەڵسوکەوتی ژیان، بەحەپەسانەوە بۆی ڕووانی. باوەڕی زۆر بەدیانەتەکەی هەبوو. نەیویست باگۆی بداتەوەو ناچار:

– بەچ ناوێك بگۆڕم؟.

پێکانی ئاواتەکەی بزەی خستە سەر لێوانەوەو لای وابوو تازە هاتووەتە سەر.. ڕووی دنیاوەو دەمێك بەبیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی ناوێك مڕ داماو پاشدان بەخولق خۆشییەوە:

– بەئوسامە.

– ئەدی جەنابت؟.

– بیلالم ناوە.

– بیلالیش ناوێکی زۆر پیرۆزەو بانگدەری پێغەمبەر ((د.خ)) بووە.

هەرکە وەڵامی دوا پرسیاری بە ((ناوم:بێلاف)) ە دراوە ڕووی گەشی مچومۆڕ هەڵگەڕاو:

– تۆش بە ((مەناف)) ی ناوی باپیرە گەورەی پێغەمبەر ((د.خ)) بووە بگۆڕە.

مێشکیانی بەخۆشی و لەزەتی بەهەشت و سەخت و دژواری ئاگری دۆزەخ وا زاخاو دابوو بەهیچ جۆرێك، لەدەسەڵاتیاندا نەبوو پەیڕەوی فەرمانی نەکەن.

– منداڵە موسوڵمانە ئازیزەکان، خۆشەویستی ڕێبازی پێغەمبەر ((د.خ)) ی نازدار ئەوناوانەی شەرعی ئیسلام دەڵێت، نەك ئەو ناوە

سەیرو سەمەرو قۆڕانەی وەك هەندێك هەتانە، لەڕۆژی قیامەتدا بە هانامانەوە دێن.

تا ئەوساتە لێی بێ خەبەربوون. بەحەیرمانەوە گوێیان بۆ ڕاهێشت.

– لەمەیدانی حەشردا ڕۆژ بەو هەموو گەرمیەی خۆیەوە زۆر نەوییەو مێشکی بنیادەم دەکوڵێنێت و خەڵکەکە، لەحەژمەتان سەت خۆزگە دەخوازن بەیەکجاری بمرن، کەچی نامرن، ئا.. لەوساتە تەنگ و حەرەجەدا ناوەکە دەبێتە رابەرتان و بەپێشتان دەکەوێت و بەناوەڕاستی عەشاماتە پرزە بڕاوو لەبن نەهاتووەکەتان دەبات تاکو دەتانگەیەنتە بەر سێبەری باری تەعالا. جگە لەو سێبەرە سێبەری دی شك نابردرێت.

ئەوانەی پێیان گوترابوو، بەڕووێکی شڵەژانەوە بۆ زاریان ڕووانی و لەناخەوە باوکی خۆیان خەتابار کردو: ((تۆخوا ناو لە دنیادا قات بوو تەنیا ئەوناوە قۆڕانەی دژی دینمان لێ بنێن!)).

هەر ئەوسات بڕیاریانداو:

– مامۆستا کووی بگۆڕین؟.

سەری متی بەشاگەشکەیی یەوە، بەخۆدا شۆڕکردەوەو قەت نەیدەزانی نیازی ئاوا زوو دێتەجێ. زۆر نەمابوو لەکەیفان چۆپیانە هەڵپەڕێت. بەزەردەخەنەی خەنییەوە:

– عەریزەیەك تێیدا دەنووسن: ((من ناوم.....)) ەو دەمەوێت بەم ناوەی ((....)) بگۆڕم و دەیدەیتە دادوەرو نیو سەعات نابات بۆت جێ بەجێ دەکرێت. جا بیبە دائیرەی نفووس.

بۆ ئەوەی منداڵەکان لەسەر هەڵویستەکەیان مکوڕبن و:

– ئا.. ئەوەندەش ماوە، هەرکە دەفتەر نفووسە نووەکەتان وەرگرت، هەتا ناوە دزێو..و ناشەرعیەکەتان، بەیەکجاری لەکۆڵ بێتەوە دەفتەر نفووسە، کەونەکەتان هەر ئەودەم جێڕ بەجێڕ بکەن.

پیرزەندە بەمە هارو هاج بوو..و ((ئەمەش جۆرە خیانەتێکە ئەو کرێگرتەو خۆفرۆشانە، بەناوی دینەوە دژی پیران و کلتورو هەستی نەتەوایەتی ئەنجام دەدەن)).

* * *

شوێن کەوتوانی ڕێبازە پیرۆزەکەی حەزرەتی پێغەمبەر ((د.خ)) ی ئاخری زەمان، خوا پەرستان، ئیمانداران، ئاودالانی مالّی خوا: ئایینی پیرۆزی ئیسلام تاکە ئایینێکە خوای تەبارەك وەتەعالا لەسەر گوی زەویدا، لەڕۆژی قیامەتدا لەبنیادەم قەبوول بکات. ئایینی خۆشەویستی و یەکسانی و تەبایی و لێبوردن و چاوپۆشینە. ئایینێکە دژی شەڕو شۆڕو ئاژاوەو دووبەرەکی و جەورو ستەمە. ئایینێکە لەهەموو ئایینەکانی دی بەر فرەوانترەو لەگەڵ گشت

بواریکدا: ((سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و تەندروستی و.....)) دەگونجێت.

مەلا جومعە بەکەواو چاکەت و جوبەیەکی شینمەلەی نوێ و مەندیلێکی سپیی چوڕی شیر، شەیتان شەرمی لێدەکرد، لەسەر مینبەری مزگەوت قیت وەستاوەو سەماعەکەی لەبەردەم و سەتان کەس بە هەست تورپندیەوە چاوەڕووان بوون لەخوتبەی ئەمجارە چ ئامۆژگارییەکی خوایی بەدەمەوەیە. دەمی زیاتر لەسەماعە چەقیوەکەی پێشی نزیك خستەوەو تەرحی قورگ خۆش کردن یەك دوو ئحمی گەورەی لێوەهات. بەدەنگی نەختێك بەرزەوەو:

– بۆیە حەق وایە ئێمەی موسولمان هەتا لەژیاندا ماوین ڕۆژانە پێنج فەرزە سەجەندەی شوکور بۆ خوای مەزن ببەین. کە ئێمەی کردووەتە ئۆمەتی ئەو پێغەمبەرە ((د.خ)) پایە بەرزە. کە تەنیا پێغەمبەرێکە ((د.خ)) ڕێی لەڕۆژی حەشردا پێدراوە: بەرامبەر بەباری تەعالا ڕاوەستێت و بڵێت: ((ئۆمەتی، ئۆمەتی)) و شەفاعەت، بەهەموو شێوەیەك ، بۆ ئۆمەتی خۆی بکات. ئەمەش بەرزترین پلەیە، لەلایەن یەزدانەوە پێی بەخشراوە.

کەف لەملاو لەولای دەمیەوە، بەهۆی قسەکردنی حێلەوە سەری هەڵدابوو.. و سڕییەوەو:

– بۆیە لەسەر ئێمەی ئیماندار واجبە ڕۆژانە، بەلای کەمیەوە ((١٠٠)) سەت سەلاوات لەدیداری ئەو پێغەمبەرە ((د.خ)) مەزنە لێ بدەین.

بەدەنگی زلترەوە، ئاپۆراکەش بەدوایەو:

– ئەللاهوممەسەللی عەلا سەییدینا موحەمەد، وعەلا ئالی سەییدینا موحەمەد.

لەوەرەقەکەی بەردەمی هەڵواسراو ڕووانی و:

– خوایە لەڕۆژی حەشردا، بەئۆمەتی ئەو پێغەمبەرە ((د.خ)) مەزنەمان شاد بکەیت.

– ئا..مێ..ن.

– خوایە لەڕۆژی حەلاو.. وەلایێدا لەشەفاعەتی ئەو پێغەمبەرە ((د.خ)) خۆشەویستەی خۆت بێبەشمان نەکەیت.

– ئا..مێ..ن.

– خوایە لۆخاتری ئەو پێغەمبەرە ((د.خ)) خاوەن موعجیزەی قورئانی پیرۆزەت لەمەیدانی حەشردا، لەسێبەری خۆت چەپارەمان بدەیت.

– ئا..مێ..ن.

* * *

– هەی بێدین. هەی ڕافـزی. هـەی فەرمەسـۆن. هەرزەنـدیق. هـەی جاش مەلا: پێم ناڵێیت: لەبەرچی داوات لەبێلافی کوڕەزامت کـردووە ناوی بە ((مەناف)) بگۆڕێت.

خەڵکێکی یەکجار زۆر، لەمزگـەوتی مـەلا مـەروان وڕووژابوونـە سـەر دەمەقاڵی نێوان سمایل و مەلا مەروانەوە. ئەمیان وای بۆ نەدەچـوو: ئەو گەردلوەی بەرەنگار دەبێت و بەڕەنگ بزڕکاوییەوە:

– مەناف نـاوی بـاپیرە گـەورەی پێغەمبـەر بـووە((د.خ)) و زۆر لـە بێلاف پیرۆزترە.

لەگەڵ حریتەیەکی حێلی قەشمەریانەوە:

– ترحێو.. بەڕاستی ناوێکی پیرۆزە!.

دژی بیرو بۆچوونی بوو..و بەحەپەسانی هەڵەداوانەوە:

– لۆ.. وانییە!؟.

– گریمان واش بێت تۆ.. چ حەقت لەسەر نـاوی منـدالّی مـن هەیـە، پیرۆز بێت، یان نا پیرۆز!.

بەمە هۆپێکی لەخۆی زانی و هەر زوو ئەمەی بۆهات و بەڕا لەخودی خۆیەوە:

– دینەکەم هانیدام داوای لێ بکەم.

سەری دەغەزانی لەنەزانینەوەی باداو:

– ئاخر جاهیلی وەك تـۆ، كەبـە دووسـاڵ، لـەپۆڵی سـێی ناوەنـدی، بەموعەدەڵی ((٥٢)) پەنجاو دووسـەركەوتیت چ لەمەلایـەتی دەزانیـت تاكو ئەو تەرزە فتوایانە بدەیت.

بەدەنگێكی بەرزو پەستییەوە:

– لۆ.. جاهیلم؟.

بەقایم تڕەوە:

– هێشتا پێیدەوێت: ((مەناف)) ناوی ((بت)) بووە هەینەزان.

خۆشی و ترشی لەملی شەتا بەرگری لەخۆی بكات و:

– ئەوجا چییە!. خۆ ناوی باپیری پێغەمبەر ((د.خ)) بووە.

هەننۆب بۆ گاڵتە پێكردن تریقاوەو:

– ئەوەش یەك لەنەزانین و نامەلایەتیەكەتـە!. بـەگوێرەی شـەرعی ئیسلام دروستە نییە. ئەگەر بەناوی باپیرانی پێغەمبـەریش ((د.خ)) بچینە دوێ یەك لە باپیرەكانی ناوی (كیلاب) بووە بەخۆشت...

بەتەوسەوەی گوت.

– مەلایت مانای كیلاب باش دەزانیت.

تا ئەوساتە وای لێ بەلەد نەبوو.. و ڕەنگی پتر پەڕی ..ویستی هـەر چۆنیك بێـت بـاگۆی بداتـەوە، لـەناكاو پیرزنـدە لـە نێوئاپۆرەكـەوە دەركەوت و قۆڵی سمایلی توند گرت و لەگەڵ قایم ڕانەكانداو:

– دەو لەودەمی كێ دەنێیت مالۆێران!. ئەوجاش مەلایانە، بەفیتی داگیركەرانەوە دژی ئێمە وبیرو باوەڕمان دروستە كراون. وەك زیوان

نێودەغڵ و فریزی بێستانانن و لەزەرەر و زیان بەملاوە چیدیکەیان لێرەچاو ناکرێت و بەهیچ شێوەیەك تریق نابنەوە و بەگژداچوونیشیان هەرخۆت زەرەر دەکەیت.

* * *

سەرجادەی پێش بازاڕی ((سیروان)) مۆنجەی دەهات. بەجوتە قۆڵ لەقۆڵ هەڵکێشراوو شایان بەسەپانی خۆیان نەدەزانی و قۆڵی هەریەکەیان گەرمایی حەزی بەجەستەی ئەویتر دەداو هەنگاو بەهەنگاو خۆیان چڕتر لەیەکتر دەبردە پێش و بەفاك و فیکی لووت بەرزیی بێ منەتەوە، لەعەرەب و عەجەمی بەرو بازاڕدا، پیاسەیان دەکردو مگێزی سێرەیان لەئافرەتانی ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکە، سانییەك نەدەگرتەوەو خواخوایان بوو نێچیرێکی مێخۆشیان بۆ هەڵکەوێت و تۆزێك کامی عەتۆتەکانیان، سەریان لەم ساتەدا بەهیچ کلو بابەتێکەوە، نەدەچەماوە، داکەوێنن. لەگەڵ ڕووانینی هەر ئافرەتێکی زێن و شێندا هەڵپشاوتنی دەچووە پاڵ. ڕووبەڕوو ئاوقای ((کتانی)) ی تازە هەڵچوو.و قۆڵ سپی و گۆشتن و سووراوو سپیاوی لێوو ڕوومەتە گوپنەکانی لەدوورەوە جلەوکێشی، سەرنجی نێرەوزان، قژە زەردو درێژەکەی بەملاو بەولای بارستایی مەمەقیت و تورتەکانی شۆڕ ببووەوەو بەهۆی ڕۆیشتن و شنەباوە دەشەکایەوە، بوون و گەرمایی یەکە زیاتر تینی بەخروشتنی مێخەکانیانداو بەسەر

بـیرو هۆشـیاندا زاڵ بـوو..و بێباکانـەو ڕەچـاوکردنی داب و نـەریت و یاسای پەیڕەوکراوی میللەتەکەیان، حاڵوڕی ئاسا، شـەرم و حـەیایان زڕاندو مەسروورى دەسپێشخەر لەگەڵ باسك وەراندنی ملی و مرچەی ماچـێکی بـەگوڕەوە، لەکولمـە خڕوناسـکەکەیەوە: ((ئۆخـەی چـەند قشتە قشت.)) هێنا.

کتان هۆپێکی لەخۆی زانی و بەشڵەژانەوە ڕاچلەکی و تـا زللـەگرتی لەبنا گێوەی سرواندو.. ویستی جوێنی تەڕاوزانەشـی حەوالـە بکـات، خالید، لەلاکەی تڕەوە هۆیداوە. یەکسەر بەتوندی و غەزەبەوە خۆی لەنێوانیاندا ڕاپسکاندو چەند هەنگاوێك دوور کەوتەوەو هـەتا دەنگـی لەبەردابوو..و:

– سەی لەبابێ سەینە ئەوە هاربوونە، خۆێن بەری چاوتانی گرتووە بۆ.. بەلاش و حەلاش پڕکێشی ناموسم دەکەن!.

لـــەتاوان و بێدەســـەڵاتییەوە، لـــەهۆڕژنی گریانیـــداو هـــوڕووژمی خەڵکەکەش پاشگەزی کردنەوە.

هەرکە لەنێو هەزارە زیلەکە هاتەوە سەرخۆ، نەیدەناسین، بەڵام ئەو تەرزە کارە دزێوو نەگریسەیان ، لەنێوشـاردا تـەقی بـووەوەو: ((لـە ئەوان بترازێن کەسی دی، لەدوڕگۆکە حەدی نییە ئەو بێ ئەدەبییەی ئەنجام بدات!)).

خەڵکەکەی بـەبتوونی خـستە نێـو دەریـای قـارو غـەزەب و کـەف و کۆڵەوەو:

– هاربوونه !.

– غروورى بەرى چاويانى گرتووە.

– لەپێستەى خۆيان دەرچوونەو لەهيچ شتێك ناپەنگێنەوە.

– ناحەق نينە: ترسى دەستوورو ياساو كوتەكى سزايان نييە و بۆيە لەوكارە گەندانە ناپەنگێنەوە.

– زۆر.. ڕاستە !. ئەگەرنا لەوەتى دوڕگۆكە بنيات نراوە ئەو چەشنە بێ ئەخلاقييەى لێڕوونەداوە !.

لەوساتەدا پيرزەندە تێهەڵكردو:

– مالێ بەخۆى نەچێت حەرامە.

– دەم خۆش: قوڕى بنت دەرهێنا.

– هەزار ڕەحمەت لەخۆت و بۆچوونى جوانت.

كتان بەدڵێكى تژى كەسەرو غەزەبەوە:

– ئەوە ڕەنگە لەتۆڵەى دايك و خوشكيان بێت. كەوا لەهەندەران لۆ عەرەب و عەجەمان تەبەڕانە.

گريان بەرسينگى قسانى لێساندەوەو پاشدان:

– لەسايەى حوكمڕانى پيرۆت و باپيرى چەمەرييەوە شارەكەمان بووەتەقاحپەخانەو كەربازاڕى.ئ..ه لەلايەك لەبەر قۆلێ ڕووتيم تيزابم پێداكراو ئەو ڕۆش والەبەر چاوى عەمرو زەيدەوە پڕكێشى ناموسم دەكرێت !.

* * *

– پـیران بەهـەموو شـتێك دێنـە بـەرێ، نـەك بـە ئـەوەی خالیـدو مەسروور.. رۆژانە ئەنجامی دەدەن.

– ئەوە گوتنی ناوێت.

پاش بەرگوێ کەوتنی واریقاتەکەی کتان پیرۆت ماوەیـەك سـەرکزی بەخۆدا شۆڕکردەوەو:

– بابە حەزحەزۆکێ دەکەن قەیـدیناکات و چ زۆرە پـەناو پەسـارگە زۆرە. نەك ئەوها.. بەکەڵەگایی. ئاخر ئـەوڕۆکێ لـەم وڵاتـەدا ئـەوەی قەبوولێ دەکات!.

باپیر داخدارترو:

– ئـ..ھ لایان وایە: ئێرەش هەندەرانەو حەرەجیان لێناگیرێت.

– هەمووش لەمەڕسەری شێخ عیمادە.

– بەڵگەی ناوێت: ئەو فێری کردن.

– کەچی هیچ کەس ناوی لەم ڕووەوە ناهێنێت.

– لەباب و باپیرانییەوە ئەو ئاوەیان بۆ ڕژاوە.

پیرۆت سەری خەم و دەغەزانی بردەوە غەرێفێ و:

– پێویـستە هـەتا لای میللـەت نەبووینـە پەڕۆپیـسی ئافرەتـان حەدیکیان بۆ دابنێین.

بەدوو دڵیەوە:

– حـەدی چـی..!؟. مەگـەر بەپـەل بەسـتن و بەنـدکردن نـەهێلین تخوونی شێخی داوێن تەڕ بکەون.

نەیانـدەزانی: بـەچ ڕێگایـەك بەرپەچـیان بدەنـەوە. لەناخیانـەوە سەقام گیر ببوو: لەتەپلە سەریشیان بـدرێت دەسـت بـەرداری نـابن.

چەند ڕۆژێك لەگێڕاوی بیرکردنەوەو مشوورخواردنی ((چ بکەن و چ نەکەن))، دادەخولانەوە. تا باپیر ئەمەی بۆهات و:

– تەنیا یەك ڕێمان لەپێشە.

پیرۆت لەسەر ئاوو ئاگربوو..و بەهەشتاوییەوە:

– فەرموو.

بەسۆما بڕینە سۆماڕەش و زەقەکانی و ڕاڵەخۆوە:

– هەریەکەیان کچێکی جوان و شلك و ژیکەلەو منداڵکاری بۆ ببینەوەو سەفتە دۆلارێکیشی پێشکەش بکەین و بەناوی مانگی هەنگوینەوە ڕوەانەی لای دایك و خوشکەکانیان بکەینەوە.

وەك موژدەیەکی خۆشی پێدرابێت ڕووی مچومۆڕی چەند ڕۆژەی گەش بووەوەو بەبافرەیەکەوە:

– هەزار ڕەحمەت لەو دایك و باوکەی تۆیان لێ بووە !. بەڕاستی تەکبیرێکی ڕەواو لەجێیە !.

مانگێکی نەبرد لەکۆڵ خۆیان کردنەوە.

* * *

– تاکو ڕێبازە پیرۆزەکەمان گەنجی دڵسۆزو خواپەرستی وەك جەنابتی هەبێت نسکۆ..و تەگەرەمان نایەتەڕێ و خوای تەبارەك وەتەعالا بێگومان، لەکاروباری دنیاو قیامەت سەرمان دەخات.

مەلا تاهیر لەهەوەلەوە ئەملاو ئەولای ((عەبدوڵڵا)) ی بەموشتاقەوە چەندجار ماچ کرد. وەك ئافەرین لێکردندا دەستی دووسێ کەڕەت

لەپشتداو هەردوو ناولەپی خستە سەر شەپیلکەکانی و بەچاوی پڕ فرمێسکی ئەوینیەوە بۆی ڕووانی و:

– لەپاداشتی ئەوکارە پیرۆزو مەردانەی جەنابت خوای مەزن لەبەهەشتی پان و بەرینی خۆیدا ((٧٠)) حەفتا حۆریی جوان و قۆزت پێشکەش دەکات. حۆرییەکان سوخەتیان وایە هەرچەند لەگەڵیان رابوێریت هەربە کچی دەمێنێنەوەو لەگەمەو کەیفسازی رابواردنیشدا قەت وەڕس نابن. ئەوەندەشیان تۆ خۆشدەوێت، بە ئەوان بێت بیست و چوار سەعات لێتدانەبڕێن. ئەمەش نیعمەتێکەو بەهەوەنتەو دوور لەخواپەرستی دەست هەموو کەس ناکەوێت.

دووبارە تەوێلی بەگۆڕەوە ماچ کردەوەو بۆگاڕدانی جارێکی تر بەهەستانی کارەکەیەوە:

– وێڕای ئەوەی گوتم: لەنێو بەهەشتدا گوێت لەدەنگێك دەبێت و بانگت دەکات و:

– هۆ.. عەبدوللا، عەبدوللا.....

ئەوەی لەنێو بەهەشتدا عەبدوللای ناوە، پێ قوڵاخ دەبێت و کەس تاسا ناکات وەڵام بداتەوە، تەنیا تۆ نەبێت و:

– عەبدوللای کێت دەوێت؟.

یەکسەر وەڵامت دەداتەوە: ((عەبدوللای موجاهید)).

لە ئەنجامدانی کارەکەیەوە، مەلا تاهیر دەقەبەڵی کردبوو.

– فەرموو: من عەبدوللای موجاهیدم.

بەسەیرمانەوە:

– تۆخوا جەنابت هەویت!؟.

– بەڵێ.

کەدڵنیابوو جەنابتی، بێ سێ و دوولێکردنی موشتاقەوە:

– خۆزگە لەدنیادا هەموو لەشمت بەتیزاب دەسوتاند!.

پێدەحەپەسێیت و:

– تۆ کێیت!؟.

بەدەنگێکی پڕسۆزەوە:

– من کتانم کتان. ئەو کیژە فاسق و بێدینەی دنیاێیم بە ئەنقەست، بۆ کەشخەی سەرجادان جەستەی حەرامی خۆم نیشانی عەوامی خەڵك دەداو تۆش تیزابت پێداکردم.

هەرکە وەبیرت دێتەوە واقت بەجارێك وڕدەمینێت و:

– تۆ.. لەکێندەریت!؟.

پاش ئەوەی دەحسێیت دەنگەکە زۆر لەدوورەوەیە.

– وا لەناو گڕی ئاگری دۆزەخم.

عاجباتیت پتر پێدێت. نەخەسە لەدەتزانی نێوان بەهەشت و جەهەننەم زۆر دوورە.

– پێم نالێیت: دەنگت کوو دەگاتە من!؟.

– خوای مەزن لەبەر خاتری کارە پیرۆزەکەی جەنابت وادەکات دەنگم بتگاتێ و بەپێچەوانەوە.

هەوەستت گەلێك پێدێت و:

– ئەدی لەبەرچی ئەو خۆزگەی دەخوازیت؟.

– قوربان بەدەنم سەرتاپا والەناو بڵێسەی ئاگردا چزەچزی برژانێتی. تەنیا ئەوجێیەی تیزابی بەرکەوتبوو ئاگری تخوون ناکەوێت.

ئەوسا تۆ لەخۆشییاندا دەلحاز سەجدەی شوکور بۆخوا دەبەیت و خۆشت بەموجاهیدی راستەقینەی وا لەقەڵەم دەدەیت شایەنی نازو نیعمەتی بەهەشت بیت.

دەمێك بەبزەیەکی دەهایانەوە بۆی ڕووانی و:

سەیر لێرەدایە ئەوانەی لەبەهەشتدا ناویان عەبدوللایە هەرکە حاڵی دەبن سەت خۆزگە دەخوازن: بەدەیان کەڕەت ئەوکارە پیرۆزەی تۆیان لەدنیای فانیدا ئەنجام بدابووایە.

* * *

هەرکە بەم تەرزە خۆتاس و لووس و تیف تیفەدان و بۆن و بەرامەو جل و جۆڕی کەشخەوەی دیتن، یەکسەر نیازیانی خوێندەوە: ((بەبۆنی کەبابەوە هاتوونەو نازانن کەرداخ کردنە)). لەدڵەوەش پێکەنینی دەهات.

– دلارۆخانی شارە ئازیزەکەمان: ئێمە بۆ خزمەت جەنابتەوە هاتووین.

دوای هەڵپشاوتنی ناوپستێرەکانیانەوە گوتیان.

تازە دوو مانگ بەسەر حەوجەبوونەوەیان تێپەڕیبوو، بە سمێڵە خچکەو گوراح خۆشی و شان بەشانی یەکترەوە مااڵی دلارۆیان گرتەبەر.

بەڕووێکی گەشی نەریتی پیرانەوە:

– یاخوا بەخێربێن سەرکردە خۆشەویستەکانمان، پێ و قدوومااتان خێرو بەرەکەتی لەدوایەو گایەکی گەورەم لەودەمە بەردەست بووایە لەبەر کەوشەکانتانم لەعەردی دەدا.

بەبافرەیەکی زۆرەوە:

– زۆر سوپاس. ئەواتە خوازین یەزدانی مەزن هەردەم بەسەر بەرزی و ڕوو سپی و دووڕە تەگەرەت بێلیت.

پاش دیقەتدانی چاوە جوانە سەرنج کێشەکانی و هەڵبەزو دانەبەزی دار دۆخینەکانیانەوەو:

– هیچ شتێك لەشەرع و عورفدا شاراوە نییەو سونەتی ژیانیشە عەیب نەبێت، ئەگەر بەمەرحەتی خۆتەوە قەبوولّمان بکەیت: ئێمە هاتووینە داخوازی جەنابت.

بەچاو زەینیان دا زاری و دڵیشیان لای ئیرەق کردنەکەیانەوە بوو.

ئەو جۆرە داخوازییە، لەڕوواتدا وای لێدەفامراوە، بۆ کەسێکی دی بێت و ئەوان دەمڕاست بن. داب و نەریتی پیران لەسەری دەڕۆیشت. پێشتر چرپەیەکی لەپیرزەندەوە بەرگوێ کەوتبوو: ((ئەوانە بەهۆی

گەشت کردنی هەندەرانەوە ئاودالّی دوو شت بوونە. دۆلارو ئافرەت و بەس)).

لەدەست خستنە سەروانەکەکانیان دلّنیابوو بۆخۆیانە. لەجیاتی زارگەرانی: ((ئاو..نا))، ماوەیەك، بێ بێندان پێیان شین بووەوە.

لەبەر خروشتی بەرزە هاریان هەراسانی لێهەلّگرتبوون و مرتیان لێوە نەهات.

دوو سێ کەڕەت تانی لەخۆیدا تا بەسەر پێکەنینەکەیدا زالّبوو..و بەدیقەتدانی سەروپۆتەلاکیانەوە:

– بەتوولی عومرم ئەوە یەك: دوو کەس پێکەوە بچنە داخوازی کچێك.

پاش حیلکەدانێکی تڕەوە:

– وادیارە بەمەزەبتان دروستە، لەیەك کاتدا مێرد بەهەردووکتان بکەم!.

بەر لەشین بوونەوەیەکی دی پیرزەندە، بەدوای ناردرابوو قەشمەری ئاسا بەڕوو لەدلارۆ..و پێکەنینەوە:

– چیم گوت!؟.

بێ ماوەدانی وەلّامیان بایداوە سەربابەتەکەو:

– لۆ.. دروستە نییە!.

بەسەر خەنینەکەیدا زالّ بوو..و:

– عەسرانێکەو هەموو شتێکی لێڕوودەدات.

جلەوی پێکەنینەکەی بەخەندەوە گرتەوەو:

– ئەگەر خواکردی و بوون بەنسیبی یەکتر، باشەو یەکیان لە گەڵت بنوێت و ئەویدیش سبیانان زۆر قیت بێتەوەو سڵ دەربکات.

لەدەروونەوەش، بەڕووانینی دەستەبان کلچووکەکانیانەوە: ((ئاگریان تێبەربووەو دامێن تەڕی هەندەرانن، لەتەپڵەسەریشیان بدرێت نەواز دەهێنن، نەهەستیش بەبێ حەیایی دەکەن. ئەگەرنا دەبووایە هەر هەنووکە لەتەشکی خۆیان بدابووایە)). مەیلی گۆڕی و: ((ناحەقیان ناگرم: ئەوە پەیڕەوی شێخ و سەرەك خێلانە)).

حریتەیەکی بەتەوژم تر هەردووکیانی هەراسان کرد. تایبەت ماوەنەدانی قسەکردنیان.

((ئەوانە دایك و باوك و بیرو باوەڕیان بەس بەڕك و پەڕینەو چیترنا. گوێش هیچ کات بەعەیب و ڕیسوابوون نادەن. بگرە وەك ((گا)) هەرمشەیان پێدێت و هەست بە چیدیکە ناکەن!. وادیارە ئەوە پرۆگرام و بەرهەمی سەرکردایەتی گەل و نیشتمانە!)).

پیرۆت تەحەمولی نەماو لەپێش باپیر زاری پچڕی، کەچی نەبادا دلارۆیان، بەیەکجاری لێ بتۆرێت، تاسای لەمەی زیاتر نەکرد بدەرێنێت.

لەم ساتەدا لەتاو قسەکان ئاگایان لەحەزی ناودۆکەکانیان بڕاو:

– لای خۆت ڕۆشنبیرو چاوکراوەیت، ئەوجا لەداواکەمان سەرچیغ چوویت.

– ئێمە قەت لەو نەوعە پیاوانە نینە ئەو بێ ئەدەبییەی لەڕاست جەنابتەوە ئەنجام بدەین. نەباری ئاین رێدەدات، نەباری کۆمەڵایەتی. تاکو ئێمەش پەیڕەوی بکەین.

دلارۆ نەختێك سەنگرایەوە.

– بەڵکو من و کاك باپیر ئەمڕۆ.. بەیەکەم پیاوی دوڕگۆکە دەخوێندرێینەوە، شایەنی جەنابت بین و...

((ئەمەیان هەرلەزاری خۆتان و گەنجە دنیانەدیتەکانەوە دەبیسترێت و بەس!)).

– جا هەردووکمان بەیەکەوە هاتووین، تا بەمەرحەمەتی خۆتەوە کامەمان هەڵدەبژێریت لەخزمەت وەستاوین.

هەننۆب دەستیان بەجێی گۆڕینەوە خشاند.

بەسەر لەقاندنی قەستەوە:

– ئێ..ئێ.. ئەوجا حاڵی بووم. لێم ببوورن لاموابوو ئەنگۆش وەك هەندەران ((گاڕان)) یتان گەرەکە.

حەریتەیەکی کەمی ئاوقابووەوە زوو لێیگرتەوەو تاکو لەکۆڵی ببنەوەو:

– ئەدی ژنەکانی خۆتان؟.

پیرزەندە پەسندی کردو لەدڵەوە: ((ئەوانیان تەنیا لۆدوو شتان، بەهەر هیممەتێك بێت کردووەتە، وەکیلی خۆیان لەهەندەران)).

پیرۆت بەئاخەوە، لەناخەوە: ((گرفتی هەرە گەورە لەپێشم ئەو تەگەرەیە!. بریا کاتی خۆی ئەو گووەم نەخوارد بووایە!)) و:

– جەنابت لەئێمە باشتر ئاگادارە ئەو زرووفەی، لەپێناوی خەباتی ئازادیی گەل و نیشتمانەکەمانەوە، تێکەوتینەو شەرەف و مەزناتی پێ بەخشیوین وا لێکی دابڕاندینە.

– ئەدی ئەمڕۆ؟. خۆ چ لەگۆڕێ نەماوە.

باپیر پێشتر پاکانەی هەڵڕشت و:

– چەند وەختێکی کەمە مالّی نوێیان پێکەوە ناوە، تا وەزعەکە لایەك بەلایەك دەبێت بادیسان لێیان تێکنەچتەوە.

پیرزەندە: ((وەللا وانییە، بەڵکو بنەگەیەکتان، بەئەنقەست لەهەندەرانەوە هێشتووەتەوە، لەلایەك دۆلارتان بەهەر شێوەیەك بۆخڕکەنەوە، لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر هاتوو جارێکی تر لەپیران قەوماوە ئەنگۆی پێشەنگ و رابەر وەك ئەوان تووشی زیانی گیانی و مالّی نەبن و سەری ئۆخەی پێدابگرنەوەو رێی بەزینیشتان، بەکرێی پلەوە، بەناوجەرگەی خاکی داگیرکەرانەوە بۆ خۆش کراوە)).

بەتەمابوو بڵێت: ((ئێوە لەبەردەم دوژمنانەوە پلی شەرمەزاریتان گەیاندووەتە عەردی کەلکی دنیاو قیامەتتان بڕاوە)) کەچی گێڕایەوەو: ((من لەژیاندا قەت نەم بیستووە: سەرکردە لەکاتی ترسی کوشتن و لێقەوماویدا خۆی لەمیللەت هەلاوێرێت و لەهەندەران وەك نە ((با)) ی دیبێت و نەباران نێرەکەرانە گوزەربکات. ئ..ھ

ئەمەش لەهیچ ولاتێکدا ڕووی نەداوەو ناشدات. تەنیا لەسایەی نەوەی شێخ و سەرەك خێلانی خۆمان نەبێت)).

ئۆقرەیان نەگرت و بەیەکەوە، بەموشتاقەوە:

– ها.. چیت گوت! ؟.

بەپرسیارەکە زەمۆمەکەیان گەڕاوە دۆخی جاران و ئەویش بۆی یەکلابووەوە:– دنیا چ باسەو بەجورئەتەوە بەڕوویاندا هەڵشاخاو:

– ئەوەی ڕاستی بێت من لەم ڕووەوە شەرمتان لێناکەم و.....

نەیانهێشت تەواوی بکات و:

– ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕایەی جەنابت داین.

حەزی مەیلی وا لەسەربوو بڵێت: ((بەخیانەتی دادەنێم گەر مێرد بەئێوەی بەزیوو قوون قوچکەرەوە بکەم))، قووتی داوەو:

– بێ پێچ و پەناو لەف و دەوران من بێزم هەرگیز نایەت دەرپێی خۆمێشتان پێ لەخم بدەم.

گۆترە نەبوو..و قینچکەی هەموو پیاوێك تەحەمولی ناکات. نەخەسەلەئەوانی سەرکردەو دەستڕۆ..و لەڕچەلەکێکی واشن خۆیان هەردەم لەمیللەت مەزنتر بگرن، بەڵام پیاو لەدەستوورو یاسای پیراندا لەئاست ئافرەتان، لەحالەتی ئاوا، هەتا لێی بەئاوات دەگات خۆی زۆر ملکەچ و دڵسۆزی وا دەنوێنێت هەست دەکرێت دەست و پێوەندێتی. دوای مەست بوونی شەپۆپەکەی لێیدەبێتە فیرعەون و بەسانایی بۆی ناچەمێتەوە، نەبادا بەیەکجاری لەقیس بچێت، تاسایان نەکرد پڕ بەپێست وەڵامی بدەنەوە. بگرە یەکیان بەڕەنگ بزرکاوی و هێدیەوە:

– ئەوە قسە نەبوو کردت!.

– وادیارە ئێمە بەلای جەنابتەوە ئەوەندە هیچ و پووچین شایەنی جەنابت نەبین.

لەشەرمی ڕووان منگاندی و: ((باشی لۆ چوویت و بەڵگەشی ناوێت و بەدەست خستنە سەر ئێزەکەکەتانەوە ڕادیارە هۆبابینە!)). وای بەهەموار دانا لەبەر دڵ ڕاگرتنی ڕووالەتیەوە پینەو پەڕۆی بکات و:

– ئێمە هەموومان لەیەك ڕەگەزین: ئەگەرحاشا ئەنگۆ وابن دەبێ ئێمەش وابین. ئەمەش بیروبۆچوونی خەڵکەکەیە.

نەختێك هێوربوونەوەو تامی غەردارەکەیان خۆش بووەوە:

– ئەدی لەبەرچیتە؟.

ویستی بەڵگەی پێشتر بکاتە بەهانە، دیسان حەیا پێی گێڕاوەو ئەمەی لەبریتی خستە ڕوو:

– ئافرەتەکانی خۆتان، لەهەڕەتی تەمەنیاندا، لەخۆشی و ترشی ژیانی دەربەدەری و پەڕاگەندەییدا، شان بەشانتان بوونەو بەقەدەر نووکی دەرزی لاگرتان نەوەستاون، کەچی ئەمڕۆ لەکاتی کاملیاندا ئەنگۆی بێوەفاو کەم مروەت لەجیاتی قەدرو ڕێزگرتنیان بێ پرسە خەسوانەش واژنیان بەسەر دێنن. ئەمەش گەورەترین تاوانە دەرحەق بەژن و مێردایەتی. لەو بڕوایەشدامە دوای خواست بەجێ هێنانتاندا بەپێنج و دوو ساڵێك لەئاست منیش هەر ئەوها دەبن.

((دەوجا وەرە ئەو نەوعە کەسانە ببنە جێی متمانە: خیانەت لەگەڵ هاوسەری خۆیان دەکەن. لەگەڵ میللەت کوو ناکەن!)).

ماوەیەك خۆی لەقسان بواردو لەگەڵ قیت بوونەوەدا بەدەغەزەوە:

– چیدیکەش لەم بارەیەوە نادوێم.

شەنگی و کەحێلی دووبارە بۆ هەولێکی دیکەوە: ئێـ..هـ بەڵکی ڕۆژێك بێتە ژێر باریانەوە، سەری ڕێزو تەوازووی کپییان بەخۆدا شۆڕکردەوە.

هەریەکەیان بەکۆشێك منداڵەوە سەت خۆزگەی دەخواست ژنی هەر لە ئیجادەوە نەهێنابووایە. هەتۆکە دلارۆ، بێ چەندو چۆن نیازی بەجێ دەهێنان.

* * *

– قوربان ئەوجارە چ پرسیارت نییە؟.

– هەر پرسیارو کارێکت هەیە وەك تای تەورداس لەخزمەتتان وەستاوین.

پیرزەندە هەموو سەرەمانگان دەعوەت و مووچەی بۆ بڕیبوونەوە.

– سوپاس جگە لەخۆشی ئێوە هیچ پرسیارم لا نییە.

پێش هەستانیان، نەدیتکانە، بۆ ئاوێزانی تەما سەرەکییەکەوە:

– ئا.. بەداواکەی جەنابتان پرسیارێکم لا گەڵاڵە بووە.

بەموشتاقەوە:

– فەرموو.

– چیتان دەربارەی پیلانی ڕۆستەم و عجل و ئایدنەوە، دژی ئێمەی پیران بیستووە؟.

– قوربان زانیاریەکی یەکجار زۆرمان لایە!.

– جارەکەی دی وێستمان بۆت دەورکەینەوە، کەچی جەنابت هەرزوو گوتت: دوا پرسیار.

بۆ لەخشتە بردنیانەوە:

– کورە من کەسێکی عەقل لەچۆکانم ئەوەی جەنابتان دەڵێن: ئەگەر پرسیارەکەتان نەبووایە، هەر بەخەیاڵیشم دانەدەهات.

– قوربان هەرسێکیان بۆ داپەلۆسینی ئەمەمانان و داگیرکردنی خاکی دوڕگۆکەوە کلکیان کردووەتە یەك و ناو بەناو کۆدەبنەوەو هەر بڕیارێکی دەربکەن خڕی لەمست پێرۆت و باپیرەوە دەنێن. ئەوانیش ئەلحەق بە سەر و بەرلۆمان دەوردەکەنەوە. بەزۆریش لەمەڕسەری رۆستەمەو منیش ناوم ناوە ((دێڵە حیتە)) ی گەورە:

– ((پیران بەهیچ شتێك ناگیرێن تەنیا بەدین نەبێت.

+– بەناوی دینەوە دوو پشتەکی سواری سەر ملیان ببین نااڵێن لۆ..؟.

+– گریمان دژی خۆیان و نیشتیمانیشیان بووەستین تەنیا باسی دینی لەپاڵ بکەین لەجیاتی باگۆدانەوەیان، بەوپەڕی سۆزو خولق خۆشییەوە بەپیرمانەوە دێن)).

رۆستەم ڕووی زاری لەعجل کردو گوتی:

– بیستوومە ئەو دروشمەت ((تاکو تەکیەو مزگەوتەکان نەکەینە تەویلەی وڵاخان ئێمە قەت بە ئاوات ناگەین)) بەرزکردووەتەوە؟.

– بەڵێ. لێشی پەشیمان نیمە.

– لەئاست میللەتی خۆت بۆت دەچێتە سەر.

بەچاوێکی گاڵتەجارییەوە سەیری کردو بەزەردەخەنەی دەهایانەی قەستەوە:

– زەینەبخانیش لەم ڕووەوە مەعلانە.

حسیا نیازی چییەو چاوی مۆنی بەخۆدا شۆڕکردەوەو کەم و زۆر خۆی لە گووڕە نەبردو گوێی سرکتر بۆ ڕایەڵ کرد.

لاپەڕەکەی دوای پێکانی مرازی وەرگێڕاو:

– کەچی لەئاست پیران زۆر خراپ بەسەرەتدا دەشکێتەوە.

پەردەی شووڕەیی یەکەی بردەوە غەرێفێ و بلەزەوە:

– هەر فەرمانێکت لەم بارەیەوە لایە نۆکەر ئاسا وەستاوم.

– هەتا کار لەکار نەترازاوەو دەستت بەیەکجاری لەدوڕگۆکە بەرنەبووە ڕووی تەوازوو.. و هاریکاریت بە هەموو تواناتانەوە بۆ نەوەی بابە شێخ و کێخواوە، وەچەرخێنەوە. زۆر بەدووری نازانم بەواسیتەی ئەوانەوە زوو ئامانج بپێکیت.

بەدەست نانە سەردیدەکانی و خۆ کوڕکردنەوەی پاشەڵ فشی لەحەواوەو:

– چی جەنابت دەفەرموویت، بەسوپاسەوە بەجێی دەهێنم.

بۆ پەسەندکردنی بۆچوونەکان ئایدن بەم تەرزە شەکری شکاندو:

– بـۆ یارمـەتی دانـت وێـڕای مووچـەی مـەلا تـاهیرو دەسـت و پەیوەندەکـەی بـەمن گەیـشت، ڕێکخراوێکـی خێرخـوازیش بـەناوی ((پ.ق)). دەکەمەوە.

– مەبەست لە ((پ.ق)) چییە؟.

بەبزەیەکی ڕا لەخۆوە:

– ((پ)) پیران و ((ق)) قڕان.

لێکڕا لەحریتەیاندا.

ڕۆستەم ڕووی زاری لەئایدن کردو:

– تۆ دەورێکی چاك دەگێڕیت.

لەزمانی حاڵیبوو..و بەڕەوای خەملاند لەخۆی بەرگوێی بکەوێت.

– لـەوڵاتی خـۆت قاحپەخانـەت بـۆ پـیران دانـاوە، کەچـی لـەوڵاتی پیرانیش گەرەکتە قوتابخانەی ئایینی دامەزرێنیت.

بەزانییەکەی خۆشحاڵ بوو..و:

– ئەوەی ڕاستی بێت بـۆ سـەرکوت کردنـەوەی ئـەو قورمـساخانە، ئەگـەر لەقولـەی قـافیش بـن بەهـەموو هێـزو دەسـەڵاتمەوە، هـەتا بەهاوسەرەکەشمەوە دێمە بەرێ.

((دڵنیام و زۆریشی مەراقە داوای لێ بکەم، بەڵام نـەك لـە زەینـەب، لـەدایکی منـدااڵنیش جـوان و ئاکـار ڕێکـتر نییـە. بۆیـە بێـزم نایـەت بلوێرەکـەمی لـێ پـیس بکـەم)). بەدەسـت هاوێـشتنە سەرکۆشـی: ((ئەوەی لەزەینەب زێدە بوو مریەمی پێڕازی دەکەم)).

عجل چوست ئەملاو ئەولای چەندجار بەگەرمەوە ماچ کردو:

– خوا یار بێت هەتا لەم ڕێبازەدا دۆستی دڵسۆزی وەک جەنابتم لەپشت بێت لەسەرکەوتنی خۆم هەردەم دڵنیا دەبم.

ڕووی بەلای عجلەوەی وەچەرخاندەوەو:

– وام زانیوە شێخ نورەدین لەئاست جەنابت خۆشەویسترین کەسە لەدوڕگۆکە.

– بەڵێ

– لەباتی لەسەر بەرزکردنەوەی دروشمەکە بتبوغزێنێ بەهەموو بارێکەوە هاریکاریت دەکات.

– کاری هاریکارییە.

بە بافرەیەکەوە:

– من لەئاست پیران هەردەم چاو بەستراوەم، ئەگەر زانیاری و ڕابەرایەتی جەنابی نەبێت کارێکی ئەوتۆم بۆ مەیسەر نابێت.

زۆر پێ کەیفداربوو..و:

– پیاوی ئاوا بەکەلك و سوودمەند، دەبێ هەردەم ڕێزی بگیرێت.

– بەواجبی دادەنێم.

– کەواتە تۆش لەباروبووکردنی قسوور مەکە.

– نەم کردووەو ناشیکەم.

– ئاخر....

– بەکەیفی ئەوە.

– شایەنێتی. منیش درێغیم نەکردووە.

پیرزەندە زۆری مەراق زانینی موچەکەبوو. دڵە دواجار هەڵیدایەو:

– قوربان عجل بەپیرۆت و باپیری گوتبوو: ((مەعاشی شێخ یەك ملیۆن دۆلارە. کەچی مەعاشی پیرۆت و باپیر ناوە ناوەیە. نەك مانگانە.

– بەس رۆستەم پارەیەکی یەکجار زۆری چەند ڕۆژێك پێش هەڵبژاردنەکە، داپیرۆت و باپیر بەسەر هەژارو نەبووەو بێوەژن و یەتیمانی بەخش کرد)).

پیرزەندە بەمە کەلەکەی ئۆخەی کەوتە عەردی و بۆی دەرکەوت: ((ئەمەش پیلانێکی داگیرکەران بوو تا سەگ بەچەکەکانی خۆیان دەربچن)).

– لەهەمووان گرنگتر هەرکە دوای ئاشبەتاڵە دزێوەکە بەسەر مۆڵگەکانتانداداا بەپیلانی رۆستەمەوە، نەبادا جم و جۆڵییەکەتان بەهێز ببێت و خێرو فەڕی دوڕگۆکەیان لەقیس بچێت دەلحاز بەدوای سەرکردەکانیان ناردن بگەڕێنەوە.

– قوربان دەعوەت و موفاوەزاتەکەش بۆ ئەوەیان بوو پیران لە بزووتنەوەکەیاندا سارد ببنەوەو جارێکی تر سەر هەڵنەداتەوەو سەرکردەکانیش بگەڕێنەوە دۆخی جاران.

* * *

– گەنجە خواپەرستەکان، خۆشەویستانی خواو پێغەمبەری ((د.خ)) ئاخری زەمان، ئاشقانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام: دڵنیابن: ئێوە لە ڕۆژی حەلاو.. وەلایێ دا، کەوا کەس بەکەس نییەو باوك لەکوڕ بێ ئاگایەو برا لەبرا بێ خەبەرە، ئا.... لەو ڕۆژە حەرەجەدا نێوچەوانی ئێوەی خوا پەرست، بەهۆی دەسنوێژو سوجدەی پێنج فەرزەوە، وەك گڵۆپ، لەناو خەڵکە تێك قژقژاوو شپرزاوە لەژمار نەهاتووی ئەو ڕۆژەدا دەبریسکێتەوەو لەدوورەوە دەناسرێن و مەلائیکەتە بەرپرسەکان، ئاماژە بۆ یەکەیەکەتان دەکەن و دەڵێن:

– ئێوە لەڕەنجی دنیای فانیدا بردتانەوەو خەسارەت مەند نەبوون و فەرموون وا بۆراق بۆ هەموتان راگیراوەو سواربن و لەپردی سیرات بێباکانە، بۆناو بەهەشتی ڕەنگین و بەرفرەوانی خوای گەورە بپەڕنەوە)).

مەلا جومعە ئەو گەنجانەی دڵیان بەئایین پەروەری زاخاو دابوو، دوای نوێژی شێوان لەمزگەفتی خۆی دەهێشتنەوەو هەتا کەس فام نەکات دەرکەی حەوشەی خشت کلیل دەدا.

– ئایین پەروەران: هەتا لەو دنیا هیچ و پووچەشدا جیاوازیتان لەگەڵ ئەولاوە فاسق و مورتەددو زەندیقانەی بەرو بازاڕدا، بەباشی ببێت دەسنوێژ وادەکات نێوچەوانتان لەدنیادا نووراني بێت و لەگەڵ ئەوانەی گوتمان لەدوورەوە هەڵباوێردرێن.

گەنجەکانیش ئەوەندە بەشەوق و کەیفەوە سێرەیان لەزاری گرتبوو..و جگە لە قۆستنەوەی قسەکانی چیدیکەیان بەخەیاڵدا نەدەهات.

– خـوا پەرسـتەکان: ئـەوەش بـزانن لـەدنیادا، بەدووشـتی تـر جیاوازتان دەبێت.

بەمەسرکتر هەست ڕایەڵ بوون.

یەکـەم:– دەلینگتـان تـاکو پیـسایی بـەرو بـازاڕی پێـوە نـەلکێت سونەتی پێغەمبەری ((د.خ)) نازداره.. وەك ئەو هەڵی بکەن.

دووەم:– بەر سمێڵ تاشین سونەتێکی گەورەو نـەریتی پێغەمبـەرە ((د.خ)) پێویستە پەیڕەوی بکەین.

بەدەست بڵندکردن بەرەو حەواوە:

– خوایە دڵمان هەردەم نەرم بکەیت هـەتا ئـەو سـونەتە پیرۆزانـەی پێغەمبەرمان ((د.خ)) ڕۆژانە جێ بەجێی بکەین.

ئاپۆراکە بەدەنگی بەرزو ڕووەو حەواوە:

– ئا..میـ..ن.

– خوایە لۆخـاتری خۆشەویـستی خـۆت ڕۆژی قیامـەت خێـری ئـەو سونەتانەمان لێوەرگیرێت.

– ئا..میـ..ن.

– خوایـە کـوو لـەدنیای فانیـدا جیاوازیمـان لەگـەڵ کەسـانی کـافرو فەرمە سۆن و بێدینان هەیە لەقیامەتیشدا ئەو جیاوازیمان ببێت.

– ئا..میـ..ن.

* * *

پۆلیسی شاربۆرە شکێکیان کەوتبووە سەر عەبدوللای موجاهید. بەنهێنی هەردەم سایەدی بوون و لەهەڵس وکەوتی ژیانی ڕۆژانە. لەگەڵ کێدا دەگوزەرێنێت و لەکوێ بەسەر دەبات.

بەهاندانی مەلای گۆڕینەوە.. وێستی کەڕەتێکی تر لەنێو بەهەشتدا بانگ بکرێت و((٧٠)) حەفتا حۆری دیکەی بەنسیب ببێت و خۆی لەکارەکەی هەڵسوێتەوە. کاتێك لەفولکەی ((کۆتری ئاشتی))دا لەگەڵ لێشاوی خەڵکەکەی بەرو بازاڕ، یاغر یاغر هەنگاوی بەوپەڕی شەوقەوە دەناو مچورکەی خۆشی جێ بەجێ کردنی کارەکەی لەنێوشا دەمارەکانی جەستەیدا گینگڵەی دەکرد. بیری بەگوێرەی سێرەی دیدەکانی سەفاو مەڕوای لەسەر دیمەنی ئافرەتانی ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکەبوو..و: ((لەکام ئافرەتی سفووری بێ دین وئەخلاق ئەنجامی بدەم وکامیان شایەنی ئەو ئازارەیەو پاداشتی پتر پێوەر دەگرێت)).

تیزابەکە لە شووشەیەکی بچووکی نێو نایلۆنێکی ڕەشی بەدەستەوە بوو..ودەرهێناو پێشتر ئافرەتێکی تۆکمەو قەڵەو و قۆل زۆر ڕووتی تەرخان کردبوو: ((ئەو قاحپەیە لەهەمووان شایەنترە)). خەریك بوو قەباخی شوشەکەی بکاتەوە، لەنکاو هەر هێندەی زانی قۆل بەست کراو بەسالدرمان ڕاپێچیان کرد.

*　　*　　*

پیرزەندە زۆری مەراق بوو چاوی بە بچمی عەبدوللا موجاهید بکەوێت. لەڕۆژێکی مەهاجەدا چووە دیدەنی و:

– کاکە عەبدوللا من یەکێکم لەو کەسانەی، یەکجار زۆر بە کارە پیرۆزەکەت موعجیبم و هانیدام بەخزمەتت بگەم.

کەیفی زۆر پێهات و بەڕوویدا خەندیەوە.

دیتی لاچاوێکی لەئازاردانا پەنماوەو لچی سەرەوەشی شین هەڵگەراوە، بۆ پێکانی نیازی هەرزوو:

– کاکە لامواید ئەمجارە لەڕۆژی حەشردا بەعەبدوللا موجاهید بانگ ناکرێیت.

نهێنی نێوان خۆی و مەلا تاهیربوو..ولای کەسیشی نەدرکاند بوو..و بەزانینەکەی سەرسام بوو. بۆ..وێکەوتن بەڕوویدا تەقییەوەو:

– ئەدی بەچی!؟.

ویستی پێش زار گەڕانی لەتریقە بدات، کەچی بەسەر خۆیدا زاڵ بوو..و بەزەردەخەنەوە:

– قوربان: عەبدوللا لچ شین جێی دەگرتەوە.

بەقاقاییکی حێلی گاڵتە ئامێزەوە جێی هێشت.

* * *

– کوڕینە شتێکی عاجباتیم دیوەو زۆر زەحمەتیشە پێم بڕوا بکەن.
کەمێکی لێگرتەوەو:
– بەمەرجێك ئەگەر بەڵێن بدەن هەتا لەژیاندا ماون لای دوڕ چاوتان نەدرکێنن. ئەگەرنا لەبەر قۆڕی تاسا ناکەم بیڵێم.
بۆ ئەوەی بزانن و بیریشیان بۆ هیچ شتێك نەدەچوو، بەدەست لەسەر سینگی پەیمانەوە:
– بەڵێن بێت هەتا دەچینە بن ئەو خاکە هیچ کەس لەزارمانی بەرگوێ نەکەوێت.
بەڕەنگ پڕووکاوی و شەلەژانەوە، دوای وەستانێکی بیم و دڵە ڕاوکێوە:
– ئەوشەوەی بۆ یەکەم کەڕەت شەیتانی بووم، ترسی خوام پەڕیە دڵ و گوتم: ((خوا لەمەودوا، لەهەر کارێکی خراپ و بێ شەرعیدا حسێبم لەگەڵ دەکات و بەدۆزەخ عەزابم دەدات)). ئەمە بڕیاری پێدام تا ئاو لەدوبێڵم بێت تخوونی کاری خراپ و ناشەرعی نەکەوم.
هەردووکیان یەکەم جاربوو ئەوتەرحە بابەتیان لێ بەرگوێ بکەوێت. بۆیە دیقەتیان وشتانە لەزاری گرت.
یەك لەئەوانە ((نەزەر)) بوو. دڵم بەروەستی نەدەدام پێستەی یەك ئافرەتی غەوارە ببینم. ڕۆژانە، بەدەیان ئامەشۆیان دەکردین. چ جای ئافرەتی دەرەوە.
مەراقی هەست ڕاگرتنیان پتر بەسەردا زاڵ بوو.

– ڕۆژێك، دووان، دەیان بەردەوام بووم و.....

شـەرم و ئـەدەب هەڵوەسـتەیان پێکـردو خزاندیانـە نێـو ((بیلّـێم نـەیلّێم)) و: پاشـدان هـەننۆب حـەیا لەبـەردەمی داوەو: ((بەتـەمای چـیت مـالّوێران؟!)). کەچـی قارخواردنەکـە هـەرزوو پـەردەیان پێدڕاندو: ((بابم نەبێت حەزدەکا با چاوم بێت، حەقی ڕیسواکردنە)). بەڕەوانی چووە دوێ و:

– بـابی خـۆم دەدیـت بـەڕووی ئـەو ژنانـەی مـن ڕۆژانـە تەقییـەم لـەدیتنی پێـستەی دەستیـشیان دەکـرد، بەچـاوی زەقـی بـافرەوە، بـەدیار منـەوە زەق زەق تەماشـای دەکـردن. ئیمانیـشم گـەلێك بەدیانەتەکەی هـەبوو..و لامواڵوو جێگـری ڕاسـتەقینەی پێغەمبـەرە ((د.خ)). هاتمە سەر ئەو ڕایەو: ((وادیـارە مـن سـەهوو..و نابەڵـەدم: دیـن نـەزەری ڕێـداوە. ئەگـەرنا بـاوکم و ئـەوکارە موسـتەحیلە)). جورئەتیشم هەرگیز نـەدەکرد کـەم و زۆر بەڕوویـدا هـەڵێنم. مـەراقی زانینـیش بـەرۆکی بەرنـەدام. زۆری نـەبرد سـەری بـۆ وێکـەوتن پـێ هەڵگرتم و:

– مامۆستا: تەماشاکردنی ئـافرەتی بێگانـە لـەدین حەرامـە، یـان.. نا؟.

یەکسەر بەدەنگێکی بەرزی گاڵتە ئاسا:

– کوڕە شێخێکی پایە بەرزیشیت ئەوجا تـا ئـەو عـەمرەت نازانیـت نەزەر حەرامە!.

مامۆستا مەلا تاهیر تا لەسەر تیلەقەی پشت کەوت پێم شین بووەوە.

لەدیانەتەکەی باوکم کەوتمە گومانەوەو: ((وایەو.. وانییە))و بەسەرمدا زاڵ بوو..و: ((بابێکی پایە بەرزی تەریقەت و.. وەلیاتیداو ئەوکارە قۆڕەیان نەگوتووە)). وهانیدام ڕۆژانە بەسایەدکردنی دوو دڵیم لەم بارەیەوە بپەڕێنم.

قوڵاختر گوێیان بۆ شل کردو: ((کوڕ سایەدی بابی لەم ڕووەوە بکات ئاخری زەمانە!)).

داخەکە عەیبەی ڕاپێچاو: ((بۆ یەکەمجار لەژیانمدا هەر ژنێك بچووبووایەکنی من لەکونی دەرگاوە دەمڕوانی)).

جارلەجار عاجباتیانە تریان دەڕوانییە زاری.

ئەویش پەردەی شوورەیی لەناخیەوەی سڕابووەوەو:

– زۆربەیان چۆکاوچۆك و سەربەخۆدا شۆڕکردنەوە، بێ نقە لەبەردەمی ڕوودەنیشتن و ئەویش.....

ئابڕوو دیسان لە لەوچەی داوەو دوای چەند چرکەیەك ملی لێناوەو:

– بەناوی دوعا خوێندن دەستی بەسەرو پشتیانیدا دەهێناو دەوی بە پسکە پسك دەجوڵاندو بەپف کردن لەڕوو..و بەرۆکیانەوە:((

– شاللا خوای تەبارەك وە تەعالا لەدنیاو قیامەت مووەفەقت دەکات.

– تـاکو ڕۆژێـك حەبیبـە چـووە کنـی و.....)). هەڵوەسـتەیەکی کەمی کرد.

– حەبیبە نانکەرتان؟.

– بەڵێ.

– بەخوا بابە جوانە!.

کاری جوانییە.

شەرم دیسان سکوتی پێکرد. داخەکە هەرزوو گاڕی بەگوڕ داوەو:

– دیتم....

هەڵوەستەی کردەوەو: لەجیاتی دوان لەسـەر پۆتـەلاکی هاوڕێکـانی ڕووانی و: ((ناموسی دەچێت ستی سەنە!))و:

– دەستی بەڕوومەتی داهێناو.....

ئەمەیان لا کوفرێکی گەورەبوو لەوشێخە نـاودارو خـاوەن کەشـف و کەڕامـەت و نـوور لەنیوچـەوانییەوە دەبارێـت، ڕووبـدات: کەوتنـە نێوچاڵان و ماڵانی دوودڵیەوەو خۆبەخۆ:

– ((قاتی کوڕ بوختان بەباوکی هەڵنابەستێت!)).

فامراچیان بەپرتە پرت گوت: ((نێوان عەردو ئاسمـان لـە بوختانـان دوورم بەڵام.....)) بۆئەوەی لەمێشکیان بچەسپێنێت درۆ ناکات و:

– دەنا تلکێکیشی بەدامێنیەوە هەڵدا.

بەمـەدەمی سـەیرمانیان بـەش و غەللـەی باوەڕنەکردنەکـەیان لەناخەوە پەرشبوو: ((ئاخری زەمانە ئەو شێخەو ئـەو عەمەلانـە!)).

تا لەواریقاتەکە تەواو حاڵی بن خۆیان گورگە هەڵنەخست و لەسەر هەست ڕاگرتن بەشیرتربوون.

– گەشانەوەی ئەویش بەجارێك حەپەساندمی و بڕواشم هات شتی تری بەدوادا دێت.

بەزری خۆی نەبووایە، باوەڕیان هەرگیزاو هەرگیز نەدەهات و: ((ئەو شێخەو ئەو گوناحانە کوجا مەرحەبا!)).

باوکی بەجارێك لەبەرچاو ڕەشدا گەڕابوو..و حسێبی، بەتیلکەکەوە باوکاتی بەموویك بۆ نەدەکردو: ((پیاوی ئەوها هەربۆ ڕیسواکردن باشە!)).

– ڕۆژێك درەنگ زانیم و بابم دیت لەسەر پشت ڕاکشابوو..و ئەویش خەریکی دەرپێ ڕێکخستن. مەراقی زانین زیاتر هەراسانی کردم.

قارەکە جار لەجار مکوڕتری دەکردو ئەوینی باوکاتێی قاودەداو: ((تاکو ڕۆژێك بەو چاوانە دیتم، ئامێزیان بەپێوە لەیەك وەراندو کارلەکار.....)).

دەنگی ترپەی ناموس چوون لە ناخیەوەی هەستاو کزەی لێوە هێناو چاوی مۆنی بەخۆدا شۆڕکردەوەو ڕەنگی تەواو بزرکاو ئەوجا بڕیاریداو:

– ((یان ترازاند!)).

خالید بەحەپەسانی دوو دڵیەوە زاری پچڕی و:

– بەچاوی خۆت دیت!؟.

کۆڵـە مـستێك بـوو ئاراسـتەی سـەردڵی کـراو سـەری خەجاڵـەت و مەینەتی بەخۆدا شۆڕکردەوەو دەهرییەکە زوو باگۆی پێداوەو:

– قاتی بوختانان بەبابی خۆم هەڵنابەستم.

لەهاوڕێکانی ترسا، پاشەڕۆژ لێی لەهەڵا بـدەن و ئـەملا لـەولاخاترو: ((بـەجارێك دەبینـە پـەڕۆ پیـسی سـەر گوفەکـەکان و کـەلکی نـاو کۆمەڵی دەوروبەرمان دەبڕێت!)). بەئاخ هەڵکێشانی کەسەرەوە:

– هەرێتان داوە لەکن عەبدی بێ شەریك نەدەرێنن.

بەحەیرمانەوە:

– ئـەوە شـتێکی وانییـە بگێردرێتـەوەو زۆر کەسـیش پێمـان بـڕوا ناکات.

کەمێك بەکپی و ڕووگرژییەوە خۆی بواردو بەساردییەوە:

– هێشتا سااڵێك.....

((بیڵێم نەیڵێم؟)). پاشدان بڕیاریداو: ((باخۆشم بگرتـەوەو خـەڵك و خـوا بـزانن پـەروەردەی بەردەسـتی ئـەوم ئەگـەرنا بـە خەیاڵیـشمدا گوزەری نەدەکرد)).

– پـتر بەسـەربالقیم دا تێنەپـەڕیبوو..وبـەدیتنی ئـاگرم بـەجارێك تێبـەربوو..و لەحەژمـەت گـەڵ و گـوانم خـۆم بـەدارو دیـواردا دەداو چەندی کردم و کوشام بەروەسـتی خروشـتەکەم نـەدەهاتم و بەسـەر هەست و هۆشمدا زاڵ بوو..و بەخۆم نەوەستام و دوای بیست و چوار

سەعات بەدەست خستنە سەر سومبە چەقیوەکەم و بێ پەردەی شەرم و بێ ئابڕووانە یەخەم گرت و:

– ئەدی بەشی من! ؟.

– یەخەی حەبیبە! ؟.

بەنا بەدڵی و ئاخی خەفەتاوییەوە:

– بەڵێ.

– کافرستانییە!.

مەسروور بە چاشمیشێکی مەفتووقا نەی درکاند.

خەیاڵیشیان قەت بەلای ئەوەی بەر گوێیان کەوت گوزەری نەدەکردو کەچی بۆ ئەمەدا هاتنەوەو:

– ((زیناکەر لەم ڕووەوە گوێی هەرگیز بەهاونیری باوك و کوڕان نادات!)).

گفتی خالید بوو.

– سەرخۆشانە لەگەڵم هەولداو: ((حەبیبە بەقوربانی ئەو چاوە جوانانەت بم تەنیا یەکجار)).

– لەهەوەڵەوە لەمرازم نەگەیشت و لەدواییدا نەك بەهیچ کلو بابەتێکەوە، نەهاتە ڕایی بگرە شێت و هاربوو..و زۆر نەمابوو لەپێستەی خۆیدا شەق بەرێت و بەوپەڕی هەڵچوونی حاییجانەو دەنگی زۆر نزمەوە:

– جارێکی دی ئەو کوفرو ناماقوولیەت بەسەر زاردا بێت حەفتێ نەوەی بابە شێخیش بیت حەیات دەکەمە حەیای پیازفرۆش.

ئەمەی گوت و جێی هێشتم.

منیش بەگرتنی دەعباکەمەوە هەرزەکارانەی عەقڵ قوندەوە دوای کەوتم و بەرۆکم بەرنەداو شتێکیشی بەخۆی شك دەهات و لەترسی من قەیسەری لێبووە کونە مشك و جێ نەما خۆی لێ حەشار نەدات.

ئەمە دڵنیای کردم تەمام دێنێتەدی و.. وەك بەرانی حاڵۆری جێم بەخۆم نەدەگرت و چەکەکەشم لەسەر پێ و دواجار لەپەنایەکی ژوورەوە، بەگڕوفڕێکەوە بەرەو ڕووی بووم و بێ پەردەی شەرمەوە:

– ئەگەرنا ئەوەی دوونێ لەکونی دەرگاوەم دیوە لای عەیب و عەجەمان لەهەللا دەدەم.

ڕەنگی دەلحاز گۆڕاو ئەژنۆکانی لەرزین و نوتقیشی بو چەند ساناییەك گیراو بەچاوی تژی بیم و شلەژانەوە لێمی ڕووانی و جەستەی شراری ئارەقەبوو..و: ((چم بەسەر هات خوایە!)).

بەهەڵپشتافتنی مێخە بەرزەکەم و هەڵەداوانەوە:

– ها.. چت گوت؟.

زانی لەوسەری دەگەڕێمەوە و دەسەڵاتی بەرگریی بەهیچ شێوەیەك نییەو لێشی لەهەللا بدرێت خراتر لەپاشترەو کەلکی ناوچەکەی نامێنێت، موسیڕ بوونی منیش((لۆخوات پێدەڵێم: بابەڕەکەت لێهەڵنەدەمەوەو ئەوسا هەرخۆشت زەرەر دەکەیت وبەس)).

ئەگەر جێیەکەمان ترسی ئاشکرابوونم لێنەکرد بووایە پـێش ئـەوەی بڕیاربدات دەمدابەر....

دوای دامانێکی زۆر وسەرهێنان وبردنی دوودڵی و کافربەخێری خۆی ناچێتە دۆزەخەوە. خۆشی وترشی بەچاوی پان و سەرشۆڕکردنەوە: ((بەچاودیویە، فەرقی چییە!)). لەئاستمدا چرچەی لەخۆبڕی.

ماخۆمردەکـەم دەرفـەتی وەسـتانی نـەدام و چـابوو نـوتقی نـەبوو ئەگەرنا حەیای دەبردم.

– ها.. لۆ .. وسکت بوویت؟.

بەسـاردی و ئارەقـەی زۆرو تەتەڵـەی لێوانـەوە، هـەر ئەوەتـە لێـی حاڵیبووم:

– بەس لۆکەس نەگێڕیتەوە.

هەتا شوێنێکی لاچەپمان دیتـەوە، مـن لـەدواوەی جاشـکانیم لـەخۆ هەڵـدەداو بەپاشـنیەکانم شـەپەم لەسمتـەکانی خۆمـەوە دەهێنـا. ئەویش لەپێشم ملی بـێ مرتـە بـەخۆدا شـۆڕکرد بـووەوەو هـەنگاوی هێدی هێدی دەنا.

– .... بوو..؟.

– هێشتا قیت نەبوومەوە گوتم.

دوای بەدوای تفێکی زارجوانەی لەدوڕچـاومی کـرد، تاناولـەپ گرتـی شەقەی لەنێوچەوانمەوە هێنا و گوتی:

– عەمری خۆت و.. ت نەمینێت بابت .....

هەردووکیان تائەوساتە قڕوقەپ لەزاریان دەنواڕی و لەحریتەیەکی وایاندا لەدووڕەوە دەبیسترا.

– ئاخرزەمان .....

خالید لەگەڵ((....)) یەوە هەڵیدایەو : ((لەو.... تربوو؟)).

بێ وەڵام چاوی کزی لێکنانەوە وسەری بەخۆداشۆڕکردەوە.

– تۆش هێندەجار لەتامی دەردەبەیت.

مەسروور گوتی.

* * *

عیماد بەتووڕەیی و لووت بەرزییەوە بۆ لایان خشی وکەف غەزەبی لەلالغاوەکانی سەری هەڵدابوو.و:

–بەڕاستی ئێوە برادەری راستەقینە نینە وگازاندەشم زۆر لێتان هەیە.

چیان بەخۆشك نەدەهات و:

– گازندەی چی..!؟.

بۆ ئەوەی پێیان بسەڵمێنێت قسەکەی هەڵبەستراو نییەو:

– تائەمرۆی حازری هیچ شتێکتان بەبێ من ئەنجام نەداوە.

بەسەیرمانەوە:

– گوتنی ناوێت لەمەوودواش بەبێ تۆهەنگاوێك ناوێین.

– راست ناکەن: سەربردەی کتانتان پێ پینە ناکرێت.

مەسروورهاتە گۆ..و:

– راستە، بەڵام ئەوڕۆژە تۆبەسەفەر چووبووین.

– ئێخۆ ئاگرتان تێبەرنەبوو بوو: ڕادەوەستان هەتا دەهاتمەوە.

بەپێکەنینەوە:

– بەرێ وەللا ئاگرمان تێبەربوو بوو.

بەبزەیەکەوە:

– ناحەقتان ناگرم: لەزەتێکی وایە هەموو کەس لەئاستیدا خۆی پێ ناگیرێت: باشێخی ڕەبانیش بێت.

بەسەر دانواندنی تەوازووەوە:

– لەم ڕووەوە مامۆستا و ڕابەرمانیت.

* * *

مەسلەتییەکە باوەڕی بەدانیشتووانی دوڕگۆکەی بەری باشوورەوە هێنابوو. نەخەسە لەکارکناری هێزی لۆقنان هەرچی تەنگ و چەلەمەو دڵەڕاوکێی غالەیەبوو بەبادارو شەڕوشۆڕو تاڵان و بەسەردادان هەتا هەتایی گۆڕ بەگۆڕچوون.

دەهۆڵ و زوڕناو شایی و زەماوەندو هەیدۆ هەیدۆی سەرچۆپیان چەند شەوو چەند ڕۆژ بەردەوام بوون و:

– نیعمەتێکی خوای مەزنە بەئێمەی بەخشیوە.

– کاری نیعمەتە!.

– پێنج فەرزە شوکرانەی گەرەکە.

– هەر شوکرانەو بەس.

– ئەمە یەکەم جارە ئێمە لەژیاندا لەو پارچە نیشتمانەدا متمانە بەدراوسێکانمان بکەین و لەخۆمان و خاك و مالّمان ئەمین بین.

پیرۆت و باپیر لەخۆشی وەزعەکە هەردەم هەلیکسانێیان بوو.

((لاوە تازەپێگەیشتووەکان رۆژیان بوو.. و کۆمەلێ کۆمەلێ بەحەزی نێوگەلانیانەوە، بێ ئەوەی بیر لەئاکامی دوارۆژی نیشتمانەکەیان، سالّەهای سالّە پێخوستی پۆستالّی داگیرکەرانەو سەتان قوربانیان لەپێناوی داوە، بکەنەوە: پێنج و دوو رۆژێکە لەبن کوتەکی کوشندەی لۆقنانەوە قوتاربووە، یان ئاوڕێك لەکۆیلاتی خزم و خوێشیان لەبەرەکانی دی بدەنەوەو هەلّوێست بنوێنن، بەگوڕی حەزەوە لەزێی سۆر و بۆرەوە، بۆپێکانی خواستی هەر پێنج سەرکردەکانەوە تەنگەتاو دەپەڕینەوە)).

دوانی پیرزەندە بوو..و سەیری پێدەهات و: ((تەڕبوونەتە مێملی هەرەگەورەی هەستی خەباتی نیشتمانی و نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی!. ئەوجا مەراقیانە بڕوا بەماری سڕبکەین. بابە پێکهاتن سەرچاوان و پیرۆزتان بێت، بەلّام متمانەتان بەدوژمن لەچی..!. هەر دووناێ بوو پێشێلی نارچەی زۆلیانەوە بووین و زیڕەمان بەدەستیانەوە دەگەیشتە حەلحەلانی حەواوە. لۆێی لەزەمانی ئاشتیشدا هەرگیز ڕەوا نییە ئاوا پشتی بێخەم و خەیالّ لەئاستیاندا

بکەینـەوە. نەخاسمـە سـەرو گـوێلاکی سـوپاکەیان وا لەبەرچـاوانەو پێیان هێشتا لەناو خاکماندا کوتـاوە)). سـەری دەغـەزانی ماوەیـەك باداو: ((لاوەکانمان و پیران بـەبتوونی بـەو پیلانـە شـووم و زەقـەی، بەرهەمی بیری رۆستەمی حاقیدو داگیرکـەرە خۆیـان خەشـیمانەی وا هەڵخستووە، گوایا نازانن: دوو زەربەی پێ ئاراستەمان کراوە)).

سەروەشێن بووبوو..و نەیدەزانی ڕووی تـەکبیری لەکێنـدەر بکـات. توانای باگۆدانەوەشی هەرگیز نەبوو. لەلایـەکی دیکـەوە: ((ئەگـەر.. راستی دەروونی خۆم لەو ڕووەوە بدەرێنم. بێشك کەس گوو بەکلاّوم ناپیوێـت)). لـەتاوان یـەك دوو قلپـی درێـژو دەنگـداری لەهـەناوەوە دەرپەڕاندو: ((خەفەتی ئەوە من دەکوژێت لاوەکانمـان چـۆن بـەکون فەیەکونێك بـەم پیلانـە بەدیۆمـە زەقـەی دوژمنانـەوە هەڵخەڵـەتان و هەرچی سۆزی ئەوینی دوڕگۆکـەبوو پێـشتر لـە منداڵیـەوە فرچـکیان پێـوە گرتبـوو..و سـوێندی مزریـان پێـدەخوارد، خرایـە ژێـر بـەڕەی ڕەشی فتەوەو لەیادکرا)). سەوجا سـەری بۆنەدەگەیـشتەوە یـەك و: ((بەڵێ مێشکی گەنجەکانمان بەخۆشی و لەززەتی رابواردن و گەمـەو سـەفا لەگـەڵ ئافرەتانـەوە واسـەقا داوەتـەرحی بـەرانی حـاڵۆری، لەگێژەنی مۆزەمـۆزی پـەڕین دا بـەملاوە ئاگایـان لەمـەحموودی بـێ زەوالّی دینانەماوەو بـە ویـستی ئارەزوویانـەوە، بەڕەواشـی لەقەڵـەم دەدەن وتخی یەکجارەکیان لەخۆشەویستی تایەن کردو لەدەسـەڵاتی

هیچ هێزێکیشدا نابێت، دوای لچ بوونیان بیانگێڕیتەوە، سەرڕێگەی هەمواری بنیادەمی و نەتەوە پەروەری.

یەکەم: هێزی بازووی لاوی بەرگریی دوڕگۆکە ڕۆژ بەڕۆژ کەم و مل بەرەوکزی دەنێت. هەریەکێکیشیان لەشارێك لە شارەکانی هەندەرانەوە، تەنیا سالێك سەنگرایەوەو فێرەنانە خوساوەی بەرسێبەرو پەڕینی بەلاش بوو ئەڤینی پیران و نیشتمانەکەی مەگەر چۆن و زۆر بەدەگمەن نووزەی لەکەلەبەری سکۆلەکانی دڵیەوە، وەمینێت. ئەمەش ئاواتی هەرە گەورەی سەرکردەکانە.هێزی بازووی بەسالاچووانیش وا لەزگەسەرنگوم ببێت. ئەوسا دوڕگۆکە دەبێتە تاپۆی ڕەشی باخەڵی داگیرکەران و مەیدانی جلیت بازیان و خەڵکەکەش خەدەم و خەشەم و ناو مالێ و خوبزە.

دووەم:– هەرکە لاوەکانمان ڕەوبکەن کچەکان دەمینێنەوە. ئەوسا پیرۆت و باپیر و هەیتەکانیان، شەهادەی بەرزی پەڕینیان لەهەندەرانەوە، بەدیاری هێناوەتەوە، بەکەیف و ماشای دڵیان و کلکی گۆپاڵەوە، بەناو دەکەون وچەشنی جاحێڵی بێریات ڕادەبوێرن.

* * *

– ئەنگۆ لۆ خۆتان ناکەن مەلا؟.

بەسەر سوڕمانەوە:

– ئێمەو مەلایەتی!.

– لەبەرچی؟.

– من خەریجی تیجارەمەو مەڕوانیش سناعە چ لە مەلایەتی دەزانین.

پێکەنین مەلا تاهیری داگرت و:

– ئەمڕۆ لە مەلایەتی ئاسانتر هەیە!.

– کوو..؟.

– بیست سێ ئایەت و حەدیسی موناسەبەتان لەبەر بکەن و لەهەر کۆڕ کۆبوونەوەیەکی پرسەو ئایینداا دوو سێ ئایەت و حەدیسان بخوێننەوە بوونە مەلا.

بەکەیفسازییەوە ڕووی لەجومعە کردو:

– نەخەسە لەجەنابت دەنگێکی زۆر خۆش و زمانێکی پاراوت هەیەو دەتوانیت بەهۆی وەعزو خوتبەوە سەتان لاوی گومراو خنکاوی فیسق و فەسادو کوفرو زەندیقان هیدایەت بدەیت. ئەمەش بێگومان دەبێتە مایەی سەرکەوتن لەدنیاو قیامەتدا.

دیدەی بەلای مەڕوانەوە گواستەوەو:

– کاکە تۆش گەرچی دەنگت وەك دەنگی کاك جومعە لەبار نییە بەڵام بەهۆی مەلایەتییەوە لەدەستت دێت قورئانی پیرۆز فێرو ئەزبەری زۆر گەنجان بکەیت. خوای مەزن لە ڕۆژی حەشردا لەتۆڵەی یەکەمدا بۆ پەڕینەوەت لەسەر پردی سیرات، لەموو باریکترو لە ئەڵماس تیژترە، بۆراقێکی تایبەتت بۆ تەیار دەکات. کەچی لەدووەمدا هەر سووڕەتێکی پیرۆز لەبەر خەڵك بکەیت لەپاداشتیدا قەسرێکت پێشکەش دەکرێت.

هەردووکیان نەیاندەویست زۆرو کەم لەژێر فەرمانی دەربچن. لەڕووالّەتدا ڕەزامەندیان بە ((هەرچی جەنابت دەفەرموویّت سەرمان

پێوە نییە))، دەربڕی. زۆری نەبرد بەئیمام و خەتیب لەمزگەفتانی دامەزراندن.

لەهەوەڵەوە بەمەیلیان نەبوو..و بەدڵسارددییەوە قۆستیانەوەو: ((تۆخوا ئێمەو مەلایەتیان گۆتییە!)). زۆر پێنەچوو جگە لە موچەی مەلایەتی رێکخراوی ((پ.ق)) یش موچەی تایبەتی، بەنهێنی بۆ هەردووکیان بڕییەوەو خانووی بێکرێ و رەغبەتێکی یەکجار زۆریش لەلایەن نوێژکەرانەوە هەرنەییسە، ڕۆژ بەڕۆژ لەسەر کارەکەیان مکوڕتر دەبوون.

*　　*　　*

– مااڵی ئافرەتم و لێقەوماوم و لەڕاهی خوا خێرێکم پێ بکەن.

پێش ئەوەی دەست بۆ گیرفانی ببات دووراو دوور: ((دەڵێی دەیناسم!)). ئافرەتێکی تەبەش پان و سوورو سپی و باڵابەرزو چاو قەتێیانە، لۆچی تەمەن لە گۆنا گوپنەکانییەوە دەرکەوتبوو.

چی نسیب بوو لەمستی ناو بەدوو دڵییەوە: ((هەوە، هەونییە؟)).

لەگەڵ گوتنی : ((خوا بەزیادی کات))، دڵنیابوو..و ماوەی نەدا هەنگاو باوێت و:

– ئەرێ جەنابت حەبیبە نییە؟.

بەچاو لەچاونانی کەمێك سەنگرانەوەو:

– بەرێ وەللا.

بەساردییەوەی گوت.

– نامناسیتەوە؟.

بەسەرنجدانێکی کڕیارانەی سەرو سەکوتییەوە:

– وای لۆدەچم مام پیرزەند بیت.

– ئەتوو..و دەرۆزە ! ؟.

ئاخێکی کەسەراوی لەقۆڵایی پەڕەکەی دڵیەوەی دەرپەڕاندو.. دوو تنۆکە سرپیلەی گەرمیش هێمای نا ئومێدی و پرزەبڕاوی بوو لەچاوە گەشەکانییەوە ڕێچکەیان بەستاو ڕووەو حەواوە:

– خوا سەبەبکارم بگرێت.

– حاڵیم ناکەیت؟.

دوای دەرپەڕاندنی هەناسەیەکی درێژ لەناخی سپەلکەکانییەوەی هەر ئەوەتە بەرگوێی کەوت:

– کەلکی دار تێوەردانی نییە.

ئەمەی گوت و پشتی تێکرد.

بلەزی مەراقەوە:

–ئێ..... دەفەرموو وەرە ژۆرێ ئیستراحەت بکە.

گریان لەهەڵبەزو دابەزی جەستەیەوە دیار بوو.. و نەیهێشت ئاوڕیش بداتەوە.

: ((بابی لۆخۆی ژناوژن دایە دەرۆیش مەولوودی تەمەن ((٦٠)) شەست ساڵەوە. دووسێ ساڵ و جاخیان نەبوو. بۆمەرام هاتنە دی ناوبەناو دەچوونە ماڵی شێخ((.....)).

– دەرویش مەولوود بۆمالّەکەت ناهێنیتە شارو سەرپەرشتی چایەو قاوە جاخی تەکییە بکەو خێزانەکەشت خەریکی نان و شیوکردن بێت. بەڵکو خوای تەبارەك وە تاعالا بەهۆی بەرەکەت ئەو دوو خێرە گەورەیە ئاوڕێکتان لێدەداتەوە.

رۆژێك شێخ وەبەرگوێی هەڵدا.

دوو سالّ نەبرد مێردەکەی ئەمری خوای بەجێ هێنا.

: ((لەبەرئــەوە حەببــە نوێژکــەرێکی خاوێنــە، مــن دەســتاوی ئەونەبێت ناخۆم)). شێخ لای دەرویش و موریدانی دەراندبوو.

:((مــاوەی ((٢٥)) بیــست وپێــنج ســالّ بــەنان وزگ نانکەروچێــشت لێنــەریان بــووە. ئــەمڕۆش والەوتەمەنــە پــشتی تیکــراوە. ئــەوکارە گەندەش هەر لەشێخان دەوەشێتەوە. ئەمن لەوەحەیرمامە: ئــافرەت بەگشتی هەر مەغدووریيەتێکی لەژیاندا بەرانگژ ببێت بــێ پــەردە لای عەرەب وعەجەمان بەگۆڕێی وەردەکات تەنیا ئەوە نــەبێت!)). پــاش سەرهێنان و بردن و تێفکرینی زۆرەوە هاتە ســەر ئــەو ڕایــە: ((ئــیللا بیللا لەسەر کارێکی قەڵپ و مەکرووفی وایە باری کۆمەڵایەتی ڕێگەی نادات!)).

هەلوەدای زانینی هەراســانی کــردو هــیچ کــات لــەیادی نەدەپــەڕی و بەمشوور خواردنی زۆرەوە پــەڕەناوی دەکــردو چــەندین ڕۆژو شــەوی عەندەك دۆنەکی خولانەوە: ((ئا.. ئەونەوعــە کــارە بەســەیان نــەبێت مەیسەر نابێت)). ئەمەی گوت و فرتکەی دایەو:

– کاکه سمه ئیشێکم پێته.

یەکەم جاربوو پیرزەندە دیدەنی مالّی بکات و بەوپەڕی گوراح خۆشییەوە:

– هەرتۆ..و ئیش!.

– زۆرم سك به حەبیبە دەسووتێت دەرۆزە دەکات.

بەگومانەوە: ((زۆر زەحمەتە پێی هەڵسووڕێت)).

– لەملم خۆشە بزانم مالّی شێخ لەسەرچیان پالّ پێوە ناوە. دەشزانین تازە بێ ئەوان گوزەرانی باش ناسووڕێت. گەر لەسەر شتێکی کەم بێت وابکەین بگەڕێتەوە.

((سەیرم بەو دەعوەت کردنەی تۆ دێت!.

لەبن زمانی گەیشت و خەشیمانە:

– لۆ..؟.

– ئەتوو بەچلێس مەشهووریت و لەسەر حسێبی خەڵك نەبێت پڕ بەزگ تێر ناخۆیت، لەپێناوی ڕووداوی ئافرەتێکی بۆرە خزم والەو مەتعەمە ڕاقییەدا ئەوجۆرە دەعوەتە باشەی منت کردووە:.

– دنیایەو زۆر شتی سەیرو سەمەرەی لێڕوودەدات)).

– منیش بۆ ئەوەی جەنابت دەفەرموێت یەخەی عیمادم پێشتر گرت و:

– ئەتوو حەقت بەسەریەوە چییە!.

– خزممە.

– زۆرم لەگەڵ هەوڵداو لەکەڵی شەیتان دانەبەزی و چەند هـەنگاوێك دوورکەوتەوەو بەهەڵوەستەکردن:

– مەگەر دەعوەتێکی باشم بکەیت.

بەگرژینەوە:

– منی چڵێس و دەعوەت کردنی خەڵك کوجا مەرحەبا١))

پیرزەندە بەهەڵیزانی و یەکسەر پارەی دوو دەعوەتی لەچنگ ناو:

– هەر هەنووکە برۆ لەباشترین مەتعەم چیداواکرد بۆی بەجێ بێنە.

((باوکم زەوقی جارانی لەسەر نەمابوو..ودەست بەرداریشی نەبووبوو.

سەری خەجاڵەتی بەخۆدا شۆڕکردەوەو بەنا بەدڵییەوە:

– بەو دوا دوایی یە نازانم مەسەلەی منی کوو بەرگوێ کەوتبوو.....

هەناسەیەکی ئاخی هەڵکێشاو:

– ئەو ڕۆژە حەبیبەی قاودا گازی کردم. هەرکە بینیم هەردوو چاوی لێڵ و وێڵ بوونەو ڕەنگی تەواو گۆڕاوەو غەزەب لەنێوچەوانییەوە دەباریت یەکسەر حسیام:– دنیا چ باسەو شەرمیشم زۆر لێکرد. نەخاسمە لەو بارەیەوە. مردن بەپارە بووایە لەوساتەدا دەمکڕی. مچوڕکەی ترس و تاسان لەبنی پێمەوە سەری هەڵداو بەختۆکردنی لەتۆقی سەرمەوە دەرچوو. شنگم لەبەدەن فڕی

و لەجێگەی خۆم وەك سینگ، بێ نقە چەقیم. لێمدەربوو. ئەمما دەربوون. کەفی دەغەزی لەزاری دەرپەڕی و:

– هـــەی خـــۆڕی، بـــەرەللا، سەرســـەری، بـــێ ئـــەخلاق بەدڕەوشت.....

تورەیی یەکە بێنی کەمێك پێداو:

– دەتەوێ ئەو سومعە پیرۆزەی، بەبەرەکەتی باب و باپیرانمانـەوە بـۆ ماوەتـەوە لەکـەداری بکـەیت و دڵـی دەرووێـش و موریـدانمان لـێ بڕەنجێنیـت. ئەگـەرنا نـەوەی بابـە شـێخ و قـوتبی مـەدارو دەسـت تێکەڵ کردن لەگەڵ قاحپەیەکی ناکەسبەچەو کارەکـەرو قـاپ شـۆرو قۆندەرە.. سڕمانی گوتووە !.

تاسـام بـەهیچ تـەرزێك نـەدەکرد بڵـێم: ((منـیش پـێم لـەجێ پێـی جەنابت داناوە)).

– تف.. ف لەو مەمکەی لەزارت نراوە !. بریا بـەبریایێ خـوا لـەمن نەبووایت !.

چاوی پتر سوور هەڵگەڕاو:

– هەرئیـستا ئـەو قاحپەیـە بـەرەللا دەکـەم و خـوا لـەو خوایەیـە جـارێکی تـر بـەرگوێم بکـەوێت لەسـەر ئـەوکارە قـۆڕو حـەرام و بـێ شەرعیەی بەردەوامیت شـەرت بـێ لەشـەرتی خـوا لـەژوورێکت بەنـد بکەم و ڕۆژانە سێ چوار جار. بەدەرووێشان لەفەلاقەت بدەم.

لەبریتی زار گەڕانم چۆکەکانم تـەق تـەق بەیـەك دەکـەوتن و دڵیـشم ڕنگ و هۆڕی حوجەت و لێوەکانم تەتەڵەو گوللەشم لـێ بـدرا بووایـە، پـشکە خـوێنێکم لێنـەدەهات و غیرەتیـشم کـەم و زۆر لەبەدەنمـدا نەمابوو بڵێم: ((ئەو حیـزەو دزەی دەفـەرموویت بـەرماوەی جـەنابت بوو منی تێوەگلاند هۆباب!)).

پاش من لەدوای حەبیبەی ناردو بەپڕە پڕو ڕەنگی هەڵپڕوکاوو چـاو پڕفرمێسکەوە دەرهات. کاتێك خـەریکی بـڕو بزگـۆڕ پێـچانەوە بـوو، پێش زارم بگەڕێت بەئاخەوە:

– لەسەر جەنابت دەریشم کرام.

زۆرم زگ پێسووتا، بەڵام چم دەسەڵات نەبوو.

((حەبیبە خان کەس نەما بەخۆت فێر بکەیت تـەنیا عیمـادی کـوڕم نەبێت!.

هەر لەقایدەی جاران بێ پەردەی شەرمەوە:

– ئەو منداڵ و نەدیتکەیە.....

ماوەی نەدا تەواوی بکات بەجۆشی هەڵچوونەوە:

– دەوت تێکنێ بێنامووس.

یەکەم کەڕەت بوو لـەماوەی ئەوەنـدە سـاڵە بـەم شـێوەیە لەگـەڵی بدوێت.

تاسای نەکرد کەم و زۆر زاربکاتەوە.

((– وای له حاڵت جارێکی تر ئەو قسەیت بەرسەرزاردا بێت. ئەگەر بچێتە قوللەی قافیش بەدەرۆێشان سەك تۆپت دەکەم)) بەپەنجە هەڵشەقاندنی غەزەبەوەی گوت.

– لەئێستاوە زووترنییە لەبەر چاوم وەڵبەو هەتاماویشیت نەکەی چاوت بەوگەڕەکە بکەوتەوە)).

بەئاخێکی خەماوییەوە سەیری حەوای کردو: ((ئـ..ھ نازانم لۆ لەکاری ئەوها هەرژن تاوانبارەو بەس. دەنا ئەو پێشتر حەزی لەمن کردو مااڵی پێ هێناینە شار)). لەگەڵ چوونە دەرەوەیدا:

– ئا.. ئەوەیە خەسڵەتی نەوەی بابە شێخ و قوتبی مەدار!. ڕۆژانە دەیان پیاوو ئافرەت لەبن دەست و پێیان کەوتوونەو بەپەرستن دەیان پەرستن)).

* * *

گەرچی هێزی دوژمن لەنێو خاکیاندا ماوەو ڕۆژانە جم و جۆڵیان دەبیندرێت، بەاڵم پیران بەپێچەوانەی پیرزەندەوە لەسەر تەنکێشی بێ باك و خەم و ئاگایی یەوە ڕاکشابوون و خەیاڵیان لەمردنی خۆیان دەکردەوە، نەك خیانەتی دوژمن. جارێکی تر ئەو هێمن و خۆشەیان لێدەهەڕمێنێت. شەوو ڕۆژ وا هاوار دەکەن: ((ئێمە تازە بووینە دراوسێی راستەقینەو دۆستی گیان بەگیان و خێرمان خێرو شەڕمان شەڕی یەکترەو ئەوڕۆژە هەتا هەتایی بەسەرچوو: چاوی تەماع و ئێرەییمان ببڕینە خاکتانەوە.

- بژی پیران.
- بژی دوڕگۆکەی باشوور.
- بمرێ دوژمنی داگیرکەر.

کەچـــی پیرزەنـــدە ئەوهوتافانـــەی دوژمنـــی بەبـــەرەواژیی دەخوێندەوەو: ((بەباڕە باڕ دیارە پیلانێکی گەورەیە، بـەڵام چـۆنەو کەینێیەو نازانم)).

لەگـــەڵ گـــەردو گـــوڵی بەیانیـــەکی زوودا، لەکانگـــەی خـــەوی کەرۆیشکانەداو دنیا کش و مات و هەستی باش نەدەهات. لەهیکـەوە هەرهێندەیانزانی، ئـەویش لەغرمـە غـرم و دەنـگ و سـەدای سـوپای لۆقنانەوە، لەکوچەو کۆڵان و شەقامانەوە، بێ چرپەی دەسوەکەریی و خوێن ڕشـتن وڵاتیـان، بـەجۆرێکی وا دووبـارە داگیرکـراوە، یـەکێك چییە لە گەورەو بچووکیانەوە توانـای خـۆگۆ کردنـەوەیان لەبـەروە نـــەهات. خۆشـــی و ترشـــی چـــاوی حیـــزی ترســـنۆکیان بـــەخۆدا شۆڕکردەوە.

پـیرۆت و بـاپیریش بـەپلی سـەر سـەلامەتییەوە هـەننۆب، هـەروەك ڕەوشتیانە سوسکانە تێیان تەقاندو هەندەرانی گۆڕین خۆت بگرەو.. واهاتین.

((من لەورۆژە دەترسام و ئەوهات و هاوارەشم بۆ ئەورۆ بوو: ڕیسێك ڕێـسراوی دەسـتی نـەوەی شـێخ و سـەرەك ئـێلان بێـت و ئاکـامی بێگومـان هەڵوەشـانەوەیە)). ماوەیـەك سـەری خەفـەتانی بـۆ زەوی

شۆڕکردەوەو: ((بەداخەوە چ لەگەڵ کەسانی متووی دراوو ناو ژنان دەگوترێت)). بەنگینی بیرهاتەوەو: ((ئـ..ھ خۆزگە، لێرەبووایە!. ئەوسا بۆی دەردەکەوت: بۆچوونەکانم درۆ نەبوون!)). زەردەخەنەیەکی تەڵخ دایگرت و: ((عاجباتی لێرەدایە: من مردوو ئێوەش زندوو میللەتەکەمان دووبارە باوەڕ بەودرۆزن و قەلەزاوو بەزیوی مەیدانی مەردایەتی و بەڕك بێبن و داوێن تەبەڕایی ئەولادی کەسانی تایەن دەکەنەوە. کە هەردەم لەئاست دوژمن چۆکی وەریان نووشتاوەتەوەو زەندەقیان ڕژاوەو تا ئەوساتە هیچ سەرکردەیەك، لەجیهانی ئەمڕۆدا بەم چەشنە نەبەزیوە. ڕێگەی ئاوو ئاوچوونیشیان بەناوجەرگەی خاکی ئەو دوژمنانەیە کەبۆ گۆلمە خوێنێکی پیران بەحەواوە هەڵدەچن، بەکرێی پل گەیاندنە زەوییەوە بۆخۆش کراوە. ئـ..ھ دەوجارەوە سوێند نەخۆم سەرکردەکانمان دەستیان لەدووەم ئاشبەتاڵەکەدانە بووبێت!))

هەیتەو جەندرمەکانی داگیرکەران پێچەوانەی گۆڕینیانەوە، لەسەر ئامۆژگاری ڕۆستەمەوە، بێدەخلانەو خۆ لە قەرەنەدانی هیچ کەس و لاگرگرتنی ئازارو ڕاونانەوە وەستان. هەرزوو دەسەڵاتیان تەواو بەسەر گشت کون و کەلەبەرێك وا داگرتەوە. لەتوانای نێرو مێ و جەسوورو زێلك ڕژاوی پیران دانەبوو لەئاستیاندا بەئاستەمیش بکۆخێت.

*　　*　　*

پیرۆت و باپیر دوای چەورەبوونەوەی دووەمیان و خۆ چەسپاندنیان لەنارچەکانیانەوە، کەوتنە پەلەقاژەی دراو وەدەست هێنان.

– پێویستە خاوە بخەینە سەر ئەو کەل و پەل و بابەتانەی لەو بەر زێـــی ڕەش و پارچـــەکانی دیکـــەی دورگۆکـــەوە دێنـــە ژوورەوەو بەبەرەواژییەوە.

باپیر وەریگێڕاوەو:

– زۆر باشەو نابێت لەمەودوا هیچ شتێك بەبێ باج دەرباز ببێت.

سـێ چـوار مانگـان بـەردەوام بـوون حـسیان ((خەزێنەیـەکی وایـە ئەوەی دوو سـێ سـاڵ دەسـتی لـێگیر ببێـت خـۆی لەقـەرەی حەمـە قـــەدۆی زەمانـــە دەدات)). تـــەماع ڕۆژ بـــەڕۆژ هـــەنگاوی تـــری پێدەهاوێشتن و: ((لەمەو دوا هەل مین مەزید– دڕووشمان بێت)).

پیرۆت پەسندی کردو ئەمەشی خستە بان و:

– گومرگ– باوێینـە سـەر ئـەو بەرهەمانـەی لـەنێو خـاکی ولاتـەوە دێنەکایەوەو لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێنەوە.

– ئەوە کارێکی شووڕەیی وایە هەتا ئەمڕۆکـە لەسـەر گـۆی زەویـدا ڕووی نەداوەو لەیاساش بەدەرە.

– کاکە نکوولی لەقسەکانت ناکرێت. بگرە کەرگانە، بـەڵام پێویـستە هەروەکو دەرس دراوین: هەتا زووە خۆمان بەهەر ڕێگایەك بێت، بـێ گوێدانە عەیب و تەشەرەی خەڵك و داب و نەریت و یاسای سـەردەم،

بەسەرەوەت و سامان پێ بگەیەنین. ئەوسا دەتوانین بەدەست بەردارببوونمان یەکجارەکی لێی، بەتەوازووەوە باگۆی بدەینەوە.

باپیر عەقڵی گرت و ئەمەشی خستنە پاڵ و لەخۆشیان بافرەی شادی ڕووی داپۆشت و:

– کاکە بۆ ئەوەی عەتەبمان کەم و زۆر لەم بارەوە نێتە سەر، من وای بەشیاو دەخەملێنم ئەو بەشە دوڕگۆکەی، لەژێر دەستماندایە، بۆ ئەم ویستە لەنێوان خۆمانی دابەش بکەین.

یەکسەر بزەی خەنیبوونی هاتێ و لەزگبوو دووباڵی سەرفرازی لێ بڕسکێت و:

– دەگ بەقوربانی زارت بم لەگەڵ خۆت و تەکبیرت!.

بەئاوێزانی ڕاموسانییەوەی گوت.

پێش ئەوەی دەرخۆنەی سەرنیازەکەی تەواو هەڵداتەوەو:

– بەری لای کەپك لۆمن بێت و بەرەکەی تریش لۆ جەنابت و هەر شتێك لەبەری لای منەوە، لەشەتاوەکە بپەڕتەوە لای تۆ، بە پێچەوانەوە من باجی خۆمی لێدەستێنم و تۆش هەر ئەوها.

مڕوودەی ئەو ڕۆژە بوون و بەسەرکەوتنێکی مەزنیان لەقەڵەمداو زۆر نەمابوو لەکەیفان مەیمونانە هەڵپەڕن و شاگەشکەیی ڕوویان لەدووڕەوە دەزاندرا.

پیرزەندە عاجباتی دایگرت، هەرکە دیتی ((قەرەنی کیسکێکی کڕیبوو..و سێودینیش مەکینەی دوورمانیان تێکچوو بوو..و بردنە

سەر وەستا، لەیەکەمیاندا، لەهەر بەرێکدا دیناریێکیان ساندو لەدووەمیشدا دوو دینار.

– شاللا بەکفنی دەدەن.

حوتە وقوتەی با جگر، بەسەر خۆیاندا شکانەوە. کەچی خۆشی پارەکە زەمانی بەستن.

پیرزەندە: ((هەروا پاشەڵی خیانەتیان هەڵدەماڵدرێت. هەرماوە باجی سوورانەو ئاوی خۆ بسمیل کردن لەو خەڵکە نەدارو بێ ئەنوایە وەرگرن)).

پەرەسەندنی قاتی و قڕی و برسێتی، بەهۆی سەپاندنی باجی زۆرەوە خەڵکەکەی پرزەبڕاوو هەراسان کردبوو. لەڕووخساری زۆربەیانەوە بەدی دەکرا.

پیرزەندە بیستی خولەی دۆستی، دوو سێ ڕۆژە ئاگر لەماڵی هەڵنەکراوەو بەخۆی و منداڵیەوە چوونەتە سەر پەرێزان وشی لەدوای دەڕاسان هەڵنەگرنەوە، زۆری قار خواردو ئارامی لێهەڵگیراو زوو بەدوایاندا چوو. دووراو دوور چاوی بەجل و جۆڕی کۆن و دڕاوو ڕەنگی ڕەشی بێحدووری منداڵکانی کەوت کزە لە دەروونییەوە هەستاو: ((سەت حەیف و مخابن من هەبووەو منداڵی دۆستیشم ئەوها برسی و ڕووت و ناگزوور!)). بەتاسەوە:

– ئێ.. نابووایە بەمن بڵێیت؟.

بەئاخ هەڵکێشانێکی درێژەوە:

– هەرچەند تانم لەخۆمدا عوجبم نەیهێنا بەکەس بڵێم.

دوو سێ فەردە گەنم و هێندە پارەی پێشکەش کردو:

– هەر هەنووکە برۆ شمەکی منداڵان و شەکرو چاو کەرستەی شیو بکڕە.

لەعەمری خۆی ئەو تەرزە نەبوونییەی نەدیبوو، بەکارەکەی پیرزەندە زۆر بەخۆیدا شکاوەو لەژێرەوە کورکایەوەو:

– گەنمەکە چەند؟.

– لۆ..!؟.

– پێم خۆشە لۆ دواڕۆژ بزانم.

بەڕووگرژییەوە:

– لۆ ییم نەداوە، وەری بگرمەوە.

بەچاوی تژی ڕۆنتکی دڵسۆزییەوە ئامێزی ئەڤینی تێوەراندو:

– هەزاری وەك پیرۆت و باپیر بەقوربانی پێڵاوەکانی تۆ بن. ئەوان وەکی سەی پێ سووتا دەمانڕووتێننەوە و لاشەمان لەبرسانا لەسەر گۆڤەکان بکەوێت عانەیەك چییە لەبەڕکیان دەرنایەت و جەنابیشت...

ماوەی نەدا تەواوی بکات و دەستی نایە سەرزاری و:

– ئەگەر من وەك ئەوان لێ بخوڕم ئەو هات و هاواره لەچی!.

((بەداخــەوە ســەرکردەو خۆبزەکانیــان وا لەوپــەڕی خۆشــی و ڕفاهییەت دەگوزەرێنن و شەکەت و هیلاکیان تەنیا گەڕان و سووڕانە بەنوێترین تورمێل و ئێمەی میللەتیش لەسایەیاندا ئەوە ژیانمانە!)).

خەڵکەکــە لێکــڕا لێیــان پەســت بووبــوون و بەهــەر دەپــەنجان لەســەرکردایەتیان پەشـیمان بووبوونـەوەو: ((دوای تـرێ خەپـشەی بـڕێ. ئـەوەی ئـەمڕۆ دەیڕێسین، دەبووایـە دوونـێ بمانڕێسیبووایە. تــازە خۆیــان وا چەســپاندووە، بــەبابی ئێمــەش جێلــەق نــابن و لەدەرەوەش: ڕۆستەم و ئایدن و عجل پاڵپشتیانن)).

وتــەکانی پیرزەنـدە بـۆ یەکـەم کـەڕەت لـەگوێی سمایـل و پیـدال و قەرەنی و زۆربەی خەڵکەکە زرینگـاوەو لەناخیانـەوە ڕەپکـەی کـردو لەکونی کارك ڕاستتر دەرچوون.

((کورە پیـاوی چـاك بـن و تۆزێـك بەسـەویەت بیربکەنـەوەو کـەمێك دوور بــڕوانن و تەماشــای هــەڵس و کــەوتی ڕۆژانــەیان بکــەن: دەردەکەوێت. ئەوانە لاییقـی سـەرکردایەتی نینـەو بـەبیرو مـەزەبیان تەنیا بـەڕك و پـەڕینیان لا گـەلێك لـەئێوەو خـاکی دوڕگۆکـە پـیرۆزو لەپێـشترن. لەسـەرکردەیەکی دووجـار بـەزیوی مەیـدانی شـەرەف و کەڕامەت کێوە!)).

*　　*　　*

بەسەر هێنان و بردنی دڵگیرییەوە:

– تازە دوای باران کەپەنك بەکەلك چیدێت!.

جوامێرانی تایەن و چەندی تریش ڕوویان لەپیرزەندە کردو:

– با بەیەکەوە بچین دەست و دامێنی پیرۆت و باپیر ببین هەتا بڕێك بەزەیی یان بەو خەڵکە هەژارو برسییەدا بێتەوەو چیدی نەیانڕووتێننەوە.

عەنتیکەی پێیان هات، کەتا ئێستاش باوەڕیان وایە: ئەوانە سەرکردەی میللەتن و:

– بەگوێی برای بچووکتان دەکەن قسەی خۆتان بەفیڕۆ نادەن.

یەك دووانێکیان لەملیان گران بوو..و:

– لۆ..؟.

– ئەوانە بەدزینی سەروەت و سامانی گەل و نیشتمان بوونەتە لۆرت و غروورى بەرى چاویانى گرتووەو خۆشیان وا قاییم کردووە، نە وجوودی ئێمە دەزانن، نەبەهێزی ئێمەش لا دەبردرێن هەتا منەتمان بزانن.

ئەوانی دی:

– ئێمەش بەئەندازەی فسە گورگێك غیلافمان لەگەڵ ئەوەی فەرموت نییە، بەڵان بەرژەوەندی میللەتەکەمان زۆر لەفەشەل بوونەوەمان مەزنترەو پاشەڕۆژیش قسەی پیرانمان نایەتەوەسەرو: ((کوا.. ئێوە چ تەقەلایەکتان بۆ ئێمە داوە)).

بەمە هاتە ڕاپێ.

پیرۆت و باپیر پێشتر دەیان زانی لای میللەتەکەیان چارە نەویست بوونە. هەرزوو لە نیازی هاتنیان حاڵیبوون و هەتاکەم و زۆر لەم ڕووەوە زاریان نەگەڕێت لە دووڕەوە بەزەردەخەنەی تەوسەوە بەپیریانەوەچوون و:

-یاخوا بەخێربێن پیاو ماقوولآن.

-یاخوا بەخێربێن سەرچاوان.

-پێ و قدوومتان خێر و بەرەکەتی لەدوایە.

دەیانزانی ئەوانە لەو دەراوانە ئاو ناخۆنەوە و لە ڕەوشتی ئەو جۆرە پێشوازییە باوە زۆر دوورن و بە ئاژەڵیشیان ناخوێننەوە، کەچی ناچاربوون لەسەر داب و نەریتی پەیڕەوکراو بڕۆن و:

-چاوتان خۆش بێت.

-خوا هەتا حەیامێکی زۆرتان بێلێت.

بۆ پەچدانەوەیان، بەزەردەخەنەی گاڵتە ئامێزەوە:

-شاللا پاش ئەو ماوە دوورو درێژەی لاگر وەستانەتان هەستی نیشتیمانیتان بزوایە!.

بەواق وڕمانەوە:

– لە زارتان ناگەین!؟:

پیرۆت:

-ئێمە وازەن دەبەین جەنابتان بۆ ئەوە هاتوونە تاکو بارو بوومان بۆ بەڕێوەبردنی ولأت بکەن.

پیرزندە: ((تا خاوەن مالێ دزی گرت، دز خاوەن مالّی گرت!)).

بەخۆی نەوەستاو:

-هۆبابینە ئێمە لۆ ئەوە نەهاتینە قەشمەریمان پێ بکەن!.

ڕووی خۆیان لە ڕواڵەتدا گرژو تفت نواندو پیرۆت گوتی:

-ئێمەو قەشمەری کردن!.

بە دەنگی توندترەوە:

-با زۆران لۆ کمان نەلێین: ئێمە لۆ ئەوە هاتینە، بەسە وازبێنن و مرۆڤانە بیربکەنەوەو تۆزێك ڕەحمتان بجولێت و چیدی باری ئەو میللەتە نەدارو بێکەس و خێر لەخۆنەدیوەی خۆتان، کە هەردەم لەخزمەتتان وەستاون، گران مەکەن و بەس بیاندۆشن و سەروەت و سامانیان قەلۆش بکەن و.....

نەیانهێشت لێ ببێتەوە، هەردووکیان گالتە ئاسا لە حریتەیانداو:

-ڕەنگە جەنابتان وازەن ببەن، ئەو خاوەو خەرجییەی وەردەگرین لە بەڕکی خۆمان دەنێین.

لەگەڵ سەیرکردنیان بەدیدە زەقی دەغەزەوە:

-ئا..لە زۆرکەسمان بەر گوێ کەوتووە. نەخێر قوربان زۆر بەسەهووچوونە و لە گوێی((گا)) وە نووستوونە.

دەیانزانی لە ئاست بیرو بۆچوونیان پینەو پەڕۆیەکی ئیفتیرایە، بەلأم وایان لەمل خۆشبوو، بە بۆرە بەلگەیەکیش بێت لەچەنەی بۆچوونەکەیان بدەنەوەو:

-با دلّتان لەم بارەیەوە زۆرچاك ئاو بخواتەوە، هەرچیمان دەسکەوێت، بڕوابکەن، بەجڕەجڕ تەنیا بەشی مەسرەفی سوپاکەمان دەکات و بەس.

-ئەو سوپایەی هەردەم بۆ پاراستنی ولأتەکەمان بەرامبەر داگیرکەران قەلغانە.

- لۆیێ پێویستە ئێوە لەمەودوا بە هەموو تواناتانەوە یارمەتیمان بدەن.

بۆ ئەوەی باوەڕ بکەن لەگەلّ بەرۆك هەلّتەکانیاندا:

-وەك چلّکی سەگ لێمان حەرام بێت ئەگەر فلووسێك، بۆ سونەتیش بچێتە بەڕکمانەوە.

پیرزندە گریانی بەو سەردولکە هەلّبەستراوانە، نەدەهات و زانی گوتنی قاویتی بەر تەوژمی((هوڕە))یە و لەگەلّ قیت بوونەوەدا بەوپەڕی هەلّچوونەوە:

-دواجار ئەوەندەی دەلّیم: ئەنگۆی سەرکردە لەگەلّ ئەو میللەتەی کە بەدەست و بازووی خۆیان ئێوەی خنکاوی زەندۆلّی ڕووڕەشی و بەراویتە دمۆرەکەتانی رزگارکردن و دەستی تەوازوویان بەوپەڕی

سـۆزەوە دریـژکرد و لـەنێو ئەلحـەدی نەمانـدا قیتـی کردنـەوەو فەرمووی سەرخوانێکی حازری لێکـردن، سـاخ نـەبن لەگـەڵ دایـك و خوشکی خۆشتان ساخ نەبن.

بەوەندەش نەوەستاو:

-وادیـارە سـوپاکەتان نەهـەنگی دەریایـانن و بـەو هـەموو خـاوەو گومرگ و ڕاوە ڕووت و تالأنەی لەحەد بەدەرە تێرنابن و ئەو هـەموو زەوی و قەسـرو تـەلارو باڵەخانـە لـەژمار نەهاتووانـەدا بەشـی قاوشیشیان ناکەن!.

-ئەمەی گوت و بێ خواحافیزی لێ کردنیان لەتەشکی خۆیاندا.

* * *

پیرۆت و باپیر هەرکە گومرگی ناوخۆیی یان بـۆ چووەسـەرو کـەس نەبوو پەنجە لە پەنجەیان هەڵدات و تاکـە هـەوڵی جوامێرەکـان بـوو بـە((بـا))چـوو، باجیـان خـستەسەر ئـەو ئاژەلأنـەی لـە ڕووبـەرەکان ئاودەدران، لە ئـاودانی مێگـەلی پیـدال دوو دیناریـان سـاندو لەکوتـە میگە سمە دینارو نیو:

-– لـۆ ژنـە دەلیـنگ هەڵمـدراوەی بەرپرسـتان بنێـرن، تـاکو لـە هەندەران بە سۆراو سپیاو و دمکانە خۆتاس و لووس کردن بدەن و ببنە جلەوکێشی حەشەفەی پیاوە بێژنەکان.

حوتەقوتە چاوی خەجالەتیان بەخۆدا شۆڕکردەوە.

خەڵکەکە زیاتر دەغەزداربوون و هەتا ئەوساتە دەرحەقیان تا ڕادەیەك تەقییەیان لە قسە سوك و پوشت دەکرد، ئەو کردەوە مەکرووف و ناهەمواڕەیان هیچی لانەهێشتن و لەبەر دڵیان بوون بە داکە دێوی ڕەش و چارەنەویستی زۆریان و ئەوەی هاتە سەر زمانیان، نەیان گێڕاوە و:

-دەگ دافەتێن. دەگ داوەشێن. دەگ داڕزێن لەگەڵ خۆتان و جلەوداریتان.

-ئەنگۆی بۆیەو مێزسڕو ناترو سەگ شۆڕی هاندەران بوون و پیران بەناخێری گیانیان بەچەپڵەی دەستانیان زندووکردنەوە، ئەوجا لەئاستیاندا ئەوها..سپڵەو بێ ئەمەك دەرچوون.

-پێلاوی لاستیقی پێتان نالێن، لە دووڕەوە بێزی لێدەکراوەو لۆ دینارێکیش ڕاوی سەتان دەنا.

-نازانین کێڕان ئەوها زوو هەنگڕان و گۆڕان و پشتی حیزی خیانەتتان لەو میللەتە چەوساوەو مەزلوومەکرد!.

-کورە دیارە هەر لە هەول ڕۆژەوە ئەوهابوونە و ئێمە لە کەمزانی و گەلحۆیی خۆمانەوە هەتا ئەمڕۆ نەمان ناسیون.

-پیرزندە ڕاستی فەرمووە: ((تاکو بەتەمای توخمە شێخ و سەرەك هۆزان بین حاڵمان لەو ساتەدا چاکتر نابێت)).

-نەفرەت لەو کەسانەش ئێوەی دوژمنی میللەت و دۆستی داگیرکەران خۆشدەوێت.

-لەو بەرزێیەکانەوە پلی سەرشۆڕی و گۆردایەتی دادەهێنن و قووچ دەکەنەوە، کەچی لەئاست ئێمەمانانیشدا وا مشەی لموز بەرزیتان دێت و خۆتان بە نێرەکەری حەساوەی حسێب دەکەن. واتە لە ڕاست ئێمە شێرن و لە ئاست دوژمنانیش چێلّن.

* * *

پیرزندە لەشروان و بۆکات بەسەربردن و خەم بەبادانداا لە رۆخ یەکاوەکەی ئەو دووشەتاوەی لە زێی سۆرو بۆردەکەنەوە، هەلّتوتکاو بیری لە نەگبەتی و قوڕبەسەری نەتەوە کلۆل و بێ هیرەکەی خۆی دەکردەوەو: ((نازانم کوو لە بن کەلبەی ئەو گورگە چاو برسیانە قوڕتار دەبن!)). لە حەیفان گەدەی تۆزێك پێچیداو دووقلّپی درێژی دەرپەڕاندو ئارەقەی خەمانی بەجەستەیدا زرچەی دەهات، هاتە سەر ئەو ڕایە: ((تا ڕەنج نەکێشیت، گەنج نانۆشیت. هەرکووەك بێت، لەمەودوا دەبێ قۆڵ و باسکی تەقەلاّی، بەهەموو دەستەلاّتمەوە بۆ هەلّ بکەم. لەپاشەڕۆژیشدا بێ منەتم. ئەگەرنا لە سایەیاندا سالّ بەسالّ خۆزگە بە پار)). بۆ دیتنەوەی چارەیەك کەوتە دەریایی بیرکردنەوەو بەئاخ هەلّکێشانەوە: ((لەودەم و دەستە چ پلانێك شك نابەم)). زۆری نەدەبرد: ((ئەوەپرس و ڕاو مشوور خواردنی زۆری گەرەکە)).

بۆن ئارەقەو گرمخای ژێر هەنگڵەکانی بە ملی داهێنـا چـەند خولەیـەك مەلە، لەیەکاوەکە بکات. هێشتا شمەکەکانی تەواو لەبەر نەکردبوون و:

-خاڵە ئێمە لۆ گومرگ هاتینە.

دوو زەفتییەی((خەرجەستێن))ی دەمامك دراوی سەرکردەکان لـەڕاوە ڕووتدا دەم گەرمی وەك خۆیان نـەبوون، تەنگـەتاو گەیـشتنە سـەری و گوتیان.

لەداواکەیانڕا پیرزندە ناسینی و:

-حوتە قوتە کێ بێت ئەوڕۆ ئەنگۆ نەناسێت بۆ.. وا دەمامکی خۆتان داوە؟.

بە هەڵماڵینی ڕوویانەوە، زەردەیەك ڕووی داگرت و:

-گومرگی چی..!؟.

-خاڵە خۆت خەشیم مەکە، گومرگی ئاوی خۆشوشتنەکەت.

لە دڵەوە پێکەنینی هات و: ((هەر ئەو قەباحەتە مابوو بیکەن!. ئـ..هـ ئەگەر ئەمەشـتان بـۆ بـچێتەسەر مـسۆگەر، پـاش ماوەیـەکی تـر داوای سـووڕانەش دەکـەن)).کەچـی ترسـی شـەڕەف چـوونی لێ نیـشت و: ((ئەوانـە لـۆ پارەپەیـداکردن هاربوونـەو زنـاح لەگـەڵ دایکـی خۆشـیان دەکەن. خواستیان بەجێ نەهێنم بێگومان بە پەندم دەبەن. بـا لەگـەڵ سەیانیش نەکەومە چاڵەوە)) خۆشی وترشی: ((ئەلحوکمو لـیلا!)). بـە هێدیەوە:

-چەندە..؟.

-چەندی دەدەیت لە کیست بەزیاد بێت.

لەگەڵ دەست بردن، بێ خوایشتی دڵیەوە بۆ باخەڵی و: ((بالـەکۆڵم ببنەوە، نەك گلاۆم بکەن)).

((٥)) پێنج دینـاری بەفـەرموون لـە مـست نـان و: ((وادیـارە پـاش تێڕیتنـە شـوومەکەیانەوە، لـە سـەفاو مـەڕوای خۆفرۆشـتنی نێـوان هەنـدەران و..ولاتـی داگیرکـەرانی ئـەو بەرزێیەکانـەوە، تـاپۆی ئـاوو هـەواو خـاکی دوڕگۆکـەیان، بـەناوی خۆیـان کـردووەو هەرچـی دژی یاســـاو داب و نـــەریتی ســـەردەمە بکـــەن جێگـــەی حـــەرەج و بەرپەچدانەوەی نییە)). پێش ئەوەی هەنگاوی ڕۆیشتن باوێن گوتی:

– ڕەنگە ئەو پێنج دیناڕە، بکرێتە دووبەش؟.

– بەڵی بە نیوەیی یە.

دەرفەتی بۆ ڕەخساو پازینەداو گوتی:

-کووە: تاکو بەش نەکرێت پێنج دیناری دیکەتان بدەمێ؟.

لەکـەیفان سـووراتی دەلحـاز پەڕییـە ڕوویانـەوەو سـەری تـەوازووی غولامێتیان، بەو پەری شەوقەوە بۆ دانواندو:

-زۆر زۆر سوپاسیشت دەکەین.

لەگەڵ ڕاگرتنی پارەکەو:

-یەکەمیان باجی ئاوەکە بوو، دووەمیش باباجی پەڕینەکەی شەوم بێت.

چـاوی پانیـان، بـەخۆدا شـۆڕکردەوەو هەرکـە حـسیان بـەردێکی ڕیسوایی بوو قەبرغەیانی سمی، کەچی خۆشـی پارەکـەی دوایـی لـە لەوچەی پاکانەیانی داوە.

ئەمە لە دڵی پیرزندەی چەقاند بۆ دراو خڕکردنـەوە بـە ناموسـیش دێنەبـەرێ. بڕیـاری لـە ناخـەوەدا ئەگـەر سەریـشی دانابێـت دژیـان تێبکۆشـێت: ((پاشـەڕۆژیش هەرچـی دەبێـت بـە گـونی پـارگینم)). ئەمەی گوت و بـیری یەکسەر بـۆ ئـەو کەسـەی تـێیڕا دەدیـت چـوو. چەند ڕۆژ لەمەوبەر سـکالاّی لاکردبـوو..و: ((پێـشتر ئـەو مێبازانـەی هەندەران لە نێوان مانگێـك، چـل ڕۆژ دەیاننـاردە داخـوازیم، کەچـی لەوماوەیەدا، بەلای کەمیەوە ((١٠)) دە ڕۆژ جارێك دەنێرن)).

تا مالّی دلارۆ..وەلە هەییەکردن نەکەوت.

بەو پەڕی گوراح خۆشیەوە:

-یاخوا بەخێر بێیت!. خێرو بەرەکەتت هێنا، ئـەوە قـەت جـەنابت نەبووە مالّی کیژی خۆت ڕۆناك کەیتەوە!.

-زۆر سـوپاس. ئـەوەی ڕاسـتی بێـت، ناچـاری و شـپرزەیی میللەتەکەم سەری پێ هەڵگرتووم.

-مالّی کیژی خۆت و شەرت و شروتیان نەگوتووە.

-لە پایە بەرزی خۆتەوەیە.

چـەند وتەیـەکی چـرپاندە بـن گـوێی و تالەسـەر پـشت کـەوت لـە حریتەیداو لەنێوان چالاّن و مالاّنی دوو دڵیەوە حەیرماو:

-جا دەبێت سەر بگرێت؟.

-بە ڕووی گەشی ئومێدەوە:

-بەخۆت لە منیان باشتر دەناسیت لۆ پارەو ئافرەت، تەنیا بە گیانی خۆیان نەبێت بە هەموو شتێك دێنەبەرێ.

*　　*　　*

دوو ڕۆژ بوو چڕو چاوی باپیر دگە دگی غەزەبی پێوە دیاربوو. بۆرە شکێکی کردبوو. ئەو ساتەی لە مالّی دلارۆ دەرهات، سەری قاری بەملاو بەولا، بادەداو هەنگاوەکانی ئاسایی نەبوون. بۆ وێکەوتن، بە زەردەخەنەی مەراقەوە:

-چەندت دایە؟.

مەرامی یەکسەر خوێندەوەو کەچی خەشیمانە:

-دانی چی..!؟.

بە حریتەیەکی قەشمەر ئامێزەوە:

-برا ئەو خورمایەی خواردووتە ناوکەکەی وا لە باخەڵی کاکت دایە.

هۆپێکی لە خۆزانی هەرکە لە دلارۆی بیست: ((زۆرتر دراوە)).

-دلارۆخان: کەسنەزانی، لە نێوان خۆم و خۆتەوەو بەس.

بێ ئەوەی بزانێت تەمای چییەو:

-فەرموو.

شەرمی کاتی پەروەردەیی منداڵی یەك دوو سانییە هەڵوەستەی پێکرد، هەندەران عەبای ئەو تەرزە خووەی دڕاندبوو..و:

-من نەهاتوومە بڵێم: مێردم پێ بکە. نەخێر بۆ ئەوە نەهاتوومە.

لەگەڵ هەڵپشاوتنی نێرکەکەی و:

-هاتوومە تەنیا یەك شەوم لەگەڵ بنوێت، شەوێکیش چ نرخێکی ئەوتۆی نییە، مەرجە لە نێو چەقی شاردا: ((٥٠٠)) پێنج سەت مەترە زەویت، هەر مەترێك بە هەزار دۆلار کەمتر نەبێت بەناو بکەم.

بە دیدە بڕینە دیدەیەوەو لە دڵەوەش: ((سەرسۆر ئەگەر بەمەش نەهاتە ڕایێ زێتری لۆ هەڵدەڕێژم)).

پێشتر ئەو تەرزە مامەڵەی دیبوو..و هیچ گوڕانێك بەسەر...ڕوخساریدا نەهێناو بە پێکەنینەوە، بە ڕوویدا تەقییەوەو:

-ئەو شەوەی جەنابت دەڵێت: دوا شەوی شەڕەف و شادی و خۆشی ژیانم دەبێت.

-لەبەرچی..!؟.

-ئەوکات دەبمە ئافرەتێکی سۆزانی و... پەڕۆپیسی سەر گوفەکان و...

ویستی بڵێت: ((حاشایەکی جەنابت)) کەلێنی نەداو:

-کەس چلمی خۆی پێم ناسڕێت و باری پێکەوەنانی خێزانیشم لێدەبێتە عەزرەت.

ئەویش لەوسەری دەگەڕاوە. بەس مسۆگەری بوو: ((بەو ڕێگایە ناچار دەبێت سەری تەوازووی بە ژناتی بۆم دابنوێنێت)).

-نا..نا.. تۆ ئافرەتێکی وایت هەتا لە ژیاندا بمینێیت حورمەت و شکۆمەندیت هەر بەردەوام دەبێت و زۆر کەسیش مەمنونت دەبێت بەس پێی قایل بیت.

هەرکە هەستی لەخۆ بڕی ئەم بەلای مەبەستەکە هۆیداوەو:

-وێڕای ئەوەی گوتم: باشترین قەمەرەی مۆدیل تازە لە پاکەت دەرهاتە.

دەمێك بە ڕوویدا گرژییەوەو:

-جەنابت یەکەم کەس نییە لەو هەوارانە بگەڕێت و...

بە بزەیەکی سەرنج کێشی نێرەوزانەوە:

-پترپشیان داوە هۆ باب.

لە ناخەوە پێڕاچڵەکی و: ((دەبێ پێش من کەسی دی پێ هەستابێت و من ئاگادار نەبم! چ بڕوام نایەت)). بەسەر خۆی نەهێناو:

-دوا قسەم دەردەکەوێت من لە پێکهاتنم.

: ((پێکهاتنی رزگارکردنی نیشتیمانەکەیەتی!)).

-کام قەسری باشی حکومەتەو بەپێویستییەکانی ناوەوەش بۆت دابین دەکەم. ئەدی چت دەوێت!.

دووبارە بە پێکەنینیەوە:

-دەڵێم زۆرتر دراوە.

باوەڕی هات و : ((دەبێ کێ بێت پێش من ئەو ڕێیەی کوتابێتەوە؟. مەگەر باپیر)). زۆری لێ بەقارداچوو..و: ((هەتا ئەو نێرەکەرەم بەرامبەر وەستابێت هەمووشتێکم بە خوایشتی خۆم بۆ مەیسەر نابێت.ئ..هـ.. لەوەی من زۆرتر دەبێ چ بێت خوایە!)).

-وادیارە جەنابت لەم ڕووەوەو حاتەمی تەییانە قۆڵ و باسکت هەڵکردووە.

بە بزەیەکەوە:

-بەڵی ((١٠)) دە هەزار دۆلاریش سەرباقی. گوتم ئێهـ...بەڵکی!.

پیرۆت هەمووشتێکی بە خەیاڵدا دەهات تەنیا پارە نەبێت و هەر زوو:

-ئەوە کوو دڵت ڕێیدا ئەو هەموو پارەی بدەیت!؟. وادیارە لە ڕێرەوی ئامۆژگارییە گرینگەکان دەرچوویت!.

-هەتا عیزرائیل بەربینگم دەگرێت خۆشەویستی پارەلە دڵم ناتۆرێت، بەڵام ئەو فریشتەیە وا هارو هاجی کردوومە بیست و چوار سەعات لە زەینم دانابرێت و زۆر شەوانیش دێتە خەونم. ئەوە تخی پێم لێیکردو: ((تازە من هەر دەوڵەمەند بوومەو ڕاستیشیان گوتووە ماڵەلهەوا لیلهەوا)).

حەزی وایدەخواست بزانێت بۆی نەرم کردووە، ئەوسا دەبێتە سۆیەکی کاریگەری سەر دڵە بێ ئۆقرەکەیەوەو:

-دوا بڕیاری؟.

بەسەر لەراندنی حەیرمانەوە:

-ئەوەی ڕاستی بێت: ((من و تۆ)) بە سەگ دەشوبهێنێت و: ((نەك زەوی و سەیارەو پارەو تەلار، هەرچی هەتانە بە چەکەکانیشتانەوە بەداوە بسکێکی خۆم حسێب ناکەم)).

* * *

لەو ڕۆژە حەرەج و ناهەموارو قات و قڕیەدا، کە بەرهەمی ڕەنجی ناڕەوای سەرکردەکانە، دلارۆ: ((خوا یاربێت: ئەو بارە قورسەی سەرکردەکان لەسەر ئێوەی پرزە بڕاو، بە ماوەیەکی زۆر کەمی چاوەڕووان نەکراو سووك دەکەم)).

خەڵکە عامەکەی دەوروبەری لێیانڕا دەدیت و زۆریش پێ گەشانەوەو تەزووی ئومێدی ژیان بە نێو دەمارەکانیاندا جلیتەی دەکرد.

هەر ئەوڕۆژە، دوای پەڕینی زەردایی خۆر لە ئاسۆدا، لەنێوان لوتکەی کەپك وکلاوودا بووە تەق و هۆڕێك ئەوسەری دیارنەبێت.

دەتگوت تۆ مترەقەیە و سەلیە لەدوای سەلیە و گوللە بە گوللە دەکەوت و ئاگری گوللە تۆپ و قازیفە و هاوەن و ڕەشاش بڕێن و دۆشکەو کلاشینکۆڤان ئاسمانی ناوچەکەی ڕوونـاك دەنواند. مەگەر کوو دەنا زۆربەیان لەقەدی ملەکان دەکەوتنەوە. خەڵکەکەی دەوروبەری کاس و هەراسان و هەڕمانی خەوی شەوانیش هەرهیچ.

ئەگەر لە دەستیان بووایە هەر ئەوساتە بەر شاپی ریسوایی یان دەدان. نەشدەزاندرا ئەوجارە لەسەر چییە. تەنیا بۆرەشکێك بەلای دلارۆوە هۆیداوە، پێش خۆر لەگەڵ کەوتندا لەگەڵ پیرۆت و باپیر داکۆ ببووەوە. چەند کەسانی دڵسۆزو خەمخۆرو پەرۆشی ئارامی و ئاسایشی ولاتەوە: ((جوامێرانی گۆرین و پیاو ماقوولان))ی دی پاش دوو ڕۆژان شەڕو پێکدادان سەریان بەرەو ماڵی دلارۆوە هەڵگرت و:

-جەنابت چ زانیاریت دەربارەی ئەو شەڕە هەیە؟.

بە پێکەنینەوە:

-بەڵی.

عەنتیکەیان پێهات و لەدەم و ڕوویان ڕووانی.

بە حریتەیەکی حێلەوە:

-گوایا لەسەر منە!.

بۆ حاڵیبوون سێرەیان سرکتر ڕاگرت و بەسەیرمانەوە:

-کوو..!؟.

-ئەوەندەیان نارەدەخوازبێنیم، ئەوەندەیان نارد، تا لە ژیانی خۆمدا وەڕس بووم و ناچار کرام و:

– من لە جوانیدا سەرتۆپی کیژانی پیرانم. لۆێی حەقی خۆمە لەدو هاوسەرێك بگەرێم سەرتۆپی پیاوانی دوڕگۆکەبێت.

-لە زارت ناگەین؟.

-هاوسەرێکم گەرەکە لە دوڕگوکەدا کەس نەتوانی پەنجە لە پەنجەی هەڵبدات.

پێکەنین یە خەگیری بووەوەو:

-ئەوجا هەریەکەیان وا بەهەموو تواناو دەستەلآتییەوە هەوڵدەدات سەیتەرە لەسەر ئەوی تر بکات.

خەڵکەکە بە جارێك دەهری بوون و لەدەستەلآتیان بووایە هەر ئەوکات شاپ بەدەریان دەکردن: ((ئەوەندە بەهێزبوونە گوێیان هەرگیز بە شاپی گەورەو گچکەی پیرانەوە نابزوێت. بۆشیان واڕی بووەوە: لەخۆیان هیچ و پووچ و تڕووهاتتر نینەو بۆ دەرمانیش کەرامەت و هەستی مرۆڤایەتی و عیززەتی نەفسیان لا چنگ ناکەوێت. ئەگەرنا ئافرەتێك بەزاری خۆی و لەدیار دەیان کەسەوە پێیان بڵێیت: ((بێزم هەرگیز نایەت دەرپێی خۆمیشتان پێ لەخم بدەم)، کوو دڵیان بەروەست دەدات لەپێناویدا ڕۆڵەی میللەت بەکوشت بدەن)).

بەبزەیەکەوە:

-دەنا هەموو لایەکمان شەڕەکەمان لەمل گران نییە.

-ئێمەی ڕدێن سپی تەرەف نینەو ناشبین.

بە بەرۆك هەڵتەکانەوەیان گووت.

-خۆم و ئەوان دەڵێم.

-دەبێ سەبەبێك هەبێت؟.

بەسەیرمانەوە پرسیارەکەیان ئاراستە کرد.

-تۆخوا کەسانێك بۆ بەرژەوەندی بەڕێك و دامرکانەوەی خروشتی نێو گەڵانی پێرۆت و باپیرو.. ڕووتانەوەی وڵاتەکەیان خۆیان بەکوشت بدەن حەق وایە بۆیان پەست ببین!.

بەئەوەندەش نەوەستاو:

-فەرموون لەوەتی شەڕە ئاگایان کەم و زۆر لەدزین و تاڵان وباج و ڕووتانەوەی گەل و.. وڵات بڕاوەو خەڵکەکەش وا لێکڕا دووعا دەکەن هەر ئەوها خۆبەخۆ یەکتر قڕ بکەن.

بەڕاڵەخۆوە:

-هەوڵ و تەقەڵای منیش هەربۆ ئەو مەرامەیەو بەس.

سەری ڕێزو سەلماندنیان بۆ لارکردەوەو:

-ئەدی سەرکردەکان لۆ..؟.

بەوردبوونەوەی لەپرسیارەکەیانەوەو:

-بەخۆم چەندجارم لەخۆیان بیستووە: ((چەکدارەکانمان هەر چەند بکوژرێن ئێمە قازانج دەکەین.

-چۆن!؟.

-خاوو خێزان و خزم و کەسی کوژراوەکە، بۆ هەتا هەتایێ دەبنە لایەنگیری ئێمە)).

بەم هەڵوێستە دەغەزان و کەوتنە دنیای ڕق و هەڵچوونەوەو:

-تۆخوا.. سەرکردەیەك ڕۆڵەی میللەتی خۆی هەربۆ ئەو نیازە بەکوشت بدات کەی شایەنی سەرکردایەتییە ! .

-ئەوەی دەفەرموویت دژی هەڵسوکەوتی سەرکردەکانی جیهانە. بەهەموو توانایانەوە تەقەڵا دەدەن پەنجەی چەکداریکیان بەخوێن دانەیەت و بەکوشتنی یەکێکیان شێت و هاردەبن و تازییەش دادەگرن.

– ئەوە گوتنی ناوێت.

* * *

سروود باوکی لە شەڕی نێوان کلاوکەپکدا گوللەیەك بە تەپڵە سەری دەکەوێت و نوقتی دەگیرێت. تەنیا پەلەکانی جم و جۆڵیان لە بەروەمابوو.

-ها.. ڕۆله باوکت کووە ؟.

- هەروەکوو خۆیەتی.

-دەمەکی دیکە دەچم ڕای دختۆرەکان وەردەگرم و.. وا دەکەم چی پێویست بێت لۆی بکەن.

-مامۆستا دەڵێن: ئەگەر گوللەکە دەربێت، رەنگە حاڵی باشتر ببێت و تا ماوەیەکی زۆریش بژیت. ئەگەرنا هەفتەیەك زیاتر ناخایەنێت.

-باشبوو ئەوەم زانی. هەر هەنووکە وادەکەم عەمەلیاتی بکەن.

-خەستەخانەکە دختۆری ئەو جۆرە عەمەلیاتەی نییە و لە دەرەوەش ((٨))هەشت هەزار دۆلار داوادەکەن.

بە سەربادانی غەزەبەوە:

-حەکوو.. هەشت هەزار دۆلار!. کافرستانییە. دختۆری ئەو زەمانەی دەلینگی بێویژدانیان لۆ پارە بە جارێك هەڵماڵیوە!. ئاخر ئەو پارەیە بەهەوەنتە پەیدا دەبێت!.

نەبادا بە ڕوویدا هەڵێنێت، بە ئەنقەست بە چاو لە زەوی بڕین متەقی لەخۆ بڕی.

شەرمی زۆر لێدەکردو لە تاو دەردی باوکیەوە ناچار بە هێدییەوە:

-مامۆستا من هاتیمە بەڵکو یارمەتییەکمان دەدەیت؟.

دەمێك ژ بەرخۆیەوە ڕاما و بەسەر بەرزکردنەوە:

-ڕۆڵە ڕاستە باوکت لە بەرگری کردنی ڕا و بۆچوونی من وای بەسەر هاتووە و جێگەی شانازیمانە، بەڵام بەخۆت باشتر دەزانیت من حەمە قەدۆ نیمەو چ سوێندت لەسەرم نییە، وللا وەبیللا وەتەللا، حەڵاڵی دنیایێ لە من حەرام بێت چوار پینەشم بکەیت ئەوەندە پارەم بۆ هەڵناستێت، ئەگەرنا بۆ باوکت بەچاوان.

گریان هەوگی گرت و: ((خوێنی ئێمەی کرمانج هەرئەوها هەرزان ڕژاوەو دەڕژێت.ئ..هـ نرخی هەشت هەزاردۆلار نییە، کەچی ئاگام لێیە بەس تاخم و کەرستەی دیوەخانەکەی((١٠٠))سەت هەزار دۆلاری تێچووە)).

نەیتوانی لەفزی تر بدرکێنێت.

*　　*　　*

پیرزەند دووبارە بەداگیردنی ولأتیان هارو هاج بوو..و لەتاوان لەبان سەر دەسوڕاو عەجمانی لێهەلگیرابوو..و نەیدەتوانی ساتێك لە شوێنێکدا تۆتکە بگرێت و هەرلێکیدەداوەو بیری لێدەکردەوەو سەوجاسەری نەدەدۆزییەوە. ڕۆندکی گەرمی شروان دیدەکانی سوور هەلگەڕاندبوو.. و لە دووڕەوە پێوەی دیاربوو، نەخاسمە کەنۆبات ئەمانەی لەخوبزەکانی حەمەدی بەرگوێ دەکەوتن:((

-پیران پەروەردەی چیاو چۆلأنن و تەبیعەت درندەنەو بە دارتێبڕین نەبێت بەهیچ شتێکی تر داناسەکنێن.

-زۆر.. ڕاستە!.

بە ئاخەوە:

-بەس دەستی ڕۆستەممان شکاوە، ئەگەرنا هەتا ئەمڕۆ زۆربەیانمان بە سانایی زندەبەچاڵ کردبوون.

-لەوە دەترسێین: ترس و ئازار نەچێژن و زوو چاویان بکرێتەوەو ئەوسا خوا هاوارو خوا تۆبە.

– بە باڕەباڕ دەرمان پەڕێنن.

تا وردیان بەرز بێتەوە حەمەد هەرجارێ بەدەست لەپشتدانیاندا:

-لەم ڕووەوە قەت مەترسێن، ڕۆستەم گوتەنی بێخەم و باك لەسەر گازەرەی پشت بنوون مادام سەرکردەکانیان سەنگۆی بەردەرگەمانن هیچ هەوڵێکیان هەتا سەر دەرنابات و بەچاوی خۆشمان دیومانە)).

ئەمەملی پێدانواندو پەیوەندی بە جوامێرو ڕیش چەرموو دنیا دیتەو چاوکراوەو خەمخۆرانی میللەتەکەی بکات و:

– لەسەر هەموومان پێویستە هەفتەی بەلای کەمیەوە جارێك کۆببینەوە.

لە شەکریان پێخۆشتر بوو..و بە بزەیەکەوە، ڕەزامەندیان دەربڕی و:

-هەرچی جەنابت لەم ڕووەوە دەفەرموویت بەسەر و مالّ جێ بەجێی دەکەین.

دوای متمانەی دلّی لە ئاستیاندا گوتی:

-لەبەر زۆری پیاوانی خەفییەو کرێگرتەی لۆقنان، هەر چاوێکیان لێمان کردووەتە چوارچاو قەت نابێت ئامەشۆی مالّی یەکتربکەین و کوبوونەوەشمان دەبێ بە ڕۆژ، لە شوێنەگشتیەکاندا بێت، نەك لە مالاّن.

ئەمانیش بە بۆچوونەکەی هەستیان قولاّختر هەلّخست.

-هەر پێچ شەش کەسمان لە سەرتاولەو شترنج و دۆمینەو شتی تر..ڕاوێژی خۆمان بکەین.

-هەرچی جەنابت بۆماندادەنێیت وەك تای تەورداس ئامادەین.

بەمەش نەوەستاو:

-پێویستە لە مێشکی چەند کەسانێکی باوەڕپێکراو و سڕقاییمی دەوروبەرمان سەقا بدەین و: ((وەك نوێژو ڕۆژی لەسەرمان فەرزە، بە زووترین کات داگیرکەری وەلاّتمان وەدەرنێین)).

یەکەیەکەیان ڕا و هەڵۆیستی خۆی لەم ڕووانگەوە دەربڕی و:

-ئەوە هەرگیز گوتنی ناوێت.

-سەر و مااڵمان لە پێناوی گەل و نیشتیماندا دەنێین.

-حەقی خۆمانە وا لەبەرچاوماندا ولأتمان دەڕووتێننەوە.

بێ قال و قیل یەکیان گرت و:

-ئەوەی پێ هەڵنەستێت لە ئێمە نییە.

-بگرە حەرامزادەیە.

زۆری هەوەست هات و بافرەی خەنی دایگرت و:

-برایان ئەوانەی لە ئێوە بەو ئەرکە پیرۆزە هەڵدەستن دەبێ لە ئەمڕۆ زووترنییەو تاخوێنمان گەرمە، بە هەموو هێزو تواناتانەوەهەول و تەقەلا بدەن، بەمەرجێك....

بەمە سەرنجی زەینیان بکێشترکرا.

-گریمان خوانەخواستە دوژمن پەی پێ بردین هەردوو سێیەکمان دەسگیر بکات، نەك زۆربەی جەماعەت، هەر کۆمەلێك ئەوانی دی بەهیچ شێوەیەك نەناسێت.

-بیرێکی زۆر پەسەندو گونجاوەو هەموو ڕامان لەسەرە.

-وای بە فەرزدا دەنێم لەسەرەتای هەرکۆبوونەوەیەکماندا لە جیاتی بیسمیللا لەم شتانە بدوێین:

-یەکەم: داگیرکەر دەستی بەسەر هەر ولأتێکدا بگرێت هەتا پێی خۆی بچەسپێنێت و بەهەوەنتە تووڕنەدرێت، لەهەوەلەوە بە دزینی

بەروبوومی ولاتەکە خۆی قەڵەو و بەهێز دەکات و ئەوجا بەهەموو تواناکییەوە تێدەکۆشێت میللەتەکەی ژێر دەستی بەد ڕەوشت و بێ سەوادو.. دواکەوتوو.. و برسی و بێ شەنگێکی وابن بیری رزگاربوونیان هیچ کات بەخەیاڵیشیاندا گوزەر نەکات. گریمان گوزەریش بکات ئەو دەستەلاتەیان نەبێت پێ هەڵبستن.

بە دیقەتدانی بچمی یەکەیەکەیان و:

-جا لەسەر ورد و درشتمان پێویستە هەتانەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیەو توانامان لەبەر نەبڕاوە، زوو خەمێکی لێ بخۆین.

-دووەم: ئەوەی بەو ئەرکە پیرۆز و فەرزە هەڵبستێت دەبێ لەهەوەلەوە پەیمان بدات، تا داوا تنۆکی خوێنی کۆڵنەدات. فەرزەن نەمانتوانی بەسەریاندا زاڵ بین دەبێ خوێنمان لەسەر خاکمان برژێت، نەك وەك پیرۆت و باپیری چەمەری، بە خاوەی قوون قوچ کردنەوە گیانی خۆمان دەرباز بکەین.

*　　*　　*

: ((بەداخەوە شۆڕشی ئێمەی پیران لە ڕووالەتدا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و قاودانی داگیرکەری ولاتمانە، کەچی لە ڕاستیدا بۆ پێگەیاندن و بەرژەوەندی گورگە کەلبە تیژو خوێنڕێژانی دوڕگۆکەیەو بەس. ئ..هـ پیرزندە لە مێژە لە ڕەگەوەی ناسیون. کەچی ئێمەی عەقل قوندە خۆمان بەلاش کردووەتە ئەستێ و بەردەستێی

دەستیانەوەو هەردەمایەك حەزیان چووێ ئاگری شەڕمان پێهەلدەگیرسێنن و خۆشیان شەیتانی کۆر ئاسا پێدەگەشێنەوە)).

بە مردنی باوکی سوکناتی لەبەربڕاو لە عەردی و بەردی خوا تۆتکەی نەدەگرت. لەکاتی ناشتنی تەرمەکەدا باپیرو چەندین چەکداری بەشداربوون.

چەند سەعاتێك پێش گیان سپاردنی باوکییەوە، واریقاتەکەی دلارۆی بەرگوێ کەوتبوو، بە دیتنی هاروهاج بوو.. و غەزەب بەسەریدا زاڵبوو.. و ڕووی کوندەی دوو بۆنگی کەسکون هەڵگەڕاو خیزی قاری لە زاریەوە زریزەی بەستاو ئاگای حەرام لە ناشتنەکە نەماو بە ڕابیتەکردنی هەڵچوونەوە، لەبەر دەمی عەشاماتەکەوە، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا، بەرامبەری پەردەی شەرمی زڕاندو بێ ڕەچاوکردنی میوان و ڕێزی ناشتنەکەوە، لەگەڵ ناولەپدانا لە شلکەی ڕانییەوە و:

-مامۆستا گیانی باوکمت کردە قوربانی((٨)) هەشت هەزار دۆلار.

بۆ پینەکردنی ڕواڵەتی لەوکاتە ناسکەداو:

-ڕۆلە سوێندم بۆ خواردیت بۆم پەیدانەبوو، ئەگەرنا من پارەم لە باوکی ڕەحمەتیت چاو نەبووە.

بۆ ئەوەی قسەکەی بە درۆ دەربخات و لای عەشاماتەکە ڕیسوا ببێت بە دەنگی حێلەوە:

-بەڵی هەشت هەزار دۆلارت لە خوێنی چەکدارانی خۆت چاو بووەو زیاتریش.

بەهۆی دەنـگ بەرزییەکەیـەوە، خەڵکەکـە بـە بتـوونی هەسـتیان قوڵاخ بوو.

-کەچی سەت جار بەداخـەوە، پارچـە عـەردی((٥٠٠)) پێـنج سـەت مەتری و تورمێلی ناوپاکـەت و قەسـرو ((١٠)) دە هـەزار دۆلارت بـۆ شـەوە.... پێـشکەش بـە ئافرەتێـك کـردووە، ئـەوجا ئافرەتەکـە مەردانە بێزی نەهاتووە..وەلامیشت بداتەوە.

گوللەیەك بوو تـەختی تـەوێلی ئـەنگاوت و ڕەنگـی دەلحـاز پـەڕی و بـەدەنی چـرك و هـۆڕی پێکـەوت و چـۆکەکانی شـل و لـەرزین و پشووی سواربوو..و چاوی غەمراندی و هەزارە زیلەکە لە هەرلاوە، بە چڕی گەمارۆیاندا، دوای چەند سـانییەك هاتـەوە سـەرەخۆ.. و زانـی حـەیای لـەنێو ئاپۆرەکـەدا بـووە حـەیای پیـاز فـرۆش و کـەلکی خۆگنخاندنی، تا ناشتنەکە تەواو دەبێت نەماو لەدەستی بهات بووایە تیکە بـە تیکـەی دەکـرد. بـۆ بـەرگری لـە سـومعە زراوەکەیـەوە، تـا دەنگی لەبەر دابوو.. و لەمەشی زیاتر بۆ نەهات و:

– ناحەقت ناگرم و خەتای خۆمە: هەر خۆڕی و ناکەسبەچـەی وەك ئێوە ڕاسـت بوونـەوە: شـەڕەفی پێـشمەرگایەتیم دەقەبـەڵ کـردن و ئەوڕۆش لە پاداشت وا ئەوها قاپم دەگرن.

ئەمەی گوت و بەچاوی بەرەوژێرییەوە تێیسرەواند.

بەمە بوغزو حیقد زیاتر لە ناخی خەڵکەکە دەرحـەق سـەرکردەکان ڕووان و لێکڕا:

-پە چەلاو بێت پول پەرست و خۆش پەڕمان سەرۆکن!.

* * *

خوله زوو لێیوەرگرتەوەو:

-ئەوا کش لە مەلیکی پیرزندە کرا، ئەدی کەینێ کش لە مەلیکی لۆقنان بکەین؟.

پاش عەسرانێکی درەنگەو لەباخی شاردا چەند دەمڕاست و ڕیش سپی گەمارۆی قەرەنی و پیرزندەیان لەسەر شترەنج دابوو ئەویان گوتی:

-کش مەلیك.

بەخولقێکی گەش و دەروونێکی پڕسۆزی ئومێدەوە:

-ئەوە جەنابتان دەزانن.

-بەئێمەبێت لە سبەینێ زووتر نییە.

-سبەی سبەی.

-سمایل لە سەرکەوتندا دوودڵ بوو..و ڕەزامەندی پیرزندەی لا هەموار نەبوو..و:

-زۆر زەحمەتە بەروەستیان بێین.

بەسەرسوڕمانەوە:

-لۆ..لەبەرچی! ؟.

-نە لەهێزو نەلەچەك ئاوکووفی ئەوان نین.

پیرزندە لە قاقایەکی حێلی وایدا هەستی حەپەسانی هەمووانی بەلای سەرنجدانی زاریەوە بکێێش کردو:

-هاوڕێیانی ئازیز: باوەڕ بکەن داگیرکەر لەبەر ئەوە لەسەر خاکی خۆی نییەو بەزەبری چەك خۆی دەسەپێنێت هەرچەند بەهێزو توانابێت لەخۆی قەلەزراوتر نییە.

بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنن و دڵە ڕاوکێیان لەم ڕووەوە تووڕ هەڵدەن و:

-دڵنیابن کو دەزانم ئاسمان لەسەرەوەمانەو حەوجە بەچاو و ئەنگوست ناکات ئەوهاش دەزانم، هەرتۆزێك گەرمایی یان بگاتێ لە حوشتر حزاتر دەڕەونەوە.

بە باوەڕێکی سستەوە:

-خوا بەدەوتدا بڕوانێت.

ئەوشەوە حارگرتووەکان، لە گێژەنی جۆش و هەڵچوونی تۆڵەسەندنەوە گینگڵەیان دەداو خەوی چاوان هەڕماو لەنێوان دغدغەی ((سەرکەوتن و سەرنەکەوتن)) داڕابیتەیان دەکرد.

تاوای لێهات هەستی سەرفرازی و نیشتیمانی نەیهێشت تا کاتی دیاریکراو تۆتکە بگرن. پێش شەبەقی بەیان زۆربەی خەڵکە دڵسۆزەکە، ژن و پیاو گەورە بچووك، گێل و زەیندار حسیان.

دنیا کش و مات و بێ هەست و خوست، ناوەناوە نەبێت شنەی شەمالێ خشەیەکی نەرمی هەست بزوێنی لەگەڵای دارە بەرزەکانەوە دەهێناو فێنکاتییەکی شێدارو بۆنخۆشی بەدەوروبەر دەبەخشی، لەگەڵ سەراکێشانی ((٣٨٠)) سێسەت و هەشتا مزگەوتی شاردا،

پیرزنـده چـووه سـەربانێکی بـەرزو تـادەنگی لەبـەردابوو بەگـەرووی سەماعەوە نەڕاندی و هێمای سەرهەڵدانی ڕاپەرینەکەبوو.. و:

-بژی پیران، بژی پیران.

-بمرێ بمرێ داگیرکەران.

-یاللا ڕاپەڕینە، یاللا ڕاپەڕینە.

-ڕاپەڕینی مان و نەمانە.

-ڕاپەڕینی مردن وژیانە.

-ڕاپەڕینی نەوەی پیرانە.

-ڕاپەڕینی حەق خوراوانە.

-ڕاپەڕینی باز و هەڵۆیانە.

دەیـان کـەڕەت دووپـاتی کردنـەوە و پـێش دابـەزینی جوامێرەکـان لێکڕا بە پیریەوە چوون و کۆڵان بەکۆڵان هاواریان دەکرد و:

-بۆ دەرەوە ستمەکاران بۆ دەرەوە.

-بۆ دەرەوە داگیرکەران بۆ دەرەوە.

-بۆ دەرەوە خائینان بۆ دەرەوە.

-بۆ دەرەوە غەوارەکان بۆ دەرەوە.

-بۆ دەرەوە هاوسێ خوێنڕێژەکان بۆ دەرەوە.

-بۆ دەرەوە دراوسێ بێ ئەمەکەکان بۆ دەرەوە.

-بۆ دەرەوە گورگە چاو برسیەکان بۆ دەرەوە.

-بۆ دەرەوە چەورە بەزیوەکان بۆ دەرەوە.

-دورگۆکه لانەی پیرانه، نەك مولگەی لۆقنان.
-دورگۆکه لانەی پیرانه، نەك نارچەی زارلووسان.
-دورگۆکه لانەی پیرانه، نەك سەنگەری زگرەشان.
-دورگۆکه لانەی پیرانه، نەك ڕەبییەی خوبزەی داگیرکەران.
بانگەوازەکه وەك دەیان کەس، له چەندلاوه، لەهەللا بدەن: ((یاللا لەخەو ڕاپەڕن)) کاری دەلحاز کردە سەر هەست و سۆزی خەڵکەکەو هەر بابابوو، بە دەروونی تژی گڕی ڕق و تۆڵە و هووروژمی بە گورەوە، لە هەرلاوەی مالأندا بە ((یاللا))دەی بێباکانە ڕژانە دەرەوەو مێروولە ئاساڕوویان له قەلاۆ سەنگەرە سەختەکانی لۆقنان کرد.
مەیدانی حەشرو.. واوەیلایە، کۆمەڵ کۆمەڵ و تاقم تاقم و دەستە دەستەو یەکەڵەو دووکەڵە، لەملاو لەولای دەردەکەوتن، ئەوەی لەخەویشدا مابوو بە دەنگ و هەللای: ((
-بژی پیران، بژی پیران
-بمرێ بمرێ داگیرکەران
-یاللا بۆ دەرەوە)) ڕاپەڕی.
-سوپای لۆقنان هەرکە لەگەڵ ڕووناکی ئاسۆدا دیتیان خەڵکەکە بەپڕوچڕێکی وا دەرزیت هەڵدابوایە، بە زەوی نەدەکەوت تاك و تەرا لەنێو دە پازدە، بیست سەلکان لوولەی چەکێك دەدیترا، قارمەندی بە دارو دەست و خوترە و بەرچیغ و مەترەقەوە بێباکانە

و بـه جـۆش و خـرۆش و بلـەزی گورگـه لۆقـەی قۆنگرانـەوه بـەرەو ڕووبان دێن، زانیان ئەو ڕۆژەی پێ بچن ئەورۆیە، لە ترسی گیانیان، کـە لەبـەرایی هەمووشـتێکەو ئێـ..ە بـەڵکو پێدەسـەنگرێنەوه عەشاماتەکەیان، شەلم کوێرم، ناپارێزم ڕشاندو بە دەیـان کـوژراو و بریـنـدار کەوتنـە گـۆڕێ، کەچـی جۆشـی و ڕووژانەکـە و خۆشـی ڕاپسکان، لەژێر تـۆقی دیلـی و کەلبـە تیـژی داگیرکەرانـەوه، تـەنیا ئەوانـەی بـە هـەڵگرتنی لاشـەی کـوژراو و بریـنـداران خـەریك بـوون نـەبێت بـاقی مەنـدی نـەبایان دیبێـت و نـەباران، کـەم و زۆر نەسەنگرانەوه و درزیان بۆ سـونەتیش تێنـەبوو..و بۆیـان والأبـووه وه هێزێکه لە گوللـەی مـردن ناسـلەمێتەوه، پـێش ئـەوەی هـەزارە زیلەکە بگەنە نارچەو نۆرینگە زۆرو سـەختەکانیانەوه، هـەر بابـابوو کـلاوی خـۆی تونـد گـرت و((بـا)) نـەیبات و بەهـەموو توانایانـەوه تێیتەقاند، چ تێتـەقانێك؟ مەگـەر هـەرخوا بزانێـت، ئـەوەی چـەك و کـەل و پـەڵی فڕێـداو مەلـەوان زان قورتـاربوو ئـەوانی دی بیلبتـوون بوونە خۆراکی ماسی. بە ماوەی چەند سەعاتێك سەرتاسەری خاکی دوڕگۆکەی بەری باشوور لەژێر چەپۆکی لۆقنانەوه ئازاد کرا.

مام پیرداودیان تەنیا لـە ژووڕێکـی نوتـەکی موعەسـکەرەکەیاندابوو هەردوو قاچی لەبن ئازارو تەعزیبی زۆردا بڕابوونەوه، دەرهێنا.

حەمەد و سەلال و عەبار و خەلەف و عیدان دەربـاز نـەبوون و پـەل بەست کران.

مام پیرداود بەهەناسە سواربیەوە:

-دەبێ هەرپێنجیان لە تۆڵەی خوێنی ڕۆڵەکانمان بـێ چـەندو چـۆن لە سێدارە بدرێن.

لەبەر بێ شنگی هەڵوەستەی کردو:

-تەرمەکانیشیان لە شوێنێکی دیـار بنێـژن، ئەگـەر دواڕۆژ کـەس و کاریان هاتن بیاندرێتەوە.

دیسان پشووسواری قسەی پـێ بڕی و:

-بەس تەرمی حەمەدی خوێن ڕێژو مەلعون نەبێت، بـە دەیـان لاوی جگەرسۆزمانی لەژێر ئەشکەنجەو ئازاردا لەناوبردووە، لە شـوێنێکی وابێت شەیتانیش پـێ نەحسیێت.

هەر ئەو ڕۆژە فەرمانەکەی جێ بەجێ کرا.

پیران ئەوسا باوەڕیان، بـە پیرزنـدەوە پتربـوو، هەرکـە لـە کانگـەی پرزەبـڕان و بێهێزیـدا پێـی گـوتن: ((داگیرکـەر زەنـدەق ڕژاوی وەك خۆی نییە و هەر هەنـدەك گـەرمایی بگـاتێ وەك مـەڕ لەکەلداندا لـە تەپڵە سەریشی بدرێت ناگەڕێتەوە)).

خەڵکەکـە بەوپـەڕی شـەوق و خرۆشـی ڕێـزو خۆشەویـستییەوە لەلایەکەوە پیرزندەیان لەسەر دەستان بەرزکردەوەو تـەرزی منـداڵی سـاوا هـەڵیان دەداحـەواوەو دەیانقۆسـتەوە، لەلایـەکی تـرەوە مـام پیرداود.

بەگم لەپێشی وێنەی هەردوو کوڕەکەی بەرز کردبووەوەو پڕ بەدەم دەیقیژاندی و:

-بـژی پیرزنـدە. بـژی پـیرداود. بـژی شـەهیدانمان. بـژی هـەولێ و خەباتمان!.

پیرزندە لەخەنیاندا شـتاقە لێـوی نەدەگەیـشتنەوەیەك و لای وابـوو خاکی هەرسێ پارچەی دوڕگۆکەی لەسەر تاپۆ کراوە و: ((ئـ..هـ دنیا هەروەکو تاجێکە هەردەم لەسەری تەرەسێکە)).

* * *

پێنج و دوو ڕۆژی نەبرد پیرۆت و باپیرو دەست و پەیوەندییەکانیان بـێ ئاگـاداری میللەتەکەیانـەوە، بـەفیتی ڕۆسـتەم و ئایدنـەوە حۆترحۆتر گەڕانەوە سەر خوانێکی حازرو بزر.

خەڵکەکە هەننۆب، بێ ئـەوەی بـیر لـە تێڕپتنـی دووەم جـارو کـارە نـەگریس و تڕووهاتـەکانیان بکەنـەوەو هەرچـەندە پیرزنـدە هـاواری کردو:

-کوڕینە بەگوێرەی ئەو گفتەی بـاب و باپیرانمـان فـەرزە هـەڵس و کەوت بکەین و: ((جارێك غەدرتان لێکردین خـوا بتـان گرێـت دووەم جارغەدرتان لێکردین خوابمان گرێت)). چیتر نۆرەی نەوەی شێخ و سەرەك خێڵان نەدەین بازرگانی بەخۆمان و خاکمان بکـەن و هـەولێ و کۆششمان ڕەشکەنەوە!)). بێ سوودبوو..و..وەك لـەم گوێیـەیان

چووبێت لەو گوێیەیان دەرهاتبێت لێکڕا سەری کڕنووشیان دیسان، بە موشتاقەوە بۆیانداوەراندەوە.

پیرزندە لە حەیفان ڕەنگی سوورسوور هەڵگەڕا و هاتە سەر ئەو ڕایە: ((ئەوانە لە بابەلبابیانەوە، وەك ....کەمتیاریان عەتۆتەی ملیان بێت ئەو ئاوەیان بۆ ڕژاوەو ئەگەر هەزار خیانەتی ئەوهاش بکەن کەس لووتیان، بە ئاستەمیش لێخوارناکات)). لە دەهریان ماوەیەك کورکایەوە: ((نسحەت و ئامۆژگاری لە ئاست پیرانی چاو نەکراوەی کۆڕی ژیان و هەڵخەتاوی بن عەبای ئایین و تێکۆشانی نەتەوایەتی ڕووالەتیدا بێهودەیەو تفی سەر هەورازیش هەر بەڕووی خۆم دەکەوتەوە)) لەهیکەوە لرمەی دوو سێ تۆپی گەورەی شەڕەکە رایجفراندو سەری بێ دەستەلآتی باداو: ((کێ کردی و کێ بردی! ؟. ئێمە ئازارو ئەشکەنجەو سوکایەتیمان چەشت و خوێنمان پێشکەش کردو...ولآتمان ئازاد کرد، کەچی سەت جار بەداخەوە گەشتکەری هاندەران و پلدارو بە راویتەی مەیدانی شەرەف و پووڵ پەرست و داوێن تەبەڕا و کەزی ژنانەو مێزەری ساختەی سەرماو گەرما نەدیو هاتنە سەر خوانێکی پوخت و چەورو حازر)).

*　　*　　*

شەڕەکە دوو مانگی پتر خایاندو خوێنی دەیان کەس ختوخۆڕا رژا. قەدی ملەکان لە قەوانان زەرد..دەرچووەوە.

پیرزندە ئیمانی لە قەلبدا فڕی و: ((دەوجاوەرە لەگەڵ ئەوجۆرە کەسە هیچ و پووچانە تێکەو فڕکە وئومێدت پێیان بمێنێت وپاشەڕۆژ سوودیان بۆ گەل و نیشتیمان ببێت!)). بە زاری خۆی نەوەستا:

-نەفرەت لەخۆتان و تێکۆشانتان.

-نەفرەت لەخۆتان و خەباتتان .

-نەفرەت لەخۆتان و شەڕتان.

- نەفرەت لەخۆتان و هەڵسو وکەوتتان.

-نەفرەت لەو کەسانەش کە بڕوای پێتانە)).

ڕووی لە دلارۆ کردو:

-دەبێ لەسەرتاسەری ئەودنیایەدا لەو دووانەدا مزیڕو سێ بەندی و خۆپەرستتر هەبێت؟.

سەرە دەری وەك ئەو لێدەر کرد، بەڵام مەیلی والەسەر بوولەزاری خۆیەوەی بەرگوێ بکەوێت و:

-ئەگەر زەحمەت نەبێت لۆمان شیناکەیتەوە.

بەچاوێکی ئەوینی و ڕێزەوە سەیری کردو:

-هەرکە ترس گەیشتە قوونیان دەلحاز، بێ پەردەی خەجالەتەوە دووجار تێڕیتن و خۆیان لە هەرچی بۆنی هەستی نیشتیمانی و مرۆیاتی لێدەهات ئاوەڕووت کردەوە، ئەگەر ئێمە ڕەش و ڕووت هەردووجار بە ناخێری گیانمان دەستی هێنانەوەمان بۆیان

ڕانەخستبووایە، بەخەیاڵیش نەیاندەتوانی چاویان بە خاکی دوڕگۆکەی باشوورەوە ڕۆشن بکەنەوە و دەبووایە هەتا مردن لە هەندەران((عەتابە))ی غەریبیاتی بێژن. ئەمڕۆش وا بەناوی گومرگ و باجەوە باری ژیانی میللەتیان ئەوەندە قورس کردووە، زۆربەیان لە برسانا زیڕەیان دێت. کەچی لێبانلێس و چاوەشەکانی خۆیان بەو پەڕی لەزەت و خۆشییەوە، لەنێو قەسرو باڵەخانەو زەوی و زارو کارگەو تورپمێلی زۆرەوەو هەردەمیش ساپساپانێ بە پارە دەکەن و شاهانە دەگوزەرێنن، ئەو پارە لە ژمار نەهاتەی چنگیان دەکەوێت، لە جیاتی لە نیشتیمانە ڕووت وبێ کارگەو پڕۆژەی خۆیان سەرف بکەن و باری ژیانی میللەتە هەژارو نەبووەکەیان بەرزبکەنەوە، بە چەك و تەقەمەنی دەدەن و بەسەرو کوکلێیاندا دەتەقێننەوە، یان قەسرو تەلارو بازاری نوێی پێ بنیات دەنێن و قارەمەندی، بە نهێنی لەخەزێنەکانیانەوە سەفتە دەکەن، پیران چاویشیان دەربێت دینارێکیان لۆخەرج ناکەن.

ئەویش کڕیارانە دیقەتی دابووە گفتی.

-وێڕای ئەوەش، بێ ئەوەی هەست بە شوورەیی و ناڕەوایی بکەن، تاکو بەس لە جەنابت بە ئاوات بگەن وا ئەو شەڕە خۆترێن و خوێناوییەیان ئەنجامداوە.

ئاخێکی خەماوی لە سکۆڵەی چەپی دڵیەوەی هەڵکێشاو بەردەوام بووەوە:

-ئـا..ئەوجۆربرِکـەو مۆرانـە داوێـن برسـیانە نـە ئـەوجا گەرەگیانـە جلەودارێتی پیران بکەن و بەرەو پێشەوەیان بەرن.

دلارۆ زاری هەڵبڕی و:

-ئابڕوو.. قەترە ئاوێکەو هەرکە ڕژا هەڵناگیرێتەوە. ئەوانە بە زیوی پاشەڵ تەرن لە هەرچی چاوڕووانمان لێدەکردن ڕووتاینەوە. ئـ..هـ کەسانێکیش ئاوابن سوودی چیان لێوەردەگیرێت.

بە بزەیەکی تەڵخەوە:

-هەرچی لۆ بەڕك و دامێنیـان بکـەن بـە ڕەوای دەقـەبڵێنن و نـابێ کـەم و زۆر حـەرەجیان لێ بگیرێـت. قـوونێکیش فێرەتـڕ بـوو چـاك بوونەوەی زۆر زەحمەتە.

بەسەرلەقاندنەوە پەسندی خۆی دەربڕی و:

-بـەس حـەق وایـە خۆمـان هـەردەم سـەرکۆنە بکـەین: دووبـارە جلەومان، بەخوایشتی دڵمانەوە لەمست نانەوە.

هەوەستی زۆر پێهات و:

-ئافەرین جوانی بۆ چـوویت، منـیش ئـەوهات و هـاوارەی پێـشترم هـەر لەبـەر ئـەو ڕۆژەبـوو، بـەڵام بەداخـەوە چ لەگـەڵ میللـەتێك دەگوترێـت لـە ژیانـدا هەسـت بـە درێـژی و بـەرینی خـۆی نـەکات و نەزانێت ڕووی بەرژەوەندی لەکاملایە.

* * *

ماوەیەك پێش كازیوەی بەیاندا دەنگی تەقەی تاك و تەرا هەڵگیراو بووە هاژە و گوللە لە ئاسمانەوە بەر گوللە دەكەوت و ناوچەكەی ڕوونـاك كردبـووەوەو خـەڵكی دەوروبـەری لەخـەو ڕاچـلەكاندن: ((لاحەولـە وەلاقوەتـە ئـیللا بـیللا توشمـان بـە تووشـی چ ((....)) پەرستان بووە خوایە!)).

-تازە بە تازە زۆر زەحمەتە واز بهێنن.

-وازهێنان!؟.

لە وەڵامی قەرەنی پیرزندە بە تەوسەوەی گوت.

-مەگـەر كلكـی حوشـتر بگاتـە عـەردی، یـاخۆ بـە گوللـە لـە تەپلەسەریان بدرێت!)).

دلارۆخـان مزگێنـی ئەوشـۆكە لوتكـەی كلاۆمـان لـە دوژمنـان پـاك كردووەتەوە و ئەمڕۆ من تاكـە پیـاوی دوڕگۆكەمـە شـایەنی جـەنابت بم!.

لەبریتی چاك و چۆنی و بەخێرهاتندا لە قاقایەكی وایدا دراوسـێكانی وەئاگاهێنان.

بەپڕهەڵماوییەوە:

-وادیارە پێم بڕواناكەیت!؟.

-بڕوادەكەم و زیاتریش.

پاش زاڵبوون بەسەرپێكەنینەكەیەوە، بەنەرمیەوەی گوت.

تەرزی هەنار بۆ نەخۆش ببات و:

-ئەدی لۆ..!؟.

-ئـەنگۆ بـەس لەڕاسـت دوژمنـی داگیرکـەری نیـشتیمانەکەمان بـە ((٢٤)) بیست و چوار سەعات نەبـەزن، مـسۆگەر بـە ((٤٨)) چـل و هەشت سەعات دەبەزن، کەچـی خۆبـەخۆیی و بـۆ کوشـتنی رۆلـەی نەتەوەکەتان بە ((٤٨)) چل و هەشت ساڵیش نابەزن.

ویستی وتەکەی دووپات کاتەوە، کەچی دلارۆ هەر زوو:

-بەڵێ دڵنیام لە لوتکەی گۆڕین، بەسەر جەماعەتەکەیدا زاڵ بووین بەڵام نەتبەزاندووە و هەروەکو گوتم ناشی بەزێنیت.

بەسەرنجدانی سەرو سیمایەوە:

-دنیـاش ڕوونـاك بێتـەوە قـوونی ڕەش و سـپی دەردەکـەون و بـە گوڕی جورئەتەوە بەگژتدادێتەوە.

لەگـەڵ ڕەوینـەوەی شـرەکەی ئاسـۆدا درووشمـی پـیرۆت لەسـەر تۆقەڵـەی کـلاۆ و درووشمـی بـاپیریش لەسـەر لوتکـەی کەپکـەوە دەشەکانەوە.

تومەز هەرکە باپیرو جەماعەتەکەی لەنێو نارچەکانیان قـاو دەردێـن دزەکـەی بـەلای پـشتەوە دەکـەن و دەسـت بەسـەر حەشـارگەکانی کەپك دادەگرن.

پیرۆت لە هەوەلەوە، باوەڕی بەچاوی خـۆی نـەدەکردو بـۆ دڵنیـایی بە دووربین دیقەتیدا و..وەك ئەسپێکی غورد بـە غەزەبـەوە پێکـۆڵی کردو بە تف ڕووکردندا:

-ئـیللا بـیللا خۆرییـەکانی خـۆم لەخۆشـی سـەرکەوتنەکەدا سـەنگەرەکانی خۆیـان چـۆل کردوونـەو ئـەوانیش لەپـەناوە، بـێ تەقەوە دەستیان بە سەریاندا گرتووە.

لەو ڕۆژەوە هەردوولا هەترەشیان لەیەکترچوو بوو..و بـۆ پاراسـتنی گیانی خۆیان، کە شەو هەبوو تاشەبەقی بەیان خەو میوانی دیدەیان نەدەبوو، دیواری ((جەهەننەم))یان، لەهەر لاوەی نۆرینگەکانیانـەوە دروسـت کـرد. دیـواری بەرزولووسـی واشـەیتانیش لەتوانایدانـەبێت پێیداهەڵگـەڕێت. لـەو ڕۆژەوە حکومـەتی پـەنادیواران بووەنێـشتە شینکەی سەرزاران.

*　　*　　*

دلارۆ لەگـەڵ پیرزنـدە و ڕدێـن سـپیانی تایەنـەوە، لـەژێر تووەکـەدا دانیشتبوون. نزیکـەی دوو سـەعات بـوو تەقـە بـۆ یەکـەم جـار دوای ((۷۵)) حـەفتاو پێـنج ڕۆژ بـەردەوام بـڕاو پـیرۆت و بـاپیر لەسـەر پەیڕەوی مەرجی دلارۆوە جوتە بە ژوورکەوتن.

((ئـەوەی ڕاسـتی بێـت مـن دەمـەوێت، بـێ پـەردەی ئـەملاو ئـەولا پیازێکی سپیکراوتان بە دوو مەرج لە مست نێم.

دەسـتێکیان خـستە سەرچـاویان و دەسـتەکەی تـر لەسـەر وانەکەکەیان و:

-هەرتۆ..و مەرج، وەک مەیتەر لە خزمەت وەستاوین.

-یەکەم: دەبێ ئێوە شەڕ ڕاگرن و هەردووکتان دەست لە نێو دەست بۆ بن تووەکەبێن. مەرجی دووەم دوای هاتنتانە)).

هەرکە چاویان بەخۆکەشخە هەڵخستنی دلارۆ کەوت بە ((پۆشاکی ئالاڤ.. والاڤ باق و بریقی کراس و کەوای پوولەدارو پلپلە و چەك و خشلێکی زۆرو تیف تیفەدانی چاو و برۆ..و کشتەك و قژ مێش کراو و تەنکە سووراو و سپیاوەکەی لێ ببوونە نەخش و نەبکەیت و نە بخۆیت هەر سەیری بکەیت، ڕوومەتە گوپنەکانی گڵپە گڵپیان لەدورەوە جلەوکێشی حەزی نێرەوزان بوو)) چاویان زەق و دەم بەش و باز رەقەی لیکاوی سوق بوونەوەیان پێوەدیاربوو، هەریەکەیان بە ئاب و تابەوەو هەڵبەزەودابەزی قامیشەکەیەوە مرخی خۆی لێخۆش کرد و لەبیریان پەڕی سلاڤیش بکەن، بەدەست خستنە سەر ناوپستێری شەروالّە فاسوونە مورادخانە ئوتوکراوەکەیانەوە ڕوونیشتن.

دانیشتوان یەکسەر حسیان دنیا چ باسە، نەخاسمە دلارۆ لەناخەوە: ((ئـ..هـ ئاگریان تێبەربووەو حەیایان بەجارێك هەڵگیراوە، بڕواناکەم تا ئەمڕۆی حازری لەناو پیران لەم دووانە بەد ڕەوشت و بێناموس و داوێن پیستر سەری هەڵدابێت)).

بە ڕوویکی گرژو عەبووسەوە:

-مەرجی دووەم: دەبێ ئێوە لەسەر دەستی ئەو پیاوە ماقوولأنە هەرێ بدەن، هەتا لەژیانداماون جارێکی تر((خاوە)) نەخەنە سەر بەروبوومی ولأتەوە ئەگەر بۆ دەرەوە نەنێردرێت.

لەتاو گڕی خروشتەکەیانەوە، بۆیەکەم جار لە مێژووی ژیانیاندا تەماعی پارە، دین و بیرو باوەڕیان بوو، لەم ساتەدا لەیادیان بسڕێتەوەو هەرزوو دەستیان خستە سەر تەپڵەسەرو ((غەرداوە))کەیان و بەخۆ چەماندنەوە گوتیان:

-بەڵێن بێ لە بەڵێنی پیاوان لەمەودوا هەتا ماوین ئێمە جارێکی تر کەم و زۆر تخوونی ئەو جۆرە گومرگە نەکەوینەوە.

دڵ تەواو کەوتە عەردی، شتێکی بەقەدەر توانا بۆ میللەتە تۆراوەکەی خۆی وەبەرهەم هێناو هەناسەی ئۆخەی سەرفرازی هەڵکێشاو بەنازو نوزو کەشخەی کەحێلاتی و لووت بەرزییەوە لینگی تایەن ئاسا، بێ منەتانە واخستە بان لینگ یەکسەر هێزی جم و جۆڵی بە هەرامەکەیانی زێتر بەخشی و جا بەچاو بڕینە چاویان و هەڵیدایەو:

-من هەروەکو پێشتر پێمڕاگەیاندن: بێزم هەرگیز نایەت ئاوەڵکراسی خۆم بەوکەسانە لەخم بدەم لە پاست دوژمنی داگیرکەری خاکمان کڕنووش بەربن و لەڕاست میللەتەکەی خۆشیان بیست و چوار سەعات وەك نێرەکەری سۆری دەشتی هەولێر بزەڕن.

دەلحاز پێڕاچلەکین و خورپەیەکی سۆی پەشیمانی لە ناخیانەوە چوزەی دەرکرد هەرکە هەمان وتەیان لێ بەرگوێ کەوتەوە. کەچی خەیاڵیان لە نێرکەکەیانەوە، هێشتا نەچووبووەوە غەڕێغێ نەڕەویبووەوە، ئەو ماوەی نەداو:

-من مێرد بەشانازییەوە بەو کەسە دەکەم لە هەڵس و کەوتی کۆن و نوێی ژیانیدا دەرحەق گەل و نیشتیمانەکەمان سەر تۆپی پیران بووە، واتە زێڕی بێ خلت و تۆزی تاوانی لەم ڕووەوە لێنەنیشتووبێت.

بە ئەنقەست لینگی زیاتر بەرز کردەوەو حەزیانی بەجارێك جۆشداو بەبزەیەکی لەخۆبایی یەوە:

-لۆیێ بڕیارمداوە مێرد بە پیرزەندە بکەم. ژنی هەیەو بەباپیرم دەشێت. تەنیا لەبەر ئەوەمە: تا ئەمڕۆ..وەك جەنابتان پاشەڵی ڕیسوایی خۆی لە ئاست داگیرکەران فش نەکردووەتەوەو خۆی هەردەم مەردانە بە خاوێنی ڕاگرتووە.

هەرکە دەستیان بەیەکجاری لەقونکی خراری هیوا بەربوو..و ڕنکەکەیان، تا ئەوساتە ساجی دەسمی لە حەژمەتان وەك پۆپیتە عەلەشیش شۆڕبووەوەو کەفی غەزەب سەری لە لغاوەیان هەڵداو چاویان لێل و..وێڵ و دڵنیاشبوون بانگ کردنەکەیان تەنیا بۆ ئیهانەو ڕیسواکردنەو بەس. لەگەڵ دەست بردن بۆ چەکەکانیان و.. ویستیان لە هەوەڵەوە بەقسەی تەڕاوزو جوێنان بشۆنەوەو ئەوجابە قۆنداغان

کامی دڵیان داکەوێنن، کەچی دلارۆ هەرزوو لە ڕەنگ و ڕوویان مەرامیانی خوێندەوەو شارەزاشیان بوو بەچی فس دەبنەوەو گوێیان شۆڕ دەکەنەوە، پێش کار لەکار تازانێ، لەگەڵ بڵندکردنی دووجانتای دەستی و بارستایی یان پێوەدیاربوو بە زەردەخەنەی دەهایانەوە: ((هەنووکە قوڕیشیان لێ بکەم دەولەچن))و:

-ئێمە بەپێویستی سەرشانی خۆماندادەنێین: پاداشتی خەبات و ماندووبوون و زەحمەتکێشانی شەڕو شۆڕی سالّە هەی سالّتان، بۆ بەرژەوەندی پیران و دوڕگۆکەوە، بەسۆزی حەزمانەوە ڕەچاوی بکەین.

لەگەڵ ڕاگرتنی جانتاکان بۆیان، لەخۆشیان، بەر لەوەی بزانن چیان تێدایەو بێلن لەفزی دیکەی بگەڕێت، وەك ولاّخی برسی چاوی بەجۆ بکەوێت، بەدەنیان چرکە چرکەی پێکەوت و هەرزەکارانەو دوورەسەنگی کەڕامەتەوە، بەگاگۆڵەوە بۆی چوون. لایان وابوو عەتۆکەیان هەرپێ شۆڕنەبووەتەوەو ئارامیان نەگرت بڵێت: ((فەرموون)). بەسەر دانواندنی تەوازووەوە لەدەستیان راستاندو بەهەشتاوییەوە، پێش ئەوەی بگەنەوە شوێنی خۆیانەوە جانتاکانیان بەشەوقەوە کردەوەو دیتیان پارەیەکی ئەوەندە زۆرە هەرگیز چاوەڕوانی نەبوون. خۆشی بەسەر هەست و بیروبۆچوونیاندا سەپاو ئاگایان حەرام لەمام شەهابی دیکەی

دەوروبـــەر نـــەماو هـــەرزوو هێـــشتا لەجێگـــەی خۆیـــان تۆتکـــەیان نەگرتبوو..و بێ متەق بەژماردن خەریك بوون.

پیرزنـــدە بـــەرزەپێ لەڕوانگـــەی حورمـــەتی بۆچـــوونەکەیەوە قیـــت بووەوەو هەنگاوی بلەزی بـافرەدارەوە بـەرەو ڕووینـاو پایـە بـەرزیی لەناخـــەوەی غـــەزەرەی دەکـــردو خۆشەویـــستی و ڕیزگرتنـــی لەڕادەبەدەر.

ئەویش تەمای خوێندەوەو لەگەڵ قیت بوونەوەدا سـەری تـەوازووی بۆ دانواد.

بەهـــەردوو دەســـت ئـــەملاو ئـــەولای ســـەری گـــرت و بەشـــانازییەوە پێشەسەری ڕاموسی و فرمێسکی ئەوینی لەدیدانی دابەزی و:

-بۆ.. وەلاّمی هەڵوێستە مەزن و مەردانەکەت، ئەوا من بە شـایەدی ئەو جەماعەتەی حازری، بەهۆی هـەوڵ و کۆشـشی نەپـساوەت، لـە پێنـــاوی سەربەســـتی و خۆشـــی و کامـــەرانی پـــیران و دوڕگۆکـــەدا جەنابتم بۆ هەتاهەتایێ بە کیژی ڕاستەقینەی خۆم قەبوولّ کرد.

بەم هەڵوێستە لێکرا سەرسام بوون و بەچەپڵە ڕێزانـی ڕێزگـرتن و شانازییەوە هاواریان کردو:

-هەربژی پیرزندە و دلارۆخانی پالّەوانی دوڕگۆکە.

-هەربژی پیرزەندو دلارۆخانی قارەمانی دوڕگۆکە.

پیرۆت و باپیر که دڵنیابوون دراوی هەریەکەیان خۆی لە قەرەی ((٥)) ملیۆن دۆلار دەدات، پڕ بەزاری کەیفسازییەوە هاوبەشی خۆشی و کامەرانی جەماوەرەکەیان کردو:

-بژی دلاڕۆخان.

-بژی دلاڕۆخان .

-بژی دلاڕۆخانی شۆخەکیژی پیران.

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ز	ناوی کتێب	ناوی نووسەر	بابەت	نرخ	لاپەڕە
٥٣٢	مذكرات يوسف حنا يوسف (أبو حكمت)	يوسف حنا يوسف	مذكرات	٥٠٠٠	٢٦٤
٥٣٣	لە کەناری هزرو زمان و ئەدەبدا	عەبدولڕەحمان مەعرووف	وتار	٢٠٠٠	١٩٢
٥٣٤	لێکدانەوەی شیعر و ئاماژەکانی پشتەوەی تێکست	ئاوات محەمەد	ڕەخنەی ئەدەبی	٢٠٠٠	١٨٤
٥٣٥	بیاسەیەك لەگەڵ زەردخەنەی (با)	سەرهەنگ خامۆش	شیعر	١٥٠٠	١٢٠
٥٣٦	بژی نیشتمان	و. عەبدولستار جەباری	چیرۆك	١٥٠٠	١١٢
٥٣٧	بەندێن ژیانێ گوتنێن ژانا ناڤدارین جیهانێ	محەمەد سالّم پێندرۆیی	گشتی	٥٠٠٠	٣٢٨
٥٣٨	خەم و خەندە	عوسمان رسول	شیعر	١٥٠٠	١٢٠
٥٣٩	هونەری گوێگرتن	و. بەهزاد حەوێزی	دەروونناسی	٣٠٠٠	٢٤٦
٥٤٠	فیلەکەی نادر شا	د.موحسن ئەحمەد	ڕۆمان	١٠٠٠	٦٤
٥٤١	فێمێنیزم و چەند خوێندنەوەیەکی تازە	و.ئامادەکردنی:بەیان عەزیزی	گشتی	٣٠٠٠	٢٠٠
٥٤٢	هونەرەکانی بەخشان لەگۆڕاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦-١٩٢٣)	مستەفا سالّم مستەفا	ئەدەب	٥٠٠٠	٢٢٤
٥٤٣	فیکرو فەلسەفە دەڤی جیهانی	و. تاریق کارێزی	لێکۆڵینەوە	٥٠٠٠	٣٣٦
٥٤٤	ئایندەسازی	تاهیر عوسمان	کۆمەڵە وتار	٣٠٠٠	١٩٢
٥٤٥	مرۆڤ و جڤاك	د. عارف حیتۆ	کۆمەڵە وتار	٣٠٠٠	٣١٢
٥٤٦	بیرەوەرییەکانم	مستەفا عەسکەری	بیرەوەری	٥٠٠٠	٣٦٠
٥٤٧	هێڵانەکەم لە کوردستان	سازان مەدحی مەندەلاوی	گشتی	٥٠٠٠	٣٠٤
٥٤٨	عەلی شوون هەڵگر	تەحسین شێروانی	فۆلکلۆر	٢٠٠٠	٨٠
٥٤٩	خەیاڵێکی یووچ	بەختیار نادر	کورتە چیرۆك	١٠٠٠	٤٠
٥٥٠	هەقایەت وئەفسانەی میللەتان	ئیدریس عەبدوڵڵا	فۆلکلۆر	٣٠٠٠	٢٧٢
٥٥١	ئەدەب وەك بەشێك لەڕوح	غەمگین بۆڵی	لێکۆڵینەوەی ئەدەبی	٢٠٠٠	136
٥٥٢	دەروازەیەك بەڕەو فەلسەفە	کامەران تاهیر	وتار	١٠٠٠	٨٨
٥٥٣	خەونی شادی	کۆکراوەو نووسینی بێشەکی نیازی حەمە عەزیز	شیعر	2000	208
٥٥٤	چەپکە گوڵێکی ڕێبوار بۆ کوردستان	ئەیوبەکر عەلی ئیسماعیل	شیعر	٢٠٠٠	٢٤٨
٥٥٥	سیاسەتی ئەمریکا لە کوردستان لە ڕوانگەی بیرۆڕاکانی ڕۆژئاوایی	ئا: وریا ڕەحمانی	سیاسی	٤٠٠٠	٢٨٠
٥٥٦	سیاسة الحكم	ترجمة: عبدالرحمن الباشا	دراسات	٣٠٠٠	١٦٨
٥٥٧	کوردو ئیسلام	ئەحمەد بالایی	مێژوویی	٥٠٠٠	٥٤٨
٥٥٨	ساتی ڕاستگۆیی	و: شەرمین عەبدوڵڵا	کورتە چیرۆك	٢٠٠٠	١٣٦
٥٥٩	مەرگی گەرانەوە	سامی سلێمان فەقێ	ڕۆمان	٣٠٠٠	٢٠٤
٥٦٠	دەردی دووری	د. ڕەفیق شوانی	شیعر	٢٠٠٠	٢٠٨
٥٦١	بڕسیار لە دەرەوەی سێوەکەی نیوتن	ئا: سۆران عەزیز	گشتی	٣٠٠٠	٤١٦
٥٦٢	عەرووز وەکو بنیادێك بۆ ساغکردنەوەی شیعری نالی	یادگار ڕەسوول باڵەکی	لێکۆڵینەوە	٤٠٠٠	٦٢٤
٥٦٣	هەورە تریشقە	موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی	چیرۆك	٣٠٠٠	١٦٨
٥٦٤	بەڵێنەکانی ئینگلیز و گوتاری منەوەرانی کورد	سیاسی	سیاسی	٢٠٠٠	120
٥٦٥	فاعلية المسرح الليبي.. بين الفكر والفن	أ.د. فيصل ابراهيم المقدادي	فنون مسرحية	٥٠٠٠	٥٤٤
٥٦٦	یل	عەزیزی مەلای ڕەش	ڕۆمان	٣٠٠٠	٢٩٦

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.